زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# چارەسەری ئاریشەکانی ڕێنوسی کوردی
# بە پێی زانستی زمان

نامەیەکە

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زمان لە زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر کراوە، وەکو بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا


لە لایەن

**دارا کەمال سلێمان**

بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی- زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر- ٢٠١١


سەرپەرشتیار

**پ.د. عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول**

هەولێر- کوردستان

نەورۆز ٢٧٢٤ نیسان ٢٠٢٤

## بەڵێننامە

من بەڵێندەدەم، ئەم ماستەرنامەیە کە ناونیشانەکەی بریتیە لە: (**چارەسەری ئاریشەکانی ڕێنوسی کوردی بە پێی زانستی زمان**)، هەموی کاری ڕەسەنی تاکەکەسی خۆمە، جگە لەو جێگەیانەی کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردوە، هەمو نوسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمن و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاومنەکردونەتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردون، بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکیان پێوەربگرم، بۆیە بەڵێندەدەم لە هەر جێگەیەک زانیارییێکم وەرگرتبێ، ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردوە.

واژو:

ناوی قوتابی: **دارا کەمال سلێمان**

ڕێکەوت: /٤/ ٢٠٢٤

## پشتگیری و ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە لە ژێر سەرپەرشتیی من ئامادەکراوە و نوسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆریی زمانی کوردی. من پشتگیریی دەکەم و ڕازیم، کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆ بکرێ.

واژو:

ناو: **پ. د. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ**

ڕێکەوت: / ٢٠٢٤/٤

پشتگیریی دەکەم کە هەمو پێداویستیەکان جێبەجێکراون، هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار، من ئەو نامەیە بۆ گفتوگۆ دەنێرم.

واژو:

ناو: **د. سۆران مامەند عەبدوڵڵا**

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕێکەوت: /٤/ ٢٠٢٤

پشتگیریی دەکەم کە هەمو پێداویستیەکان جێبەجێکراون، بۆیە ڕازیم کە ئەو نامەیە بۆ گفتوگۆ بنێردرێ.

واژو:

ناو: **پ. د. جیهاد شوکری ڕەشید**

بەرپرسی خوێندنی باڵای کۆلێژی زمان

ڕێکەوت: /٤/ ٢٠٢٤

## بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە

ئێمە وەکو لیژنەی تاقیکردنەوە، ئەو ماستەرنامەیەمان کە ناونیشانەکەی بریتیە لە (**چارەسەری ئاریشەکانی ڕێنوسی کوردی بە پێی زانستی زمان**) خوێندەوە و قوتابیەکەمان، کە ناوی (**دارا کەمال سلێمان**)ە، لە ناوەرۆکەکەی تاقیکردەوە، بۆیە ئێمە بڕیارماندا کە پێداویستیەکانی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆڕیی زمانی کوردی تێدایە.

واژو:
ناو: **پ. ی. د. عومەر ئەحمەد عەبدولڕەحمان**
ئەندام
ڕێکەوت: / ٤/ ٢٠٢٤

واژو:
ناو: **پ. ی. د. خۆشناو عەزیز حەمەئەمین**
ئەندام
ڕێکەوت: / ٤ / ٢٠٢٤

واژو:
ناو: **پ. د. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول**
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێکەوت: / ٤ / ٢٠٢٤

واژو:
ناو: **پ. د. یوسف شەریف سەعید**
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت: / ٤ / ٢٠٢٤

واژو:
ناو: **پ. ی. د. سامان حوسێن عومەر**
ڕاگری کۆلێژی زمان
ڕێکەوت: / ٤ / ٢٠٢٤

## پێشکەشنامە

- پێشکەشە بە گیانی بەرزی داپیرەی کۆچکردوم: ئامینە حوسێن سلێمان.
- پێشکەشە بە باوکی پایەبەرزم: کەمال سلێمان سەبغە زراری.
- پێشکەشە بە دایکی خۆشەویستم: ڕابیعە حەمەدەمین سلێمان.
- پێشکەشە بە هاوسەری ژیانم: ناسکە لەشکری عەزیز.
- پێشکەشە بە منداڵە چاوگەشەکانم: پێشەوا و پێشەنگ و ڕەوشت.

## سوپاسنامە

- ❖ سوپاس و ستایش و کڕنوش هەر بۆ خودای دانای باڵای زانای کارایە، ئەو خودایەی بە بیر جیایکردینەوە و بە زمان پێشیخستین و بە پێنوس فێریکردین.
- ڕێز و سوپاسی فراوانم بۆ مامۆستای گەورە و بەڕێز، سەرپەرشتیارم پرۆفیسۆر (**د. عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ**) هەیە، سەرەڕای دواکەوتنی کارەکانم، بۆ تەواوکردنی توێژینەوەکەم پەروەردەکارانە هاوکارم بو، هیوای لەشساغی و تەمەندرێژی بۆ دەخوازم.
- هاوسەر و منداڵەکانم کە لە ئاست بەرپرسیاریەتی و مافەکانیان، بە پشودرێژیەوە بەرگەی گۆشەگیری و کەمتەرخەمیەکانی منیان گرت.
- سوپاس و ڕێزی زۆرم بۆ هەمو ئەو مامۆستا گەورە و بەڕێزانەی لەم قۆناغەدا وانەیان پێدام.
- سوپاسی بێسنورم بۆ سەرۆکایەتیی بەشی زمانی کوردی، یەکەی خوێندنی باڵا و ڕاگرایەتیی کۆلێژی زمان، کە دڵسۆزانە هاوکاریانکردم.
- سوپاسی زۆرم بۆ کارمەندانی (**پەرتوکخانەی زەیتونە**)، چونکە زۆر بە ڕێزداریەوە لە وەرگرتن و دەستخستنی سەرچاوەکان یارمەتیاندام.
- سوپاسی هەمو ئەو ناسیاو و برا و هاوڕێ و فێرخواز و مامۆستا و کارمەندانە دەکەم، ئەگەر بە وشەیەکیش بێ، سەریانخستم.

# پوختەی توێژینەوە


ڕێنوســـــی ئارامیی کوردی بەراورد بە زمانانی تر وەکو عەرەبی و ئینگلیزی، ڕێنوســـێکی سادەتر و ئاسانتر و بێئاریشەترە، لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێنوسی کوردی دەرفەتی ئەوەی هەیە کە یەکبخرێ و پێوەربەند بکرێ، چونکە هێشـــتا پەیوەندیی نێوان گۆزمان و نوســـزمانی کوردی، پەیوەندیەکی هاوتەریب و ڕاستەوانەیە. لە لایەکی ترەوە، مێژوی نوسزمانی کوردی بەراورد بەو زمانانە، مێژوێکی دور و درێژ نیە، تا نەتوانرێ پوختەتر بکرێ و گۆڕانکاریی تێدا بکرێ. ڕێنوســـێکی یەکگرتو و پێوەربەند لە هەمو زمانەکانی جیهاندا، بناخەی ســـەرەکیی دامەزراندنی زمانی نوسینی هاوبەش و چەسپاوە، تەنانەت هەر بەو هۆیەشـەوە زمانێکی نەتەوەیی یەکگرتو بەرهەمدێ. زمانی کوردیش وەکو زمانێکی زیندو، لە قۆناغی هەنگاونان بۆ بەدەســـتهێنانی زمانێکی یەکگرتو و زانستی، پێویستیی بە ڕێنوسێکی پێوەربەند و گشتگیر هەیە، ئەم ڕێنوسە پێوەربەندەش تەنیا بە پشتبەستن بە پێوەرە زمانەوانیەکان و تایبەتمەندی و ماک و ڕاستیەکانی زمانی کوردی بەدیدێ.

لەســەر ئەم بنەمایە، ئەم توێژینەوە کە بە ناونیشانی (**چارەســەری ئاریشــەکانی ڕێنوســی کوردی بە پێی زانســـتی زمان**)ە، هەنگاو و هەوڵێکی گرنگە بۆ دەســـتنیشـــانکردنی دیارترین ئاریشەکانی ڕێنوسی کوردی، بۆیە توێژەر بە ئامانجی یەکخستن و یەکبون لە نوسیندا، هەوڵدەدا چارەسەریەکان بە پێی زانستی زمانەوانی و ماکە سروشتیەکانی زمانی کوردی بخاتەڕو. تێیدا توێژەر بە پشتبەستن بە ڕێبازی (پەسنیی شیکاری) و هەندێ جاریش بە ڕێبازی (بەراوردکاری)، هەروەها بە شێوەی (بیردۆزەیی و کارەکی) چارەسەری و نمونەکان پیشاندەدا. بۆ ئەم ئامانجە ئەم توێژینەوەیە بەم شێوەیە دابەشکراوە:

لە پێشـــەکیدا، چوارچێوە و بوار و ڕەهەندەکانی ئەم توێژینەوەیە خراونەتەڕو، تێیدا ناونیشـــانی توێژینەوەکە، هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە، کەرەســـتەی توێژینەوەکە، ســـنوری

توێژینەوەکە، ڕێبازی توێژینەوەکە، گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە و ناوەرۆکی توێژینەوەکە باسکراون.

بەشی یەکەم، ئەم بەشە بۆ ئاریشەکانی ئاستی دەنگسازی تایبەتکراوە، لە تەوەری یەکەمدا ئاریشەکانی ئاستی بڕگەسازی باسکراون، لە تەوەری دوەمدا ئاریشەکانی ئاستی ئەلفوبێ خراونەتەڕو، لە هەردو تەورەکاندا چارەسەری و ئاریشەکان و پێوەر و نمونەی پێویست هێنراونەتەوە.

بەشی دوەمیش لە ئاریشەکانی ئاستی وشەسازی دەدوێ، بۆ ئەم مەبەستە لە تەوەری یەکەمدا، ئاریشەکانی وشەی سادە و ناسادە دەستنیشانکراون، لە تەوەری دوەمدا، ئاریشەی گیرەکەکان لە پێشگر و پاشگر و ناوبەندەکان دیارکراوە، لە تەوەری کۆتاییدا، ئاریشەکانی وشەی وەرگیراو پیشاندراون، لەگەڵ پیشاندانی پێوەر و چارەسەریەکان بە نمونەی پێویستەوە.

بەشی سێیەم و کۆتایی توێژینەوەکە، ئاریشەکانی ئاستی ڕستەسازی تێیدا تاوتوێکراون، دابەشی سەر دو تەوەرە کراوە، لە تەوەری یەکەمدا، توێژەر ئاریشەکانی لە سادەترین ڕستە شیکردوەنەتەوە. لە تەوەری دوەمدا، ئاریشەکانی ڕیزکردنی کەرەسە لە گرێ و ڕستەدا تیشکیان خراوەتەسەر. لەم بەشەشدا توێژەر بە پشتبەستن بە پێوەرە زمانەوانیەکان چارەسەری ئاریشەکانی پێشکەشکردون.

لە کۆتاییشدا ئەنجامە بەدەستهاتوەکانی توێژینەوەکە و پێڕستی سەرچاوەکان نوسراون، ئینجا پوختەی توێژینەوەکە بە هەردو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دانراوە.

## ناوەرۆک


| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |
| II | بەڵێننامە |
| III | پشتگیری و ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار |
| IV | بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە |
| V | پێشکەشنامە |
| VI | سوپاسنامە |
| VIII-VII | پوختەی توێژینەوە |
| VIX -IX | ناوەرۆک |
| VX | پێڕستی هێڵکاریەکان |
| VXI -VX | پێڕستی خشتەکان |
| VXII | پێڕستی هێما و کورتکراوەکان |
| XX -VXIII | پێڕستی وشە و زاراوەکان |
| ١-٣ | **٠- پێشەکی: چوارچێوە و ڕەهەندەکانی توێژینەوە** |
| ١ | ٠-١- ناونیشانی توێژینەوەکە |
| ١ | ٠-٢- هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە |
| ١ | ٠-٣- کەرەسەی توێژینەوەکە |
| ١ | ٠-٤- سنوری توێژینەوەکە |
| ٢ | ٠-٥- ڕێبازی توێژینەوەکە |
| ٢ | ٠-٦- ئامانجی توێژینەوەکە |
| ٢ | ٠-٧- گرفتی توێژینەوەکە |
| ٣ | ٠-٨- ناوەرۆکی توێژینەوەکە |
| **٤-٥٦** | **١- بەشی یەکەم: ئاریشەکان لە ئاستی دەنگسازیدا** |
| ٥ -٣٠ | **١-١- تەوەری یەکەم: ئاریشەکان لە بڕگەسازیدا** |
| ٥ | ١-١-١- بڕگە |
| ٦ | ١-١-١-١- ڕوانگەی دەنگسازی |
| ١٠ | ١-١-١-٢- ڕوانگەی دەنگناسی |
| ١١ | ١-١-٢- بڕگەسازی و ڕێنوس |
| ١٣ | ١-١-٣- ئاریشەی بزوێنە سەرەکیەکان (ا، ۆ، ێ، ە) لە بڕگەسازیدا |

| | |
|---|---|
| ١-١-٤- ئاریشەی نیمچەبزوێنی <و> لە بڕگەسازیدا | ١٦ |
| ١-١-٥- ئاریشەی نیمچەبزوێنی <ی> لە بڕگەسازیدا | ١٩ |
| ١-١-٦- ئاریشەی دەنگی هەمزە [ئـ] لە بڕگەسازیدا | ٢١ |
| ١-١-٧- ئاریشەی دەنگی بزرۆکە (ɨ - i) لە بڕگەسازیدا | ٢٦ |
| **١-٢- تەوەری دوەم: ئاریشەکان لە ئەلفوبێدا** | ٣١-٥٦ |
| ١-٢-١- پیت | ٣١ |
| ١-٢-٢- ئەلفوبێ و ڕێنوس | ٣٢ |
| ١-٢-٣- ئاریشەی پیتەکان لە ڕێنوسی کوردیدا | ٣٤ |
| ١-٢-٤- ئاریشەی پیتە نەبزوێنەکان لە ڕێنوسی کوردیدا | ٣٦ |
| ١-٢-٤-١- ئاریشەی پیتی هەمزە<ئـ> | ٣٦ |
| ١-٢-٤-٢- ئاریشەی پیتی حێ<ح> | ٣٩ |
| ١-٢-٤-٣- ئاریشەی پیتی خێ <خ> و غێ <غ> | ٤٠ |
| ١-٢-٤-٤- ئاریشەی پیتی رێ <ر> و ڕێ <ڕ> | ٤٢ |
| ١-٢-٤-٥- ئاریشەی پیتی عێ<ع> | ٤٣ |
| ١-٢-٤-٦- ئاریشەی پیتی <ک> | ٤٥ |
| ١-٢-٤-٧- ئاریشەی پیتی لێی سوک <ل> و لێی قەڵەو <ڵ> | ٤٥ |
| ١-٢-٥- ئاریشەی پیتە بزوێنەکان لە ڕێنوسی کوردیدا | ٤٧ |
| ١-٢-٥-١- ئاریشەی کلکەدەنگی ناسراو بە بزرۆکە (i) | ٤٧ |
| ١-٢-٥-٢- ئاریشەی هاودەنگی وێ/ واوی درێژی <وو> | ٤٩ |
| ١-٢-٦- ئاریشەی پیتە دولایەنەکانی <و، ی> لە ڕێنوسی کوردیدا | ٥٣ |
| **٢- بەشی دوەم: ئاریشەکان لە ئاستی وشەسازیدا** | ٥٧-١١٦ |
| **٢-١- تەوەری یەکەم: ئاریشەی وشەی سادە و ناسادە** | ٥٨-٧٦ |
| ٢-١-١- ئاریشەی وشەی سادە | ٥٨ |
| ٢-١-٢- پێوەری ڕێنوسی وشە سادەکان | ٥٩ |
| ٢-١-٢-١- ئاریشەی وشەی نیشانە | ٦٠ |
| ٢-١-٢-٢- ئاریشەی جێناوی هەیی | ٦١ |
| ٢-١-٢-٣- ئاریشەی وشەی (هەر) | ٦٢ |
| ٢-١-٢-٤- ئاریشەی ئاوەڵناوی نادیار | ٦٣ |
| ٢-١-٢-٥- ئاریشەی ژمارە | ٦٣ |
| ٢-١-٢-٦- ئاریشەی ئامرازی پەیوەندی | ٦٥ |

| | |
|---|---|
| ٢-١-٢-٧- ئامرازی (نه- نه) | ٦٦ |
| ٢-١-٢-٨- ئامرازی بەستنی (و) | ٦٧ |
| ٢-١-٢-٩- ئاریشەی ئامرازی دانەپاڵ (ی) و (ە) | ٦٧ |
| ٢-١-٣- ئاریشەی وشە ناسادەکان | ٧٠ |
| ٢-١-٤-١- وشەی داڕێژراو | ٧١ |
| ٢-١-٤-٢- وشەی لێکدراو | ٧٢ |
| ٢-١-٥- پێوەری ڕێنوسی وشەی ناسادە | ٧٣ |
| ٢-١-٦- ئاریشەی ڕێنوسی ئامرازە ناسادەکان | ٧٦ |
| **٢-٢- تەوەری دوەم: ئاریشەی گیرەکەکان** | ٧٦-٩٢ |
| ٢-٢-١- گیرەکی وشەداڕێژ | ٧٦ |
| ٢-٢-٢- پێوەری ڕێنوسی گیرەکە وشەداڕێژەکان | ٧٧ |
| ٢-٢-٣- ئاریشەی پێشگرەکان | ٧٩ |
| ا- ئاریشەی پێشگری {بێ-} | ٧٩ |
| ب- ئاریشەی پێشگری {بۆ-} | ٨٠ |
| پ- ئاریشەی پێشگری {پێ-} | ٨٠ |
| ت- ئاریشەی پێشگری {تێ-} | ٨١ |
| ج- ئاریشەی پێشگری {لێ-} | ٨٢ |
| چ- ئاریشەی پێشگری {بە-} | ٨٢ |
| ح- ئاریشەی پێشگری {لە-} | ٨٣ |
| خ- ئاریشەی پێشگرە لێکدراوەکان | ٨٤ |
| ٢-٢-٤- ئاریشەی ناوبەندەکان | ٨٤ |
| ا- ناوبەندی {-و-} | ٨٥ |
| ب- ناوبەندی {-ە-} | ٨٦ |
| پ- ناوبەندی {-او-} | ٨٧ |
| ت- ناوبەندی {-ەو-} | ٨٧ |
| ج- ناوبەندی {-بە-} | ٨٧ |
| چ- ناوبەندی {-لە-} | ٨٧ |
| ح- ناوبەندی {-ان-} | ٨٧ |
| خ- ناوبەندی {-نە-} | ٨٧ |
| ٢-٢-٥- ئاریشەی جیاکردنەوەی وشەی لێکدراو و گرێ | ٨٨ |

| | |
|---|---|
| ٢-٢-٦- ئاریشەی پاشگرەکان | ٨٩ |
| ا- ئاریشەی پاشگری {-ی، یی} | ٩٠ |
| ب- ئاریشەی پاشگری {-و} | ٩١ |
| پ- ئاریشەی پاشگری {-گە} | ٩١ |
| **٢-٣- تەوەری سێیەم: ئاریشەی وشەی وەرگیراو** | ٩٣-١١٦ |
| ٢-٣-١- وەرگرتن لە نوسزماندا | ٩٢ |
| ٢-٣-٢- لایەنە نەرێنیەکانی وەرگرتنی وشەی بیانی لە نوسزمانی کوردیدا | ٩٥ |
| ا- شێواندنی زمانی کوردی | ٩٥ |
| ب- تێکدانی ڕێنوسی یەکگرتوی کوردی | ٩٦ |
| پ- دورخستنەوەی نوسزمانی کوردی لە زمانی زانست | ٩٦ |
| ت- ئاریشە لە ڕوی وشەسازیەوە | ٩٧ |
| ج- ئاریشە لە ڕوی واژەناسیەوە | ٩٧ |
| چ- ئاریشە لە ڕوی واتاسازیەوە | ٩٨ |
| ٢-٣-٣- نوسزمانی کوردی و وشەی بیانی | ٩٨ |
| ٢-٣-٤- هۆکارەکانی وەرگرتنی وشەی بیانی لە ڕێنوسی کوردیدا | ١٠٠ |
| ا- هۆی دەرونی | ١٠٠ |
| ب- ناشارەزایی | ١٠١ |
| پ- خوێندن و نوسین بە زمانی بیانی | ١٠٢ |
| ت- ڕاگەیاندن | ١٠٣ |
| ج- جیهانگیری | ١٠٣ |
| ٢-٣-٥- کردەی وەرگرتنی وشەی بیانی لە ڕێنوسی کوردیدا | ١٠٤ |
| ٢-٣-٥-١- قۆناغی یەکەم: بەر لە وەرگرتن: بژارکردن | ١٠٤ |
| ا- چارەسەر بە ڕێسازی وشەی بنەڕەتی | ١٠٥ |
| ب- چارەسەر بە ڕێسازی داڕشتن و لێکدان | ١٠٦ |
| پ- چارەسەر بە ڕێسازی گۆڕینی واتای وشە | ١٠٧ |
| ت- چارەسەر بە ڕێسازی پێوانە | ١٠٨ |
| ج- چارەسەر بە ڕێسازی لێکدان | ١٠٩ |
| چ- چارەسەر بە ڕێسازی وەرگێڕان | ١٠٩ |
| ٢-٣-٥-٢- قۆناغی دوەم: وەرگرتن: پێویستیی زمان | ١١٢ |
| ٢-٣-٦- ڕێگەکانی وەرگرتنی وشەی بیانی لە نوسزمانی کوردیدا | ١١٤ |

| | |
|---|---|
| ا- وەرگرتن بە دەستکاریەوە | ١١٤ |
| ب- وەرگرتن بەبێ دەستکاری | ١١٥ |
| **٣- بەشی سێیەم: ئاریشەکان لە ئاستی ڕستەسازیدا** | ١١٧-١٥٨ |
| **٣-١- تەوەری یەکەم: ئاریشەکان لە سادەترین ڕستەدا** | ١١٨-١٣٨ |
| ٣-١-١- جۆرەکانی کار | ١١٨ |
| ٣-١-٢- ئاریشەی ڕێنوسی کاری بنەڕەتی | ١١٩ |
| ا- لە کاری ڕابردوی تێپەڕی نەرێدا | ١٢٠ |
| ب- لە کاری ڕابردوی بەردەوامی تێپەڕی ئەرێدا | ١٢٠ |
| پ- لە کاری ڕانەبردوی تێپەڕی ئەرێ و نەرێدا | ١٢١ |
| ت- لە کاری فەرماندانی تێپەڕی ئەرێ و نەرێدا | ١٢١ |
| ج- لە کاری داخوازی ئەرێ و نەرێدا | ١٢٢ |
| ٣-١-٣- ئاریشەی ڕێنوسی کاری ناسادە | ١٢٣ |
| ٣-١-٤- چارەسەری ئاریشەی ڕێنوسی کاری ناسادە | ١٢٥ |
| ا- لە کاری ڕابردودا | ١٢٥ |
| ب- لە کاری ڕانەبردودا | ١٢٧ |
| پ- لە کاری فەرماندانا | ١٢٧ |
| ت- لە کاری داخوازیدا | ١٢٨ |
| ٣-١-٥- ئاریشەی جیاکردنەوەی کاری لێکدراو و بەرکار | ١٢٨ |
| ٣-١-٦- ئاریشەی جێناوە لکاوەکان (توخمەکان) | ١٣١ |
| ا- لە کاری ڕابردوی سادە/ نزیکی هەواڵدانا | ١٣١ |
| ب- لە کاری ڕابردوی بەردەوامی هەواڵدانا | ١٣٢ |
| پ- لە کاری ڕانەبردوی هەواڵدانا | ١٣٢ |
| ٣-١-٧- ئاریشەی ناوبڕەکان | ١٣٣ |
| ا- ناوبڕی (ت) | ١٣٣ |
| ب- ناوبڕی (ر) | ١٣٦ |
| ٣-١-٨- ئاریشەی ڕێنوسی کاری ڕابردوی تەواو | ١٣٧ |
| **٣-٢- تەوەری دوەم: ئاریشەکان لە ڕیزکردنی کەرەسەکاندا** | ١٣٨-١٥٨ |
| ٣-٢-١- ڕیزکردنی کەرەسەکان لە زماندا | ١٣٨ |
| ٣-٢-٢- ئاریشەکانی ڕیزکردنی کەرەسەکانی گرێ | ١٣٩ |
| ا- ئاریشەی جێگۆڕکێی ڕیزبەندیی ناوی دیارخراو و دیارخەر | ١٣٩ |

| | |
|---|---|
| ب- ئاریشەی ڕیزکردنی کەرەسەکانی گرێی ناویی فراوانکراو | ١٤٠ |
| پ- ئاریشەی لێکدان و تێکەڵکردنی مۆڕفیمەکانی گرێی بەند | ١٤٢ |
| ٣-٢-٣- ڕیزکردنی کەرەسەکانی ڕستە | ١٤٤ |
| ٣-٢-٤- ڕیزکردنی کەرەسەکانی ڕستە لە نوسزمانی کوردیدا | ١٤٥ |
| ا- لە کاری تێپەڕدا | ١٤٥ |
| ب- لە کاری تێنەپەڕدا | ١٤٦ |
| ٣-٢-٥- ئاریشەکانی ڕیزکردنی کەرەسە سەرەکیەکانی ڕستە | ١٤٨ |
| ا- ئاریشەی پێشخستنی جێکەوتەی کار | ١٤٨ |
| ب- ئاریشەی دواخستنی بکەر | ١٥١ |
| ٣-٢-٦- ئاریشەکانی ڕیزکردنی کەرەسە لاوەکیەکانی ڕستە | ١٥٢ |
| ا- ئاریشەی جێکەوتەی تەواوکەری بەیاریدە | ١٥٣ |
| ب- ئاریشەی جێکەوتەی ئاوەڵکار | ١٥٤ |
| پ- ئاریشەی ڕیزبەندیی چەند ئاوەڵکارێک | ١٥٧ |
| ٣-٢-٧- قاڵبە بنەڕەتیەکانی ڕستە لە نوسزمانی کوردیدا | ١٥٨ |
| ئەنجام | ١٥٩-١٦١ |
| پێڕستی سەرچاوەکان | R172- R162 |
| پاشکۆ | A173 |
| پوختەی توێژینەوە بە زمانی عەرەبی | أ- ب |
| پوختەی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی | A- B |

## پێڕستی هێڵکاریەکان


| ژمارە | ناونیشانی هێڵکاری | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | سنوری بڕگە لەناو وشەدا | ٧ |
| ٢ | نەبزوێن لە خانەی ناوکی بڕگەدا | ٩ |
| ٣ | جۆرەکانی وشە لە ڕوی پێکهاتنەوە | ٧١ |
| ٤ | کردەی چۆنیەتیی وەرگرتنی وشە لە نوسزمانی کوردیدا | ١٠٤ |
| ٥ | جۆرەکانی کار لە ڕوی ڕۆنانەوە | ١١٩ |


## پێڕستی خشتەکان


| ژمارە | ناونیشانی خشتە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | بڕگە و ڕەگەزەکانی بڕگە لە ڕوانگەی دەنگسازیەوە | ٨ |
| ٢ | ڕێنوسی وشە یەک بڕگەییەکانی بزوێنە سەرەکیەکان | ١٥–١٦ |
| ٣ | ڕێنوسی وشە فرە بڕگەییەکانی بزوێنە سەرەکیەکان | ١٦ |
| ٤ | ڕێنوسی پیتی نیمچەبزوێنی <و> لە بڕگەسازیدا | ١٦ |
| ٥ | ڕێنوسی پیتی نیمچەبزوێنی <ی> لە بڕگەسازیدا | ١٩ |
| ٦ | زیادبونی بڕگە لە ڕێنوسدا بە هۆی ناوبڕی (ی)ەوە | ٢٠ |
| ٧ | بزوێنەکان لە سەرەتای بڕگەدا | ٢٥ |
| ٨ | ڕێنوسی لاتینی بەبێ پیتی بزرۆکە | ٢٨ |
| ٩ | جیاوازیی ژمارەی پیتەکان بە هۆی بزرۆکەوە | ٣١ |
| ١٠ | پەیوەندیی نێوان پیت و فۆنیم و دەنگ و هاودەنگ | ٣٢ |
| ١١ | پیتەکانی ڕێنوسی ئارامیی کوردی | ٣٤–٣٥ |
| ١٢ | توانەوەی دەنگی هەمزە [ئـ] لە دوای شێوەیەک | ٣٧ |
| ١٣ | ڕێنوسی دو فۆنیمی /و/ لە بڕگەیەکدا | ٥١–٥٢ |
| ١٤ | بەراوردکردن لە نێوان (و)ی کورت و درێژ لە ڕێنوسدا | ٥٣ |
| ١٥ | جیاوازیی پیتی <و، ی> لە ئەلفوبێی ئارامی و لاتینیدا | ٥٥ |
| ١٦ | دروستەی ڕێنوسی پێوەربەندی ڕۆژەکانی هەفتە | ٦٤ |
| ١٧ | دروستەی ڕێنوسی ئامرازی دانەپاڵ لەگەڵ پیت/ پاشگری <ی>دا | ٦٨ |
| ١٨ | دروستەی ڕێنوسی پاشگری (یی) لەگەڵ ئامرازی دانەپاڵی (ی)دا | ٦٩ |

| ژمارە | ناونیشانی خشتە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١٩ | دروستەی ڕێنوسی پاشگر/ مۆڕفۆفۆنیمی {و} | ٩١ |
| ٢٠ | وشەی ڕەسەنی کوردی لە بەرانبەر وشەی باوی بیانیدا | ١٠٥ |
| ٢١ | وشەی بنەڕەتیی کوردی لە بەرانبەر وشەی بیانیدا | ١٠٦ |
| ٢٢ | وشەی بەرهەمهێنراو لە بەرانبەر وشەی بیانیدا | ١٠٧ |
| ٢٣ | وشەی بیانی بە دەستکاریەوە | ١١٥ |
| ٢٤ | دروستەی ڕێنوسی کاری بنەڕەتی لە ڕابوردی تێپەڕی نەرێدا | ١٢٠ |
| ٢٥ | دروستەی ڕێنوسی کاری بنەڕەتی لە ڕابردوی بەردەوامی تێپەڕی ئەرێدا | ١٢٠-١٢١ |
| ٢٦ | دروستەی ڕێنوسی کاری بنەڕەتی لە ڕانەبردوی تێپەڕی ئەرێدا | ١٢١ |
| ٢٧ | دروستەی ڕێنوسی کاری بنەڕەتی لە ڕانەبردوی تێپەڕی نەرێدا | ١٢١ |
| ٢٨ | دروستەی ڕێنوسی کاری بنەڕەتی لە فەرماندانی تێپەڕی ئەرێدا | ١٢١ |
| ٢٩ | دروستەی ڕێنوسی کاری بنەڕەتی لە فەرماندانی تێپەڕی نەرێدا | ١٢٢ |
| ٣٠ | دروستەی ڕێنوسی کاری بنەڕەتی لە داخوازی تێپەڕی ئەرێدا | ١٢٢ |
| ٣١ | دروستەی ڕێنوسی کاری بنەڕەتی لە داخوازی تێپەڕی نەرێدا | ١٢٢ |
| ٣٢ | دروستەی ڕێنوسی کاری ناسادە لە ڕابردوی تێنەپەڕی ئەرێدا | ١٢٦ |
| ٣٣ | دروستەی ڕێنوسی کاری ناسادە لە ڕابردوی تێنەپەڕی نەرێدا | ١٢٦ |
| ٣٤ | دروستەی ڕێنوسی کاری ناسادە لە ڕابردوی تێپەڕی ئەرێدا | ١٢٦ |
| ٣٥ | دروستەی ڕێنوسی کاری ناسادە لە ڕابردوی تێپەڕی نەرێدا | ١٢٧ |
| ٣٦ | دروستەی ڕێنوسی کاری ناسادە لە ڕانەبردوی ئەرێدا | ١٢٧ |
| ٣٧ | دروستەی ڕێنوسی کاری ناسادە لە ڕانەبردوی نەرێدا | ١٢٧ |
| ٣٨ | دروستەی ڕێنوسی کاری ناسادە لە فەرماندانی ئەرێ و نەرێدا | ١٢٨ |
| ٣٩ | دروستەی ڕێنوسی کاری ناسادە لە داخوازیی ئەرێ و نەرێدا | ١٢٨ |
| ٤٠ | جیاوازیی نێوان ڕێنوسی کاری ڕابردوی بەردەوام و کاری ڕانەبردو | ١٣٣ |
| ٤١ | جێناوە لکاوەکان لە ڕێزمانی دێریندا | ١٣٤ |
| ٤٢ | دروستەی ڕێنوسی سادەترین ڕستە بەبێ ناوبڕی (ت) | ١٣٦ |
| ٤٣ | ڕێنوسی کاری ڕابردوی تەواو لە چاوگە (و)ییەکاندا | ١٣٧-١٣٨ |
| ٤٤ | دروستەی ڕێنوسی گرێی ناویی فراوانکراو | ١٤١ |
| ٤٥ | دروستەی ڕێنوسی گرێی بەند لە ڕۆلی ئاوەڵکاردا | ١٤٣-١٤٤ |

# هێما و کورتکراوەکان

| هێما/ کورتکراوە | واتا |
|---|---|
| / / | فۆنیم |
| / - / | بڕگەکاری |
| [ ] | دەنگ |
| σ | هێمای بڕگە |
| { } | مۆڕفیم |
| < > | پیت |
| ← | دەبێتە/ دەگۆڕێ بۆ... |
| ↔ | گۆڕینەوەی دەنگ |
| = | یەکسانە |
| ≠ | یەکسان نیە |
| Ø | مۆڕفیمی سفر |
| / | یان |
| ... | تا دوایی |
| + | کۆ |
| _ | بۆشایی |
| * | نارێزمانی |
| ب | بزوێن |
| ن | نەبزوێن |
| ئا | ئاوەڵکار |

## فەرهەنگۆک

| کوردی | ئینگلیزی |
|---|---|
| **ا** | |
| ئابوریی زمان | Language economy |
| **ب** | |
| بزوێن | Vowel |
| بنەدەنگ | Voice/ sound |
| بەرجەستە | Material |
| بەرزەفتە/ بەرزەفتەکردن | Control |
| بەلوتکەکردن | Topicalization |
| بۆشایی | Space |
| **پ** | |
| پاشگر | Suffix |
| پەسن | Description |
| پەڕبەند | Paragraph |
| پەیرەو/ پێڕەو | System |
| پەیرەوبەند/ پێڕەوبەند | Systematic |
| پەیکاڵ | Correspond |
| پیتچنین | Typing |
| پێشگر | Prefix |
| پێوەربەند | Standard |
| **ت** | |
| تەختەکلیل | Keyboard |
| **ج** | |
| جێکەوتە | position |
| **چ** | |
| چەق/ ناوەند | Center |
| **خ** | |
| خۆکارانە | Outomatically |
| **د** | |

| | |
|---|---|
| Incorporeal/ abstract | دەرجەستە |
| Phone | دەنگ |
| Phonotics | دەنگسازی |
| Laboratory Phonetics | دەنگسازیی تاقیگەیی |
| Phonologist | دەنگناس |
| Phonology | دەنگناسی/ دەنگزانی |
| Phonotician | دەنگەوان/ دەنگساز |
| | ڕ |
| Phonotactics | ڕێچکەدەنگ |
| Technic | ڕێساز |
| List | ڕیزەک |
| Etymology | ڕیشەناسی |
| Mechanism | ڕێکار |
| | ز |
| Terminologist | زاراوەساز |
| Incorporating Language | زمانە تێکچڕژاوەکان |
| Agglutinative Language | زمانە نوساوەکان |
| Theoratical linguistics | زمانەوانیی بیردۆزەیی |
| | ژ |
| Logic | ژیربێژی |
| | ش |
| Form | شێوە/ بیچم |
| | ک |
| Process | کردە/ پێواژۆ |
| Reality | کەتوار |
| | م |
| Trait | ماک |
| | ن |
| Inphonic | ناوبڕ |
| Interfix | ناوبەند |

| | |
|---|---|
| Infix | ناوگر |
| Consonant | نەبزوێن |
| Clitic | نوسەک |
| Semi vowel | نیمچەبزوێن/ دولایەن |
| **هـ** | |
| Homonymy | هاوبێژ |
| Allophone | هاودەنگ |
| **و** | |
| Lexicology | واژەناسی |
| Morphosyntax | وشتەسازی |
| Juncture | وەستان |

# ٠- پێشەکی

## چوارچێوە و ڕەهەندەکانی توێژینەوە

**٠-١- ناونیشانی توێژینەوەکە:**

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتیە لە (چارەسەری ئاریشەکانی ڕێنوسی کوردی بە پێی زانستی زمان)، ئەم توێژینەوەیە لە ئاریشەکانی ڕێنوسی کوردی دەتوێژێتەوە، بە پێی ئاستەکانی زمان ئاریشەکان دەستنیشاندەکا و چارەسەری گونجاویش پێشنیاز دەکا

**٠-٢- هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

١- گرنگیی بونی ڕێنوسێکی پێوەربەند و یەکگرتو بۆ زمانی کوردی، کە پارێزەری زمان و خاک و نەتەوەکەی بێ.

٢- ئەگەرچی بابەتی ڕێنوس، توێژینەوە و پەڕتوک و لێدوانی زۆری لەسەر دراوە، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بە شێوەیەکی ورد و بە پێی بەڵگە و پێوەر، ئاریشەکان دیاربکرێن و نمونەی چارەسەریەکان پیشانبدرێن.

**٠-٣- کەرەسەی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە بە کەرەسەی زاری کوردیی ناوەڕاست ئەنجامدراوە، واتە؛ لە چوارچێوەی ئاریشەکانی ئەلفوبێی ئارامیی کوردی دەسوڕێتەوە، هەندێ جاریش بە مەبەستی بەراوردکردنی ئاریشە و چارەسەریەکان، نمونەی ئەلفوبێی لاتینیش خراوەتەڕو.

**٠-٤- سنوری توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە بەوەی کە پشت بە پێوەرە زمانەوانیەکان و تایبەتمەندیەکانی زمانی کوردی دەبەستێ، بۆیە سنوری توێژینەوەکە لە هەردو لقی زمانەوانیی بیردۆزەیی و کارەکیدایە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ پاساودانی پێوەر و بەڵگەکان، سود لە هەمو لقەکانی زمانەوانی و زانیاریە زمانیەکان

وەردەگرێ، بۆ ئەم مەبەستەش تەنیا لایەنی ئێستایی/ هەنوکەیی ڕێنوسی کوردی لەبەرچاودەگرێ، واتە؛ لایەنی مێژویی نوسینی کوردی ناخاتەڕو.

**٠-٥- ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە پەیڕەوی ڕێبازی (پەسنیی شیکاری) دەکا، لە هەندێ باریشدا، بۆ شیکارکردنی جیاوازیی بۆچونەکان، پەنا بۆ ڕێبازی (بەراوردکردن) دەبا.

**٠-٦- گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە:**

دیارترین گرنگی و ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، لەم چەند خاڵەدا کورتدەکرێنەوە:

١- دەستنیشانکردنی دیارترین ئاریشەکانی ڕێنوسی کوردی، بە پێی ئاستەکانی زمان.

٢- خستنەڕوی چارەسەریەکان، بە پێی پێوەرە زمانەوانیەکان و تایبەتمەندیەکانی زمانی کوردی.

٣- هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ڕێنوسێکی پێوەربەند و یەکگرتوی کوردی، لە هەمانکاتدا دروستکردنی ڕێنوسێکی سادە و بێئاریشە، بۆ ئەوەی کردەی نوسین و فێرکردن و ڕاهاتنیش پێی ئاسان بێ.

**٠-٧- گرفتی توێژینەوەکە:**

١- بونی کۆمەڵێک جیاوازی لە دارِشتەی نوسینی کوردی و نەبونی یەکدەنگیی زمانەوان و توێژەران لە بارەی دیارترین ئاریشەکانی ڕێنوس، ئەمەش بە لاساییکردنەوەی ڕێنوسی زمانانی دەوروبەر، یان دورکەوتنەوە لە پێوەرە زمانەوانیەکان و داننەنان بە ڕاستیەکانی زمانی کوردی، سەریانهەڵداوە.

٢- ڕاستی و زانیاریەکانی ئاستی دەنگسازی و گۆکردنی برِگەسازی، پێویستییان بە تاقیگەی دەنگی و ئامێری پێوانەی دەنگ هەیە، ئەمەش بە پشتبەستن بە دەنگسازیی ئامێری/ تاقیگەیی ئەنجامدەدرێ، نەبونی ئەم جۆرە تاقیگە و ئامێرانە، کاری توێژەران گرانتر دەکا و ڕاستیەکانیش بە تەواوی ڕوننابنەوە و پاساودانیان قورِستر دەبێ.

**٠-٨- ناوەرۆکی توێژینەوەکە:**

ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام و پێڕستی سەرچاوەکان و پاشکۆ، دابەشی سەر سێ بەش کراوە:

**بەشــی یەکەم**: ئــەم بەشــە بــۆ ئاریشــەکانی ئاســتی دەنگســازی تایبــەتکراوە، لــە تــەوەری یەکەمــدا ئاریشــەکانی ئاســتی بڕگەســازی باســکراون، لــە تــەوەری دوەمــدا ئاریشــەکانی ئاســتی ئــەلفوبێ خراونەتــەڕو، لــە هــەمو تەورەکانــدا چارەســەری ئاریشــەکان و پێــوەر و نمونەی پێویست هێنراونەتەوە.

**بەشــی دوەم**: لــە ئاریشــەکانی ئاســتی وشەســازی دەدوێ، بــۆ ئــەم مەبەســتە لــە تــەوەری یەکەمــدا، ئاریشــەکانی وشــەی ســادە و ناســادە دەستنیشــانکراون، لــە تــەوەری دوەمــدا، ئاریشــەی گیرەکــەکان لــە پێشــگر و پاشــگر و ناوبەنــدەکان دیــارکراون، لــە تــەوەری کۆتاییــدا، ئاریشــەکانی وشــەی وەرگیــراو باســکراون، لــە هــەمو تەوەرەکانیشــدا پێــوەر و چارەسەریەکان بە نمونەی پێویست پیشاندراون.

**بەشــی ســێیەم:** بەشــی کۆتــایی توێژینەوەکەیــە و ئاریشــەکانی ئاســتی ڕستەســازی تێیــدا تــاوتوێکراون، دابەشــی ســەر دو تــەوەرە کــراوە، لــە تــەوەری یەکەمــدا، تــوێژەر ئاریشــەکانی ســادەترین ڕســتەی شــیکردونەتەوە. لــە تــەوەری دوەمــدا، ئاریشــەکانی ڕیزکردنــی کەرەســە لــە گــرێ و ڕســتەدا تیشــکیان خراوەتەســەر. لــەم بەشەشــدا تــوێژەر بــە پشتبەســتن بــە پێوەرە زمانەوانیەکان چارەسەری ئاریشەکانی پێشکەشکردوە.

## بەشی یەکەم

## ئاریشەکان لە ئاستی دەنگسازیدا

دەنگەکان لایەنە بەرجەستەکەی (material) زمانن و هەڵگری یان گوێزەرەوەی لایەنە دەرجەستەکەی (incorporeal) زمانن کە واتاکانن. لەبەرئەوەی دەنگەکان شەپۆلی کارۆموگناتیسین و کەرەسەی فیزیاوین، بۆیە ئامێر و یەکەی پێوانیان هەیە و دەپێورێن. هەرچەندە دەنگەکان خۆیان واتایان نیە، بەڵام هەڵگری واتاکانن. بۆیە بۆ دەستنیشانکردنی دەنگەکانی زمان پشت بە واتا دەبەسترێ، بە جۆرێک هەر کورتە دەنگێک نەبێتە هۆی واتاگۆڕین، بە دەنگێکی بەهاداری (phoneme) ئەو زمانە دانانرێ کە تاقیکردنەوەی بۆ دەکرێ. واتە؛ توێژینەوەی زانستیانەی دەنگەکان لایەنی بەرجەستەیی و ئەرکییان هەیە، ئەمەش وایکردوە کە ئاستی دەنگسازی دو لقی لێ ببێتەوە، لقێکی گشتیە و بە تێکڕایی باسی کەرەسە دەنگیەکانی زمانی مرۆڤ دەکا، دەرچەی دروستبونیان دەستنیشاندەکا، پۆلینیاندەکا، پێناسەیاندەکا و ڕێکاری کارکردنیان ڕوندەکاتەوە، ئەو لقە ناونراوە: دەنگسازی (phonetics). لقی دوەمی ئەم ئاستە تایبەتیە، چونکە کار و توێژینەوە لەسەر دەنگەکانی تاکە زمانێکی دیارکراو دەکا و ژمارەیان دەستنیشاندەکا و هەمان کردار و ڕێکارەکانی لقە گشتیەکەی دەنگسازی بۆ ئەو دەنگانەی ئەو زمانە پیادە و پەیڕەودەکا، ئەو لقەش ناونراوە: دەنگناسی یان دەنگزانی (phonology). خاڵی هاوبەشی نێوان ئەم دو لقە گرنگەی زمانەوانی ئەوەیە، کە کێڵگەی هەردوکیان دەنگە و پەسنێکی وردی دەنگەکانی زمان دەکەن و لە خستنەڕوی ڕاستیەکانی زمان لەبارەی یەکە دەنگیەکان تەواوکەری یەکترن، بۆیە ناتوانین لە توێژینەوەی زماندا لە یەکتریان دابڕین. لەگەڵ ئەوەشدا ((هەریەکەیان باسی لایەنێکی زمان دەکا و ئامانج و پەیڕەوی تایبەتیی خۆیان لە شیکردنەوەی زماندا هەیە))[1].

---

[1]. وریا عومەر ئەمین، (٢٠٠٤)، ل ٤٦.

## ١-١- تەوەری یەکەم: ئاریشەکان لە بڕگەسازیدا

### ١-١-١- بڕگە:

زاراوەی (بڕگە) لە زمانەوانیی کوردیدا لە بەرانبەر ئەو یەکە دەنگیە بەکاردێ، کە لە دەنگ/ فۆنیم گەورەترە و بە دوا دانەی بێواتای زمان و گەورەترین یەکەی ئاستی دەنگناسی دادەنرێ[١]. بڕگە بە گشـــتی کەرەســـــەیەکی گرنگی زمانەوانی و بە یەکەیەکی ســــەرەکی و بنچینەیی لە توێژینەوەی هەردو لقی دەنگسازی و دەنگناسی دادەنرێ[٢].

بڕگەش دەنگێک یان چەند دەنگێکە کە بە یەک کەرەت و پێکەوە دەدرکێنرێ[٣]. بۆ نمونە، کۆئەندامی درکاندنی قسـەکەری زمانی کوردی ناتوانێ، دەنگەکانی وشـەیەکی وەک (**باران**)، تاک تاک و ســـــەربەخۆ دەرببڕێ، بەڵکو بە شـــێوەی /**با-ران**/ بە دو کەرت و بڕگە ئەم وشــــەیە بەرهەمدەهێنێ، ئەمەش ئەوە دەردەخا کە دەنگەکانی زمان بە تەنیا بونی ســـــەربەخۆی خۆیان نیە[٤]. دەنگناس وو ئاخێوەریش بە چاودێریکردنی کۆئەندامی درکاندن و بیسـتن، دەتوانێ هەسـت لە ژمارەی تەوژمی هەوا و چەپکە دەنگە دەربڕاوەکان ڕابگرێ، وشـــەی (**دەســـــتنیشـــانکردن**) لەســــەرخۆ دەرببڕێ، بۆی ڕوندەبێتەوە ئەم وشـــــەیە، پێنج چەپکە دەنگە و بەرانبەر پێنج بڕگە دەوەسـتێ /**دەسـت-نی-شـان-کر-دن**/. بەم پێیە مرۆڤ بڕگە نەک دەنگ بەرهەمدەهێنێ، کەواتە؛ یەکەی بنچینەیی زمان بریتیە لە بڕگە. ئەم بڕگەکردن یان بڕگەکاریەی کردەی قســــەکردنیش ڕەمەکی نیە، بەڵکو بریتیە لە یاسـای ڕێکخسـتن و لێکدانی فۆنیمەکان و جوتبونی دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکان و قەتاربەســتنیان[٥]، پاشــان وەک کەرەســەیەکی گرنگ دەبن بە پرد بۆ ســازکردنی مۆرفیم/وشـــە و ڕســـتە لە زماندا، بێگومان ئەم یاســای لێکدان و ڕێکخســـتنەش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بە پێی چەندیەتی و چۆنیەتیی دەنگەکان جیاوازییان تێدەکەوێ.

بڕگە بە بەراورد بە بیردۆزی فۆنیم و مۆرفیم و یەکەکانی تری زمانیش کۆنتر و ناســــراوترە[٦]، زمانەوان و ڕێزماننوســــەکان لەگەڵ توێژینەوەی زماندا، باســـی بڕگەشـــیان کردوە، وێژەوان و هۆزانڤانانیش هەر لە کۆنەوە گرنگی و بایەخی زۆریان بە بڕگە داوە و لەتەک کێش و ســــەروا،

---

[١]. عەبدولوەهاب خالد موسا، (٢٠١٦)، ل ٧٦.

[2]. Peter Roach, (2002), P 76.

[٣]. ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن، (١٩٩١)، ل ١.

[٤]. احمد مختار عمر، (١٩٩٧)، ص ٢٨١.

[5]. Paul de lacy, (2007), P 162.

[٦]. مەحەمەد مەعروف فەتاح، (٢٠١١)، ل ٧٥.

بڕگە بنەمایەکی ســەرەکیی هۆنینەوەی هۆنراوە بوە، هەر لەم ڕێگەیەشــەوە توانیویانە کورتی و درێژی و ژمارەی بڕگەکان بە لاسایی زمانەکانی تر دەستنیشانبکەن. سەرەڕای ئەم بایەخداریەی بڕگە لە توێژینەوە و شیکاریی زماندا، بەڵام بە بۆچونی هەندێ لە زمانەوانان، لە ناویاندا هێنری سویت (Henry sweet)، بڕگە بە یەکەیەکی بێکەڵک دادەنێن، بە بڕوای ئەوان ((بڕگە دیاردەیەکی دەنگیی بێســنورە و بۆچونی دەرکەوتن و بەرجەســتەبونی فۆنیم لە بڕگەکاندا تەنیا بیردۆزێکە و ناچێتە چوارچێوەیەکی بابەتی و کرداری))[١]، هۆکاری ئەم تێڕوانینە بۆ ئاڵۆزی و گرانیی پێکهاتەی بڕگە و جیاوازیی بڕگە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگەڕێتەوە، تەنانەت ســـنوری بڕگە لە زارێک بۆ زارێکی تری هەمان زمانیش دەگۆڕێ[٢]، ســـەربارى ئەمەش نەبونی پێوەرێک یان یەکەیەکی پێوانی گشـــتگیر بابەتەکەی ئاڵۆزتر کردوە. بۆیە زمانەوانان و دەنگناســـان بۆ دەســـتنیشـــانکردنی بڕگە و ســـنورەکانی ناچارن لە چوارچێوەی تەنیا زارێک یان بنزارێک توێژینەوە ئەنجامبدەن. لە لایەکی ترەوە، بونی بڕگەش وەک دەنگ (Phone) بە لایەنی ئەندامزانی و فیزیکی و ئەرکی گرێدراوە، ئەمانەش وایانکردوە نەتوانرێ پێناســـەیەکی چڕوپڕ و گشـتگیر بۆ تێگەی بڕگە دابڕێژرێ، بەڵکو بۆ پێناســەکردن و تێگەیشـتن لە چۆنیەتیی کارکردنی بڕگە، دو ڕوانگە لەبەرچاودەگیرێ.

**١-١-١-١- ڕوانگەی دەنگسازی** (Phonetic perspective)**:**

ڕوانگە و بۆچونێکی گشتیە و هەمو زمانەکان تێیدا بەشدارن، چونکە لە چۆنیەتی و ڕێکاری دروستبونی بڕگە دەکۆڵێتەوە، لایەنی ئەندامزانیی هەناسەدان و وەرگرتن و چۆنیەتیی کارکردنی کۆئەندامی درکاندن ڕوندەکاتەوە. لێرەدا بڕگە دوای فۆنیم وەک بچوکترین دانە بۆ دروســتکردن و لێکدانی وشـــە تەماشـــادەکرێ[٣]، وا پێناســـەدەکرێ: ((دەنگێک یان پتر لە دەنگێکە کە بە یەک تەکانی هەوای دەربازبو، لە دەم دەردەچێ))[٤]، واتە؛ هەر دەســتپێکردن و ڕاوەســتانێک سـنوری بڕگەیە، لێرەدا دەنگەوانان (phonetician) هاتنی دەنگێکی بزوێن لەگەڵ ئەم تەوژمە هەوایە بۆ

١. احمد مختار عمر، (١٩٩٧)، ص ٢٨٠.


٢. كمال بشر، (٢٠٠٠)، ص ٥٠٣.

٣. مناف مهدي محمد، (١٩٩٨)، ص١٢٠.

٤. ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٦، ل ٦٨.

ڕێخۆشـــکردن و دەرکەوتنی دەنگێک یان چەند دەنگێکی نەبزوێن بە مەرج دادەنێن، واتە؛ لە بڕگەی دەنگســـازیدا هەر بڕگەیەک تەنیا یەک دەنگی بزوێنی تێدایە[1]، جا کورت بێ یان درێژ، بۆ نمونە وشـەی (**شـەمشـەمەکوێرە**) پێنج دەنگی بزوێنی تێدایە و ژمارەی بڕگەکانیشـی هەر پێنجە: /**شەم-شە-مە-کوێ-رە**/.

بڕگەی دەنگســـازی پشـــت بە بیردۆزی دەرکەوتن (Sonority) دەبەســـتێ، بە پێی ئەم بیردۆزەیە، بەرزیی بیسـتنی دەنگەکان کاردەکاتە سـەر ڕیزبونی دەنگەکانی ناو بڕگەیەک[2]، واتە؛ ئەو دەنگەی ڕادەی بەرزیی بیســـتنی لە هەمویان زیاترە، دەرکەوتوترە و دەکەوێتە نێوان دو ڕادەی نزمتری بیســتن، ئەمەش هۆکارێکە بۆ دیارکردنی بڕگە و ســنورەکەی، بە واتایەکی تر؛ ئەگەر لە وشـەیەکدا تەنیا یەک دەنگی دەرکەوتومان هەبێ، ئەو وشـەیە بە یەک بڕگە دادەنرێ[3]، وەکو وشـــەی (**دار**)، کە دەنگی [**ا**] پلەی دەرکەوتویی لە هەردو دەنگی [**د**] و [**ر**] بەرزترە، هەروەها ئەگەر دو دەنگی دەرکەوتو یان زیاترمان هەبێ، ئەو وشـەیە فرە بڕگەییە، وەک وشـەی /**چۆ-لە-کە**/، لێرەشـــدا دەنگە بزوێنەکان بەراورد بە دەنگە نەبزوێنەکان زیاتر لوتکەی بەرزیی بیســتن دەنوێنن و دەرکەوتوترن، بەڵام مەرج نیە دەنگی دەرکەوتو هەر بزوێن بێ، تەنانەت لە ناو بزوێنەکانیشـدا کورتی و درێژیی دەنگ جیاوازە، تا درێژتر بێ، دەرکەوتویی زیاتر دەبێ، بۆ نمونە فۆنیمی /**ا**/ لە /**ە**/ دەرکەوتوترە. کەواتە؛ بە پێی ئەم بیردۆزەیە بڕگە: ((ئەو چەند دەنگەیە کە یەکێکیان دەرکەوتوترینیانە))[4]، بۆ نمونە لە وشەی /**خوارد-نە-وە**/ دا پیشاندراوە:




هێڵکاریی ژمارە (١): سنوری بڕگە لەناو وشەدا[5]

[1]. Anne E. Baker & Kees Hengeveld, (2012), P 322.
[2]. David Crystal, (2008), P 442.

[٣]. مەحەمەد مەعروف فەتاح، (٢٠١١)، ل٧٧.
[٤]. هەژار قادر ئیسماعیل، (٢٠١٣)، ل ٥٢.
[٥]. سەرچاوەی پێشو، ل ٦١.

لە بڕگەی دەنگسازیی زمانی کوردی، بە پشتبەستن بە سەرچاوە ئینگلیزیەکان، ڕۆنانی بڕگە، بۆ سێ ڕەگەزی سەرەکی دابەشکراوە، کە بریتین لە: (پێش/ بەرایی، لوتکە/ ناوەند، پاش/ دوماهی)[1]، ئەمەش لە بنەڕەتدا وەکو پێوەر و بنەمایەکی گشتی بۆ دو خانەی سەرەکی دابەشکراوە، بەم شێوەیە:

١- خانەی سەرەتا (onset): خانەی پێشەوەی بڕگەیە و دەنگێک یان چەند دەنگێکی نەبزوێنە، دەنگێکی بەخورتی نیە و ئارەزومەندانەیە.

٢- خانەی سەروا (Rime\Ryhme): لە دو خانە پێکهاتوە:

ا- خانەی ناوک (Nucleus): خانەی سەرەکیی بڕگەیە و تەنیا دەنگێکی بزوێن دایدەمەزرێنێ، دەنگێکی بەخورتیە و دەبێ بونی هەبێ.

ب- خانەی کۆتا (Coda): خانەی دواوەی بڕگەیە و دەنگێک یان چەند دەنگێکی نەبزوێنە، دەنگێکی بەخورتی نیە و ئارەزومەندانەیە[2]. کەواتە؛ بەم بۆچونەی سەرەوە، ڕۆنانی بڕگە و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی لەم خشتە و چەند نمونەیەک ڕوندەکرێتەوە:

| نمونە | بڕگە (σ) | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | سەرەتا | | سەروا | | |
| | | | ناوک | کۆتا | |
| | ن | ن | ب | ن | ن |
| **خوارد** | خـ | و | ا | ر | د |
| **دەست** | د | – | ە | سـ | ت |
| **گیان** | گ | یـ | ا | ن | – |
| **خوا** | خـ | و | ا | – | – |
| **پیر** | پ | – | ی | ر | – |
| **بۆ** | ب | – | ۆ | – | – |
| **ئارد** | ئـ | – | ا | ر | د |

خشتەی ژمارە (١): بڕگە و ڕەگەزەکانی بڕگە لە ڕوانگەی دەنگسازیەوە


[1]. شێرکۆ بابان، (٢٠٠٥)، ل ٢٢.

[2]. George Yule, (2010), P 45.

ئەگەرچی بە پێی ئەم بۆچون و زانیاریانەی سەرەوە، لە بڕگەسازیی کوردیدا ناوک یان لوتکەی ڕۆنانی بڕگە تەنیا دەنگێکی (بزوێن) پڕیدەکاتەوە[١]، بێگومان ئەم تێڕوانینەش بە دانانی کلکەدەنگی (بزرۆکە) بە فۆنیم و پیت لە پەیڕەوی دەنگسازیی کوردی جێبەجێکراوە، بەڵام توێژینەوە دەنگسازیە نوێیەکان دەریدەخەن کە مەرج نیە خانەی ناوکی بڕگە، تەنیا دەنگێکی بزوێن بێ، بەڵکو ((هەندێ جار ئەو بنەمایە دەبەزێنرێ و بە نەبزوێن پڕدەکرێتەوە))[٢]، ئەمەش دیاردەیەکی زمانی هەستپێکراوە، بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا، زۆربەی ئەو وشانەی بە شێوەی (consonant+le)ی کۆتاییاندێ، ناوکی بڕگەکە دەبێتە دەنگێکی نەبزوێن و هیچ دەنگێکی بزوێن لەم جۆرە بڕگانەدا، لە نێوان نەبزوێنەکان گۆناکرێ و نانوسرێ، وەک ئەم وشانەی خوارەوە:

**- _ble: humble: /ˈhʌm·bl/   - _cle: circle: /ˈsɜː·kl/**
**- _fle: baffle: /ˈbæf·l/   - _gle: angle: /ˈæŋ·gl/**
**- _kle: twinkle: /ˈtwɪŋ·kl/   - _ple: simple: /ˈsɪm·pl/**
**- _tle: little: /ˈlɪt·l/   - _zle: puzzle: /ˈpʌz·l/**

بۆ نمونە وەکو لە وشەی (**little**)دا هێڵکاری بۆ کراوە:




هێڵکاریی ژمارە (٢): نەبزوێن لە خانەی ناوکی بڕگەدا[٣]

هەروەها لە بڕگەسازیدا دەرکەوتنی دو فۆنیمی نەبزوێن یان زیاتر لە چوارچێوەی بڕگەیەکدا، بە (**هێشوەنەبزوێن**) دەناسرێ، لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەگوترێ: (Consonant Cluster)[٤]، بۆ نمونە: بڕگەی /بڕ/ لە وشەی (بڕیار) یان بڕگەی /سک/ لە وشەی (باسک)دا، ئەم دیاردەیە لە زۆر

[١]. هەژار قادر ئیسماعیل، (٢٠١٣)، ل ٦٥- ٦٦.
[٢]. هاوسەر نەوزاد فەقێ ئیبراهیم، (٢٠٢٢)، ل ١٢٦.
[٣]. سەرچاوەی پێشو، ل ١٢٥.
4. George Yule, (2010), P 46.

زمانی تریشدا هەیە، بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا: بڕگەی /pple/ لە وشەی (Apple /æpl/) یان بڕگەی /sc/ لە وشەی [١](Screen /skrin/)دا. لە زمانی ئینگلیزیدا جگە لە هێشوە نەبزوێنی دویی، هێشوە نەبزوێنی سێیی و چواریش هەیە[٢]، بۆ نمونە:

**– /spl/ لە وشەی (Splash /splæʃ/) یان /kst/ لە وشەی (next /nekst/)**

**– /ksθs/ لە وشەی (sixths /sɪksθs/) یان /ksts/ لە وشەی (texts /teksts/)**

کەواتە؛ لە زمانی کوردیشدا بە توێژینەوەیەکی سەربەخۆ، دەتوانرێ چۆنیەتی و ڕاستی و زانیاریە سروشتیەکانی ئەم دیاردەیە زمانیە بسەلمێنرێ، بێگومان ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی دەنگسازیی تاقیگەیی (Laboratory/Experimental Phonetics) و بە پشتبەستن بە ئامێری دەنگی و تەکنەلۆژیای پێشکەوتو ئەنجامدەدرێ. ئەمەش هەنگاوێکی نوێ و گەورەیە بۆ چارەسەری ئاریشەکانی ئاستی بڕگەسازی، بەڵکو ئەم ڕێگەیە بۆ چۆنیەتیی ڕۆنانی بڕگەی زمانی کوردی بە تاکە چارەسەر دادەنرێ، هەر بەم پێوەرەش یەکدەنگی و کۆدەنگیی زمانەوان و دەنگساز و دەنگناسان دێتەدی.

**١-١-١-٢- ڕوانگەی دەنگناسی (**Phonology perspective**):**

ئاراستە و پێوانەیەکی تایبەت و ئەرکیە، بە ماک و تایبەتمەندیەکانی زمانێکی دیارکراوەوە گرێدراوە، چونکە بنچینە و پێکهاتە و چۆنیەتیی ڕیزبەستنی دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکان بە پێی یاسا بڕگەسازیەکان لە چوارچێوەی زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە، بەڵکو هەر زمانێک لە ڕوی دەنگناسیەوە کۆمەڵێک بنەما و دەستوری تایبەتیی خۆی هەیە، بە شێوەیەک ئەو چەپکە دەنگەی لە زمانێکدا دەبێتە وشە و بە بڕگەیەک دادەنرێ، ڕەنگە لە زمانێکی تردا دو بڕگە بێ[٣]، کەواتە؛ بڕگەی دەنگناسی تێکەڵەیەکە لە نەبزوێنەکان یان نەبزوێن و بزوێنەکان، کە لە دروستبونیدا لەگەڵ ڕێبازی زمان دەگونجێ و پشت بە چۆنیەتیی هەناسەدان دەبەستێ.

لەبەر ڕۆشنایی بڕگەی دەنگناسی کۆمەڵێ یاسای زمانی دێنەکایەوە، بە تایبەتی ئەو دەستورانەی پەیوەندییان بە هێز و شوێنی هێز و درێژیی دەنگ و وەستان و چۆنیەتیی

---

[1]. David Crystal, (2008), 81.
[2]. Edmund Gussmann, (2002), P 92.

[٣]. زێرەڤان ئیبراهیم موسا، (٢٠١٦)، ل ٣٢.

دابەشبونی فۆنیمەکانەوە هەیە، هەر بەپێی بڕگە داڕێژراون[١]، چونکە لە زماندا بڕگە هەڵگری هێزە و گرنگیی هێزیش لەگەڵ بەکارهێنان و چۆنیەتی و جۆری بڕگەی زماندا دەردەکەوێ[٢]. بە هۆی بڕگەی دەنگناسـیەوە شـوێن و چالاکیی فۆنیمەکانیش دەردەکەون، لەم بارەیەوە دی سـۆسـێر (Ferdinand de sausure) دەڵێ: ((بڕگـە یـەکـەیـەکی بنـەڕەتیـە، کـە فۆنیم ئـەرکی خۆی تێدا جێبەجێدەکا))[٣]. بەم شـێوەیە لە دروسـتەی بڕگەی دەنگناسـیی زمانی کوردیدا، کۆمەڵێ پێوەر و مەرجی دیارکراو بۆ ڕیزبون و دانەپاڵیەکی دەنگەکان دێنەئارا، کە بە (**یاســـاکانی ڕۆنانی بڕگە**) یان (**یاسا بڕگەسازیەکان**) ناسراون و لە بەرانبەریدا لە زانستی زمانەوانی و لقی دەنگناسیدا بە زاراوەی ڕێچکەدەنگ (Phonotactics) ناوبراوە، ئەو مەرج و یاســـایانە دەگرێتەوە کە لە پەیڕەوی دەنگناســـیی زماندا، ڕێگە بە ڕیزبون و چونەپاڵیەکی دەنگەکان دەدەن بۆ پێکهێنانی کەرسەی زمانیی گەورەتر لە خۆیان، بە جۆرێک دابەشبونی فۆنیمەکان لەناو مۆرفیم و وشەکاندا بەرزەفتەدەکەن[٤]. ئەوەی لەم ڕوەوە زۆر گرنگە، توێژەری بڕگەسازی ئەرکی ئەوە نیە، یاساکانی پێکهاتـەی بڕگـە لـە دەرەوەی بڕگـە وەکو قـاڵبێـک دابڕێژێ، بـەڵکو ئـەرکی ئـەوەیـە چۆنیـەتیی چونەپاڵیەکی ئەم دەنگانە، وەکو یاسایەکی سروشتیی زمانەکە بدۆزێتەوە و یاساکان هەڵبهێنجێ، نەک یاســا و هاوکێشــەکان لە خۆوە، بە لاســایی بڕگەســازیی زمانێکی تر دابڕێژێ و بەســەر زمانەکەی خۆیدا بیانسەپێنێ و یاسابەندی بۆ زمان دروستبکا.

### ١-١-٢- بڕگەسازی و ڕێنوس:

بڕگە ئەگەر لە (**گۆزمان**)[٥]دا دەنگەکانی زمان بۆ دروستکردنی کەرەسەی گەورەتر لە خۆی لێکبدا و ڕێکبخا و یەکێتیی کردەی قسەکردن لە لایەنی گوتن و بیستنەوە لەئەستۆبگرێ[٦]، لە (**نوسزمان**)[٧]یشدا ئەگەرچی بڕگە دانەیەکی نوسین نیە، بەڵام بڕگە لە خستنەپاڵ و ڕیکخستنی

---

[١]. مەحەمەد مەعروف فەتاح، (٢٠١١)، ل ٧٧.
[٢]. غازی فاتح وەیس، (١٩٨٤)، ل ٨٤.
[٣]. احمد مختار عمر، (**١٩٩٧**)، ص **٢٨٦**.
[٤]. عادل ڕەشید قادر، (٢٠٠٨)، ل ٢٤.
[٥]. **گۆزمان:** زمانی گۆکردن، زمانی ئاخاوتن، لە (زمان و گۆکردن) پێکهاتوە.
[٦]. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (٢٠١٤) (ا)، ل ٥٧.
[٧]. **نوسزمان:** زمانی نوسین، لە (زمان و نوسین) پێکهاتوە.

پیتەکان لە قاڵبی وشە و ڕستەکاندا بەشداریدەکا. بێگومان ئەلفوبێی هەر زمانێکیش لەسەر بنەمای دانانی نیگاری فۆنیمەکانی دادەمەزرێ، وەلێ بڕگەسازیش وەکو بنەمایەکی سەرەکی و دەنگناسی لەپاڵ پێوەرە زمانەوانیەکانی تر، ڕۆلێکی سەرەکی لە چۆنیەتی و شێوازی نوسینی وشەکانی زماندا دەگێڕێ[1]. بۆ چارەسەری ڕێنوس و دروستنوسینی وشەکانی زمانی کوردی، یاسا بڕگەسازیەکان وەکو پێوەرێکی زمانەوانی بەکاردەهێنرێن، بۆ نمونە لە جیاوازیی ڕێنوسی ئەم وشانەدا دیارە: **(/کور–دیە/، /کور–دی–یە/)، (/کۆ–تای–یە–کان/، کۆ–تا–یی–یە–کان/)، (/هە–موان/، /هە–موو–وان/، /هە–مو–وان/)، (/لا–دێ–کان/، /لا–دێ–یە–کان/)، (/بنە–ما–کان، /بنە–ما–یە–کان/).** هەروەها لە ئەلفوبێی لاتینیدا وەکو پێوەرێکی بڕگەسازی، ئەگەر بزوێنێکی تەواو لە وشەیەکدا نەبێ، کلکە دەنگێکی درێژکراوەی دەنگە نەبزوێنی یەکەم، وەکو دەنگێک یان فۆنیمێکی بزوێن دانراوە و ناونراوە بزوێنی بزرۆکە، لە نوسینیشدا نیشانەی **(i)**یان وەکو پیت بۆ داناوە، بۆ نمونە لە وشەی (**mir\din**)دا. سەرەڕای ئەمەش لە هەندێ زماندا بۆ فێرکردن و بە مەبەستی چۆنیەتیی گۆکردن (Pronunciation) و شێوازی نوسینی وشەکان، بڕگەسازی وەک ڕێساز (Technic)ێک بەکاردێ، بە تایبەتی ئەو زمانانەی جیاوازیی نێوان گۆزمان و نوسزمانیان زۆر بەرچاوە، وەکو نمونەی زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئەڵمانی[2].

لە زمانی کوردیدا هێشتا پەیوەندیی نێوان گۆزمان و نوسزمان پەیوەندیەکی هاوتەریبە، بە واتایەکی تر؛ قسەکەر و نوسەری زمانی کوردی هەمیشە لە کردەی ڕێنوس و نوسیندا چاودێریی چۆنیەتیی گۆکردنی وشەکانی زمان دەکا، ئەمەش وایکردوە یاسا بڕگەسازیەکان ڕاستەوخۆ بۆ کردەی نوسین بگوازرێنەوە، هۆی ئەمەش ئەوەیە کە قۆناغی دەستپێکردنی نوسینی زمانی کوردی بەم دو ئەلفوبێیە (ئارامی و لاتینی)، بە بەراورد بە مێژوی نوسینی زمانەکانی تر، مێژویەکی دور و درێژ نیە، بەڵکو بە نزیکەیی بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە[3]، ئەم مێژوە نزیکەش تا ئێستا نەبوەتە هۆی دورکەوتنەوەی نێوان گۆزمان و نوسزمان.

---

[1]. هەوار عومەر فەقێ ئەمین، (٢٠١٩)، ل ٤١٧–٤١٨.

[2]. فاروق عومەر سدیق، (٢٠١٧)، ل ١٣٥.

[3]. عومەر عەبدولعەزیز، (٢٠١٧)، ل ١٣٤.

لە سەرەتای ئەم مێژوەدا بە شێوەیەکی خۆڕسک و بەبێ پلان و بە لاسایکردنەوەی پەیڕەوی دەنگناسیی زمانی عەرەبی و فارسی، کۆمەڵێ تایبەتمەندیی بڕگەسازی و ڕۆنان و قاڵبی بڕگە بۆ نوسینی زمانەکەمان دەستنیشانکران، ئەگەرچی لە سەرەتادا هەست بە جیاوازیەکانی ڕێنوس نەدەکرا، یان گوێی پێنەدەدرا، چونکە مەبەست لە نوسینی زمانی کوردی هەر تێگەیشتن و خوێندنەوە بو، بەڵام بە تێپەڕبونی کات و دوبارەبونەوە و بەردەوامیی لە نوسیندا، لە قۆناغی دواتر ئەم یاسا بڕگەسازیانە وەک بنەما و پێوەر وەرگیران[1]، ئەم یاسایانەش وەکو ماکێکی گەورە لەسەر ئەلفوبێ و ڕێنوسی زمانی کوردیدا مانەوە، تەنانەت زۆربەی زمانەوان و ڕێزماننوسان ئەم بنەمایانەیان وەک بیردۆزێک لەسەر زمانی کوردی جێبەجێکرد و لە توێژینەوە کوردیەکاندا بەکاریانهێنا. لێرەدا سەرهەڵدانی بەشێکی ئاریشەی ڕێنوس و دروستنوسینی زمانی کوردی بۆ ئاریشەی بنەماکان یان یاسا بڕگەسازیەکان دەگەڕێتەوە، واتە؛ هەندێ لەم یاسایانە بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیەکانی زمانی کوردی و لەبەر ڕۆشنایی پێوەرە زمانەوانیەکاندا ئاریشەدارن و بەشێکن لە سەرچاوەی گرفتەکانی ڕێنوسی زمانی کوردی.

**١-١-٣- ئاریشەی بزوێنە سەرەکیەکان (ا، ۆ، ێ، ە) لە بڕگەسازیدا:**

لە بڕگەی دەنگسازیی زمانی کوردیدا دو بزوێنی سەرەکی لە بڕگەیەکدا کۆنابنەوە، بۆیە ئەگەر وا ڕێککەوت دو بزوێن لە بڕگەیەکدا کۆببنەوە، ناوبڕێکی نەبزوێن یان دولایەن لە نێوان دو فۆنیمە بزوێنەکە پەیدادەبێ، ئەم بنەمایەش زۆر جار لە ڕێنوسدا دەبێتە ئاریشە و وشەکان بە دو شێوەی جیاواز دەنوسرێن، چارەسەریەکان بەم ئەگەرانەی خوارەوە دەخرێنەڕو:

**١- لە دۆخی تاکی نەناسراودا:** کاتێک مۆرفیمی {-ێک-ەک}ی نەناسراوی، بە کۆتایی ئەو وشانەی کە بە بزوێنە سەرەکیەکان کۆتاییاندێ، دەلکێنرێ، هەمیشە ناوبڕی نیمچەبزوێنی (ی) لە نێوانیاندا پەیدادەبێ و پێوستە لە ڕێنوسدا فەرامۆشنەکرێ، بۆ نمونە:

**- با+ ی+ ێک/ ەک= /با/یێک/، /با/یەک/**

**- مامۆستا+ ی+ ێک/ ەک= /ما-مۆس-تا-یێک/، /ما-مۆس-تا-یەک/**

**- دێ+ ی+ ێک/ ەک= /دێ-یێک/، /دێ-یەک/**

---

[1]. کازم عەباس زەندی، (٢٠٢٣)، ل ١٤١.

**- هەرمێ+ ی+ ێک/ ەک= /هەر-مێ-یێک/، / هەر-مێ-یەک/**

**- دۆ+ ی+ ێک/ ەک= /دۆ-یێک/، / دۆ-یەک/**

**- گەزۆ+ ی+ ێک/ ەک= /گە-زۆ-یێک/، /گە-زۆ-یەک/**

**- شە+ ی+ ێک/ ەک= /شە-یێک/، /شە-یەک/**

**- شوشە+ ی+ ێک/ ەک= /شو-شە-یێک/، /شو-شە-یەک/**

ئەگەر سەرنجێکی وردی گۆزمانی کوردی بدرێ، دەبینین مۆرفیمی {-ێک}ی نەناسراوی، زیاتر لەگەڵ ئەو وشانە بەکاردێ، کە بە پیتی نەبزوێن کۆتاییاندێ، بەڵام مۆرفیمی {-ەک} زیاتر لەگەڵ ئەو وشانەدا دەردەکەوێ، کە بە پیتی بزوێن کۆتاییاندێ[١]، بۆ نمونە ئاخێوەری کورد دەڵێ: (**گوڵێک، مرۆڤێک، هەندێک، دەنگێک، سەردەمێک،...**)[٢]، بەڵام لەگەڵ بزوێنەکاندا دەڵێ: (**باخچەیەک، سەرەتایەک، کابرایەک، دۆیەک، هەرمێیەک، سەرچاوەیەک، ئەستێرەیەک، مامۆستایەک، بڕگەیەک،...)**، بۆیە بە مەبەستی یەکبون و یەکخستن، دەشێ وەکو پێوەر و بنەمایەکی ڕێنوس و دروستنوسین دابنرێ و لەگەڵ پیتە بزوێنەکانی کۆتایی وشە، کەڵک لە مۆرفیمی {**-ی+ەک}** وەربگیرێ و لەگەڵ پیتە نەبزوێنەکانی کۆتایی وشەش، مۆرفیمی (**-ێک**) بنوسرێ، چونکە لە گۆکردن و نوسینیشدا ئاسانترە، بۆ نمونە:

**- کوردێکی دڵسۆز، گوڵێکی جوان، پێنوسێکی بەبڕشت، زمانێکی پاراو**

**- وشەیەکی ڕەسەن، مامۆستایەکی گەورە، دۆیەکی کوردەواری، هەرمێیەکی خۆش**

**٢- لە دۆخی تاکی ناسراو یان کۆی ناسراودا:** کاتێک مۆرفیمی ناسراوی {**-ەکە**}، یان لەگەڵ مۆرفیمی کۆی {**-ان**}، یان لەگەڵ پاشگری ژمارەی ڕێکخستن {**-ەم، ەمین**} بە کۆتایی وشەکانەوە دەلکێن، دو ڕوکار دەنوێنن:

ا- بە پشتبەستن بە گۆزمان، ئەگەر وشەکان لە یەک بڕگە پێکهاتبون، بۆ ڕێنوسێکی پێوەربەند (standard)، بۆ ئەوەی یەکگرتویی و ڕێکخستن پەیدابێ، دەکرێ هەمیشە ناوبڕی نیمچەبزوێنی (**ی**)، لە نێوان وشەکە و مۆرفیمی ناسراویدا بنوسرێ، واتە؛ سەرەڕای جیاوازیی گۆکردن بە پێی

---

[١]. هەڵمەت بایز، (٢٠٢٠)، ل ٣٨.

[٢]. ڕەنگە بە پێی زار و بنزارەکانیش بگۆڕێ، بۆ نمونە لە شێوەزاری سۆرانیدا دەوترێ: (گورەک، مرۆڤەک، هەندەک، دەنگەک، سەردەمەک،...)

زار و بنزار یان ئاخاوتنی ناوچەیی، بەڵام لە ڕێنوسدا بزوێنی کورتی (ە)ی مۆڕفیمی ناسراوی **{ەکە}** تێناچێ[1]، پێویستە لە ڕێنوسدا وننەکرێ، بۆ نمونە لەم خشتەیەدا پیشاندراوە:

| وشەی یەک بڕگەیی | ناوبڕ | پاشگرەکان | لە بڕگەسازیدا | دروستەی ڕێنوس لە گرێدا |
|---|---|---|---|---|
| با | یـ | ەکە+ ان | /با-یە-کە/، /با-یە-کان/ | بایە بەهێزەکان |
| ڕێ | یـ | ەکە+ ان | /ڕێ-یە-کە/، /ڕێ-یە-کان/ | ڕێیە باریکەکان |
| دۆ | یـ | ەکە+ ان | /دۆ-یە-کە/، /دۆ-یە-کان/ | دۆیە ترشەکان |
| شە | یـ | ەکە+ ان | /شە-یە-کە/، /شە-یە-کان/ | شەیە بچوکەکان |
| دە | یـ | ەم | /دە-یەم/ | دەیەم کەس |

خشتەی ژمارە (٢): ڕێنوسی وشە یەک بڕگەییەکانی بزوێنە سەرەکیەکان

ب- ئەگەر وشەکان لە بڕگەیەک زیاتر پێکهاتبون، ناوبڕی نیمچەبزوێنی **(ی)**، لە نێوان وشەکە و پاشگرەکان پەیدانابێ، بەڵکو بە یاسایەکی دەنگسازی بزوێنی کورتی (ە)ی مۆڕفیمی ناسراوی توشی دیاردەی تێچون دەبێتەوە[2]، چونکە هەر سێ بزوێنی **(ا، ێ، ۆ)** لە بزوێنی **(ە)** درێژتر و دەرکەوتوترن، لەگەڵ بزوێنی (ە)ی وشەکانیشدا توشی دیاردەی گونجان دەبێ. لە ڕێنوسیشدا ناوبڕەکە، لە ڕوی ئابوریی زمانیدا و بە هۆی ئاسانی و بەفیڕۆنەدانی وزەی کات و شوێن، هەروەها بە مەبەستی یەکخستن و یەکبون و گشتگیریی لە نوسیندا، وا سودبەخشترە نەنوسرێ، چونکە کاریگەریی لەسەر واتای وشەکان نابێ و بڕگەیەکیش لە نوسیندا کەمتر دەبێتەوە. سەرەڕای ئەمەش ئاخێوەری کورد هەر بەم شێوەیە دەریدەبڕێ، بۆ نمونە کورد دەڵێ: **(/بنە-ما-کا-نی/ زانستی ئابوری، /باخ-چە-کا-نی/ شاری هەولێر) نەک (/بنە-ما-(یە)-کا-نی/ زانستی ئابوری، /باخ-چە-(یە)-کا-نی/ شاری هەولێر)**. بۆ نمونە بەم شێوەیەی خوارەوە:

| وشەی فرە بڕگەیی | پاشگرەکان | لە بڕگەسازیدا | دروستەی ڕێنوس لە گرێدا |
|---|---|---|---|
| یاسا | ەکە+ ان | /یا-سا-کە/، /یا-سا-کان/ | یاسا بڕگەسازیەکان |
| هەرمێ | ەکە+ ان | /هەر-مێ-کە/، /هەر-مێ-کان/ | هەرمێ خۆشەکان |
| پەڕۆ | ەکە+ ان | /پە-ڕۆ-کە/، /پە-ڕۆ-کان/ | پەڕۆ کۆنەکان |

[1]. لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، (٢٠٢١) (ا)، ل ٨١.
[2]. سەرچاوەی پێشو، ل ٨١.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەستێرە | ەکە+ ان | /ئەس-تێ-رە-کە/، /ئەس-تێ-رە-کان/ | ئەستێرە بەرزەکان |
| پازدە | ەم | /پاز-دەم/ | پازدەم چاپ |

خشتەی ژمارە (٣): ڕێنوسی وشە فرە بڕگەییەکانی بزوێنە سەرەکیەکان

**١-١-٤- ئاریشەی نیمچەبزوێنی <و> لە بڕگەسازیدا:**

ئەو بڕگە و وشانەی بە فۆنیم یان پیتی دولایەنی<و> کۆتاییاندێ، لە پێکهاتەی بڕگە و لێکداندا بۆ دروستکردنی وشە و گرێ، پێوستییان بە پەیدابونی هیچ ناوبڕێک نیە، واتە؛ ئەم وشانەی لە کۆتاییدا هەڵگری ئەم دەنگەن، هەر مۆرفیم یان پاشگرێکی ڕێزمانی وەربگرن، کتومت لە ڕێنوسدا بەبێ پەیدابون و تێچونی پیت دەنوسرێن، چونکە لە پەیڕەوی دەنگناسیی زمانی کوردیدا تەنیا یەک فۆنیمی /**و**/ هەیە، لە ڕێنوسیشدا تەنیا یەک پیتی <**و**> بەهای هەیە و دەردەخرێ، لێرەدا فۆنیمی /**و**/ بزوێن بێ یان نەبزوێن، کورت یان درێژ گۆبکرێ، کاریگەرییان لەسەر ڕێنوسە پێوەربەندەکە نابێ، چونکە /**و**/ خۆی نیمچەبزوێنە، ئەگەر بزوێنی پاشگرە ڕێزمانیەکانی پێوە بلکێنرێ، خۆی دەبێتە نەبزوێن، وەک لەم خشتەیەدا پیشاندراوە:

| وشە | پاشگرەکان | لە بڕگەسازیدا | دروستەی ڕێنوس لە گرێدا |
|---|---|---|---|
| داو | ێک، ەک، ەکە، ان | /دا-وێک/، /دا-وەک/، /دا-وە-کە/، /دا-وە-کان/ | داوە درێژەکان |
| دو | ێک، ەک، ەکە، ەم، ان | /دوێک/، / دوەک/، /دوە-کە/، /دوەم/، /دوان/ | دوەم کەس خانەی دوان |
| خانو | ێک، ەک، ەکە، ان | /خا-نوێک/، /خا-نوە-کە/، / خا-نوە-کان/ | خانوە گەورەکان |
| بەڕو | ێک، ەک، ەکە، ان | /بە-ڕوێک/، /بە-ڕوەک/، /بە-ڕوە-کان/ | بەڕوە شیرینەکان |
| سەرکەوتو | ێک، ەک، ەکە، ان | /سەر-کەو-توێک/، /سەر-کەو-توەک/، /سەر-کەو-توە-کە/، /سەر-کەو-توە-کان/ | مرۆڤە سەرکەوتوەکان |

خشتەی ژمارە (٤): ڕێنوسی پیتی نیمچەبزوێنی <و> لە بڕگەسازیدا

نوسینی دو وێ (**وو**)/ واوی درێژ، یان بە فۆنیم دانانی ئەم دەنگە، بە پێی یاسا بڕگەسازیەکان بۆچونێکی نازانستی و نادروستە، چونکە لە ڕوانگەی هەندێ زمانەوان و توێژەر، ((دەنگی [**و**] لە

کۆتایی وشەدا و پاش نەبزوێن دەبێ بە پیتی <وو> بنوسرێ))[1]، یان دەگوترێ: ((زۆر کەس دەیەوێ بە یاسایەک ئەوەی بۆ چارە ببێ، هیچ یاسایەکی کۆنکریتی نیە، زیاتر ناسینەوەکە دەنگیە))[2]، بۆ نمونە وشەکانی (**خانوو، دوو، شوو، ڕوو، زوو،...**)، ئەم بۆچونانەش بە پێی بڕگەی دەنگناسیی نادروستن، بەم بەڵگانە:

١- هەر کاتێک مۆرفیمە ڕێزمانیەکان بۆ ئەو وشانە زیاددەکرێ، ئاریشەکە سەرهەڵدەدا، بۆ نمونە:

**- دوو+ ان/ ەم= /دووان/، /دووەم/**

**- ڕوو+ ەکە= /ڕووە-کە/**

**- هەموو+ ان= /هە-مووان/**

**- دەزوو+ ێک= /دە-زووێک/**

**- مردوو+ ەک+ ان= /مر-دووە-کان/**

لێرەدا نادروستی و ئاریشەی ئەم ڕێنوسە بە ڕونی دیارە، چونکە بە پێی یاساکانی بڕگەسازیی، نابێ دو بزوێن لە یەک بڕگەدا هەبێ، هەردو وشەی (**دووان، دووەم**) یەک بڕگەیین، وشەکانی (**ڕووەکە، هەمووان، دەزووێک**) دو بڕگەیین، وشەی (**مردووەکان**)یش سێ بڕگەیە، لە بڕگەکاریدا دەبینین دو بزوێن لە یەک بڕگەدا هاتون و ئەمەش پێچەوانەی یاساکانی دەنگناسیی کوردیە.

٢- بۆچونێکی تر لەم بارەیەوە پەیدادەبێ کە گوایە لە ئەنجامی بەیەکگەیشتنی بزوێنی وێی درێژ (**وو**) و بزوێنی مۆرفیمە ڕێزمانیەکان، بزوێنی (**وو**)ی درێژ دەگۆڕێ بۆ (**و**)ی کورت و نیمچەبزوێنی (**و**) لە نێوان هەردو بزوێنەکە زیاددەبێ[3]، بۆ نمونە:

**- دوو+ و+ ەم= /دو-وەم/**

**- بەڕوو+ و+ ێک= /بە-ڕو-وێک/**

**- شاتوو+ و+ ەکە= /شا-تو-وە-کە/**

**- دەرچوو+ و+ ەکە+ ان= /دەر-چو-وە-کان/**

---

[1]. دیاکۆ هاشمی، (٢٠٢١)، ل ١٤؛ هەڵمەت بایز، (٢٠٢٠)، ل ١٠.

[2]. کوردۆ شابان، (٢٠٢٠)، ل ٣٨-٣٩.

[3]. لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، (٢٠٢١) (ب)، ل ٢٤؛ باخان ئەحمەد مەحەمەد، (٢٠١٩)، ل ٣٢.

ئەگەر سەرنجی ئەم وشانەی سەرەوە بدەین، دەبینین بە پێی گۆکردن و تەوژمی هەوای ناو سیەکان، وشەی (/**دووەم/**) تەنیا یەک بڕگەیە (**ن+ ن+ ب+ ن**) نەک دو بڕگە، وشەی (/**بە-ڕووێک/**) تەنیا دو بڕگەیە و هەردو وشەی (/**شا-تووە-کە**/، /**دەر-چووە-کان/**)یش تەنیا سێ بڕگەن نەک چوار بڕگە، واتە؛ بۆ سەلماندن و بونی فۆنیمی /**وو**/، بە خورتی بڕگەیەک لە پێکهاتەی وشەکاندا زیادکراوە، لە لایەکی ترەوە هیچ یاسایەکی دەنگناسیی کوردی نیە، کە بزوێنە درێژەکانی تر (**ا، ێ، ۆ**) بە هۆی ناوبڕی کورتی (**و**)، بگۆڕێن و کورتببنەوە، بە واتایەکی تر؛ ئەگەر ئەم فۆنیمە بزوێنێکی درێژ بێ، نابێ کورتببێتەوە، سەرسوڕمانیش ئەوەیە، کورتکردنەوەکە لە ڕێنوس ڕودەدا و دەردەکەوێ، واتە؛ لەبری نوسینی فۆنیمێکی تەواو، نیو فۆنیم دەنوسرێ، چونکە دو وێ (**وو**) دەبێتە یەک وێ (و).

٣- ئەگەر بۆچونی ئەوەش سەرهەڵبدا، کە دەبێ بە سێ وێ (**ووو**) بنوسرێ، بێگومان ئەمەش بۆچونیکی نازانستیە، چونکە لە زمانی کوردیدا هەرگیز پیتێک سێ جار لەتەک یەک گۆناکرێ و نانوسرێ، ئاریشە بڕگەسازیەکەش وەکو خۆی دەمێنێتەوە، واتە؛ بڕگە زیادکراوە خورتیەکە، هەر لە پێکهاتەی وشەکاندا دەمێنێتەوە، بۆ نمونە:

- **/دوو-وەم/ لەبری /دوەم/**
- **/خا-نوو-وە-کان/ لەبری /خا- نوە- کان/**
- **/بە-ڕوو-وێک/ لەبری /بە- ڕوێک/**
- **/هە-موو-وان/ لەبری /هە- موان/**

کەواتە؛ بەم پێوەرە زمانەوانیانە، نوسینی دو وێ (**وو**) لە هەردو لایەنی ئەلفوبێ و بڕگەسازیەوە هەڵەیەکە پەیڕەوکراوە[1]، بۆیە وەکو چارەسەری ئەم ئاریشەیە، بە پشتبەستن بە ڕاستیەکانی پەیڕەوی دەنگناسیی کوردی و بە مەبەستی پەیڕەوکردنی ڕێنوسێکی یەکگرتو و پێوەربەند، هەروەها بەفیرۆنەدانی کات و شوێن لە نوسیندا، دەکرێ وەکو بنەمایەکی دروستنوسین، فۆنیمی /**و**/ لە هەمو وشەکاندا تەنیا بە یەک پیت و بە شێوەی <**و**> بنوسرێ[2].

---

[1]. عەبدوللا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠٢٣) (ا)، ل ١٧٤.

[2]. عەبدوللا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠١٥)، ل ٩٠.

**١-١-٥- ئاریشەی نیمچەبزوێنی <ی> لە بڕگەسازیدا:**

فۆنیم و پیتی یێ <**ی**> لە کۆتایی بڕگە و وشەکاندا، لە کاتی وەرگرتنی پاشگرە ڕێزمانیەکاندا، بە شێوەی جیاواز دەنوسرێ، بەمەش ئاریشە و جیاوازی لە ڕێنوسدا پەیدادەبێ. پیتی <**ی**>ی دولایەن لە کاتی وەرگرتنی پاشگرە ڕێزمانیەکاندا، پێویستیی بە ناوبڕی نیمچەبزوێنی (**ی**) نابێ، بەڵکو بە ڕەوانی پاشگرەکانی پێوەدەلکێنرێ، چونکە دانان و دانەنانی ئەم ناوبڕە نابێتە هۆی گۆڕانی واتا و بڕگەکانی هەر وشەیەکیش کەمتر دەبنەوە، لە لایەکی ترەوە لە گۆکردنیشدا هەر بەم شێوەیە گۆدەکرێ، بۆ نمونە ئاخێوەری کورد بە یەک بڕگە و بە قاڵبی (ن+ ن+ ب+ ن) دەڵێ: /**سیەم**/، نەک بە دو بڕگە /**سیـ-یەم**/، بە هەمان شێوە دەڵێ: (**چیە، نیە**)، نەک (**چییە، نییە**). لە ڕوی ڕێنوسیشەوە هەر بەم جۆرە ئاسانتر و بێئاریشەترە، چونکە ڕێنوسێکی پێوەربەند دەچەسپێ، وشەکە بە پیتی <**ی**>، یان بە پاشگری {**ی**}، تەنانەت بە پاشگری {**یی**}ش کۆتایی بێ، کاریگەری لەسەر ڕێنوسەکە نابێ، چونکە بە هەمان پێوەری /**و**/، /**ی**/ش پیتێکی نیمچەبزوێنە، کاتێ پاشگرە ڕێزمانیەکان پێوە دەلکێنرێ، خۆی دەبێتە نەبزوێن، نەک (**ناوبڕ**) و بڕگەیەکی خورتی بۆ زیادبکرێ، بۆ نمونە لە ڕێنوسی ئەم وشانەدا دەردەکەوێ:

| وشە | پاشگرەکان | لە بڕگەسازیدا | دروستەی ڕێنوس لە گرێدا |
|---|---|---|---|
| بی | ێک، ەک، ەکە، ان | /بیێک/، /بیەک/، /بیە-کە/، /بیە-کان/ | بیە بەرزەکان |
| جوانی | ێک، ەک، ەکە، ان | /جوا-نیێک/، /جوا-نیەک/، /جوا-نیە-کە/، /جوا-نیە-کان/ | جوانیەکانی ژیان |
| شنۆیی | ێک، ەک، ەکە، ان | /شنۆیـ-یێک/، /شنۆیـ-یەک/، /شنۆیـ-یە-کە/، /شنۆیـ-یە-کان/ | شنۆییەکانی کوردستان |
| ئامادەیی | ێک، ەک، ەکە، ان | /ئا-ما-دەیـ-یێک/، /ئا-ما-دەیـ-یەک/ /ئا-ما-دەیـ-یە-کە/، /ئا-ما-دەیـ-یە-کان/ | قوتابخانە ئامادەییەکان |
| سی | ەم/ ەمین | /سیەم/، /سیە-مین/ | سیەم پیاو/ گەڕی سیەمین |

خشتەی ژمارە (٥): ڕێنوسی پیتی نیمچەبزوێنی <ی> لە بڕگەسازیدا

نوسینی ئەم وشانە بە پێوەر و یاسا بڕگەسازیە نەریتیەکە، کە گوایە ((ئەگەر ناوێک بە پیتی بزوێنی (ی) کۆتایی بێ، بۆ ئەوەی بزوێنی وشەکە و ئامرازەکە یەکنەگرن، لە نێوان ناو و

نیشانەکەدا نیمچەبزوێنی (ی) سەرهەڵدەدا))[1]، تەنیا بڕگەیەک بە هۆی ناوبڕی نیمچەبزوێنی (ی) زیاددەکرێ، بەبێ ئەوەی واتای وشەکان بگۆڕێ، ئەمەش ئاڵۆزکردن و گرانکردنی ڕێنوس و سەرلێشێواندنی نوسەر و خوێنەرانە، چونکە ئەگەر بە پێی ئەم بۆچونە بێ، دەبێ ئەو وشانەی بە پاشگری (یی) کۆتاییاندێ، لێرەدا بە سێ یێ (ییی) بنوسرێن، بۆ نمونە: (**مێژووییەکان، ئاواییەکە، خۆجێییەکان**)[2]، بەم شێوەیەش سەرەڕای ناباوی ڕێنوسەکە و بەفیرۆدانی کات و شوێن، ڕێنوسێکی پێوەربەندیش لەم وشانەدا ناچەسپێ و کرداری فێرکردن و ڕاهاتنیش زۆر قورسدەکا، وەک لەم وشانەدا پیشاندراوە:

| وشە | پاشگرەکان | ناوبڕ | لە بڕگەسازیدا |
|---|---|---|---|
| بی | ێک، ەک، ەکە، ان | یـ | /بیـ-یێک/، /بیـ-یەک/، /بیـ-یە-کە/، /بیـ-یە-کان/ |
| جوانی | ێک، ەک، ەکە، ان | یـ | /جوا-نیـ-یێک/، /جوا-نیـ-یەک/، /جوا-نیـ-یە-کە/، /جوا-نیـ-یە-کان/ |
| شنۆیی | ێک، ەک، ەکە، ان | یـ | /شنۆ-ییـ-یێک/، /شنۆ-ییـ-یەک/، /شنۆ-ییـ-یە-کە/، /شنۆ-ییـ-یە-کان/ |
| ئامادەیی | ێک، ەک، ەکە، ان | یـ | /ئا-ما-دە-ییـ-یێک/، /ئا-ما-دە-ییـ-یەک/ /ئا-ما-دە-ییـ-یە-کە/، /ئا-ما-دە-ییـ-یە-کان/ |
| سی | ەم/ ەمین | یـ | / سی- یەم/، /سی- یە- مین/ |

خشتەی ژمارە (٦): زیادبونی بڕگە لە ڕێنوسدا بە هۆی ناوبڕی (ی)ەوە

کەواتە؛ چارەسەر و پێوەری نوسینی فۆنیمە دولایەن یان نیمچەبزوێنەکانی (**و**) و (**ی**) لە بڕگەسازی و نوسزمانی کوردیدا لەسەر دو بنەما چارەسەردەکرێ[3]:

[1]. لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، (٢٠٢١) (ا)، ل ٨١؛ باخان ئەحمەد مەحەمەد، (٢٠١٩)، ل ٣١.

[2]. دیاکۆ هاشمی، (٢٠٢١)، ل ١٨؛ کوردۆ شابان، (٢٠١٩)، ل ٤١.

[3]. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، (٢٠٢٣) (ب).

ا- هەر کاتێک دەنگە بزوێنەکان (**ا، ۆ، ێ، ە**)یان لەتەک هات، خۆیان دەبن بە نەبزوێن، ئەگەر لە بڕگەیەکیشدا بزوێنیان لەتەک نەبێ، خۆیان دەبن بە بزوێن، هەر بۆیە لە زمانەوانیدا پێیان دەوترێ: (**نیمچەبزوێن**).

ب- هەر کاتێک بزوێنێکی مۆرفیمە ڕێزمانیەکانیان بخرێتە تەک، ئەگەر بزوێنیش بن، خۆکارانە دەبن بە نەبزوێن، نەک ناوبڕ و بڕگەیەکی زیادەیان بۆ زیادبکرێ، بۆ نمونە:

- /**بی**/: (ن+ ب) ⟵ /**بیە**/: (ن+ ن+ ب) بەرزەکان
- /**چی**/: (ن+ ب) ⟵ /**چیە**/: (ن+ ن+ ب)
- /**نی**/: (ن+ ب) ⟵ / **نیە**/: (ن+ ب+ ن)
- /**کا- نی**/: (ن+ ب- ن+ ب) ⟵ /**کا- نیێک**/: (ن+ ب- ن+ ن+ ب+ ن)
- /**دو**/: (ن+ ب) ⟵ /**دوەم**/: (ن+ ن+ ب+ ن)
- /**هە- مو**/: (ن+ ب- ن+ ب) ⟵ /**هە-موان**/: (ن+ ب- ن+ ن+ ب+ ن)
- /**دە- زو**/: (ن+ ب- ن+ ب) ⟵ /**دە- زوە-کە**/: (ن+ ب- ن+ ن+ ب- ن+ ب)

**١-١-٦- ئاریشەی دەنگی هەمزە [ئـ] لە بڕگەسازیدا:**

بە بۆچونی بەشێکی زۆری زمانەوانان لە کۆن و نوێدا بە لاساییکردنەوەی بڕگەسازیی عەرەبی، وەکو یاسایەکی سەرەکیی بڕگەسازی و ڕێنوسی ئەلفوبێی ئارامی، پیتی بزوێن لە سەرەتای بڕگەدا نایێ[١]، بەڵکو سەرەتای هەمو بڕگەیەک بە نەبزوێن دەستپێدەکا[٢]، ئەگەر بزوێنەکانیش لە سەرەتای بڕگەدا دەرکەوتن، نانوسرێن، بەڵکو نەبزوێنێک بە نیگاری **<ئـ>** لە پێش بزوێنەکان دەکێشرێ، کە بە (**هەمزە و کورسی**)[٣] ناسراوە. ئەم بۆچونەش دو ئاریشەی لە ڕێنوسدا دروستکردوە:

١- پەیدابونی یاسایەکی بڕگەسازی، کە لە بڕگەی دەنگناسیی زمانی کوردیدا، پیتە بزوێنەکان بە تەنیا ناتوانن بڕگە پێکبهێنن[٤].

---

[١]. وریا عومەر ئەمین، (٢٠٢٢)، ل ٥٦.
[٢]. بەکر عومەر عەلی، (٢٠١٤)، ل ١٨١.
[٣]. فاروق عومەر سدیق، (٢٠١٧)، ل ١٣٩.
[٤]. مەحەمەد مەعروف فەتاح، (٢٠١١)، ل ٨٢.

٢- دانان و زیادکردنی پیتێک وەک یەکەم پیتی ئەلفوبێی ئارامی[١]، کە دەنگە و بەها و پلەی فۆنیمی نیە.

سەرهەڵدان و فەلسەفەی ئەم بۆچونە و دانانی دەنگی هەمزە **[ئـ]** بە فۆنیم و پیت، بۆ دو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە:

١- زمانەوان و ڕێزماننوسەکان لە دەیەی دوەم و سێیەمی سەدەی ڕابردودا لەژێر کاریگەری و لاسایکردنەوەی پەیڕەوی دەنگناسیی زمانی عەرەبیدا، پیت و نیگاریان بۆ دەنگی هەمزە **[ئـ]** داتاشیوە، چونکە ئەم دەنگە لە زمانی عەرەبیدا پلە و نرخی فۆنیمی هەیە، لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییدا دەردەکەوێ و وشەگۆڕە، وەک لە وشەکانی (**أنا**، **بئر**، **ماء**)دا دیارە[٢]. وەکو بەڵگەیەکی مێژویی بەر لە ساڵی (١٩١٩)دا وێنە و نیشانەی دەنگی هەمزە **[ئـ]** نابینرێ، بەڵکو دواتر لەژێر کاریگەری سەر (**فتحة**) و بۆر (**ضمة**) و ژێر (**کسرة**)ی زمانی عەرەبیدا، سەرەتا لە شێوەی (**أ**) و پاشان (**ئـ**) لە ڕێنوس و ئەلفوبێی کوریدا پەیدابوە، بەر لە پەیدابونی پیتی **<ئـ>**، لە وشەکانی هەڵگری ئەم دەنگە، (**ئـ**) هەر بە (ا) دەنوسرا، وەکو: (**اشکێنێ، هەڵ اکوتێتە، اکا، اکەن، اوانیان، اوەی، ادەین، اهێنن، ایاندا**)[٣]، هەروەها لە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) لە ساڵی (١٩١٨)دا، وەک یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە عێراق و پاشان ڕۆژنامەی پێشکەوتنیش لە ساڵی (١٩٢٠)دا، نیگاری (**ئـ**) بەرچاوناکەوێ[٤].

٢- لە قۆناغی دانانی ئەلفوبێی کوردی و نیگاری پیتەکان، جیاوازیی نەکراوە لە نێوان دەنگ و فۆنیم و پیت، بەڵکو مەبەست لە دەنگ هەر پیت بوە و بە یەک واتا بەکارهێنراوە[٥]، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زانستی زمانەوانی بەم شێوەیەی ئێستا گەشەسەندو نەبوە، هەروەها بیردۆز و زانیاری و ڕاستیەکانی زمان، بە تایبەتی بیردۆزی فۆنیم، نەگەیشتبون بە توێژەران و نوسەرانی کورد، بۆیە بەبێ پێوەرە زمانەوانیەکان و بەبێ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیەکانی زمانی کوردی، تەنیا بە لاسایی ڕێنوس و زمانی زاڵی عەرەبی، کە زمانێکی پیرۆزکراو و خزمەتکراو و بەکارهاتو

---

[١]. ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، (٢٠٢٠) (١)، ل ١.
[٢]. دەریا سابیر حەمەد، (٢٠١٦)، ل ٥٣.
[٣]. ئەورەحمانی حاجی مارف، (١٩٨٦)، ل ٤٠.
[٤]. سەرچاوەی پێشو، ل ٣٩.
[٥]. یوسف شەریف سەعید، (٢٠١١)، ل ٥٢.

بو، ئەلفوبێی کوردییان دارشتوە. لێرەدا و دوای دانانی دەنگی هەمزە **[ئـ]** بە فۆنیم و پیت، وایکرد کە زمانەوانان و نوسەرانی دواتر ئەمە وەک بیردۆز و تایبەتمەندیی زمانی کوردی وەربگرن، کە گوایا لە پەیڕەوی دەنگناسیی زمانی کوردیدا دەنگی بزوێن لە سەرەتای بڕگە و وشەدا نیە و نایێ، بەڵکو هەمو بڕگە و وشەکانی زمانەکەمان بە نەبزوێن دەستپێدەکەن.

لە زمانی کوردیدا وەک زۆربەی زمانە هیندۆئەوروپییەکان، بزوێن لە سەرەتای بڕگەدا دەردەکەوێ، بۆ نمونە لەم وشانەی خوارەودا:

- بزوێنی (ا): **[ئـ]اش، [ئـ]اسن، [ئـ]ارا** – بزوێنی (ۆ): **[ئـ]ۆخەی، [ئـ]ۆف، [ئـ]ۆل**
- بزوێنی (ێ): **[ئـ]ێش، [ئـ]ێرە، [ئـ]ێستا** – بزوێنی (ی): **[ئـ]یش، [ئـ]یتر، [ئـ]ینجا**
- بزوێنی (ە): **[ئـ]ەستێرە، [ئـ]ەسپ، [ئـ]ەرک** – بزوێنی (و): **[ئـ]ومێد، [ئـ]وتی**

دەنگی هەمزە **[ئـ]**، کە وەکو پیتێک لە پێش پیتە بزوێنەکان دانراوە، تەنیا دیاردەیەکی زمانی یاریدەدەرە و فۆنیم نیە، تەنیا لەو کاتانەدا پەیدادەبێ، کە دەنگێکی بزوێن دەکەوێتە سەرەتای بڕگەیەک یان وشەیەک، چونکە لە کاتی گۆکردنی دەنگە بزوێنەکاندا، دەم کراوەیە و هەوا بەبێ هیچ بەربەستێک لە دەمی قسەکەر دێتەدەرەوە، ئەگەرچی بزوێنەکان گڕن و تاڵە ژێیەکان دەلەرێنەوە، وەلێ ئەم لەرینەوەیە هیچ بەربەستێک لە ڕێی دەرچونی هەوا دروستناکا، بۆیە کاتێ دەنگێکی بزوێن دەکەوێتە سەرەتای بڕگە، پێویستیی بە بەربەستێک دەبێ، تا هەواکە بگرێتەوە و ڕێگەنەدا، لەم کرانەوەی دەمە، هەوا بێتە دەرەوە، ئەگەرنا پێش ئەوەی قسەکەر دەست بە گۆکردنی وشەکە بکا، هەوای پەنگخواردوی سیەکانی دێتە دەرەوە و وشەکەی پێ تەواوناکرێ، بەم پێیەش کرداری دەربڕین و قسەکردنیش زۆر گران دەبێ[1].

ئەم دەنگە وەک دیاردەیەکی دەنگسازی لە زمانەکانی تریشدا دەبینرێ، چونکە لە زۆربەی زمانەکاندا، ناتوانرێ بزوێن لە سەرەتای وشەوە گۆبکرێ، وەکو زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و عەرەبی، بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا، وشەکانی (**Egg, Able, Orange**) بە شێوەی خوێندنەوەی (ئێگ، ئەیبڵ، ئۆرەنج) گۆدەکرێن، کە بە بزوێنەکانی (**E, A, O**) دەستیانپێکردوە، لە سەرەتای هەریەکێکیان (ئۆ، ئە، ئێ) هەیە. لە زمانی ئەڵمانیشدا، وشەکانی (**acht, und, ich**) بە شێوەی

---

[1]. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠١٥)، ل ٨٤.

خوێندنەوەی (ئیش (من)، ئوند (وە)، ئاخت (هەشت))، گۆدەکرێن و لە سەرەتا هەریەکێکیان هەست بە بونی دەنگی هەمزە **[ئـ]** دەکرێ، لە شێوەی (ئیـ ، ئا، ئو)[1]، بەڵام لەم دو زمانەدا دەنگی هەمزە **[ئـ]** پلەی فۆنیمی نیە و بەبێ ئەوەی هیچ وێنەیەکی لە ئەلفوبێی ئەو دو زمانەدا هەبێ. لە زمانی عەرەبیشدا، کە دەنگی هەمزە **[ئـ]** پلەی فۆنیمی هەیە، لە وشەکانی (**أَلَمْ، أُدْرُسْ، إِمَّا**) لە سەرەتای هەریەکێک لەم وشانە دەنگی هەمزە **[ئـ]** بونی هەیە، لە شێوەی (ئەلەم، ئودروس، ئیمما) گۆدەکرێن، کە بە هۆی بزوێنەکانی (فتحة، کسرة، ضمة) دەستیانپێکردوە[2]. کەواتە؛ دەنگی هەمزە **[ئـ]** دەنگێکە نەک فۆنیمێک، ئەرکێکی دەنگسازی هەیە، تەنیا لەگەڵ بزوێنەکاندا دەردەکەوێ و بۆ گرتنەوەی هەوا بە ناچاری وەکو دەمگرێک (Valve) دروستدەبێ[3]. بۆیە لە زمانی کوردیدا بە (هاوەڵبزوێن) ناودەبرێ و لە زمانی ئینگلیزیدا بە دەنگی وەستاوی قورگ (Glottal Stop) و لە زمانی ئەڵمانیدا بە بزوێنهەڵگر (Vokalträger) ناسراوە[4]، بەم شێوەیە لە زۆربەی زمانە هیندۆئەوروپیەکان ئەم دیاردە دەنگسازیە بەدیدەکرێ، بەڵام لە زمانە سامیەکاندا بە تایبەتی زمانی عەرەبی چالاکیی زیاترە و بە شێوەیەکی فراونتر بەکاردێ، لەگەڵ ئەوەشدا لە زۆربەی زمانەکان بە (پیت) دانەنراوە، تەنیا لە نوسینی دەنگسازیدا (IPA) هێمای (ʔ) بۆ دانراوە[5]. لە زمانی عەرەبیدا هەڵەکە لەوە ڕویداوە، ئەگەرچی سەر و ژێر و بۆرەکان فۆنیم و پیتن، بەڵام بە جوڵە (حَرَكة) دانراون و بە فۆنیم و پیت دانەنراون و لەبری ئەمانە، کاتێک ئەم جوڵانە لە سەرەتادا دەرکەوتون، هەمزەیان بە فۆنیم و پیت داناوە، زمانی کوردیش لە داڕشتەی ئەلفوبێیدا، لاسایی ئەم هەڵەی کردوەتەوە[6].

بەم ئەنجامە لە بڕگەی دەنگناسیی زمانی کوردیدا، بزوێنەکان دەتوانن بڕگە دروستبکەن، لە بڕگەی دەنگناسیشدا ((هێما تەنیا بۆ ئەو دەنگانە دادەنرێ، کە فۆنیمن، دەنگی هەمزەش [ئـ] فۆنیم نیە و لە نوسینەوەی قاڵبی بڕگەدا هێمای بۆ دانانرێ))[7]. هەروەها لە ئەلفوبێی لاتینیدا ئەگەرچی

---

[1]. تاڵیب حوسێن عەلی، (٢٠٢٠)، ل ٢٧٣.

[2]. سەرچاوەی پێشو، ل ٢٧٤.

[3]. عەبدوللا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠١٥)، ل ٨٥.

[4]. تاڵیب حوسێن عەلی، (٢٠٢٠)، ل ٢٦٢.

[5]. ابراهيم انيس، (١٩٧٥)، ص ٨٩.

[6]. عەبدوللا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠٢١).

[7]. هەژار قادر ئیسماعیل، (٢٠١٣)، ل ١٣٢.

هەمان زمان و دەنگ و کەرەسە و وشە و پەیڕەوی دەنگناسیە، کەچی بزوێنەکان لە سەرەتای بڕگە و وشەکاندا دەنوسرێن و دەنگی هەمزە [ئـ] نابینرێ[١]، چونکە لەم ئەلفوبێیەدا، کە لەسەر ئەلفوبێیەکەی (جەلادەت بەدرخان) بنیادنراوە، لە بنەڕەتەوە پیت و نیگار بۆ هەمزە (ئـ) دانەنراوە. بایەخنەدانی ئەم ئەلفوبێیەش بە دەنگی هەمزە [ئـ]، نەزانینێکی زانستی و زمانی نیە، بەڵکو ((ئەوەیە کە هەمزە دەنگە و فۆنیم نیە، پیتیش تەنیا بۆ ئەو دەنگانە دادەنرێ کە فۆنیمن))[٢]. کەواتە؛ لە ڕێنوسی ئەم ئەلفوبێیەدا دەنگە بزوێنەکان لە سەرەتای بڕگە و وشەدا دەنوسرێن، بەم شێوەیە خوارەوە:

| ئەلفوبێی ئارامی | ئەلفوبێی لاتینی |
|---|---|
| /ا-سان/، /ا-گر/ | /A-san/, /A-gr/ |
| /ۆل/، /ۆ-خەی/ | /Ol/, /O-xey/ |
| /ێش/، /ێ-خە/ | /Êş/, /Ê-xe/ |
| /ی-دی/، /ین-جا/ | /Î-dî/, /În-ca/ |
| /ئو-تی/، /و-مێد/ | /U-tî/, /U-mêd/ |
| /ەسپ/، /ە-وە/ | /Esp/, /E-we/ |

خشتەی ژمارە (٧): بزوێنەکان لە سەرەتای بڕگەدا

ئەگەر سەرنجێکی وردی زمانی کوردی بدرێ، دەنگە نیمچەبزوێنەکان (و) و (ی)، بە دەگمەن وەکو بزوێن لە سەرەتای وشە دێن، تەنانەت ئەوانەی هەن، بە توێژینەوەیەکی مێژویی ورد دەردەکەوێ، یان وشەی ڕەسەنی کوردی نین، وەکو (إنجاه، أومید) فارسین و (عیش ←ئیش، إنشا ← ئینشا) عەرەبین و (English ← ئینگلیزی، Spain ← ئیسپانیا) ئینگلیزین، یان وشەی ڕەسەنی کوردین و گۆڕانی دەنگناسییان بەسەرداهاتوە، وەکو (ئەوەی دی ←ئیدی، ئەوەی تر ← ئیتر)[٣]. کەچی ژمارەی ئەو وشانەی بزوێنی (ا، ە)یان لە سەرەتادا هاتبێ زۆرن، بەڵام ئەو وشانەی بزوێنی (ۆ، ێ)[٤]یان لە پێشەوە هاتبێ ژمارەیان کەمە.

---

١. سابیر ژاکاو، (١٣٩٩) (ا)، ل ٥٥.

٢. تاڵیب حوسێن عەلی، (٢٠٢٠)، ل ٢٧٦.

٣. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠٢١).

٤. بە زۆری دەنگەکانی (ێ) لە لێکدانی (ە+ ی) پێکهاتون، وەکو: پەیڕەو- پێڕەوە، ئەیرە- ئێرە، ئەی ساتە- ئێستا، بەی- بێ. دەنگەکانی (ۆ)ش لە لێکدانی (ە+ و) پێکهاتون، وەکو: ماموەستا- مامۆستا، کەون- کۆن، بەور- بۆر، لەومە- لۆمە،... بڕوانە: عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، ٢٠١٤ (ب)، ل ٧٥.

### ١-١-٧- ئاریشەی دەنگی بزرۆکە (ɨ - i) لە بڕگەسازیدا:

بزرۆکە کلکە دەنگێکی درێژکراوەی ئەو فۆنیمە نەبزوێنانەیە کە دەکەونە پێش نەبزوێنێکی تر. ئەم کلکە دەنگە لە کۆتایی هەمو فۆنیمێک هەیە، واتە؛ دەکەوێتە نێوان هەمو دو فۆنیمێک، بزوێن بن یان نەبزوێن، چونکە بریتیە لە ئەو بڕە هەوایەی کە لە نێوان گۆڕینی دەرچەی دو فۆنیم پەیدا دەبێ[١]، ئەمەش لە ئامێرەکانی پێوانی دەنگ زۆر بە وردی و بە ڕون و ئاشکرایی دەردەکەوێ و بڕی کورت و درێژی و گڕ و کپیەکەی نیشاندەدەرێ، بەڵام لە بڕگەسازیی نەرێتیدا، تەنیا تیشک خراوەتەسەر ئەو کلکە دەنگەی دەکەوێتە نێوان نەبزوێنەکان، بۆ ئەوەی یاسای هاوکێشەی بڕگەسازییان تێکنەچێ، واتە؛ هەمو فۆنیمێک ئەو کلکە دەنگەی هەیە و بە پێی جۆری فۆنیمەکە (کورتی و درێژی)، (بزوێنی و نەبزوێنی)، (گڕی و کپی)ەکەی دەگۆڕێ و درێژکراوەی هەمان فۆنیمەکەی خۆیەتی و یەک جەستەن و جیاناکرێنەوە[٢]. بەڵام ئەم کلکە دەنگە لە نێوان دو نەبزوێن زیاتر هەستی پێ دەکرێ، ئەگەر بزوێنە تەواو و ئاشکراکان (ا، ێ، ۆ، ە، ی، و) لە نێوانیاندا نەبن[٣]، بۆ نمونە لە وشەکانی: (**من، ژن، دڵ، کن، دڕ، پرچ، گرت، مشت، زبڵ، بسک**...). ئەمەش تەنیا لە ناوەڕاستی بڕگەدا ڕودەدا و لە سەرەتا و کۆتایی بڕگەکاندا بونی نیە و دەرناکەوێ، بۆ نمونە لە بڕگەی /من/دا، لە هەردو دەنگی [م] و [ن] هەوا لە لوت دەردەچێ، بەڵام لە (م)دا جوتبونی لێوەکان ڕێگە لە هەوای دەم دەگرێ و لە (ن)دا جوتبونی پێشەوەی زمان و پێشەوەی مەڵاشو ڕێگەی هەوای دەم دەگرێ، بەڵام تا قسەکەر لێوەکان لێکدەکاتەوە و پێشەوەی زمانی بەرزدەکاتەوە بۆ پێشەوەی مەڵاشو، نەختێ هەوا لە میانەی ئەم کردارەدا دزە دەکا و لە دەم دەردەچێ، بەم بڕە هەوایەش دەنگی بزرۆکە پەیدادەبێ[٤].

لە دەنگسازیی تاقیگەییشدا بون و دەرکەوتنی ئەم کورتە دەنگە وەک دیاردەیەکی دەنگسازی چەسپاوە، واتە؛ لە نێوان هەردو شەپۆلی دەنگی [ژ] و [ن] لە بڕگەی /ژن/دا، دەنگێکی تر بونی هەیە[٥]، ئەگەرچی شەپۆلی دوبارەبونەوی ڕێک لەخۆدەگرێ، بەڵام ماوەی خایەندراوی لە دەنگە

---

[١]. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، (٢٠٢٣) (ب).

[٢]. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، (٢٠٢١).

[٣]. زێرەڤان ئیبراهیم موسا، (٢٠١٦)، ل ٣٨.

[٤]. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، (٢٠١٥)، ل ٢٦٣.

[٥]. غازی فاتح وەیس، (١٩٨٤)، ل ٧٢.

بزوێنەکانی تر کورتترە، ماوەی خایەندراوی ئەم دەنگە (٠،٠٩٧)چرکەیە، کەچی بزوێنی (ە) لە ناوەڕاستی وشەدا (٠،١٢٤) چرکە و بزوێنی (و) لە ناوەڕاستی وشەدا ماوەکەی (٠،١٢٤) چرکە و بزوێنی (ی) ماوەی خایەندراوی (٠،٢٣٩) چرکەیە[١]. زۆری و کەمی ئەو بڕە هەوایەش پەیوەستە بە دوری و نزیکی سازگەی ئەو دەنگە نەبزوێنانەی، کە بزرۆکەی تێدا بەرهەمدێ، تەنانەت ماکی ئەو نەبزوێنانەش وەردەگرێ، کە لە نێوانیاندا دەردەکەوێ، بە واتایەکی تر؛ لەگەڵ هێشوە کپەکاندا کپە و بێژێیە و لەگەڵ هێشوە گڕەکاندا گڕە و ژێدارە[٢]، بۆ نمونە لە بڕگەی وشەی /کپ/دا کپە و لە بڕگەی وشەی /گڕ/دا گڕە، ئەمەش خۆی بەڵگەیە کە ئەم دەنگە فۆنیم نیە.

کاریگەریی جوڵە فۆنیمەکان (حرکات)ی زمانی عەرەبی (سەر و ژێر و بۆر) کاریگەریەکی زۆریان لەسەر دروستکردنی بزرۆکەی زمانی کوردیدا هەیە، چونکە لە نێوان هەردو فۆنیمی زمانی عەرەبی جوڵە (حرکة)یەک هەیە، هەرچەندە ئەم جوڵانەی عەرەبی فۆنیمن و بزوێنن، بەڵام ئەم دیاردەیە لە زمانی کوردیدا نیە و بە هەڵە دەنگێکیان دروستکردوە کە شوێنی جوڵەکانی عەرەبی بگرێتەوە، ئەم کلکە دەنگەی لە کوردیدا ناونراوە (بزرۆکە) لە هەمو زمانەکان و لە زمانی عەرەبیشدا هەیە، بەڵام بە هۆی جوڵەکان لێیان ونبووە.

هەرچەندە بزرۆکە وەک نمونەی دەنگی هەمزە [ئـ] دیاردەیەکی گشتیە نەک تایبەت بە زمانی کوردی، واتە؛ تەنیا دەنگێکە نەک فۆنیم، وەلێ لە زمانی کوردیدا بە فۆنیم دانراوە و پیتی بۆ کێشراوە. لە ئەلفوبێی ئارامیدا، ئەگەرچی پیت و نیگاری نیە، بەڵام بە فۆنیم دانراوە و خراوەتە ڕیزی پیتەکانی تر[٣] و بە هەشتەم بزوێنی کوردی هەژمارکراوە[٤]، بەڵکو زۆر جاریش بانگەشە یان هەوڵدراوە پیت و نیگاری بۆ بکێشرێ، بەڵام سەرکەوتو نەبوە[٥]. لە ئەلفوبێی لاتینیشدا لەسەر بناخەی ئەلفوبێیەکەی (جەلادەت بەدرخان)، پیت و هێمای <i> بۆ دانراوە[٦]، بەمەش دو ئاریشە لە ڕێنوسدا سەریانهەڵداوە:

---

[١]. عاتف عەبدوڵڵا فەرهادی، (٢٠١٣)، ل ٢٥٤.
[٢]. عەبدولوەهاب خالد موسا، (٢٠١٥)، ل ١٠.
[٣]. تاڵیب حوسێن عەلی، (٢٠١٥)، ل ٧٩؛ نەسرین مەحەمەد فەخری، (١٩٧٧–١٩٧٨)، ل ٣٢.
[٤]. سابیر ژاکاو، (١٣٩٩) (ا)، ل ١٤١.
[٥]. غازی فاتح وەیس، (١٩٨٤)، ل ٧٨؛ فاروق عومەر سدیق، (٢٠١٧)، ل ١٤٠.
[6]. Celadat Ali Badirxan, (2002), L 11.

١- ئاریشەی داڕشتنی یاسایەکی گشتی لە ئاستی بڕگەسازیدا، کە بڕگەی دەنگناسیی کوردی بەبێ بزوێن دروستنابێ[١]، ئەمەش وایکردوە کە بزوێنێکی نازانستی و خورتی لەگەڵ نەبزونێک یان لە نێوان دو نەبزوێندا دابنێن[٢]، واتە؛ گۆڕینی کلکە دەنگی کۆتایی فۆنیمەکان بە گشتی و نەبزوێنەکان بە تایبەتی، بۆ دەنگێکی سەربەخۆی بزوێن و ناونانی بە (**بزرۆکە**). زمانەوانان ئەم ئاریشەیە بۆ کاریگەری و زاڵی و لاسایکردنەوەی زمان و ڕێنوسی زمانی عەرەبی و پاشان زمانی فارسی دەگەڕێننەوە، چونکە لە زمانی عەرەبی و فارسیدا بڕگە تەنیا بە نەبزوێن دەستپێدەکا و تەنیا شەش قاڵبی بڕگەش لەو دو زمانەدا هەیە، کە سەرجەمیان بە هۆی خستنەپاڵیەکی بزوێن و نەبزوێنەوە بەرزەفتەدەکرێن[٣].

٢- دانانی پیتێک لە ئەلفوبێدا بۆ دەنگێک، کە پلەی فۆنیمی نیە، دەنگی بزرۆکە چ وەکو دەنگ یان پیت، بە دانان و دانەنانی واتا ناگۆڕێ، وەکو فۆنیمە بزوێنەکانی تر هەڵگری واتا و واتاگۆڕ نیە، واتە؛ لەگەڵ پێناسە و پێوەری فۆنیمبون ناگونجێ، چونکە فۆنیم ((کورتترین دەنگە، بە دانان و لابردنی دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە، یان تێکدانی واتای وشە))[٤]. بۆ نمونە لەم وشانەی خوارەوەدا بون و نەبونی واتا ناگۆڕێ، هەر نیگار یان هێمایەکی تریش بۆ ئەم کورتە دەنگە بنوسین، واتا هەر وەک خۆیەتی، بەڵکو تەنیا ڕێنوسەکە ئاڵۆز و گرانتر دەکرێ:

| **ئەلفوبێی ئارامی** | **ئەلفوبێی لاتینی بە (بزرۆکە)** | **ئەلفوبێی لاتینی بەبێ (بزرۆکە)** |
|---|---|---|
| من | /min/ | /mn/ |
| بسک | /bi-sik/, /bi-sk/ | /bsk/, /b-sk/ |
| پرچک | /pir-çik/ | /pr-çk/ |
| فرمێسک | /fir-mê-sik/ | /fr-mê-sk/ |
| برنج | /bi-rinc/ | /b-rnc/ |

خشتەی ژمارە (٨): ڕێنوسی لاتینی بەبێ پیتی بزرۆکە

[١]. مەحەمەد مەعروف فەتاح، (١٩٨٢)، ل ٢٥٠- ٢٥١.
[٢]. عەبدولوەهاب خالد موسا، (٢٠١٥)، ل ١٠.
[٣]. بێهروز چەمەن ئارا، (٢٠٢٢)، ل ٧٣.
[٤]. عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠١٥)، ل٢٠٣.

بە پشتبەستن بەم پێوەرە زمانەوانیانەی باسکران و بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی سروشتیی زمانی کوردی، لابردنی هەردو دەنگی هەمزە [ئـ] و بزرۆکە [i] لە پەیڕەوی دەنگناسی، چەند لایەنێکی ئاریشەداری ڕێنوسی زمانەکەمان چارەسەردەکرێن، لەم خاڵانەدا خراونەتەڕو:

١- جیاکردنەوەی بڕگەی دەنگسازی و بڕگەی دەنگناسی لە بڕگەسازیدا[١]، چونکە بڕگەی دەنگسازی پەیوەستە بە لایەنی ئەندامزانی و توێکاری و چۆنیەتیی درکاندن و بەرهەمهێنانی بڕگەکان، ئەمەش تەنیا کاری زمانەوان و توێژەر و دەنگسازانە، کە پشت بە دەنگسازیی تاقیگەیی و ئامێر و تەکنەلۆژیای پێشکەوتو دەبەستێ. بەڵام بڕگەی دەنگناسی لایەنە ئەرکداریەکەی بڕگەکانە، بە پەیڕەوی دەنگناسیی زمانەوە پەیوەستە، هەروەها لە نوسین و ڕێنوسدا چۆنیەتیی خستنەپاڵیەکی پیتە بزوێن و نەبزوێنەکانە، ئەمەش پەیوەندیی بە تاکە تاکەی ئاخێوەر و نوسەرانی زمانی کوردیەوە هەیە، بۆ نمونە، کاتێ ئاخێوەر دەیەوێ وشەیەکی وەکو (گسک) بنوسێ، تەنیا سێ دەنگ یان پیت گۆدەکا و دەبیستێ، بۆیە لە ڕوی ئابوریی زمان و ژیربێژی و کەتواری زمانیش هەر ئەوە دەخوازێ، سێ پیت بخاتە سەر کاغەز و بنوسێ (Gsk)، نەک چوار پیت بنوسێ (Gisk) یان هەندێ جار پێنج پیت بنوسێ (Gisik)، چونکە زیادکردنی ئەو فۆنیمە لە نوسیندا، بە قەدەر ئەو فۆنیمە کات و وزە و شوێنی نوسینت بەفیڕۆدەدا، سەرباری ئەوەش هەڵەیەکی زمانەوانیە و ناتوانرێ لە تاقیگەی دەنگیدا بونی ئەو دەنگە وەکو فۆنیمێکی سەربەخۆ بسەلمێنرێ.

٢- بە لابردنی ئەم دو دەنگە لە پەیڕەوی دەنگناسیدا، ئاریشەی بزوێن و نەبزوێنەکانی بڕگە چارەسەر دەبێ، بە واتایەکی تر؛ لە زمانی کوردیدا فۆنیمێک بە تەنیا دەتوانێ بڕگەیەک دروستبکا، بۆ نمونە بزوێنەکانی (ا) و (ێ). هەروەها نەبزوێنەکانیش بۆ نمونە (چ) و (ب) و (د) و (ژ) بە تەنیا دەتوانن بڕگەیەک لە پێکهاتەی وشە و دەربڕینەکاندا دروستبکەن. لە لایەکی ترەوە؛ ئاریشەی بونی (هێشوەنەبزوێن) لە زمانی کوردیدا چارەسەر دەبێ.

٣- دو پیت لە ئەلفوبێی زماندا کەمدەبنەوە، کە لە بنەڕەتدا دیاردەی گشتیی دەنگسازیی هەمو زمانەکانن و فۆنیم نین، ئەمەش وادەکا پەیڕەوی دەنگناسی ساناتر بێ، چونکە ئەگەر هەر دەنگێک یان هاودەنگێک (Allophone) لە زماندا بونی هەبو، یان بە هۆی گەشە و گۆڕانی زمان پەیدابو،

---

[١]. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠١٥)، ل ٨٨.

پیت و نیشانەی بۆ دانرا، ژمارەیەکی بێسنور پیت لە ئەلفوبێدا پەیدادەبن[1]. بەڵکو پیت تەنیا بۆ ئەو دەنگانە دادەنرێ، کە بەها و ئەرکی زمانییان هەیە، واتە؛ هەڵگری واتا یان بەشداری گواستنەوەی واتا دەکەن و واتاگۆڕن، ئەمانەش فۆنیمەکانن، بەمەش ژمارەی پیتەکان ڕاستەوڕاست بەرانبەر ژمارەی فۆنیمەکان دەبن[2]، هەروەها زانا دەنگناسەکان لە شیکردنەوەی فۆنیمەکاندا، کار بە ڕێسایەکی گشتی دەکەن، کە (ساکاریی پەیڕەو)ە، واتە؛ پەیڕەوەکە سانا و ساکاربکە، با ژمارەی فۆنمیەکان کەمترین ژمارە بێ و چەشنەکانی فۆنیمەکانیش کەمترین چەشنیان هەبێ[3].

٤- ڕەچاوکردنی پێوەر و بنەما زانستیەکانی دەنگسازی بۆ دەسنیشانکردنی فۆنیمەکانی زمانی کوردی، نەک لاساییکردنەوەی زمانێکی تر، یەکگرتویی و پێوەربەندی لە شێوەی نوسینی وشەکان و ڕێنوسدا دێتەکایەوە، بێگومان بناخەی پێوەربەندیی هەر زمانێکیش لە یەکگرتویی ئەلفوبێ و ڕێنوسی زمانەکەدا بەدیدێ، هەر ئەم پێوەربەندیی ڕێنوسەش پەیوەندیی نێوان گۆزمان و نوسزمان دەچەسپێنێ[4]. بە واتایەکی تر؛ پەیوەندیی پەیکاڵبون و هەماهەنگ لە نێوان هەردو ئەلفوبێیەکەدا ڕەنگدەداتەوە، بۆ نمونە وشەیەکی وەک (زڤستان)، کە لە شەش پیت پێکهاتوە، ئەگەر لەگەڵ پیتی بزرۆکە بنوسرێ، دەبێتە هەشت پیت (Zifistan)، بەڵام دوای چارەسەر و لابردنی ئەم پیتە، وەک ئەلفوبێی ئارامی دەبێتەوە شەش پیت (Zfstan) و لە بڕگەکاریدا دەتوانرێ لەبری سێ بڕگە، بە دو بڕگە هەژماربکرێ. هەروەها لەم نمونەی خوارەوەدا، تەنیا لە ڕستەیەکدا جیاوازی ڕێنوسەکە (٧) هێمایە، بێگومان جیاوازیەکە لە پەڕبەند (Paragraph) و دەقێکدا چەند قات دەبێتەوە. بەڵام دوای چارەسەر، جیاوازیەکە نامێنێ و بنەمای زانستیی دەنگسازی دێنێتەکایەوە، سەرباری ئەوەش لە ڕوی ئابوریی زمانەوە، کات و وزە و شوێنی نوسین کەمتر بەفیڕۆدەدا و ڕاستیەکانی دەنگناسیی کوردیش ناشێوێنێ:

| **ئەلفوبێی ئارامی** | دل ژ من بر دل ژ من | ١٢ هێما |
| --- | --- | --- |
| **ئەلفوبێی لاتینی ( بە بزرۆکەوە)** | Dil ji min bir dil ji min | ١٩ هێما |
| **ئەلفوبێی لاتینی (بەبێ بزرۆکە)** | Dl j mn br dl j mn | ١٢ هێما |

خشتەی ژمارە (٩): جیاوازیی ژمارەی پیتەکان بە هۆی بزرۆکەوە

[1]. غازی فاتح وەیس، (١٩٨٤)، ل ٧٠.

[2]. فاروق عومەر سدیق، (٢٠١٧)، ل ١٤٠.

[3]. مەحەمەد عەبدولفتاح حەمەسەعید، (٢٠٠٨)، ل ٢٠٣.

[4]. مەحەمەد عەبدولفتاح حەمەسەعید، (٢٠١٤)، ل ١٤٦.

## ١-٢- تەوەری دوەم: ئاریشەکان لە ئەلفوبێدا:

### ١-٢-١- پیت:

دەنگەکانی زمان لە سنوری دەنگناسیدا دەبن بە فۆنیم، فۆنیمیش وەک باشترین پەیڕەو لەسەر بنەمای گۆڕینی واتا و وەک نیشانەیەکی جیاکەرەوە لە سنوری زمانێکدا دەستنیشاندەکرێن، لە زمانی نوسیندا ئەم دەنگە جیاکەرەوانە بە (پیت) دەنوێنرێن، کەواتە؛ پیت کۆمەڵە هێمایەک یان نیشانەیەکی نوسراون[١] و ((وێنەی دەنگە بە نیشانە لە نوسیندا دیارکراوە و بە هۆی بینینەوە وەردەگیرێ))[٢]. پیت هێما یان نیشانە و نوێنەری فۆنیمەکانی زمانە، بە واتایەکی تر؛ پیت هەمو ئەو دەنگە دەربڕاو و گۆکراوانە لەخۆدەگرێ، کە فۆنیمێک دایاندەپۆشێ[٣]. پیت وەکو نیشانە و هێما لە زانستی هێماسازیدا، ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لەبری شتێک بەکاردەهێنرێن، کە خۆیان نین، بەڵکو ڕێککەوتن و ڕاهاتنی کۆمەڵە لەسەر بەکارهێنانیان، واتە؛ پەیوەندیی نێوان پیتەکان وەک هێما لەگەڵ فۆنیمەکان وەک هێمابۆکراو، لە بنەڕەتدا پەیوەندیەکی گرێبەستی و کۆمەڵایەتی و ڕەمەکیە[٤].

لە ڕێسازی زمانەوانیدا بۆ جیاکردنەوەی پیت لە دەنگ و فۆنیم، پیت دەخرێتە نێوان کەوانەی دەنوکدار: < >، بەم شێوەیە بۆ پیتی (بێ)، کە فۆنیمی /ب/ دەنوێنێ، دەنگی [ب]یش هەر چۆنێک گۆبکرێ، هەر بە هێمای <ب> لە ئەلفوبێی ئارامی و بە هێمای <B-b> لە ئەلفوبێی لاتینیدا نیگاری بۆ کێشراوە. بەم شێوەیە تەواوی پیتەکان نیگاریان بۆ کێشراو و داتاشراوە، پەیوەندیی نێوان پیت و فۆنیم (Phoneme) و دەنگ و هاودەنگ (Allophone) لەم خشتەیەدا پیشاندراوە:

| زمان | پیت | فۆنیم | دەنگ و هاودەنگ |
|---|---|---|---|
| کوردی | <ت> | /ت/ | [ت] وەکو: ترێ، تاریک<br>[ط] وەکو: گاڵتە، سەڵتە |
| | <س> | /س/ | [س] وەکو: سێو، سیروان<br>[ص] وەکو: سەگ، سەد. |
| زمان | پیت | فۆنیم | فۆنیم |

---

١. محمد علی الخولي، (١٩٨٢)، ص ١٥٢.

٢. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (١٩٨٦)، ل ٨١.

٣. مناف مهدي محمد، (١٩٩٨)، ص ١٠٩.

٤. داستان صابر مامە، (٢٠٢١)، ل ٤٧- ٤٨.

| | | | |
|---|---|---|---|
| عەرەبی | <ت> | /ت/ | /ت/ وەکو: تاب، تبع |
| | <ط> | /ط/ | /ط/ وەکو: طاب، طبع |
| | <س> | /س/ | /س/ وەکو: عسی، سلب |
| | <ص> | /ص/ | /ص/ وەکو: عصی، صلب |

خشتەی ژمارە (١٠): پەیوەندیی نێوان پیت و فۆنیم و دەنگ و هاودەنگ

### ١-٢-٢- ئەلفوبێ و ڕێنوس:

کۆی پیتەکانی زمانێک ئەلفوبێی ئەو زمانە و ڕێنوس و نوسینی ئەو زمانە پێکدەهێنن، ئەلفوبێی هەر زمانێکیش لەسەر بناخەی دەنگ و فۆنیمەکانی زمانەکە و تایبەتمەندیی زمانەکە جیادەکرێنەوە، کەواتە؛ بۆ دەستنیشانکردنی ئەلفوبێی هەر زمانێک پێویستە دەنگ و فۆنیمەکانی ئەو زمانە دیاربکرێن و جیابکرێنەوە، پاشان دانانی پیتەکان بە پێی پەیڕەوی دەنگناسیی زمانەکە، هەنگاوی دوەمیش بریتیە لە چۆنیەتیی لێکدانی پیتەکان لەناو چوارچێوەی بڕگە و وشەکاندا[١]. ژمارەی ئەو دەنگانەی ئەندامەکانی درکاندنی مرۆڤ بەرهەمیدەهێنن زۆرن و تا ئێستا بە تەواوی نەزانراون، چونکە ئامێری درکاندنی مرۆڤ دەنگ و ئاوازی زیاتر و جوانتر لە ئامێرە موزیکیەکان بەرهەمدەهێنێ[٢]، بەڵام ئەوە دەزانرێ ژمارەی فۆنیمەکانی هەر زمانێک بەراورد بە دەنگەکانی کەمترە، بۆ نمونە، زمانی (ڕۆتۆکاس ) لە (پاسیفیک ئایلەندز) تەنیا (١١) دەنگی هەیە، کەچی زمانی (ئیخو) لە خوارووی ئەفریقادا (١٤١) دەنگی هەیە[٣]، زمانی ئینگلیزیش بە لایەنی کەم (٤٤) دەنگ و زمانی فەڕەنسیش (٣٧/٣٦) دەنگی هەیە، بەڵام بە بۆچونی ڤێندریس (Vendryes) ژمارەی دەنگەکانی زۆربەی زمانەکانی جیهان لە (٦٠) دەنگ زیاتر نیە[٤]. ئەگەر بڕوانینە ژمارەی فۆنیم لە زمانەکاندا دەبینین لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە، ژمارەی فۆنیمەکان لە نێوان (١٠-١٥) وەک هەندێ لە زمانە پۆلۆنیزیاییەکاندا و لە (٨٠) فۆنیمیش تێناپەڕێ وەک هەندێ لە زمانە قەفقاسیەکاندا[٥]. زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی خاوەنی (٢٦) فۆنیمن، زمانی ئەڵمانیش خاوەنی (٣٠)

---

[١]. وریا عومەر ئەمین، (٢٠٢٢)، ل ٢٧.

[٢]. ج. فندریس، (٢٠٠٦)، ص٦٢.

[٣]. کەمال میراودەلی، (٢٠٢١)، ل ١١١.

[٤]. ج. فندریس، (٢٠٠٦)، ص ٦٢.

[٥]. دەرون عەبدولڕەحمان صالح، (٢٠١٠)، ل ٣٠.

فۆنیم، زمانی تورکی (٢٩) فۆنیم، زمانی عەرەبیش خاوەنی (٢٨) فۆنیم و زمانی فارسیش خاوەنی (٣٢) فۆنیمە[١].

دەوڵەمەندی و پێشکەوتویی زمان لەوەدا نیە ژمارەی فۆنیمەکانی لە زمانێکی تر زۆرتر بێ، یان بۆ هەمو دەنگێکی زمانی، هێمایەک دابنێ، چونکە ژمارەی فۆنیمەکان هەر چەندێک بێ، بنەمای یەکسانی زمانەکان لە چەندێتی و چۆنیەتی ناگۆڕێ، بە پێچەوانەوە کەمیی ژمارەی پیتەکان وەک دیاردەی بە ئابوریکردنی زمان و ڕێنوس سەیردەکرێ و زۆر لە دیاردە ئاڵۆزەکانی ئەلفوبێ و ڕێنوس و دەنگسازیش چارەدەکا، کرداری پەیوەندیکردن و تێکگەیشتن و نوسین و فێربون و فێرکردنیش ئاسانتر دەکا[٢]. ژمارەی پیتەکان هەر چەندێک بێ، وەکو ژمارە لە زانستی بیرکاریدا بە هۆی ژمارە بنجیەکانەوە (٠- ٩)، کە کۆمەڵێک ژمارەی سروشتی و سنوردارن، دەتوانرێ چەندین ژمارەی بێکۆتا بەرهەمبهێنرێن، بە هەمان شێوەش هەمو زمانێک ژمارەی پیتەکانی بەشی پێویستیی دارشتن و فەرهەنگی وشەکان و پەیام و بیرۆکەکانی خۆی دەکا[٣].

هەمو زمانێکیش لە ڕوی نوسین و پەیڕەوی دەنگناسیدا، خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی، ئەمە سەرەڕای کاریگەری و ململانێ و پێکدادانی زمانەکان و خاڵی هاوبەشی نێوان زمانەکان، بەڵام هیچ زمانێک کەرەستە و یەکەکانی زمانەکەی یان فۆنیم و پیتەکانی لەبەر ڕۆشنایی و لاسایکردنەوە و پەیڕەوی دەنگناسیی زمانێکی تر دانانێ، بۆ نمونە دەنگی [ع] کە لە زمانی عەرەبیدا فۆنیم و پیتە، مەرج نیە لە ئەلفوبێی کوردیشدا هەمان بایەخ و نرخی هەبێ، بە هەمان شێوەش بۆ فۆنیمی /ص/ و /ط/ لە زمانی فارسیدا. زمانی کوردی وەکو زمانێکی زیندو، زمانێکی پاراو و پتەوە، لە ژینگە و مەیدانی بازنەیی زمانی خۆیەتی و خاوەنی دەنگ و فۆنیمی تایبەتی خۆیەتی، ئەگەرچی فۆنیم یان پیتی هاوبەشی لەگەڵ زمانانی وەکو: عەرەبی، فارسی، پەشتویی، دەری، بەلوچی، ئۆزبەکی و ئوردودا هەیە[٤].

---

[١]. سابیر ژاکاو، (١٣٩٩) (ا)، ل ٣٦.

[٢]. عبدالوهاب خالد موسا، (٢٠١٥)، ل ٤.

[٣]. دەرون عەبدولڕەحمان صالح، (٢٠١٠)، ل ٣٠-٣١.

[٤]. سابیر ژاکاو، (١٣٩٩) (ا)، ل ٣٥.

### ١-٢-٣- ئاریشەی پیتەکان لە ڕێنوسی کوردیدا:

زمانەوانان و توێژەران بە درێژایی زیاتر لە سەدەیەک تا ئێستاش، بیر و بۆچونی جیاوازیان دەربارەی ژمارەی فۆنیم و پیتەکانی ئەلفوبێی کوردی هەبووە، چونکە جگە لە کاریگەریی زمانەکانی دەوروبەر، هەریەکەیان خاوەن بیر و ڕێبازێکی جیاوازن، ئەگەر بە ڕەوتێکی مێژویی سەیری کارەکان و بۆچونەکانی پێشو بکەین، بە تێکڕایی ژمارەکە لە نێوان (٢٨-٤٣) فۆنیم و پیت دیارکراوە[١]. لە ڕێنوسی ئەمڕۆی زمانی کوردیدا، ئەو دەنگانەی بە فۆنیم دانراون و پیتیان بۆ داتاشراوە و جیاکراونەتەوە، ئەم پیتانەی خوارەوەن و بەم خشتەیە پیشاندەدرێن:

| ژمارە | نیشانەی فۆنیم | ئەلفوبێی ئارامی | جۆری دەنگەکان | ناوی پیتەکان | شێوەی دەرکەوتنیان (ئەلۆگراف) | | | ئەلفوبێی لاتینی[٢] | هێمای دەنگسازی IPA |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | سەرەتا | ناوەڕاست | کۆتایی | | |
| ١ | /ئـ/ | <ئـ> | نەبزوێن | ئێ | ئـ | ـئـ | ء | – | ʔ |
| ٢ | /ا/ | <ا> | بزوێن | ئا | ئا | ـا | ا–ـا | <A-a> | ɑ |
| ٣ | /ب/ | <ب> | نەبزوێن | بێ | بـ | ـبـ | ب–ـب | <B-b> | b |
| ٤ | /پ/ | <پ> | نەبزوێن | پێ | پـ | ـپـ | پ–ـپ | <P-p> | P |
| ٥ | /ت/ | <ت> | نەبزوێن | تێ | تـ | ـتـ | ت–ـت | <T-t> | t |
| ٦ | /ج/ | <ج> | نەبزوێن | جێ | جـ | ـجـ | ج–ـج | <C-c> | dʒ |
| ٧ | /چ/ | <چ> | نەبزوێن | چێ | چـ | ـچـ | چ–ـچ | <Ç-ç> | tʃ |
| ٨ | /ح/ | <ح> | نەبزوێن | حێ | حـ | ـحـ | ح–ـح | - | ħ |
| ٩ | /خ/ | <خ> | نەبزوێن | خێ | خـ | ـخـ | خ–ـخ | <X-x> | x |
| ١٠ | /د/ | <د> | نەبزوێن | دێ | د | د–ـد | د–ـد | <D-d> | d |
| ١١ | /ر/ | <ر> | نەبزوێن | رێ | ر | ر–ـر | ر–ـر | <R-r> | ɾ |
| ١٢ | /ڕ/ | <ڕ> | نەبزوێن | ڕێ | ڕ | ڕ–ـڕ | ڕ–ـڕ | - | r |
| ١٣ | /ز/ | <ز> | نەبزوێن | زێ | ز | ز– ـز | ز– ـز | <Z-z> | z |
| ١٤ | /ژ/ | <ژ> | نەبزوێن | ژێ | ژ | ژ– ـژ | ژ– ـژ | <J-j> | ʒ |
| ١٥ | /س/ | <س> | نەبزوێن | سێ | سـ | ـسـ | ـس– س | <S-s> | s |

١. عەبدوڵڵا یاسین ئامێدی و ئاوات احمد صالح، (٢٠١٦)، ل ٦.

2.Celadat Ali Badrxan, (2002), L 11; Samî tan, (2011), L 33.

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ʃ | <Ş-ş> | ـش- ش | ـشـ | شـ | شێ | نەبزوێن | <ش> | /ش/ | ١٦ |
| ʕ | - | ـع–ع | ـعـ | عـ | عێ | نەبزوێن | <ع> | /ع/ | ١٧ |
| ɣ | - | ـغ- غ | ـغـ | غـ | غێ | نەبزوێن | <غ> | /غ/ | ١٨ |
| f | <F-f> | ـف–ف | ـفـ | فـ | فێ | نەبزوێن | <ف> | /ف/ | ١٩ |
| v | <V-v> | ـڤ–ڤ | ـڤـ | ڤـ | ڤێ | نەبزوێن | <ڤ> | /ڤ/ | ٢٠ |
| q | <Q-q> | ـق–ق | ـقـ | قـ | قێ | نەبزوێن | <ق> | /ق/ | ٢١ |
| k | <K-k> | ـک–ک | ـکـ | کـ | کێ | نەبزوێن | <ک> | /ک/ | ٢٢ |
| g | <G-g> | ـگ–گ | ـگـ | گـ | گێ | نەبزوێن | <گ> | /گ/ | ٢٣ |
| l | <L-l> | ـل–ل | ـلـ | لـ | لێ | نەبزوێن | <ل> | /ل/ | ٢٤ |
| ɫ | - | ـڵ- ڵ | ـڵـ | ڵـ | ڵێ | نەبزوێن | <ڵ> | /ڵ/ | ٢٥ |
| m | <M-m> | ـم–م | ـمـ | مـ | مێ | نەبزوێن | <م> | /م/ | ٢٦ |
| n | <N-n> | ـن–ن | ـنـ | نـ | نێ | نەبزوێن | <ن> | /ن/ | ٢٧ |
| h | <H-h> | ـهـ | ـهـ | هـ | هێ | نەبزوێن | <هـ> | /هـ/ | ٢٨ |
| ə | <E-e> | ە–ـە | ـە–ە | ئە | ئەهـ | بزوێن | <ە> | /ە/ | ٢٩ |
| w | <W-w> | و–ـو | و | و | وێ | نەبزوێن | <و> | /و/ | ٣٠ |
| u | <U-u> | و–ـو | و | ئو | | بزوێن | | | ٣١ |
| ŭ | <Û-û> | ـوو–وو | ـوو–وو | وو | ئوو | بزوێن | <وو> | /وو/ | ٣٢ |
| o | <O-o> | ـۆ–ۆ | ـۆ | ئۆ | ئۆ | بزوێن | <ۆ> | ۆ | ٣٣ |
| y | <Y-y> | ی–ـی | ـیـ | یـ | یێ | نەبزوێن | <ی> | /ی/ | ٣٤ |
| i | <Î-î> | ی–ـی | ـیـ | یـ | | بزوێن | | | ٣٥ |
| e | <Ê-ê> | ێ–ـێ | ـێـ | ئێـ | ئێ | بزوێن | <ێ> | /ێ/ | ٣٦ |
| ɨ | <I-i> | – | – | – | بزرۆکە | بزوێن | – | / i/ | ٣٧ |

خشتەی ژمارە (١١): پیتەکانی ڕێنوسی ڕاستچینی ئارامیی کوردی[١]

گرنگترین و دیارترین ئاریشەکانی ڕێنوس لەم ئەلفوبێیەدا، ئەمانەی خوارەوەن:

١- دانانی دەنگی یاریدەدەر یان دەنگی بزوێنهەڵگری هەمزە [ئـ] بە فۆنیمی نەبزوێن و پیتی سەربەخۆ.

١. بۆ ئەم خشتەیە سود لە خشتەکەی (وریا عومەر ئەمین) وەرگیراوە. بڕوانە: وریا عومەر ئەمین، (٢٠٢٢)، ل ٩٣-٩٤.

٢- دانانی کلکەدەنگێک کە بە (بزرۆکە)ناسراوە، بە فۆنیمێکی سەربەخۆ و دانانی بە پیتێکی بزوێن لە ڕیزەک (list)ی پیتەکاندا.

٣- دانانی هاودەنگی (وو) بە فۆنیم و کێشانی نیگار بۆ ئەم هاودەنگە بە دو وێ/ واو یان بە دو هێما بە شێوەی (وو).

٤- دانانی دەنگی [و]ی بە دو فۆنیمی جیاواز، جارێک بە بزوێن و جارێک بە نەبزوێن.

٥- دانانی دەنگی [ی]ی بە دو فۆنیمی جیاواز، جارێک بە بزوێن و جارێک بە نەبزوێن.

### ١-٢-٤- ئاریشەی پیتە نەبزوێنەکان لە ڕێنوسی کوردیدا:

بە پیتی ناساز، بێدەنگ، وەستاویش ناسراون، ئەو فۆنیمانەن شوێنی درکاندنی دیاریان هەیە، لە بڕگەدا دابەش دەبن بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکێکی زمانی دیارکراو، ئەو دەنگانە بەوە پێناسەدەکرێن: ((لە کاتی درکاندنیاندا هەوای دەرچو لە قوڕگەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان توشی بەربەستێک دەبێ))[1]. لە زمانی کوردیدا ئەگەرچی تێڕوانینی جیاواز لەم بارەیەوە هەیە، بەڵام لە ڕێنوسی ئێستا و زمانی ئەمڕۆماندا، بە پێی ڕیزبونی پێوەربەند، ئەم فۆنیمانە بە نەبزوێن دانراون: (ئـ ب، پ، ت، د، ج، چ، ح، خ، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ق، ڤ، ک، گ، ل، ڵ، هـ م، ن)[2].

### ١-٢-٤-١- ئاریشەی پیتی هەمزە<ئـ>:

ئەم دەنگە وەک لە ئاستی بڕگەسازیدا ڕونکراوەیە کە ڕێسازی گۆکردنی بزوێنەکانە، کاتێک دەکەونە یەکەم بڕگەی سەرەتای وشەکان، ئەم ڕێکارەش دیاردەیەکی زمانیی گشتیی جهانیە، لە دەنگسازیی هەمو زمانەکاندا هەیە، بەڵام لە زۆربەی زمانەکاندا بە تایبەتی هیندۆئەوروپیەکان، بە فۆنیم دانەنراوە، تەنیا لە عەرەبیدا ناونراوە هەمزە و هێمای (ئـ)ی بۆ دانراوە و کوردیش ئەم هەڵەیەی لە زمانی عەرەبی وەرگرتوە، کەواتە؛ هەمزە (ئـ) لە زمانی کوردیدا فۆنیم نیە، بەم بەڵگانەی خوارەوە:

١- لە هەمو زمانە هیندۆ ئەوروپیەکان، وەکو زمانی کوردی، بزوێن دەکەوێتە سەرەتای وشە و دیاردەی بونی ئەم دەنگی سەرەتای بزوێنەکان هەیە، بەڵام بە پێچەوانەی زمانی کوردی بە فۆنیمیش دانەنراوە.

---

[1]. عەبدولواحید موشیر دزەیی و ئەوانی تر، (٢٠١٣) (ا)، ل ٤٥.

[2]. تاڵیب حوسێن عەلی، (٢٠١٥)، ل ٨٢.

٢- بە پێوەری دەنگسازی، دانان و دانەنانی واتای وشە ناگۆڕێ و بەشداری لە گواستنەوەی واتا ناکا، واتە؛ نوسین و نەنوسینی ئەم پیتە نابێتە هۆی واتا گۆڕین، چونکە قسەکەری کورد چ بڵێ: (ا) یان (ئا)، هەریەک بێژە و گۆکردنە، بۆ بزوێنەکانی تریش بە هەمان شێوە: (ئێ، ئۆ، ئە، ئی، ئو)، هیچ کام لەم دەنگانە گۆڕانکارییان بەسەردانایێ، واتە؛ سازکردن و پەیڕەوی دەنگی (ئۆ) لەگەڵ (ۆ) یەک شێوە و یەک داتان، بە واتایەکی تر؛ ئەو دەنگە [ا]یەی کە لە ناوەڕاستی وشەکانیی (دارا، باران، شار) بەرگوێمان دەکەوێ، هەر ئەویشە لە سەرەتای وشەکانی (ئاش، ئاو، ئارەزو) دەبیبستین، ئەو دەنگە [ا]یانە هەموویان دەنگی یەک فۆنیمن کە ئەویش فۆنیمی /ا/یە[1].

٣- ئەگەر پاساو بیانوی ئەوە هەبێ، کە فۆنیمێک شوێنی بگرێتەوە، وەکو: (**ئاو- لاو- داو- خاو، چاو**، ...)، ئەمە لە شوێن دانان نیە، بەڵکو زیادکردنی فۆنیمێکە لە سەرەتای (او).

٤- ئەم دیاردە دەنگیە کە بە پیت دانراوە، تەنیا لەسەرەتای بڕگەدا دەردەکەوێ، واتە؛ وەکو فۆنیمی سەربەخۆ چالاکیی نیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە ناوەڕاست و کۆتایی بڕگە و وشەدا دەرناکەوێ، بە تایبەتی کاتێ شێوە/ بیچم (Form) یان مۆرفیمێکی تر بکەوێتە پێش بزوێنەکان یان لە وشە داڕێژراو و لێکدراوەکاندا، بزوێنەکان پێویستییان بە هەمزەکە نامێنێ و دەقرتێ و دەتوێتەوە، بەبێ ئەوەی کار لە واتای وشە و دەربڕینەکە بکا، چونکە وەک دیاردەیەکی دەنگسازی، نەبزوێنەکان ڕێکخستنی تەوژمی هەواکە دەبینن[2]، وەک ئەم نمونانەی خوارەوە:

| بزوێنەکان | بزوێنی سەرەتای هەمزەدار | هەمان وشە دوای شێوەیەک |
|---|---|---|
| (ا) | (ئـ)او، (ئـ)اش، (ئـ)ا | قوڕاو، تێراو، باراش، نا. |
| (ۆ) | (ئـ)ۆ، (ئـ)ۆمەر | دۆ، مامۆمەر |
| (ێ) | (ئـ)ێرە، (ئـ)ێش | لێرە، سەرێشە |
| (ە) | (ئـ)ەو، (ئـ)ەنجام، (ئـ)ەستور | لەو، دەرەنجام، ورگەستور |
| (یـ) | (ئـ)یش، (ئـ)یدی، (ئـ)یتر | پڕیش، چیدی، چیتر |

خشتەی ژمارە (١٢): توانەوەی دەنگی هەمزە [ئـ] لە دوای شێوەیەک

[1]. فاروق عومەر سدیق، (٢٠١٧)، ل ١٤٠.

[2]. عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠١٥)، ل٨٥.

٥- هەر کاتێ دەنگێکی نەبزوێن شوێنی دەنگی هەمزە [ئـ] بگرێتەوە، ئەم دەنگە نامێنێ، بێ ئەوەی واتای وشەکە بگۆڕێ، بە تایبەتی ئەو دەنگانەی هاوسازگەی ئەون، وەک دەنگە قورگیەکانی [ح، ع]، هەروەها لەگەڵ دەنگی [د]یش دەگۆڕێ، ئەمەش لەگەڵ پێناسە و پێوەرەکانی فۆنیمبون یەکناگرێتەوە، چونکە گۆڕانی فۆنیم گۆڕانی واتای لەگەڵدایە و گۆڕانی دەنگ گۆڕانی واتای لەگەڵدا نیە[1]، بۆ نمونە:

**- ئەرز ←عەرز/حەرز، ئاسمان ←عاسمان/حاسمان، ئەستەم ← عەستەم/حەستەم**

**قورئان ← قورعان/قورحان، ئەزیز ← عەزیز/حەزیز، ئەشق ← عەشق/حەشق**

**ئەقڵ ← عەقڵ/حەقڵ، ئەچم ←دەچم، ئەڵێم ← دەڵێم،...**

٦- لە وشە وەرگیراوەکانی زمانی عەرەبیدا، ئەم دەنگە لە وشەکاندا تێدەچێ یان بە دەنگێکی تر دەگۆڕێ، بە تایبەتی دەنگی [ی] و [و]، ئەمەش لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەکاندا دەبینرێ، بەبێ ئەوەی گۆڕانی واتایی ڕوبدا، بۆ نمونە:

**- عطاء ← عەتا، وفاء ← وەفا، دعاء ←دوعا، بئر ← بیر، سؤال ← سوال**

**ملائکة ←مەلایکەت، رجاء ← رەجا، دواء ← دەوا، شفاء ←شیفا، لواء ← لیوا**

**کأس ← کاس، تأریخ ← تاریخ، جزء ←جزو، دائم ←دایم، جائز ← جایز،...**

کەواتە؛ بە پێی پێوەرە زمانەوانیەکان ڕوندەبێتەوە دەنگی هەمزە [ئـ] فۆنیم نیە، هەروەها دانانی پیت لە ئەلفوبێی ئارامی بۆ ئەم دەنگە پێوست نیە، ڕەنگە ڕاهاتن لەسەر نەنوسینی ئاسان نەبێ، بەڵام وەکو چارەسەر و پێشنیار، وا باشتر و ڕاستترە لە نوسیندا نەنوسرێ و نیشانەی بۆ دانەنرێ، بەڵکو ئەم وشانەی خوارەوە بەم شێوەیە بنوسرێن:

**- ئاش ← اش**

**- ئێش ← ێش**

**- ئۆل ← ۆل**

**- ئیش ← یش**

**- ئەو ← ەو**

**- ئومێد ←ومێد**

---

[1]. ماریوبای، (١٩٩٨)، ص ٩٠.

**١-٢-٤-٢- ئاریشەی پیتی حێ<ح>:**

ئەم دەنگە لە بنەڕەتدا دەنگێکی ڕەسەنی زمانی کوردی نیە و لە زمانە ئێرانی و هیندۆئەوروپیەکاندا بەکارنایێ و نابینرێ[1]، بەڵکو لەژێر کاریگەری و کارتێکردنی زمانی عەرەبیەوە، لە ڕێی وشە زۆرەکانی ئەو زمانەوە هاتوەتە ناو زمانی کوردیەوە، چونکە ((بۆ زاڵبونی هەر زمانێک، قۆناغی هاتنی وشە، پێش قۆناغی دەنگە))[2]. لەگەڵ ئەوەشدا، لە فەرهەنگی ئەمڕۆی زمانی کوردیدا لە ژمارەیەکی زۆری ئەو وشانەدا بەکاردێ کە لە زمانی عەرەبیەوە هاتونەتە ناو زمانی کوردی، لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دەردەکەوێ، بۆ نمونە: (**حەز، حەق، حەیوان، ڕەحمەت، زەحمەت، سیاحەت، ڕۆح، پەح، تیمساح**،...). بەڵگەیەکی تری نەبونی یان ڕەسەننەبونی ئەم دەنگە لە کوردیدا، ئەوەیە کە لە هەندێ وشەدا سواوە، یان بوە بە (**ا**)، بۆ نمونە:

**- بحث ←—— باس، طحل ←—— تاڵ، کحل ←—— کل، محفور ←—— مافور، محمد ←—— مەمەد**

**محنة ←—— منەت،...**

کەواتە؛ ئەم فۆنیمە فۆنیمێکی ڕەسەن نیە و بواری بەکارهێنانی زۆر کەمە بە بەراورد لەگەڵ فۆنیمە ڕەسەنەکان، دەکرێ بە فۆنیمی ناڕەسەن یان زڕ یان نامۆ ناوی ببەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لابردنی لە پەیڕەوی دەنگناسی و نەنوسینی لە ئەلفوبێی زمانی کوردی کارێکی گرانە و ئێستا وەک فۆنیمێکی زمانەکەمان کاردەکا و چالاکیی هەیە، بەم بەڵگانەی خوارەوە:

١- بە پێوەری دەنگسازی، بە دانان و دانەنانی دەبێتە هۆی گۆڕین یان تێکدانی واتای وشە، بۆ نمونە، لەم وشانەی خوارەوەدا ئەگەر پیتی <ح> لابدرێ واتا دەگۆڕێ:

**- حەز ←—— (ەز)      - حاڵ ←—— (اڵ)**

**- حنێر ←——(نێر)      - حەیوان ←—— (ەیوان)**

٢- بە پێوەری وشەسازی، لە هەندێ وشە و جوتۆکەی زارەکانی زمانی کوردیدا، دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا، ئەگەرچی ئەو وشانەی هەڵگری ئەم دەنگەن ڕیشەیەکی کوردییان نیە، بۆ نمونە:

**- حێڵ، فێڵ، چێڵ      - حەز، ڕەز، پەز      - حاڵ، ماڵ، شاڵ**

**- حەلاند، کەلاند، شەلاند      - حەق، ڕەق، زەق      - حەوش، کەوش، ڕەوش**

---

[1]. نەسرین مەحەمەد فەخری، (١٩٧٧-١٩٧٨)، ل ١٨.

[2]. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠١٥)، ل٩٣.

**- حەیران، سەیران، قەیران**

٣- بە هۆی وشە خواستراو یان وەرگیراوەکان، کە هەڵگری ئەم دەنگەن، لە فەرهەنگی زمانی کوریدا، وەکو دانەیەکی فەرهەنگی بەشداردەبێ لە ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردن و بەرهەمهێنانی وشەی زمانی کوردی، بە تایبەتی لە ڕێگەی دارِشتن و لێکداندا، بۆ نمونە:

**- حوکم: حوکمدار، حوکمڕان، حوکمڕانی، بەحوکم، حوکمەت، حوکمکردن، حوکمی، ناحوکمی، حوکمەتداری، حاکم، حوکمدراو،...**

**- حەرام: حەرامکردن، حەرامخۆر، حەرامخۆری، حەرامزادە، حەرامکراو،...**

### ١-٢-٤-٣- ئاریشەی پیتی خێ <خ> و غێ <غ>:

لە زمانی کوردیدا ئەم دو دەنگە هێشتا لە باری ململانێ و گۆڕاندان و بە تەواوی جێی خۆیان نەگرتوە، وەکو دو پیتی ئاریشەداری زمانی کوردی دەردەکەون، چونکە لە زۆر وشەدا جێگۆڕکێ دەکەن، بەڵام بە سەرنجدان لە هۆنراوە کۆنەکانی هۆزانڤانان، دەبینین زۆربەی ئەم وشانەی هەڵگری ئەم دو دەنگەن بە پیتی <غ> نوسراون، بەڵام بەرە بەرە تا سەردەمی نوێ، ڕێژەی بەکارهێنانی دەنگی [خ] زیاتر دەبێ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەنگی [خ] سوکتر گۆدەکرێ، چونە کپە، واتە؛ ژێدار نیە، بەڵام دەنگی [غ] گڕە و ژێدارە[1]. ئەمەش وایکردوە گومان لە ڕەسەنبونی دەنگی [غ] سەرهەڵبدا و زمانەوانان بە فۆنیمی بنچینەیی داینەنێن[2]، بەڵکو لەو باوەڕەدان بە هۆی کاریگەریی زمانی عەرەبی و تورکی پەیدابوبێ[3]، وەک لەم وشانەدا کە زۆربەیان عەرەبین، دەردەکەوێ:

**- غەیب، غەیبەت، بۆیاغ، بورغە، غەدر، غەددار، کەنغەر، قەرەباڵغ، سەمغ، قاچاغ، غاز، ئاغجەلەر، غاردان، غیرەت، دەماغ، قەیماغ، غەزەب، غەرق، مەغرور، مەبلەغ، باڵغ، تەبلیغ، غەم، مەغز، غاڵب، غافڵ، غوسڵ، غوڵام، غەدر، غەریزە، غەزاڵ، غەزەڵ، غەش، غەشیم، غەزا، غەنی، بوغز، غەیس،...**

هەروەها وەکو پێوەرێکی دەنگناسی و واتاسازی، جوتۆکەیەکی ڕەسەنی کوردی نیە، کە بە تەواوی جیاوازی واتایی دەنگی[غ] لەگەڵ دەنگی[خ] دەربخا، ئەگەرچی جوتۆکەی (**خار-غار**) وەکو

---

[1]. عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠١٥)، ل ٦٢.

[2]. کەمال فوئاد، (١٩٩٥)، ل ٣٠.

[3]. زێرەڤان ئیبراهیم موسا، (٢٠١٦)، ل ٤٤.

بەڵگەیەک باسکراوە، بەڵام ئەم دو وشەیە هەریەکەیان سەر بە زارێکی زمانی کوردین، بە شێوەیەک (**خار**) لە شێوەزاری لوڕی بە واتای (**دڕک**)[1] و لە شێوەزاری بادینی بە واتای (**خوار**) و لە شێوەزاری سۆرانی بە واتای (**خاڵ**) بەکاردێ، هەروەها (**غار**) بە تەنیا بەکارنایێ، بەڵکو لەگەڵ چاوگی (**دان**) دەردەکەوێ، ئەگەر (**خاردان**)یش بنوسرێ، واتای وشەکە ناگۆڕێ و لە بەرانبەریدا وشەی (**ڕاکردن**) سەرکەوتوتر لە زمانی نوسیندا بەکاردێ. بەڵکو لە زۆربەی وشەکاندا، دەنگی [غ] توشی لێکچونێکی مێژویی بوە و دەنگی[خ] لە جێگەی بەکاردێ و ئاڵوگۆڕدەکرێ[2]، بەبێ ئەوەی واتای وشەکە بگۆڕێ یان تەمومژیی واتایی ڕوبدا، بۆ نمونە ئەم وشانە:

**- باغ ←—— باخ، غولام ←——خولام، داغ←—— داخ، ساغلەمی ←—— ساخلەمی،**

**دۆزەغ ←—— دۆزەخ، قاچاغ ←——قاچاخ، بۆیاغ ←—— بۆیاخ، غەم ←——خەم،**

**غونچە ←—— خونچە، دەماغ ←—— دەماخ، غیرەت←—— خیرەت، تیغ←——تیخ،...**

بە پێچەوانەوە دەنگی [غ] لە شوێنی دەنگی [خ] بەکارنایێ و نابینرێ، بەڵکو دەنگی [خ] سەربەخۆیی خۆی دەپارێزێ، چونکە لە گۆکردندا بیسەر وەک لایەنێکی هۆشەکی و دەرونی هەست بە جیاوازیی تێکچونی واتای وشەکە دەکا، بۆ نمونە لەم وشانەدا دەنگی [غ] شوێنی [خ] ناگرێتەوە:

**- شاخ، ناخ، خەو، خاوێن، خودا، خورما، خراپ، خوشک، خوێ، خوێن، خەو، خەون، خەریک، خەستەخانە، خانی، خاک، خاڵ، خاڵبەندی، خامە، خرپن، خرتە، خرخاڵ، خشت، خورما، خواستن، خوران، خورتی، خوری، خو، خۆیی، خۆر، خۆراک، خۆش، نەخۆش، خەت، خەبات، خەپان، خەرمان، خەنجەر، خەیاڵ، خێر، خێڵ، ڕەخنە، ڕیخ،...**

بەم ئەنجام دەنگی [خ] لە ئێستای زمانی کوردیدا بەراورد بە دەنگی [غ]، وەکو پێوەرێکی فۆنیمبون، ڕۆلێکی ناوەندی دەگێڕێ، واتە؛ دەنگی [خ] تا ڕادەیەکی زۆر دەنگی [غ] دادەپۆشێ، بە واتایەکی تر؛ بە شێوەیەکی بەربڵاوتر و دابڕاوتر و سەرکەوتوتر لە زماندا بەکاردێ، وەکو فۆنیمی پێوەری یان دایکەفۆنیم کاردەکا. بۆیە لەم بارەدا وەکو چارەسەری ئەم ئاریشەیە، بە مەبەستی ئابوریکردن و سانایی لە نوسین و فێرکردندا، وەکو پێشنیار دەکرێ پیتی <غ> لە ڕیزەکی ئەلفوبێ

---

[1]. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠١٥)، ل ٦٢.

[2]. سابیر ژاکاو، (١٣٩٩) (ا)، ل ١٠٥.

لاببەین، لە پەیڕەوی دەنگناسیی زمانەکەمان وەکو هاودەنگی فۆنیمی [خ] بناسرێ، چونکە بە هەمان سازگە و بە هەمان چەشن بەرهەمدێن[١]، هەروەها لە هاودەنگ بەولاوە پلەی بەرزتری نیە و بەشداری گواستنەوەی واتا ناکا[٢]، واتە؛ پیتی <**خ**> بەرانبەر هەردو دەنگی [**غ**] و [**خ**] بنوسرێ، چۆنیەتیی خوێندنەوە و گۆکردنیش بۆ ئارەزوی قسەکەر یان زار و بنزار یان شێوە ئاخاوتنە جیاوازەکان دەمێنێتەوە[٣]، ئەمەش بۆچونی بەشێکی زۆری زمانەوان و توێژەرانە[٤].

**١-٢-٤-٤- ئاریشەی پیتی رێ <ر> و ڕێ <ڕ>:**

هەردو دەنگی [**ر**] و [**ڕ**] لە زمانی کوردیدا پلەی فۆنیمیان هەیە، چونکە پێناسە و تایبەتمەندیی فۆنیمیان لەسەر جێبەجێدەبێ، ئەگەرچی یەک سازگە و بە هەمان شێوە بەرهەمدێن، بەڵام دەنگی [**ر**] سوک و دەنگی [**ڕ**] قەڵەو گۆدەکرێن[٥]. ئەم دو دەنگە وەکو پێوەرێکی زمانەوانی لە زۆر جوتۆکە و وشەدا دەبینرێن و واتاگۆڕن، بە دانان و دانەنانیان کاریگەری دروستدەکەن، بۆ نمونە لەم جوتۆکانەدا: (**کەڕ- کەر، بڕین- برین، باڕین- بارین، برۆ- بڕۆ، گۆڕ-گۆر، پەڕی- پەری، تێڕ- تێر، تڕ- تر، سوڕ- سور، وەڕین- وەرین، پڕ- پر(د)، شۆڕ- شۆر، گەڕ- گەر، وڕە- ورە،...**).

وەکو یاسایەکی دەنگناسیی زمانی کوردی و هەمو زمانەکانیش، پیتی <ر> تەنیا لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەکاندا دەردەکەوێ، واتە دەنگی [**ر**] ئەگەر بکەوێتە سەرەتای وشە هەمیشە بە قەڵەو [**ڕ**] گۆدەکرێ[٦]، ئەمەش وایکردوە، هەندێ لە زمانەوانان بڵێن: ((لەبەرئەوەی هەمو دەنگێکی [**ر**]ی سەرەتای وشەی کوردی قەڵەوە، پێوست ناکا نیشانەی بۆ دابنرێ، بۆ نمونە وشەی (**ڕەنگ**) هەر بە (**رەنگ**) بنوسرێ))[٧]، بەڵام ئەم بۆچونە نازانستیە، چونکە فۆنیمی/**ڕ**/ جیاوازە لە فۆنیمی /**ر**/ و

---

١. عەبدولواحید موشیر دزەیی و ئەوانی تر، (٢٠١٣) (ا)، ل ٦٢.
٢. مەحەمەد مەعروف فەتاح، (١٩٨٢)، ل ٢٦٢.
٣. عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠١٥)، ل ٦٣.
٤. سەرچاوەی پێشو، ل٦٣؛ تاهیر سادق، (١٩٦٩)، ل ٥٠.
٥. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (١٩٨٦)، ل ١٠٥.
٦. وریا عومەر ئەمین، (٢٠٠٤)، ل ١٤.
٧. نەسرین مەحەمەد فەخری، (١٩٧٧-١٩٧٨)، ل ١٩.

نیگاری تایبەتیی خۆی هەیە، دانانی نیگاری فۆنیمێک بۆ فۆنیمێکی تر پەیڕەونەکردنی دەستورە و پەیداکردنی ئاریشەیەکی نوێیە لە ڕێنوسدا[١].

لە لایەکی ترەوە ئەگەر بەم پێوەرە بێ، لە زاری کوردیی ناوەڕاستدا، دەنگی [ڵ] لە زۆربەی وشەکاندا ئەگەر بە دوای دەنگی [ا]دا بێ قەڵەو گۆدەکرێ، نابێ نیشانەی قەڵەوی بۆ دابنرێ، وەکو لەم وشانەدا: (**هەڤاڵ، ماڵ، شاڵ، خاڵ، داڵ، کاڵ، پاڵ، ماڵ،...**)[٢]. هەروەها لە سەردەمی تەکنەلۆژیا یان لە پیتچنین (Type)دا، ئەم دو پیتە لە تەختەکلیل (Keyboard)ی کوردیدا دوگمەی جیاوازیان هەیە، سەیردەبێ بە دوگمەی (**ر**)ی سوک بینوسین و بەڵام بە (**ڕ**)ی قەڵەو و گڕ بیخوێنینەوە[٣]. کەواتە؛ نوسینی نیگار و پیتی <ڕ> لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا بە پێی (ڕاسپاردەکانی ڕێنوسی یەکگرتویی کوردی) چەسپاوە و لە ڕێنوسدا پێویستە ڕەچاوبکرێ[٤]، بۆ نمونە:

- ڕێنوسی هەڵە: **رِوداو، رِێگا، رِزگار، رِێباز، رِەنگ، رِوناک، رِۆژ، رِێنوس، رِێزمان،...**
- ڕێنوسی دروست: **ڕوداو، ڕێگا، ڕزگار، ڕێباز، ڕەنگ، ڕوناک، ڕۆژ، ڕێنوس، ڕێزمان،...**

### ١-٢-٤-٥- ئاریشەی پیتی عێ<ع>:

ئەم دەنگە یەکێکە لە دەنگە نارەسەن و نامۆکانی زمانی کودی، بە هەمان شێوەی دەنگی [ح] بە هۆی زاڵی و کاریگەریی وەرگرتنی وشە و ڕێنوسی زمانی عەرەبییەوە، هاتوەتە ناو زمانی کوردیەوە، چونکە زۆربەی ئەو وشانەی ئەم دەنگەیان تێدایە لە بنچینەدا وشەی زمانی عەرەبین[٥]، بۆ نمونە وشەکانی: (**عومەر، عومرە، لەعل، عەرد، عەبد، عەلی، عەرەب، شیعر، وەزع، عەزاب، عێراق، عارەبانە، عەتار، عارەق، عەبا، عەجیب، عاجباتی، عادەت، عاریف، عافیەت، عەفو، عاقڵ، عاقیبەت، عوزر، عەتار، عەتر، عەجەم، عەرەفە، عەریزە، عەزیز، عەفو، عەلاقە، عەلەف، عەنبەر، عەنتیکە، عەیام، عیلاج، عیلاقە، عیشا، عینوان، عیبادەت، عیلم، عێزەت، عەمەلە، عەنتەر، عەسر،...**). کەواتە؛ ئەم دەنگە فۆنیمێکی ڕەسەنی زمانەکەمان نیە، بەم بەڵگانەی خوارەوە:

---

[١]. ئەورەحمانی حاجی مارف، (١٩٨٦)، ل ١٠٦
[٢]. وریا عومەر ئەمین، (٢٠٠٤)، ل ١٤.
[٣]. دیاکۆ هاشمی، (٢٠٢١)، ل ٣.
[٤]. ڕێنوسی کوردی بە پێی بڕیارەکانی کۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی کورد، (١٩٨٧)، ل ٨-٩.
[٥]. کەمال فوئاد، (١٩٩٥)، ل ٢٦.

١- جوتۆکەیەک یان وشەیەکی سادەی ڕەسەن و فەرهەنگی نیە، کە ئەم دەنگە لەخۆبگرێ[١]، تەنانەت لە کتێبی پۆلی یەکەمی بنەڕەتیش بۆ نمونەی ئەم دەنگە، وشەی کوردی دەستنەکەوتوە، ئەو وشانەی وەک نمونە دانراون، هەمویان وشەی عەرەبین: (**نەعناع، عەنکاوە، شیعر، شاعیر، قانع**)[٢].

٢- بە هۆی ڕەسەننەبونی هەردو دەنگی[ح] و [ع] لە چەند ناوچە و شێوەزاری زمانی کوردی، بە تایبەتی ناوچەکانی موکریان و مەنگوڕایەتی و پشدەر و باڵەکایەتی و ڕواندز و خۆشناوەتی و بەڕانەتی و زرارەتی و دەشتی هەولێر[٣]، ئەم دو دەنگە توشی دیاردەی تێکەڵکردن و ململانێ بون، بەتایبەتتریش لە لایەن چینی نەخوێندەوار ئەم دیاردەیە زۆر بڵاوە، بە جۆرێک ئاخێوەری ئەم ناوچانە جیاوازی لە نێوان ئەم دو دەنگە ناکەن، لە شوێنی یەکتر بەکاردێن و جێگۆڕکێ دەکەن، ئەمەش بێگومان بەبێ ئەوەی گۆڕانی واتا یان تەمومژیی واتایی ڕوبدا، وەک ئەم وشانە:

**- حەمە ⟵⟶ عەمە، عەلی⟵⟶ حەلی، حەفت ⟵⟶ عەفت، عەرەب ⟵⟶حەرەب، حاجی⟵⟶ عاجی، عیسا ⟵⟶حیسا، موحسین ⟵⟶ موعسین، حەمید ⟵⟶عەمید، عەنتیکە ⟵⟶حەنتیکە، حال ⟵⟶عال، عەبدوڵڵا ⟵⟶ حەبدوڵڵا، وەزع⟵⟶وەزح،...**

٣- دەنگی [ع] وەک دیاردەیەکی دەنگسازی لە هەندێ وشەدا بە هۆی نامۆیی و گرانی لە گۆکردن لە وشە وەرگیراوەکاندا دەگۆڕێ بۆ دەنگی [ا]، بە تایبەتی ئەگەر بکەوێتە ناوەڕاستی وشە، یان لە هەندێ وشەدا توشی کەوتن دەبێ و نامێنێ بەبێ ئەوەی گۆڕان لە واتای وشەکان ڕوبدا، هەروەها لە هەندێ وشەدا لەگەڵ هەمزە [ئـ]دا توشی ئالوگۆڕ و ململانێ دەبێ و جیگۆڕکێ دەکەن[٤]، وەک ئەم وشانە:

**- کەعبە ⟵ کابە، معروف ⟵مارف، اسماعیل⟵ سمایل، قەلعە ⟵ قەڵا، دەعوەت ⟵ داوەت، تەعنە ⟵تانە، تەعلیق ⟵ تالیق، مەعنا ⟵ مانا، ڕکاعەت ⟵ ڕکات، سعات⟵ سات، شاعیر⟵ شایەر،...**

---

[١]. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠١٥)، ل ٢٣٩.
[٢]. لیژنەیەک لە هەردو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا، (٢٠١٩)، ل٢٧.
[٣]. سابیر ژاکاو، (١٣٩٩) (ا) ، ل١٠٣.
[٤]. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠١٥)، ل ٢٤٠.

**- ئەستەم ←——→ عەستەم، عەرد ←——→ ئەرد، ئاسمان ←—→عاسمان، قورئان ←—→قورعان، عاشق ←—→ ئاشق، عوسمان ←——→ ئۆسمان، عومەر←——→ ئۆمەر،...**

کەواتە؛ (ع) لە بنەڕەتدا لە زمانی کوردیدا فۆنیم نیە، بەڵام لەبەر زۆری وشە عەرەبیەکان، لادانی لە ڕێنوسی ئارامیدا کارێکی ئاسان نیە، بەڵکو توێژەران و زمانەوانانیش بیر و بۆچونیی جیاواز و دژبەیەکیان هەیە، ڕەنگە لابردن و گۆڕینی بە پیتی تر، ئاریشەکە قووڵتر بکاتەوە، چونکە بە درێژایی سەد ساڵی نوسینی زمانی کوردی بەکارهاتوە، چارەسەری و دەستکاریکردنی ئەم پیتە نامۆیە، پێویستیی بە یەکدەنگی و کۆدەنگیی زمانەوانانە.

**١-٢-٤-٦- ئاریشەی پیتی <ک>:**

ئاریشەی پیتی **<ک>** لە ڕێنوسدا ئەوەیە، کە لە کۆتایی وشەکانی هەڵگری ئەم فۆنیمە، لەبری نیگاری **<ک>** کەڵک لە نیگاری (**ك**)ی بەنیشانە وەردەگیرێ، ئەمەش نازانستی و نادروستە، چونکە ناکرێ فۆنیمێک بە دو پیت یان نیگاری جیاواز بنوسرێ، بەڵکو ئەم نیگارە (**ك**) لاسایکردنەوەی ڕێنوسی زمانی عەرەبیە[١]. کەواتە؛ فۆنیمی /**ک**/ لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی، پێویستە تەنیا بە شێوە پێوەربەندەکە **<ک>** بەبێ نیشانەی تر بنوسرێ، ئەمەش سودێکی گەورەی لە ڕێکخستن و یەکگرتویی ئەلفوبێدا هەیە، بە تایبەتی لە بواری کۆمپیوتەر و پیتچنین و جیهانی تەکنەلۆژیا و دیجیتاڵیدا[٢]، بەڵکو گرنگیشە کاتێک بە پێنوس دەنوسین، هەرگیز شێوەی (**ك**) نەنوسین و پاساویشی بۆ نەهێنینەوە، بۆ نمونە لەم وشانەدا:

- ڕێنوسی هەڵە: **خاك، كاك، باوك، تنۆك، كەركوك، پەڕتوك، كەروێشك، جارێك، باريك**،...
- ڕێنوسی دروست: **خاک، کاک، باوک، تنۆک، کەرکوک، پەرتوک، کەروێشک، جارێک، باریک،...**

**١-٢-٤-٧- ئاریشەی پیتی لێی سوک <ل> و لێی قەڵەو <ڵ>:**

هەردو دەنگی [ل]ی سوک و دەنگی[ڵ]ی قەڵەو بە دو فۆنیمی سەربەخۆی زمانی کوردی دادەنرێن، چونکە لە زۆر جوتۆکە و وشەدا دەبنە هۆی گۆڕینی واتا، بۆ نمونە لەم وشانەدا: (**پەلە- پەڵە، چل- چڵ، گول- گوڵ، کول- کوڵ، کەل- کەڵ، گەل-گەڵ، خال، خاڵ...**)، بەڵام دەنگی [ڵ]

---

[١]. سابیر ژاکاو، (١٣٩٩) (ا)، ل ١٢٢.
[٢]. دیاکۆ هاشمی، (٢٠٢١)، ل ١٢.

ڕێژەی بەکارهێنانی لە زاری کوردیی باکوردا زۆر کەم و دەگمەنە، چونکە زۆربەی [ڵ]ەکان دەبن بە [ل][1] بەبێ ئەوەی گۆڕانی واتایی ڕوبدا، بۆ نمونە لەم وشانەدا: (**ساڵ= سال، ئاڵا= ئالا، بەڵاڤ= بەلاڤ، سڵاڤ= سلاڤ، سەڵک= سەلک، تاڵان= تالان، چێڵ= چێل، خەزاڵ= خەزال، ڵاندک= لاندک ...**)، بۆیە بە بۆچونی بەشێک لە توێژەران دەنگی [ڵ] لە زاری کوردیی باکوردا تایبەتمەندیی فۆنیم پەیڕەوناکا[2]. هەروەها لە شێوەزاری سۆرانیی زاری ناوەڕستدا دەنگی [ڵ] بۆ دەنگی [ر] دەگۆڕێ، وەک : **گوڵ ـــــ◄ گور، ماڵ ـــ◄ مار، دوکەڵ ـــ◄ دوکەر، خاڵ ـــ◄ خار**،... لە زاری ژوروشدا، لە وشە عەرەبیەکانی وەکو (ئەڵڵا، عەبدوڵڵا،...)دا ماوە. هەروەها لە هەندێ وشەدا گرفتی واتایی دروستدەکا، بۆ نمونە:

- **خاڵ: نوقتە، نمرە، خاڵی یەکەم**
- **خال: برای دایک**

بەڵام بە پێی پێوەری یەکگرتویی زمان، زمانەوانان کۆکن لەسەر ئەوەی بۆ دیارکردنی هاودەنگ/ ئەلۆفۆنەکان لە زارێکی دیارکراودا، دەبێ پشت بە هەمان زار یان شێوەزار ببەسترێ و بۆ دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی زمانیش، وەکو چوارچێوەیەکی گشتی، پشت بە تەواوی زار و شێوەزارەکان ببەسترێ[3]. بۆیە لە زمانی کوردیدا دەنگی **[ڵ]** و لەچاو زمانەکانی دەوروپشتی، پلەی فۆنیمی هەیە، چونکە (**لێ**)ی قەڵەو **[ڵ]** لە هەردو زمانی فارسی و عەربیدا فۆنیم نیە[4]. سەبارەت بە ئاریشەی ڕێنوسی ئەم دو دەنگە، وەکو تایبەتمەندیەکی دەنگناسیی کوردی و بە پێچەوانەی دەنگی **[ڕ]**ی قەڵەو، دەنگی **[ڵ]**ی قەڵەو لە سەرەتای وشەکاندا دەرناکەوێ و گۆناکرێ، بۆیە پێویستە پیتی **<ڵ>** لە سەرەتای وشەکاندا بە مەبەستی ڕێکخستن و پێوەربەندیی ڕێنوس نەنوسرێ، بۆ نمونە:

- ڕێنوسی هەڵە: **ڵاوین، ڵاوان، ڵیمۆ، ڵێوان، ڵاڵ، ڵاسک، ڵالە، ڵەیلا، ڵالۆ، ڵانک، ڵاو، ڵولە، ڵێڵ، ڵاڵ، ڵات، ڵاپەڕە، ڵار، ڵاشە، ڵۆبیا، ڵۆچ، ڵوس، ڵەل، ڵێو، ڵەنگ،....**

---

[1]. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠١٥)، ل ٢١٤.
[2]. کەسەر یاسین مەحەمەد، (٢٠٠٩)، ل ٥٨.
[3]. عەبدولوەهاب خالد موسا، (٢٠١٥)، ل ٣.
[4]. ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، (٢٠٢٠) (ب)، ل ٢٥٤٧.

– ڕێنوسی دروست: **لاوین، لاوان، لیمۆ، لێوان، لاڵ، لاسک، لاله، لەیلا، لالۆ، لانک، لاو، لوله، لێڵ، لال، لات، لاپەڕه، لار، لاشه، لۆبیا، لۆچ، لوس، لەل، لێو، لەنگ،...**

**١-٢-٥- ئاریشەی پیتە بزوێنەکان لە ڕێنوسی کوردیدا:**

بە پیتی ساز و دەنگداریش ناسراون[1]، ئەو فۆنیمانە سازگەی درکاندنی دیارکراویان نیە، بەڵکو لە کاتی درکاندنی ئەم دەنگانەدا هیچ بەربەستێک لە بەردەم تەوژمی هەوای سەرکەوتو لە قوڕگەوە نیە، واتە؛ هەواکە بە شێوەیەکی ئازاد دەردەچێ، بزوێنەکان بە چۆنیەتیی جوڵانەوەی زمان و هەڵوێستی لێوەکان پەیوەستن، ئەم دو ئەندامە ڕۆلی سەرەکی دەگێڕن لە بەرهەمهێنانی ئەم دەنگانەدا[2]. دەنگە بزوێنەکانیش بە هەمیشەیی گڕن، چونکە لە کاتی درکاندنیاندا ژێیەکانی قوڕگ دەلەرێنەوە[3]، لە بڕگەسازیشدا بە زۆری ناوکی بڕگە پێکدەهێنن. لە زۆربەی زمانەکاندا ئەم پێنج فۆنیمە بزوێنن: **(/a/، /i/، /u/، /e/، /o/)**[4]، ئەگەرچی لە زمانی کوردیدا ئەم هەشت فۆنیمە: (ا- ە- و- وو- ۆ- ی- ێ- بزرۆکە) بە بزوێن دانراون[5]، بەڵام لە ڕوی دەنگناسیەوە بزوێنە تەواوەکان یان سەرەکیەکان[6]، هەندێ جاریش بزوێنە ئاشکراو و هەمیشەییەکانیان پێ دەگوترێ[7]، ئەو بزوێنانەن کە لە هەر پێگەیەکی وشە و بڕگەدا بن هەردەم ڕۆلی بزوێن دەبینن، واتە؛ دولایەن نین و لە ڕێنوسیشدا پیتی ئاریشەدار نین، ئەم چوار پیتەن: **(<ا>، <ێ>، <ۆ>، <ە>)**.

**١-٢-٥-١- ئاریشەی کلکەدەنگی ناسراو بە بزرۆکە (i):**

ئاریشەی ئەم دەنگە لە بڕگەسازیدا ڕونکرایەوە، بەڵام بزرۆکە لە پەیڕەوی دەنگناسیی کوردیدا پلەی فۆنمیی نیە، واتە؛ پیت نیە، بەم بەڵگە و پێوەرانەی خوارەوە:

١- بەڵگەی گرنگ و سەرەکی ئەوەیە کە بە دانان و دانەنانی نابێتە هۆی گۆڕین یان تێکدانی واتا، کە ئەمەش پێناسە و بنەما و مەرجی هەمو فۆنیمێکی زمانە.

---

[1]. عەبدوڵلا یاسین ئامێدی و ئاوات احمد صالح، (٢٠١٦)، ل ٥.

[2]. Anne E. Baker & Kees Hengeveld, (2012), P 96.

[3]. شنۆ قادر محمد ، (٢٠٠٨)، ل ١٢.

[4]. نقل صالح ئیسلام، (٢٠١٥)، ل ٥٢.

[5]. عەبدولواحید موشیر دزەیی و ئەوانی تر، (٢٠١٣)، ل ١١٩.

[6]. عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠١٥)، ل ٥٧.

[7]. کازم عەباس زەندی، (٢٠٢٣)، ل ١٠٨.

٢- له سەرەتا و کۆتایی بڕگە و وشەدا هەستی پێ ناکرێ، تەنیا لە ناوەڕاستی هێشوەنەبزوێنەکان دەرکەوتویی زیاترە.

٣- ئەگەر دەنگێک فۆنیم بێ و کاریگەریی هەبێ، ناکرێ بەردەوام بزربێ و دیارنەبێ.

٤- پێوەر نیە دەنگێک بە فۆنیمی بزوێن دابنرێ و لە هەمان کاتیشدا هەندێ جار کپ و هەندێ جاریش گڕ بێ.

٥- ئەو بۆچونەی بەڵگە و پاساوی ئەوە دێنێتەوە، کە لە وشەکانی (**ژأن ⟵ ژان، ژین**)[1]دا، بزرۆکە واتای گۆڕیوە، لێرەدا تەنیا فۆنیمێک لە شوێن فۆنیمێک دانانێن، بەڵکو فۆنیمێک زیاددەکەن، بەڵگەش ئەوەیە دەتوانرێ هێشتا فۆنیمی تر زیادبکرێن، بۆ نمونە:

- **ژن ⟵ ژان ⟵ ژیان ⟵ ژوان**

لە ڕێنوسی ئارامیدا ئەم کلکەدەنگە ئاریشەی نیە و لە بنەڕەتەوە پیتی بۆ دانەنراوە، چونکە زمانی کوردی نوسینی فۆنیمی یان ئەلفبایی پەیڕەودەکا، بەمەش تەنیا ئەو دەنگانە هێما و پیتیان بۆ دادەنرێ کە فۆنیمن[2]، بەڵام ئاریشەکە ئەوەیە کە لە ڕێنوسی لاتینیدا وەکو فۆنیم دانراوە و پیتی<i> بۆ کێشراوە، بۆ نمونە وشەی (**مردن**) لە ڕێنوسی ئارامیدا بە (**چوار**) پیت دەنوسرێ، بەڵام لە ئەلفوبێی لاتینیدا بە (**شەش**) پیت دەنوسرێ (**Mirdin**)، ئەمەش زانستی و ژیربێژی نیە، چونکە بە لادانیشی واتای وشەکە هەر وەکو خۆیەتی و ناگۆڕێ (**Mrdn**).

بەشێک لە زمانەوان و توێژەران لە ڕابردودا، بە کاریگەری و لاسایکردنەوەی ئەلفوبێی لاتینی هەوڵیانداوە پیت یان نیشانە بۆ ئەم کورتە دەنگە بکێشن، وەکو دانانی نیشانەی (ژێرەیەکی کورت) لەژێر پیتەکان بە نیگاری (ـِ)، بۆ نمونە لە وشەی (**چِیا**)دا[3]، هەروەها دانانی نیشانەی (ـٖ)، بۆ نمونە لە وشەی (**دـٖل**)دا[4]، بەڵام ئەم هەوڵانە سەرکەوتو نەبون، چونکە دانانی هەر هێمایەک بۆ بزرۆکە کاریگەری ناخاتە سەر واتای وشەکان، بۆ نمونە لەم وشانەدا:

- **پـٖڕ، مـٖن،گـٖرت، پـٖشت، بـٖڕاشت، کـٖندـٖڕ، پـٖڵـٖنگ.**

١. وریا عومەر ئەمین، (٢٠٠٤)، ل ١٢

٢. شلێر نایف ئەمین و کەسەر یاسین مەحەمەد، (٢٠١٧)، ل ٦٠.

٣. نوری عەلی ئەمین، (١٩٦٦)، ل ٢٣-٢٤.

٤. غازی فاتح وەیس، (١٩٨٤)، ل ٧٨.

- پِڕ، مِن، گِرت، پِشِت، بِڕِشِت، کِندِڕ، پِڵِنِگ.
- پڕ، مـن، گـرت، پـشت، بـڕـشت، کـنـدـڕ، پـڵـنگ.

کەواتە؛ ئەگەرچی نەبونی هێما بۆ بزرۆکە بە ((کێشە و گرفتێکی بەرچاو بۆ ڕێنوسی بەشی ڕاستچین))[1]ی ئارامی دانراوە، بەڵام بە سەرنجدان لەم وشانەی سەرەوە، دەبینین تەنیا ڕێنوسەکە ئاڵۆز بوە و ئاریشەکان زیاتر دەکا، هەروەها ژمارەی پیت و فۆنیمەکانی زمانیش زۆرتر دەبن، بۆیە دانانی هێما یان پیت بۆ بزرۆکە ڕاژەی زمان و ڕێنوسی کوردی نیە و کارێکی نادروست و نازانستیە. بۆیە بە بۆچونی ئێمە وەکو چارەسەری ئاریشەی ئەم کلکەدەنگە، بە پشتبەستن بەم پێوەرانەی باسکران، ئەم دەنگە لە ڕیزبەندیی پیتەکان و پەیڕەوی دەنگناسیی کوردی، بە مەبەستی ئابوریکردن و ئاسانی لە فێربون و فێرکردندا لابدرێ، تەنیا لە چوارچێوەی ڕوانگە و برگەی دەنگسازیی زمانی کوردی، کە کاری شارەزا و توێژەرانە، باسبکرێ و ڕونبکرێتەوە.

**١-٢-٥-٢- ئاریشەی هاودەنگی وێ/ واوی درێژی <وو> :**

وێ یان واوی درێژ یەکێکە لە ئاریشە هەرە گەورەکانی دەنگناسی و ڕێنوس و ئەلفوبێی کوردی، هەر لە سەرەتاوە زمانەوانان هەستیان بە گرفتی ئەم دەنگە کردوە، بۆچون و پێشنیاری جیاواز و دژیەکیان لە بارەی نوسین و نەنوسینی ئەم دەنگە خستۆتەڕو، ئەم ئاریشەیەش هەموانی لە ڕێنوسدا گرفتارکردوە، بێگومان لە ئەنجامی ڕاهاتنی بە هەڵە لەسەر نوسین و نەبونی یەکگرتویی لە نێوان زمانەوانان و پەسەندنەکردنی بۆچونی دروست و زانستی سەریهەڵداوە، نەک تەنیا فێرخوازان بەڵکو نوسەران و زمانەوانانیش کەوتونەتە دو شێوە بەکارهێنانەوە، بۆیە زۆر لە نوسەران لە هەمان نوسین و دەقدا چەندین وشە بە دو شێوەی جیاواز دەنوسن، بۆ نمونە: (**وڵات/ ووڵات، وشە/ ووشە، نوسین/ نووسین، جوتیار/ جووت، چوون/ دەچوین، بووک/ بوکێنی، سووک/ سوکایەتی، پەڕتووک/ پەڕتوکخانە** ...)[2].

لە ڕوی دەنگسازیەوە دەنگی [وو] درێژکراوەی دەنگی [و]ی بزوێنە، بە پێی دەرکەوتنی لە ژینگە دەنگیەکەی کورتی و درێژیەکەی دەگۆڕی، واتە؛ پتر لە هاودەنگێکی هەیە[3]، درێژکردنەوەی

---

[1]. سابیر ژاکاو، (١٣٩٩) (ا)، ل ١٤١.
[2]. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠١٥)، ل ٦٣.
[3]. سەرچاوەی پێشو، ل ٨٩.

دەنگیش وەکو دیاردەیەکی دەنگسازی لە کردەی ئاخاوتندا لە گۆکردنی زۆربەی دەنگەکاندا ڕودەدا، بەبێ ئەوەی واتای وشەکان بگۆڕێ، ئەمەش بە ئارەزوی قسەکەر یان تایبەتمەندیی زار و شێوەزار گرێدراوە، بێگومان توێژینەوەی کورتی و درێژیی دەنگەکانی زمان لە چوارچێوەی دەنگسازیی تاقیگەیی بە پشتبەستن بە ئامێر و تەکنەلۆژیای پێشکەوتو ڕوندەکرێنەوە. بۆ نمونە ئەو **[ا]**یەی لە وشەی ئاسماندا هەیە درێژترە لەو **[ا]**یەی لە وشەی (**کا**) دایە، یان دەنگی **[ی]** لە کۆتایی بڕگەدا دەنگێکی زۆر درێژە، وەکو لە وشەکانی (**کانی، باشی**)دا، بەڵام هەمان دەنگ لە ناوەڕاستی بڕگە و لە نێوان دو نەبزوێن، دەنگێکی درێژی هێزدارە، وەکو وشەکانی (**تیر، بیر، شیر**)[1]. هەروەها دەنگی **[ی]** بە زۆری لە سەرەتادا کورتە، وەک لە وشەی (**یاری، یازدە، یەک، یۆنان**،...)، هەروەها بە سەرنجدانی گۆزمانیش دەردەکەوێ، کاتێک هەردو دەنگی **[و، ی]**ی نیمچەبزوێن، بە زۆری کاتێک دەبن بە بزوێن درێژتر گۆدەکرێن، واتە؛ کاتێک لە ژینگەیەکدا دەبن بە نەبزوێن، کورتتر گۆدەکرێن، بێگومان ئەمەش جگە لە دۆخە ناوێزەکانیان.

بەم پێیە ئەگەر دەنگی **[و]** لە وشەی (**دور**)دا بە پلە بزوێنی درێژ گۆبکرێ و بە نادروستی بنوسرێ (**دوور**)، دەنگی **[ی]**ش لە وشەی (**تیر**)دا پلە درێژە و دەبێ بنوسرێ (**تییر**). بەڵام لە ڕاستیدا ئەم دەنگە **[وو]** بەراورد بە دەنگەکانی تر زۆر گەورەکراوە، چونکە یەکێکە لەو هاودەنگانەی کە زۆربەی قسەکەرانی کوردی هەست بە درێژی و جیاوازیی گۆکردنی دەکەن لەگەڵ دەنگی **[و]**ی کورتدا[2]، واتە؛ قسەکەر و نوسەری کوردی، دەزانێ کە دەنگی **[و]** لە وشەکانی (**خانو، دو، زو، تو، سور، دو، چون، بوک، ژور**،..)دا درێژە، بۆیە بە شێوەی (**وو**) دەیاننوسێ، ئەمەش لە دەنگسازیدا کارێکی ئاساییە، چونکە دەنگە بزوێنەکان لە دەنگە نەبزوێنەکان دەرکەوتوترن و هێز و زەبریان دەکەوێتە سەر، هەروەها بە مەبەستی دەنگهەڵبڕین و ئاگادارکردنەوە و گۆرانی گوتن و گۆڕینی ئاواز، تەنیا بزوێنەکان درێژدەکرێنەوە[3]. لە لایەکی ترەوە؛ لە زاری کوردیی باکوردا ئەم دەنگە لە ئاخاوتندا زۆر بە دەگمەن هەستی پێ دەکرێ[4].

---

[1]. هەژار قادر ئیسماعیل، (٢٠١٣)، ل ٢٦-٤٩.

[2]. بەکر عومەر عەلی، (٢٠١٤)، ل ٢٣٦.

[3]. سەرچاوەی پێشو، ل ٢٤٢.

[4]. کەسەر یاسین مەحەمەد، (٢٠٠٩)، ل ٦٣.

کەواتە؛ ئەم دەنگە لە زمانی کوردیدا تەنیا پلەی دەنگی هەیە و هەر لە چوارچێوەی دەنگسازیی کوردیدا دەمێنێتەوە، دەبێتە هاودەنگی فۆنیمی /و/ و پلەی فۆنیم وەرناگرێ، بەم بەڵگانەی خوارەوە:

١- وەکو بنەمایەکی دەنگناسی، بە دانان و دانەنانی نابێتە هۆی گۆڕین و تێکدانی واتای وشەکان، بۆ نمونە: (**دو= دوو، بو= بو، پور= پوور، سور= سوور، ژور= ژوور، نوسین= نووسین، چون= چوون، کەرکوک= کەرکووک، ڕوسیا= ڕووسیا، ژورو= ژوروو، ڕوبەڕوبونەوە= ڕووبەڕووبونەوە، هاتوچۆ= هاتووچۆ، مشتومڕ= مشتوومڕ، دوبارە= دووبارە، هاتو= هاتوو، ڕوان= ڕووان، ڕو= ڕوو، ڕوداو= ڕوداوو= ڕووداوو، سوتان= سووتان، چروک= چرووک، بەڵکو= بەڵکوو، جوانو= جوانوو، مێژو= مێژوو، ببورە= ببوورە، چنور= چنوور**،...)

٢- وەکو پێوەرێکی وشەسازی، چەند جوتۆکەیەک نابینرێ کە ئەوە بسەلمێنن، ئەم دەنگە بەهای هەیە و دەبێتە هۆی واتا گۆڕین، بۆ نمونە: (**دار- دەر، دێر- دیر، دۆر- دور، دور=دوور**). ئەگەرچی وەکو ناوێزەیەک، تەنیا جوتۆکەی (**کوڕ- کووڕ**) وەکو بەڵگەی فۆنمیبونی دەنگی وێی درێژ پیشاندەدرێ[1]، بەڵام دەکرێ وشەی (**کوڕ**) بە سێ فۆنیم و بە قاڵبی (**ن+ ب+ ن**) بنوسرێ و وشەی (**کووڕ**)یش بە چوار فۆنیم و بە قاڵبی (**ن+ ن+ ب+ ن**) بنوسرێ، بە بەڵگەی ئەوەی لە زاری کوردیی باکوردا وشەی (**کووڕ**) دەبێتە (**کویڕ**)[2]، واتە؛ یەک پیت دەگۆڕێ، هەروەها بە لابردنی (و)ێک وشەی (**کوڕ**) دەبێتە (**کڕ**) و وشەی (**کووڕ**)یش دەبێتە (**کوڕ**)، کەواتە؛ هەریەک لەم دو (**و**)ە، نرخێکیان هەیە، واتە؛ هەردوکیان سەر بە یەک فۆنیم نین، بەڵکو دو فۆنیمی جیاوازن و لەتەک یەکترەوە دەنوسرێن.

کەواتە؛ وەکو چارەسەری ئەو وشانەی هاوشێوەی وشەی (**کووڕ**)ن، ئەگەرچی بواری بەکارهێنانیان زۆر دەگمەن و کەمە و وشەی چالاکی زمانەکەمان نین، بەڵام دەکرێ بە دو فۆنیمی جیاواز، وەکو هەر فۆنیمێکی تر، لەتەک یەکتریەوە بنوسرێن، بۆ نمونە وەک ئەم وشانە:

| قاڵبی (ن+ ب+ ن) | | قاڵبی (ن+ ن+ ب+ ن) | |
|---|---|---|---|
| **وشە** | **واتا** | **وشە** | **واتا** |
| تور | لاڵی | توور | تووری خواردن |

[1]. ئەورەحمانی حاجی مارف، (١٩٨٦)، ل ٩٣-٩٤.

[2]. عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠١٥)، ٦٤.

| | | | |
|---|---|---|---|
| قوڵ | کورت، قوڵپ، بنی هێلکە[1] | قووڵ | پێچەوانەی تەنک |
| قوت | کورت | قووت | خواردن |
| کول | پێچەوانەی تیژ، برین | کووڵ | تەشتنی نانکەران، تەویلە[2] |
| قوم | فرێک | قووم | زیخی زۆر ورد و چەقڵ[3] |

خشتەی ژمارە (١٣): ڕێنوسی دو فۆنیمی /و/ لە بڕگەیەکدا

بەم ئەنجامە بە مەبەستی چارەسەری ئەم ئاریشەیە، پێویست و کارێکی دروست و زانستیە، ئەم پیتە لە بنەڕەتەوە لە ئەلفوبێی کوردی لابدرێ، واتە بۆ هەردو هاودەنگی **[و]**ی کورت و **[و]**ی درێژ، هەر پیتی <**و**> بنوسین، نوسینی پیتی <**وو**> یان هەر پیت و هێمایەکی تر بۆ هاودەنگی وێی درێژ، ڕێنوسەکە ئاڵۆز و ئاریشەدارتر دەکا و سەرلێشێواوی بۆ نوسەر و خوێنەر و فێرخوازان دروستدەکا، بەڵکو بە وازهێنان لە نوسینی و بە لابردنی لە ڕێنوسدا، چەند لایەنێکی ئاریشەداری دەنگناسیی کوردی دەڕەوێنێتەوە، سەرەڕای ئەمەش تا ئێستا هیچ نوسەر و هۆزانڤان و کەڵە زمانەوانێکی دێرین نیە، لە نوسینەکانیدا ئەم دو هاودەنگەی تێکەڵنەکردبێ و لە چۆنیەتیی نوسینیدا هەڵەی تێدا نەکردبێ. بۆیە لە لادانی هاودەنگی **[وو]**ی درێژ وەکو پیتێک و نەنوسینی، چەند لایەنێک لە ڕێنوسی کوردیدا چارەسەردەکرێ:

١- پیتێک لە ڕیزبەندی ئەلفوبێدا کەمدەبێتەوە، کە هاودەنگە و فۆنیم نیە، ئەمەش پەیڕەوەکە ئاسان و سادەتر دەکا، هەروەها بە کردەی ئابوریکردنی زمان لێکدەدرێتەوە، کرداری نوسین و فێرکردنیش خێراتر دەکا.

٢- یەکگرتویی ڕێنوس لە نێوان ئەو وشانە پەیدادەبێ کە هەڵگری فۆنیمی /**و**/ی بزوێن یان نەبزوێنن، هەرچەندە کورت بێ یان درێژ بێ، بە واتایەکی تر؛ کورتی و درێژی هیچ دەنگێک لە نوسیندا دەرناخرێ، لێرەدا ئارەزو و بیری نوسەر بۆ دانانی یەک (**و**) یان دو (**وو**)، چیتر پێوەر نیە، بەڵکو هەمو نوسەرانی زمانی کوردی ناچارن بە ڕێنوسێکی پێوەربەند وشەکان بنوسن.

٣- ڕاستیەکی زانستی و زمانەوانی لە نوسیندا پەیڕەودەکرێ و گرفتی ئەو شێوە هاودەنگەش لە نوسینی ئەلکترۆنی چارەسەردەبێ و ڕاڕایی تێدا نامێنێ.

[1]. ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، (٢٠٢١) (پ)، ل ١٩٦٠.

[2]. هەڵمەت بایز، (٢٠٢٠)، ل ١٠.

[3]. سەرچاوەی پێشو، ل ١٠.

بۆ دەرکەوتنی ئەم ڕاستیانەی سەرەوە، ئەگەر ئەم بۆچونە تەنیا لەسەر وشەی ناسادەی (**ڕووبەڕووبوونەوە**)دا جێبەجێبکەین، چەند ئاریشەیەک چارەسەردەبن، چونکە ئەم وشەیە، ئەگەر بە بۆچونە نەریتیەکە بنوسرێ، کە هەردو <**و**>ی کورت و <**وو**>درێژ پیتی سەربەخۆبن، گریمانەی ئەوە هەیە کە بە شەش شێوەی جیاواز، نوسەران ئەم وشەیە بنوسن، بەبێ ئەوەی واتای وشەکان بگۆڕێ و بشێوێ، تەنانەت تەمومژیی واتایی و تێگەیشتنیش ڕونادا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

| پیتی <و> و <وو> وەک پیتی سەربەخۆ | تەنیا پیتی <و> وەک پیتی سەربەخۆ |
|---|---|
| شێوەی یەکەم: **ڕووبەڕووبوونەوە**= ١٥ هێما | یەک شێوەی یەکگرتو و پێوەربەند: **ڕوبەڕوبونەوە= ١٢ هێما** |
| شێوەی دوەم: **ڕوبەڕووبوونەوە**= ١٤ هێما | |
| شێوەی سێیەم: **ڕوبەڕوبوونەوە**= ١٣ هێما | |
| شێوەی چوارەم: **ڕووبەڕووبونەوە**= ١٤ هێما | |
| شێوەی پێنجەم: **ڕووبەڕوبوونەوە**= ١٤ هێما | |
| شێوەی شەشەم: **ڕوبەڕووبونەوە**= ١٣ هێما | |

خشتەی ژمارە (١٤): بەراوردکردن لە نێوان (و)ی کورت و درێژ لە ڕێنوسدا

بە سەرنجدانی ئەم نمونەی سەرەوە، لە ڕوی کرداریەوە دەردەکەوێ کە گریمانەی سەربەخۆبونی (**و**)ی درێژ، ناتوانێ ڕێنوسێکی پێوەربەند لە نێوان وشەکانی هەڵگری ئەم دەنگە دابهێنێ یان دروستبکا، ئەمە سەرەڕای بەفیرۆدانی وزەی کات و شوێن. بەڵام کاتێ تەنیا پیتی <**و**> دەنوسرێ، ڕێنوسێکی پێوەربەند لە نێوان وشەکانی هەڵگری فۆنیمی /**و**/ دادەهێنرێ، هەروەها لەبری گواستنەوەی واتای وشەیەک بە (**١٥**) هێما، دەتوانرێ هەمان وشە بە هەمان واتا بە (**١٢**) هێما بنوسرێ.

### ١-٢-٦- ئاریشەی پیتە دولایەنەکان (Semi vowel) لە ڕێنوسی کوردیدا:

بە فۆنیمی ((نیمچەبزوێن یان نیمچەنەبزوێن))[1]یش ناسراون، چونکە هەندێ ماکی بزوێن و هەندێ لە ماکی نەبزوێنیان تێدایە[2]، لە زمانی کوردیدا هەردو فۆنیمی /**و**، **ی**/ دەگرێتەوە، واتە؛ وەکو بزوێن دەدرکێندرێن و جیاوازیەکی کەمیان هەیە و وەکو نەبزوێن ڕەفتاردەکەن، چونکە

[1]. عەبدوڵلا یاسین ئامێدی و ئاوات احمد صالح، (٢٠١٦)، ل ٩.

[2]. David Crystal, (2008), P 431.

لەکاتی گۆکردنیاندا ((ڕێژەی کرانەوەی دەم لە نێوان بزوێن و نەبزوێنەکاندایە، واتە؛ لە چوار بزوێنە سەرەکیەکە (ا، ێ، ۆ، ە) کەمتر کراوەن و لە نەبزوێنەکانیش زیاتر کراوەن، بۆیە ئەگەر لە بڕگەیەکدا یەکێ لەم چوار بزوێنە سەرەکیەیان لەپێش یان لەدوا هات، خۆیان بە نەبزوێن دادەنرێن، بەڵام ئەگەر یەکێ لەم بزوێنەیان لەتەک نەهات، خۆیان دەبن بە بزوێن. ئەم دو دەنگە لە نێو خۆشیاندا کامەیان لە سەرەتای بڕگە بێ، دەبێ بە نەبزوێن، وەکو: وی، یو))[1].

ئەم دو فۆنیمە بەوە لە بزوێنە سەرەکیەکان جیادەکرێنەوە، کە لە هەمو پێگەیەکی بڕگە و وشەدا ڕۆلی بزوێن نابینن، بەڵکو بە پێی ژینگەی دەنگی، لە پێکهاتەی بڕگەدا ڕۆلی بزوێنی یان نەبزوێنی دەبینن، چونکە وەکو بنەمایەکی بڕگەسازی و تایبەتمەندیەکی زمانی کوردی دو بزوێن لە یەک بڕگەدا کۆنابنەوە، واتە؛ لە کاتی بڕگەکردندا خانەی پێشەوە یان دواوەی ئەم دو فۆنیمە بزوێن بو، ئەمان ڕۆلی نەبزوێن دەبینن، بۆ نمونە لە وشەکانی: (**وار**، **دەو**، **دیوار**، **یار**، **چیا**، **مەی**)، وەلێ ئەگەر بە تەنیا لە بڕگەیەکدا دەرکەوتن، دەبن بە بزوێن، بۆ نمونە: (**تور**، **بو**، **تیر**، **بی**). لە لایەکی ترەوە؛ ئەگەر هەمان فۆنیم لە بڕگەیەکدا دوبارەبویەوە، یەکەمیان دەبێ بە نەبزوێن و دوەمیان بە بزوێن، بەم شێوەیە: (**ن+ ب**)، بۆ نمونە فۆنیمی/**ی**/: /کۆ-تا/(یی)/، هەروەها فۆنیمی /**و**/ لە بڕگەی /ک(**وو**)ڕ/دا، (ن+ (ن+ ب)+ ن)، یان بڕگەی /**موون**/ لە چاوگی (**فەرموون**)دا.

لە ڕێنوسی ڕاستچینی ئارامیدا ئەو دو فۆنیمە ئاریشەدار نین، بەڵکو لایەنێکی هەرە باشی ڕێنوسی ئارامی ئەوەیە، کە کورتی و درێژی یان بزوێنی و نەبزوێنی ئەم دو فۆنیمە دەرناخا، ئەگەرچی زۆر جار لەژێر کاریگەری و لاساییکردنەوەی ئەلفوبێی لاتینیدا، بە هەڵە هەوڵدراوە و بانگەشەکراوە، کە جیاوازیی بزوێنی و نەبزوێنی ئەم دو فۆنیمە لە ڕێنوسدا دەربخرێ، بەڵکو بە ((گیروگرفتێکی زلی ڕێنوسی کوردی))[2] بینراوە و ((دانانی نیگار بۆ ئەم دەنگانە بە کارێکی زۆر پێویست))[3]پیشاندراوە، بەڵام بە پێوەرە زمانەوانیەکان دانانی پیت و نیشانەی جیاواز بۆ بزوێنی و نەبزوێنی ئەم دو فۆنیمە کارێکی نادروستە، چونکە ڕێنوس و پەیڕەوەکە ئاڵۆزتر دەکا، لە لایەکی ترەوە، تەنیا زمانەوان یان شارەزایان بزوێن و نەبزوێن دەناسن، ئاخێوەرانی کۆمەڵگەی کوردی

---

[1]. عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠١٥)، ل ٥٧.

[2]. بەدران ئەحمەد حەبیب، (٢٠٠٥)، ل ٧.

[3]. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (١٩٨٦)، ل ٩٩-١٠٠.

چۆن بزوێنی و نەبزوێنی ئەم دو فۆنیمە لە کاتی نوسیندا جیابکەنەوە؟. بۆیە جیاکردنەوەی ئەم دەنگانە دەبێتە مایەی ئاریشە و هەڵەیەکی زۆر لە ڕێنوسدا، بۆیە لە ڕێنوسی ئارامیدا هەر لە بنەڕەتەوە و بە پێی ڕاسپاردەکانی ڕێنوسی یەکگرتوی کوردی، بڕیار لەسەر ئەوە دراوە، فۆنیمی /**ی**/، کورت بێ یان درێژ و بزوێن بێ یان نەبزوێن، تەنیا بە پیتی <**ی**> دەنوسرێ و لە نوسیندا جیاناکرێتەوە[1]، هەورەها فۆنیمی /**و**/ بزوێن یان نەبزوێن بێ، بە هەمان شێوە هەر بە پیتی <**و**> دەنوسرێ[2]. ئەمەش چەند لایەنێکی ئاریشەداری ڕێنوسی چارەسەرکردوە و چەند سودێکی گرنگی بۆ ڕێنوس و نوسزمان هەیە، بەم بەڵگە و پێوەرانەی خوارەوە:

١- پەیڕەوەکەی سانا و ساکارکردوە، واتە؛ ژمارەی فۆنیم و پیتەکانی کەمتر کردوەتەوە، ئەمەش لە ڕوی ئابوریی زمانەوە، کات و شوێنی نوسین کەمتر بەفیرۆدەدا و ڕاستیەکانی دەنگناسیی کوردی ناشێوێنێ، بەڵکو کرداری فێرکردن و نوسینیش ئاسانتر دەکا، بۆ نمونە بە بەراورد لەگەڵ ئەلفوبێی لاتینی دەبینین تەنیا لە بەرانبەر دو فۆنیمی /**ی**، **و**/دا، لە ئەلفوبێی ئارامی تەنیا (**دو**) پیت دانراون، بەڵام لە ئەلفوبێی لاتینیدا جگە لە پیتی (بزرۆکە)، پێنج (**پیت**) بەرانبەر ئەم دو فۆنیمە هێما و نیگاریان بۆ کێشراوە:

| فۆنیم | دەنگ | ئەلفوبێی ئارامی | ئەلفوبێی لاتینی |
|---|---|---|---|
| /**و**/ | [وێی کورتی بزوێن] | <و> | U |
| | [وێی درێژی بزوێن] | | Û |
| | [وێی نەبزوێن] | | W |
| /**ی**/ | [یێی بزوێن] | <یـ-ی> | Î |
| | [یێی نەبزوێن] | | Y |

خشتەی ژمارە (١٥): جیاوازیی پیتی <و، ی> لە ئەلفوبێی ئارامی و لاتینیدا

٢- پێوەربەندیی لە نێوان وشەکانی هەڵگری ئەم دو فۆنمیە پەیدادەبێ، چونکە ئاخێوەر و نوسەر گوێ بە کورتی و درێژی یان بزوێنی و نەبزوێنی فۆنیمەکان نادا، بەڵکو تەواوی وشەکان بە ڕێنوسێکی چەسپاو و یەکگرتویی دەنوسرێن.

[1]. ڕێنوسی کوردی بە پێی بڕیارەکانی کۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی کورد، (١٩٨٧)، ل ١٠.

[2]. لێژنەی زاراوە لە ئەکادیمیای کوردی، (٢٠١٠)، ل ١٢.

٣- له ڕوی پێشکەوتنی باری تەکنەلۆژیا و نوسین و وەرگێڕانی ئەلیکترۆنی، سوکتر و ئاسانتر، بەڵکو پتر ئابوری و زانستانەتر و زمانەوانیتر دەبێ.

٤- دانانی تەنیا دو پیت بۆ ئەم دو فۆنیمە لە ئەلفوبێی ئارامیدا، یان گواستنەوەی واتا و بیرۆکەکان تەنیا بە دو هێمای <**و، ی**>، دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە لە کوردیدا پیت و نیشانە تەنیا بۆ فۆنیمەکانە دادەنرێ، بەڵکو ئەوەش ڕوندەکاتەوە، کە ڕێبازی (نوسینی فۆنیمی) بۆ زمانی کوردی بەروارد بە (ڕێبازی فۆنەتیکی) زۆر لەبار و ئاسانتر و گشتگیرترە، بۆیە لە ڕێنوسی کوردیدا هەرگیز کورتی و درێژیی دەنگەکان دەرناخرێ، بە تایبەتی ئەم دو فۆنیمە، هەریەکەیان فۆنیمێکن، بەڵام چەند هاودەنگێکیان هەیە و فرە ئەرکن[١]، بە پێوەری زمانەوانیش وەکو چۆن ((هەمو بنەدەنگێک (Sound/ Voice) نابێتە دەنگێک (Phone)ی زمانی، بە هەمان پێوەر هەمو دەنگێکیش نابێتە فۆنیم))[٢] تا پیتی بۆ بکێشرێ.

کەواتە؛ لە ڕیزەکی ئەلفوبێی ئارامیدا ئەم دو پیتە پێویستە بە جیا بنوسرێن و ڕیزبکرێن، چونکە وەکو دو فۆنیمی دولایەن لە کوردیدا ناسراون[٣]، واتە؛ زانستی نیە دو جار لە ڕیزبەندیی پیتەکان ئاماژەیان پێبدرێ، جارێک لەگەڵ نەبزوێنەکان و جارێکی تر لەگەڵ بزوێنە سەرەکیەکان، چونکە لە بنەڕەتدا ئەم دو دەنگە دو فۆنیمن، لە ئەلفوبێشدا دەبن بە دو پیت نەک چوار پیت، بۆیە بە بۆچونی ئێمە بۆ ئەوەی ڕیزبەندیەکی پێوەربەند و پەیڕەوبەند (syestematic) بۆ ئەلفوبێی کوردی دابنرێ، پێویستە پیتەکان بەم شێوەیە دابەشبکرێن و ڕیزبکرێن و بخرێنەڕو:

**١- پیتە نەبزوێنەکان (Consonants):**

(ب، پ، ت، د، ج، چ، ح، خ، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، ڵ، هـ م، ن)

**٢- پیتە بزوێنەکان (Vowles):**

(ا، ێ، ۆ، ە)

**٣- پیتە دولایەنەکان/ نیمچەبزوێنەکان (Semi vowles):**

(و، ی)

---

١. دەریا سابیر حەمەد، (٢٠١٦)، ل ٨٦.

٢. **ماريو باي، (١٩٩٨)، ص ٤٥.**

٣. کەژاڵ جهابخش مەحەمەد و ئەوانی تر، (٢٠٢٠)، ل ١١٤.

## بەشی دوەم

## ئاریشەکان لە ئاستی وشەسازیدا

وشـــەســـازی وەک کۆنترین لقی زمانەوانی و خانەی دوەم لە بیناســـازیی زماندا، لەگەڵ هاوســازەکانی: دەنگســازی و ڕســتەســازی، لقێکی ســەرەکی و پایەیەکی گرنگی زمانەوانیی بیردۆزەییە (Theoratical Linguistics). لە زمانەوانیی کوردیدا زاراوەی وشـــەســـازی لە بەرانبەر زاراوەی (Morphology) بەکاردێ، ڕیشـــەی ئەم زاراوەیەش لە زمانی یۆنانیەوە وەرگیراوە، کە (Morphe) بە واتای (بیچم، شێوە) لەگەڵ (Logy) بە واتای (زانست، توێژینەوە) هاتوە[1]، بەم جۆرە زاراوەکە بریتیە لە: توێژینەوە لە بارەی وشەوە، لە ڕوی پێکهاتن و گۆڕانەوە[2]. پێناســەی هەر زانســتێک بە گشــتی بریتیە لەو بابەتەی لە کەرەســەکانی خۆی دەکۆڵێتەوە، بەم پێوەرە کەرەسە و کێڵگەی وشەسازیش بریتیە لە: وشە و پێکهاتەکانی[3]، واتە؛ وشەسازی خۆی بە ڕوخســـار و ڕۆنانی ناوەوەی وشـــە و مۆرفیمەکانی زمانەوە خەریکدەکا، دەیانناســـێنێ و پۆلێنیاندەکا و دەقیاندەکا، هەر لەم ڕێگەیەشەوە لە چۆنیەتیی خستنەتەکیەکی مۆرفیم و وشەکان بۆ بەرهەمهێنانی ڕۆنانی گەورەتر دەکۆڵێتەوە[4]، ئەو یاســایانەش دەســتنیشــاندەکا کە وشــەکانی لەسەر بنیادنراوە.

وشــەســازی بە شــێوازێکی پەیڕەوبەند و پەســنێکی ڕێکوپێکی گشــتگیر، لە شــێوە و واتای مۆرفیم و وشـــەکانیش دەکۆڵێتەوە، بەوە ناســـراوە کە تێکەڵبونی مۆرفیمەکان بۆ دروســـتکردنی وشەی نوێ دەردەخا، هەر بەم پێیەش لایەنی ڕێزمانیی وشە و مۆرفیمەکان ڕوندەکاتەوە، لەگەڵ پیشاندانی ئەو ئەرکانەی لە ڕستەدا جێبەجێیدەکەن[5].

---

١. کوردستان موکریانی، (٢٠٢٢)، ل ١١.
٢. ئەورەحمانی حاجی مارف، (٢٠١٤) (ا)، ل ٣١٨.
٣. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، (٢٠٢٣)، ل ٢٦.
٤. مستەفا ڕەزا مستەفا، (٢٠٢١) (ا)، ل ٦.
٥. نعمەت سابیر عوسمان، (٢٠١٥)، ل ٦.

### ٢-١- تەوەری یەکەم: ئاریشەی وشەی سادە و ناسادە

#### ٢-١-١- ئاریشەی وشەی سادە:

وشەی سادە ئەو وشەیەیە کە لە ڕوی پێکهاتنەوە تەنیا لە یەک مۆڕفیمی ڕیشەیی و سەربەخۆ پێکهاتبێ[١]، واتە؛ وشەی سادە بەسەر مۆڕفیمی تر دابەشنابێ و پێشگر و ناوبەند و پاشگریان پێوە نیە، بەڵکو لە نوسزماندا یەک پارچەن و سەربەست دەنوسرێن و بەکاردەهێنرێن، ئەم جۆرە وشانە لە ڕوی ڕوخسار و واتاوە دو جۆرن: یەکەم، لە ڕوی ڕوخسار و واتاوە مۆڕفیمی (سەربەخۆی تەواو)ن، کە سەر بە بەشەئاخاوتنی جیاوازن، بۆ نمونە: (**دار، با، من، ئەوان، جوان، زیرەک، درەنگ، بەیانی، یەک، هەزار، بون، چون،...**). دوەم، بەشێکی وشە سادەکان لە ڕوی ڕوخسارەوە سەربەخۆن، بەڵام لە ڕوی واتاوە (مۆڕفیمی واتابەند)ن، ئەمەش هەمو ئامرازەکان لە زمانی کوردیدا دەگرێتەوە، بۆ نمونە: (**بە، لە، یان، یا، بێ، و، کە، تا، ئەگەر، خۆزگە، بەڵام، ئینجا، ش، ئەها، تر، دیکە، دەی، با، هۆ، ی، ە،...**).

لە گۆزمان و نوسزمانی کوردیدا، لە کورتترین باردا، وشەی سادە تەنیا لە یەک دەنگ یان یەک پیت پێکدێ، بۆ نمونە: (**ێ، چ، ا، ژ، ل، د، و، ی،...**)، هەروەها ژمارەی ئەو وشانەی لە دو دەنگ یان دو پیت پێکدێن، ژمارەیان زۆرە، بۆ نمونە: (**شە، دە، با، دۆ، لە، بۆ، کە، تا،...**).

لە ڕوی واژەناسیەوە (Lexicology) ئەم وشانە بەرهەمهێنراو و دروستکراو نین لە زماندا، بەڵکو وشەی بنەڕەتی و بنچینەیی زمانی کوردین، چونکە پێشتر لە زماندا ئامادەکراون و دوبارە دەبنەوە، بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ئاخاوتن و نوسیندا بەکاردێن و چالاکن. ئەم جۆرە وشانە بە (ناوک)ی زمانی کوردی دادەنرێن و فەرهەنگی بنەڕەتیی زمانەکەمان پێکدەهێنن، تەمەنیان زیاترە و لە کاتی ئاخاوتن و نوسین بە بەردەوامی بەکاردەهێنرێن[٢]. ئەم وشانە جێگیر و چەسپاون، چونکە کەمتر توشی گۆڕانە زمانیەکان دەبنەوە و بە هەمان ڕوخسار و شێوەیان دەمێننەوە و بەمەش خودی زمانەکە لە لەناوچون دەپارێزن، وەکو وشەکانی (**دار، سەر، پیاو، یەک، بردن،...**). پاشان لە بەرهەمهێنانی وشەی نوێ بەشداریەکی کارا دەکەن، وەکو وشەکانی (**دڵدار، سەرۆک، پیاوەتی، یەکەمین، بردنەوە،...**). زاڵیی ئەم وشانەی زمان لە لای هەمو ئاخێوەرانی کۆمەڵگە

---

[١]. ئەورەحمانی حاجی مارف، (٢٠١٤) (ا)، ل ٣١٣؛ کوردستان موکریانی، (٢٠٢٢)، ل ١٩.

[٢]. عوسمان کەریم عەبدولڕەحیم، (٢٠١٤)، ل ٧.

دەردەکەوێ، چونکە واتا و شێوەیان ڕون و ئاشکرایە و بە ئاسانی دەناسرێنەوە. منداڵیش لە سەرەتاوە کە فێری نوسین دەبێ، هەر لەم وشانە دەستپێدەکا، چونکە زوتر و ئاسانتر لە وشە ناسادەکان دەنوسرێن، تەنانەت زۆر ئاسانتر دەکەونە سەر زار و گۆکردن، بۆ نمونە وشەکانی (**جوان، من، باش، بەیانی، مان، ئاو، بن، تا، کە، بۆ،...**) لە ڕوی شێوەوە سادەن و لەگەڵ سروشتی بیری کوردا ئاهەنگدارن.

### ٢-١-٢- پێوەری ڕێنوسی وشە سادەکان:

پێوەرە وشەسازیەکان، وەکو بنەمایەکی گرنگ لە ڕێنوس و دروستنوسیندا ڕەنگدەدەنەوە، چونکە ئەم پێوەرانە گرنگی بە بەکارهێنانی وشە و دانە فەرهەنگیەکان دەدەن، تایبەتمەندی و واتا و شێوەی نوسینیان دەردەخەن، واتە؛ ئەو ڕێکار و دەستورانەی لە مۆرفیم و وشەکاندا هەن دەبنە بناخە و بنەمای ڕێنوسی وشە و ئامرازەکان[١]. بە واتایەکی تر؛ لە ڕێنوسی کوردیدا پێوەرێک سەرهەڵدەدا یان کاردەکا، ئەویش بریتیە لە (**پێوەری وشە**)، چونکە لە ڕێنوسی کوردیدا هەمو وشەیەکی سەربەخۆ سادە یان ناسادە، دەبێ پێکەوە بنوسرێن و نێوان و بۆشایی لە نێوانیاندا نەبێ. کەواتە؛ وەکو پێوەرێکی وشەسازی، بەشی هەرە زۆری وشە سادەکان لە نوسزمانی کوردیدا، وشەی سەربەخۆ بن یان ئامرازەکان بن، هەمیشە بە بۆشایی لە وشەکانی تری ڕستە جیادەکرێنەوە، پێویستە سەربەخۆییان دەربکەوێ، چونکە لە گۆزماندا وشە سەربەخۆ و ئامرازەکان بە هۆی وەستان (Juncture)ە خێرا و بەردەوامەکان لە یەکتری دادەبڕێن، بەڵام لە نوسزماندا وشەکان وەکو یەکەیەکی ڕێنوسی، هەمیشە بە دانانی (بۆشایی) لە هەردو لای ڕاست و چەپیاندا لە وشەی تر جیادەکرێنەوە[٢]، بۆ نمونە، وشەی (**هاوین**) سەرجەم پیتەکانی پێکەوە بەبێ بۆشایی دەنوسرێ، نەک بە شێوەی (**ها_وین**) یان (**هاو_ین**)، هەروەها وشەی (**بەمە، لەمە**) بە هەمان شێوە بەبێ بۆشایی دەنوسرێن. لە ڕستەشدا بە هەمان پێوەر وشەکان جیادەکرێنەوە، بۆ نمونە:

**- من_و_کوڕەکە_دوێنێ_لە_ماڵەوە_بۆ_کڕینی_تەنیا_گوڵێکی_جوان_تا_هەولێر_ڕۆیشتین.**

---

[١]. هەوار عومەر فەقێ ئەمین، (٢٠١٩)، ل ٤٢٧.

[٢]. ڕەفیق شوانی، (٢٠١١)، ل ٣٠.

**- با_هەر_تەنیا_دو_خوێندکاری_زیرەک_ئاهەنگی_سەرکەوتن_بگێڕن.**

لە لایەکی ترەوە؛ ئەگەر وشە سادەکان گیرەکە ڕێزمانیەکان یان نوسەکەکان وەربگرن، هەمیشە لەگەڵ پاشگر و پێشگرەکانیان لێکدەدرێن و پاشانیش بەبێ بۆشایی پێکەوە دەنوسرێن، بۆ نمونە:

**- گوڵەکانمت شێواند. - ئەوان بۆ منیان نارد. - ئێمە لێتان دەکڕین.**

**- دەبێ بۆم بچێنن. - نوسینەکەتانم بە جوانی خوێندەوە.**

**- بە توندی گرتمی. - بە خۆی خۆی پەروەردەکرد.**

**- بەمەش خۆی لە بابەتەکە ڕزگارکرد.**

بەشێکی کەمی ئامرازەکان کە وەکو بەشەئاخاوتنی جیاواز هەژماردەکرێن، لە ڕێنوسدا سەربەخۆ و بە بۆشاییەوە نانوسرێن، بەڵکو دەلکێن بە وشەکانی پێشەوەی خۆیان، چونکە لە مۆرفیمسازیدا وەکو مۆرفیمی بەندی تەواو ناسراون، بۆ نمونە (**ئامرازی دانەپاڵ**) و (**پاشناو**)، کە هەمیشە بە وشەکانەوە دەلکێن، بۆ نمونە:

**- زمانی کوردی، شارەوانیی هەولێر، ڕێویی دەرەوە و شێری ژورەوە،...**

**- لە هەولێرڕا، لە ئەنجامدا، لە زمانی کوردیدا، بە ئازادیەوە، بە دڵسۆزیەوە،...**

**٢-١-٢-١- ئاریشەی وشەی نیشانە:**

وشەی نیشانە ئەگەر لەبری ناوێک یان شتێک بەکاربێ بە (**جێناوی نیشانە**) دەناسرێ[١]، بەڵام ئەگەر لەگەڵ (**ناو**)دا هات و دەستنیشانیکرد و لە گرێی ناویدا بوە دیارخەری، بە (**ئاوەڵناوی نیشانە**)[٢] ناودەبرێ. لە نوسزمانی کوردیدا جێناوی نیشانە بە هەمو شێوە جیاوازەکانیەوە، وەکو وشەیەکی سادە دەردەکەون، بۆیە پێکەوە و و بە یەکپارچەیی دەنوسرێن، بۆ نمونە: (**ئەمە، ئەوە، ئەمانە، ئەوانە، لەمە، لەوە، لەمانە، لەوانە، بەمە، بەمانە،...**). بەڵام ئاوەڵناوی نیشانە دەبێتە دو پارچە و پارچەیەکیان لە پێش ناو بە هۆی بۆشاییەوە جیادەکرێتەوە، واتە؛ بە ناوەکەوە نالکێنرێ، چونکە

---

[١]. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، (٢٠١٢)، ل ٦٦.

[٢]. لیژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زانیاری کورد، (٢٠١١)، ل ٧٦.

وشەی لێکدراو نیە، بەڵگو گرێیەک پێکدەهێنێ، هەرچی پارچەی دوەمە، بە دوای ناوەکەوە دەلکێنرێ، چونکە وەکو پاشگرێکی ڕێزمانی دەردەکەوێ، بۆ نمونە:

- **ئەم کوڕە زیرەکە. ئەم کوڕانە زیرەکن.**
- **ئەو پێنوسە بهێنە. ئەو پێنوسانە بهێنن.**
- **لەم وشەیە مەگەڕێ. لەم وشانە بگەڕێ.**
- **لەو بابەتە زۆر بخوێنەوە. لەو بابەتانە زۆر بخوێنەوە.**
- **بەم جۆرە گەیشتنە ڕێککەوتن. بەم شێوازانە گەیشتنە ڕێککەوتن.**
- **بەم پێیە، ئەم بۆچونە بەم شێوەیە ڕوندەکرێتەوە.**

وشەی نیشانەی (**ئەمە، ئەوە**) لە هەندێ باردا وەکو مۆرفیمێکی سەربەخۆ بەشداریدەکەن لە بەرهەمهێنانی وشەی لێکدراو، چونکە کورتدەبێتەوە و گۆڕانی دەنگی بەسەردادێ، بەمەش لە ڕێنوسدا لەگەڵ مۆرفیمەکانی تر لێکدەدرێن، پێکەوە بەبێ بۆشایی دەنوسرێن، بۆ نمونە:

- **ئەم شەوە ← ئەمشەو** - **ئەم ڕۆژە ← ئەمڕۆ**
- **ئەم ساڵە ← ئەمساڵ** - **ئەو ساتە ← ئەوسا**
- **ئەو جارە ← ئەوجا**

**٢-١-٢-٢- ئاریشەی جێناوی هەیی:**

جێناوی هەیی لە ڕوی واتاوە بۆ ڕاگەیاندنی (**خاوەنداریەتی**) بەکاردەهێنرێ، شێوەی سەرەکی وشەی (**هی**)یە، بەڵام بە پێی زارە جیاوازەکان شێوەکانی (**ئی، ئێ، یێ، یا، هین**)یش بەکاردەهێنرێن[١]، جێناوی هەیی وەکو وشەیەکی سەربەخۆ لە ڕێنوسدا دەردەکەوێ و بە جیا دەنوسرێ، هەروەها تێکەڵ بە وشەی تر ناکرێ، بە جۆرێک کاتێ دیارخەری دەخرێتە پاڵ، پێویستیی بە مۆرفیمی دانەپاڵی {**ی**} هەیە و بە شێوەی (**هی+ ی+ دیارخەر**) دەنوسرێ، بۆ نمونە:

- **پەرتوکی من مەخوێنەوە، هیی خۆت بخوێنەوە.**
- **یاریزانەکان زۆربەیان هاتون، بەڵام هیی تریش ماون بێن.**
- **هیی وا هەیە چاکە، هیی واش هەیە خراپە.**

---

[١] لیژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زانیاری کورد، (٢٠١١)، ل ٥٨.

**٢-١-٢-٣- ئاریشەی وشەی (هەر):**

وشەی (**هەر**) ڕێزمانێکی ئاڵۆزی هەیە، چونکە بە زاراوەی جیاواز و بەشەئاخاوتنی جیاواز هەژمارکراوە، لە هەندێ سەرچاوەدا لەتەک وشەکانی (**هەمو، گشت، تەواو،...**) بە (**جێناوی دیار**) ناوبراوە، چونکە لەبری کەسێکی دیار و ئاشکرا و زانراو بەکاردێ[١]، لە هەندێ توێژینەوەی تردا بە (**ئامرازی مەرج**) ناوبراوە[٢]، لە هەندێ سەرچاوەی تردا بە ئامرازی (**جەختکردنەوە/ دوپاتکردنەوە**) ناسێنراوە[٣]. لە نوسزماندا وشەی (**هەر**) بۆ هەر واتایەک بەکاربێ، پێویستە بە جیا و بە بۆشایی بنوسرێ و تێکەڵ بە وشەی تر نەکرێ، بۆ نمونە:

**- هەر هەموویان هاتن.** **- هەر سێ منداڵەکە یاریدەکەن.**

**- هەر کەسێکی تر دێ، با خۆی ئامادەبکا.** **- لەم پۆلەدا هەر تەنیا دو قوتابی زیرەکن.**

**- هەر دەخوا و تێر نابێ.** **- هەر هەشت جەنگاوەرەکە دلێرانە دەجەنگن.**

وشەی (**هەر**) ئەگەر لە بەرهەمهێنانی وشەی نوێ و ناسادە بەشداریکرد، واتە؛ لەناو پێکهاتەی وشەی ناسادەدا دەرکەوت، لەگەڵ مۆرفیمەکانی تری وشە ناسادەکە، بەبێ بۆشایی پێکەوە ڕێنوسدەکرێن، بۆ نمونە، وشەی (**هەردو**) لە بەرانبەر (**Both**)ی ئینگلیزی و (**هەریەک**) لە بەرانبەر (**Each**) و (هەرکات) بۆ (**Anytime**) و (هەردەم) بۆ (**Always**) بەکاردێ، بۆیە وشەیەکی نوێی بەرهەمهێناوە و لە فەرهەنگیشدا وەکو دانەیەکی سەربەخۆ دەنوسرێ، بۆیە لە ڕێنوسیشدا جیاناکرێتەوە، بە هەمان پێوەر لەم وشانەشدا دیارە:

**- هەروەها، هەرمان، هەروەکو، هەرچەندە، هەروەتر، هەرژین، هەرچی، ،...**

هەروەها وشەی (**هەرە**) لەگەڵ ئاوەڵناوی چەسپاودا، ئاوەڵناوی پلەی باڵا پێکدەهێنێ، لێرەشدا پێویستە بە تەنیا بنوسرێ، چونکە پێشگر نیە، بەڵکو وەکو وشەیەکی سەربەخۆ ڕەفتاردەکا و ئەرکی پاشگری {**-ترین**} دەبینێ، بۆ نمونە:

**- ڕێنوسێکی پێوەربەند کاری هەرە گرنگی زمانەوانانە.** **- دانا قوتابی هەرە زیرەکی پۆڵە.**

---

[١]. ئەورەحمانی حاجی مارف، (٢٠١٤) (ب) ل ٢٩٨.

[٢]. ڕەفیق شوانی، (٢٠١١)، ل ٥٦.

[٣]. حەمید ساڵح مەحەمەد، (٢٠١٧)، ل ٤٠.

**٢-١-٢-٤- ئاریشەی ئاوەڵناوی نادیار:**

لە نوسزمانی کوردیدا ئەو وشانەی کە نادیاریی ناوێک نیشاندەدەن، ئەم مۆرفیمانەن: (**تر، دی، دیکە، وا، وەها، ئاوا، ئەوها**)[1]، ئەم مۆرفیمانە ئەگەرچی واتایان بەندە، بەڵام بە پێی پێوەری وشە دەنوسرێن، بۆ نمونە:

- **وەکو پیاوێکی <u>تر</u> بژی.**
- **ئەرێ سێوەکەی <u>دیتان</u> خوارد؟**
- **تکایە! پێنوسێکی <u>دیکە</u> بەکاربهێنە.**
- **ساڵێکی <u>دی</u> لەشکرەکە دەگا.**
- **دیمەنی <u>وام</u> نەبینیوە.**
- **مرۆڤی <u>ئەوهام</u> نەناسیوە.**
- **کارێکی <u>ئاوا</u> نیە.**
- **بە شێوەیەکی <u>وا</u> هاواری دەکرد، دەتگوت شێرە.**

ئاوەڵناوی (**تر**) لە زمانی کوردیدا هاوبێژ (Homonyms)یەکی هەیە و وەکو پاشگری ئاوەڵناوی پلەی بەراود چالاکیی هەیە، ئەم جۆرە پاشگرە ڕێزمانیە {-**تر**} پێوستە بلکێنرێ بە ئاوەڵناوەکەوە، چونکە وشە نیە، بەڵکو پاشگرێکی ڕێزمانیە[2]، بۆ نمونە:

- **سەربەرز+ تر= سەربەرز<u>تر</u>**
- **تاڵ+ تر= تاڵ<u>تر</u>**
- **گشتگیر+ تر= گشتگیر<u>تر</u>**
- **ڕێزمانی+تر= ڕێزمانی<u>تر</u>**

**٢-١-٢-٥- ئاریشەی ژمارە:**

ژمارە سادەکان لە زمانی کوردیدا لە وشەیەکی واتاداری سەربەخۆ پێکدێن، لە نوسزماندا ژمارە سادەکان کە ڕێژە و بڕی کەرەسەکان پیشاندەدەن، لە گرێدا دەبنە دیارخەری ناو[3]، بۆیە لەگەڵ وشە ژمێردراوەکانیان بە بۆشایی جیادەکرێنەوە و پێکەوە نانوسرێن، چونکە لێرەدا وشەی لێکدراو دروستناکەن، بەڵکو گرێ دروستدەکەن، ژمارە سادەکان ئەمانەن:

- **سفر، نیوە، یەک، دو، سێ، چوار، پێنج، شەش، حەفت، هەشت، نۆ.**
- **دە، بیست، سی، چل، پەنجا، شەست، حەفتا، هەشتا، نەوەد، سەد.**
- **هەزار، ملیۆن، ملیار،...**

بۆ نمونە، لەم ڕستانەدا ژمارەکان لەگەڵ ژمێردراوەکانیان جیادەکرێنەوە، چونکە دەبن بە دیارخەر:

---

[1]. ئەورەحمانی حاجی مارف، (٢٠١٤) (پ)، ل ١٢٩.

[2]. ئەورەحمانی حاجی مارف، (١٩٨٦)، ل ١٣٥-١٣٦.

[3]. سابیر ژاکاو، (١٣٩٩) (ب)، ل ١٥٩.

**- سێ پیاوم بینی.   - سەد ساڵە ئێمە مافەکانمان زەوتکراوە.**

**- هەشت سەر مەڕی هەیە.   - نۆ ڕۆژان بە پێ ڕۆیشتن.**

**- ژمارەی پیاوەکان سی چل پیاو دەبون.**

**- پێویستە یەک جار یان دو جار پەرتوکەکە بخوێنیتەوە.**

**- خوێندکارەکان دەتوانن هەشت نۆ دە دێڕ بنوسن.**

**- زیاتر لە هەزار ساڵە لەسەر ئەم خاکە ماوینەتەوە.**

**- بە هۆی جەنگە جیهانیەکانەوە زیاتر لە پەنجا ملیۆن کەس کوژراون.**

**- بۆ دابەشکردنی موچە پێویستمان بە زیاتر لە یەک ملیار دینار هەیە.**

لە زمانی کوردیدا ژمارەکان لە بەرهەمهێنانی وشەی نوێ بەشداریدەکەن و بەشەئاخاوتنی جیاواز بەرهەمدەهێنن، بۆیە لەم بارەدا پێویستە پێکەوە بەبێ بۆشایی بنوسرێن، چونکە دەبنە بەشێک لە وشەیەکی داڕێژراو یان لێکدراو، بۆ نمونە:

**- سەدە، چلە، حەفتە، دودڵ، یەکڕو، سێگۆشە، شەشلا، چوارشانە، هەزارپێ، شەستپەڕ، چلچرا، چوارقوڕنە، یەکدەنگ،...**

ناوی ڕۆژەکانی هەفتە لە زمانی کوردیدا بە هۆی ژمارەکانەوە بەرهەمدێن، وەکو وشەیەکی فەرهەنگی و سەربەخۆ دەردەکەون، بۆیە پێوەربەندتر و دروستترە، ناوی ڕۆژەکان پێکەوە بنوسرێن و بە بۆشایی جیانەکرێنەوە، بۆ نمونە:

| ناوی ڕۆژەکانی هەفتە | |
|---|---|
| ڕێنوسی هەڵە | ڕێنوسی دروست |
| یەک_شەمە/ یەک_شەممە | یەکشەممە |
| دو_شەمە/ دو_شەممە | دوشەممە |
| سێ_شەمە/ سێ_شەممە | سێشەممە |
| چوار_شەمە/ چوار_شەممە | چوارشەممە |
| پێنج_شەمە/ پێنج_شەممە | پێنجشەممە |
| دو_بەیانی/ دو_سبەی | دوبەیانی/ دوسبەی |
| سێ_بەیانی | سێبەیانی/ سێزبەی |

خشتەی ژمارە (١٦): دروستەی ڕێنوسی پێوەربەندی ڕۆژەکانی هەفتە

به بۆچونی ئێمە وشەی (**شەممە**) بە دو (**مم**) و بە شێوەی (**شەممە**) و نەک بە یەک (**م**) و شێوەی (**شەمە**) بنوسرێ، هەرچەندە واتای وشەکە ناگۆڕێ، بەڵام بۆ ئەوەی یەکگرتویی لە ڕێنوسدا پەیدابێ، هەر بە شێوەی (**شەممە**) بنوسرێ، ئەمەش بە پشتبەستن بە گۆزمان، چونکە لە گۆکردندا زیاتر بە شێوەی (**شەممە**) گۆدەکرێ.

**٢-١-٢-٦- ئاریشەی ئامرازی پەیوەندی:**

ئامرازی پەیوەندی وەکو بەشێک لە بەشەکانی ئاخاوتن بە زاراوەی (پریپۆزیشن)[١] و (پێشناو، پێشبەند، بەرناو)[٢]یش ناسراوە. ئەم ئامرازە بۆ پیشاندانی پەیوەندیی نێوان کەرەسەکانی ڕستە، لە پێش وشەیەک دێ، ئەم وشەیەش بە زۆری بریتیە لە ناو و جێناو و چاوگ، بۆیە ئامرازی پەیوەندی لە ئاستی ڕستەسازیدا بەشداریدەکا لە پێکهێنانی گرێی بەند[٣]. شێوەکانی ئامرازی پەیوەندی، کە زۆر جار لە ڕێنوسدا ئاریشەدارن ئەمانەن: (**بە، لە، بۆ، وە، لێ، تێ، پێ، بێ، بەبێ**)، ئامرازە پەیوەندیەکان ئەگەرچی مۆرفیمی واتابەندن، بەڵام چونکە ڕوخساریان سەربەخۆیە، لە ڕێنوسدا وەکو وشەیەکی سەربەخۆ دەنوسرێن، بۆ نمونە:

**- ئەو گوڵێکی لە من دا.** **- ئەو گوڵێکی بە من دا.**

**- ئەو گوڵێکی وە من دا.** **- ئەو گوڵێکی بۆ من دا.**

**- چێشتەکە بێ تۆ ناخۆم.** **- کوڕەکە بەبێ منیش کاردەکا.**

**- ئەوان لێمان پەستن.** **- گوریسەکەی تێ بەست.** **- پێتان دەڵێین.**

ئامرازە پەیوەندیەکانی (**بە، لە، بۆ**) لە زۆر باردا بۆ مەبەست و واتای جیاواز، پاشکۆ یان پاشناو/ پۆستپۆزیشنێکیان لەگەڵ دەردەکەوێ، ئەم پاشناوانەش وەکو مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی و نوسەک دەردەکەون[٤]، بۆیە لە ڕێنوسدا بە وشە یان بە دوای گرێ بەندەکەوە دەلکێن و سەربەخۆ نانوسرێن، شێوەکانی پاشناویش ئەمانەن: (**ەوە/ ەو، دا، ڕا**)[٥]، بۆ نمونە:

---

[١]. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (٢٠١٤) (ا)، ل ٨٠.
[٢]. ئەمیر مەحەمەد مەحەمەدەمین، (٢٠١٦)، ل ٦٩.
[٣]. ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی، (٢٠١٣)، ل ٢٠.
[٤]. ئەمیر مەحەمەد مەحەمەدەمین، (٢٠١٦)، ل ٧٠.
[٥]. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (٢٠١٤) (ا)، ل ٦٣.

- **لە کوڕەکەت دەدەم.** - **لە کوڕەکەتەوە زۆر شت فێربوم.**

- **لە کوڕەکەدا زۆر ڕەوشتی جوان هەن.** - **بە کوڕەکەدا نامەکەت بۆ دەنێرم.**

- **تۆ بە کوڕەکەتەوە جوانی.** - **پێنوسەکەی بە مندا ناردەوە.**

- **لە زمانی کوردیدا دو پیتی بزوێن لە بڕگەیەکدا کۆنابنەوە.**

- **کارزان لە هەولێرڕا تا ئێرە بە پێ هاتوە.**

**٢-١-٢-٧- ئامرازی (نە- نە):**

ئامرازی (نە- نە) وەکو ئامرازی لێکدەری جوت[1] ناسراوە، چونکە دو ڕستەی سادە بە مەبەستی نەرێکردن و ناکردن[2] پێکەوە دەبەستێتەوە و سەرەتا و ناوەڕاستی ڕستەکان بەرانبەر ڕادەگرێ، واتە؛ ئەم ئامرازە بە هەمان شێوەی (یان/ یا- یان/یا، چ- چ، هەم- هەم) بەکاردێ. لە ڕێنوسدا ئەم ئامرازە بە پێوەری وشە و بە هۆی بۆشاییەوە دەنوسرێ، بۆ نمونە:

- **نە ساڵی دو بەهار، نە ژنی جوچکەدار، نە پیاوی گوێبەگوار.**

- **نە چاکەی هەیە، نە خراپە.**

- **چ ئەمڕۆ بێ و چ بەیانی، هەر سەردەکەوین.**

پێشگری ڕێزمانی {نە-} لەگەڵ کاردا بەکاردێ، مۆڕفیمێکی لکاو و دەبێ بلکێنرێ، چونکە دەبێتە (**نیشانە**)ی نەرێکردنی کار و مۆڕفیمێکی بەندی تەواوە، ئەم پێشگرەش لەگەڵ کاری ڕاگەیاندن/ هەواڵی و کاری خۆزگەیی/ دانانی (Subjunctive) دەردەکەوێ، واتە؛ لە کاری بنەڕەتی و داڕێژراو و لێکدراودا هەر دەلکێنرێ، بۆ نمونە:

- **پیاوەکە کارەکەی نەدەکرد و نانەکەشی نەدەخوارد.**

- **نەیخوێندوە و نەینوسیوە.**

- **ئەگەر دەرنەچوبا، سەرنەدەکەوت.**

- **نەمفرۆشت، چونکە ڕێکنەکەوتین.**

---

[1]. ڕەفیق شوانی، (٢٠١١)، ل ٥٤.

[2]. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠١٤) (ا)، ل ٦٧.

**٢-١-٢-٨- ئاریشەی ئامرازی بەستنی (و):**

لە توێژینەوەکاندا بە (ئامرازی پەیوەندی)[1] و (ئامرازی لێکدەر)[2]یش ناسراوە، بەڵام ئامرازی (و) دو وشە یان زیاتر و دو گرێ یان زیاتر پێکەوە دەبەستێتەوە، هەروەها دو ڕستەی سادە لە ڕستەی لێکدراو پێکەوە دەبەستێتەوە، بۆیە پێویستە ئەم ئامرازە بە پێوەری وشە و بە جیا بنوسرێ، نابێ بە مۆرفیم و وشەی ترەوە بلکێنرێ. واتە؛ لێرەدا ئەم ئامرازە جیاوازە لە مۆرفیمی بەندی وشەگۆڕی {و}، کە لە بەرهەمهێنانی وشەی نوێ بەشداریدەکا، وەکو ناوبەند و پاشگر دەردەکەوێ، بۆنمونە:

- **هەولێر و سلێمانی و دهۆک و کەرکوک چوار شاری کوردستانین.**
- **هەنارێکی گەورە و سور و ترشم بۆ بکڕە.**
- **ئەمڕۆ و بەیانی و دوسبەی کاردەکەین.**
- **مەسعود مەحەمەد زمانەوانێکی گەورە و بیرمەندێکی لێهاتو بو.**
- **نە بای دێ و نە باران.**
- **لە نێوان بێژەر و میوانەکەدا، کتوپڕ مشتومڕێکی ڕێکوپێک لەسەر هێنان و بردنی کەلوپەل و شتومەکە کشتوکاڵیەکان دروستبو.**

**٢-١-٢-٩- ئاریشەی ئامرازی دانەپاڵ (ی) و (ە):**

بە ئامرازی (خستنەسەر، خستنەپاڵ، ئیزافە)[3] و (ئامرازی بەستن)[4]یش ناسراوە، ئەم ئامرازە لە ئاستی گرێدا دو وشە دەخاتەپاڵ یەکتریەوە، واتە؛ دیارخەر و دیارخراوە پێکەوە دەبەستێتەوە، ئەم دو ئامرازە لە ڕێنوسدا وەکو مۆرفیمی بەندی تەواو دەردەکەون، هەمیشە دەلکێن بە مۆرفیم یان وشەی پێشەوەی خۆیانەوە و بە بۆشایی لە وشەی دوای خۆیان جیادەکرێنەوە، بەم شێوەیە:

١- ئامرازی (ی): ئامرازی (ی) بە گشتی بەو وشەیە دەلکێ کە دیارخراوە، بۆ نمونە:

- **هەرێمی کوردستان، ڕێنوسی کوردی، زاری کوردیی ناوەڕاست، بەرگریی شارستانیی هەولێر،...**

---

[1]. سابیر ژاکاو، (١٣٩٩) (ب)، ل ١٨٦.

[2]. عەبدوڵواحید موشیر دزەیی، (٢٠١٤)، ل ٧٥.

[3]. نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، (٢٠١٢)، ل ٢٩.

[4]. عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، (٢٠٢٣)، ل ٨٣؛ عەبدولواحید موشیر دزەیی، (٢٠١٤)، ل ٧٥.

ئەگەر وشەیەک بە پیتی بزوێنی <**ی**> کۆتایی هاتبو، ئامرازی (**ی**) لە دۆخی دانەپاڵ، واتە؛ لە گرێدا نابێ ونبکرێ یان فەرامۆشبکرێ، بەڵکو دەبێ بە پیتی <**ی**> بلکێنرێ، واتە بە شێوە دو یێ (**یی**) دەلکێن و دەنوسرێن: (**وشە+ یـ+ ی**)[1]، بە واتایەکی تر؛ بونی ئامرازی (**ی**) خورتیە، زیادەیەک یان برگە و ناوبڕێکی زیادکراو نیە، بەڵکو لە گۆزمانیشدا هەر بە دو (**یی**) گۆدەکرێ، چونکە زۆر جار نوسینی و نەنوسینی، دەبێتە هۆی جیاوازی و گۆڕینی واتا، یان لێڵی و تەمومژیی واتایی لێدەکەوێتەوە، بۆ نمونە:

– **منداڵی من باش نەبو:** کوڕی من باش نەبو

– **منداڵیی من باش نەبو:** سەردەمی منداڵیی من باش نەبو

– **هەولێری خۆشەویست:** شاری هەولێر

– **هەولێریی خۆشەویست:** کەسێکی هەولێری

– **زمانەوانی نوێ:** کەسێکی زمانەوان یان زمانناسێکی نوێ

– **زمانەوانیی نوێ:** زانستی زمانی نوێ

– **شارەوانی هەولێر:** مەبەست کەسەکەیە، ناوی بکەری (شارەوان)، واتە؛ سەرۆکی شارەوانی

– **شارەوانیی هەولێر:** مەبەست دامودەزگای شارەوانیە

کەواتە؛ بۆ ئەوەی پێوەربەندی پەیدابێ، دەبێ ئەم گرێیانەی خوارەوە بەم شێوەیە بنوسرێن:

| ڕێنوسی هەڵە | ڕێنوسی دروست |
|---|---|
| دەنگناسی کوردی | دەنگناسیی کوردی |
| ڕستەسازی کوردی | ڕستەسازیی کوردی |
| فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر | فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر |
| بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی | بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستیی سلێمانی |
| پەیوەندی نێوان، چۆنیەتی کارکردن | پەیوەندیی نێوان، چۆنیەتیی کارکردن |
| یاری منداڵان، کانی ماڵان | یاریی منداڵان، کانیی ماڵان |
| کەشناسی هەرێم، ڕۆشنبیری گەنجان | کەشناسیی هەرێم، ڕۆشنبیریی گەنجان |
| چالاکی زانستی، جیاوازی نێوان | چالاکیی زانستی، جیاوازیی نێوان |

خشتەی ژمارە (١٧): دروستەی ڕێنوسی ئامرازی دانەپاڵ لەگەڵ پیت/ پاشگری <ی>دا

[1]. چوار زمانناس، (٢٠١٣)، ل ١٩.

هەندێ وشە هەن، بە تایبەتی ناوە واتاییەکان، خۆیان لە بنەڕەتدا بە پاشگری {**-یی**} کۆتاییاندێ، کاتێ لە گرێدا ئامرازی (**دانەپاڵ**)یان بۆ زیاددەکرێ، دەبن بە سێ (**یێ**)، واتە؛ بە شێوەی (**ییی**)، بەڵام بە گۆڕانێکی دەنگسازی، یەکێک لە دەنگەکانی **[ی]** لەناودەچێ، بۆیە سێ (**ییی**) لەتەک یەکتری نانوسرێ، ئەمەش لەبەر پێنج هۆکار و بەڵگە:

١- بە پێوەری واتا، نوسینی سێ (**ییی**) بە هەمان پێوەری دو (**یی**) دروست نیە، چونکە کاریگەریی لەسەر واتا نابێ، واتە؛ بە هەردو شێوەکە، واتای هەمو گرێیەکانی زمان ناگۆڕێ و تێکناچێ.

٢- چونکە لە گۆزمانی کوردیدا هەرگیز دەنگێک سێ کەڕەت لە بڕگە و وشەیەکدا گۆناکرێ، چونکە گۆکردنی سێ دەنگی هەمان شێوە گران و قورسە، بەڵکو هەستپێنەکراوە.

٣- نوسینی سێ پیتی هەمان شێوە، ناباوە و سیمای نوسین تێکدەدا.

٤- کرداری نوسین و خوێندنەوە و کردەی فێرکردن و ڕاهاتنیش ئالۆزدەکا، بەڵکو سەر لە نوسەران و خوێنەرانیش دەشێوێنێ.

٥- لەبەرئەوەی دەنگی **[ی]** خۆی نیمچەبزوێنە، واتە؛ لەکاتی گۆکردندا نیمچەکراوەیە، دەشێ لە سێ دەنگی **[ییی]** یەکێکیان بسوێ، ئەمەش دیاردەیەکی زمانی و دەنگسازیی هەستپێکراوە، بۆ نمونە، لە کاری فەرماندا، لە سێ دەنگی **[ە]** تەنیا یەکێکیان دەمێنێتەوە و دەنوسرێ، بۆ نمونە وەک لە کاری (**بکەوە**)دا دیارە:

**- بکە: بزوێنی ڕەگ+ ە: بزوێنی م. کاتی ئێستا+ ەوە: بزوێنی پاشگری دوبارەبونەوە= بکەوە**

بەم پێوەرانەی سەرەوە، بە بۆچونی ئێمە نوسینی دو (**یی**) لە سێ (**ییی**) ئاسانتر و پەسندتر و دروستتر و پێوەربەندترە، ئەمەش بۆچونی بەشێکی زۆری توێژەرانە[١]، بۆ نمونە:

| ڕێنوسی هەڵە | ڕێنوسی دروست |
|---|---|
| کۆتاییی ڕێگاکە | کۆتایی ڕێگاکە |
| سەربەخۆییی کوردستان | سەربەخۆیی کوردستان |
| مامۆستاییی سەرکەتو | مامۆستایی سەرکەوتو |
| شنۆییی کوردپەروەر | شنۆیی کوردپەروەر |
| ئامادەییی دارەشەکران | ئامادەیی دارەشەکران |

خشتەی ژمارە (١٨): دروستەی ڕێنوسی پاشگری {-یی} لەگەڵ ئامرازی دانەپاڵی (ی)دا

[١]. باخان ئەحمەد مەحەمەد، (٢٠٢٠)، ل ٢٢٢؛ هەڵمەت بایز، (٢٠٢٠)، ل ١٣.

٢- ئامرازی (ە): ئامرازی دانەپاڵی (**ی**) بۆ (**ە**) دەگۆڕێ، ئەگەر ئاوەڵناوێک یان چەند ئاوەڵناوێک ببنە دیارخەری ناوێکی ناسراو[١]، بۆیە لە ڕێنوسدا بەو وشەوە دەلکێ کە دەبێتە دیارخراو و بە بۆشایی لە وشە دیارخەرەکان جیادەکرێتەوە، لێرەدا ئامرازی دانەپاڵی (**ە**) جیاوازە لە مۆرفیمی ناوبەندی وشەگۆڕی **{ە}**، کە لە نێوان دو مۆرفیم بۆ پێکهێنانی وشەیەکی نوێ، بەبێ بۆشایی دەردەکەوێ و وشەیەکی لێکدراو دروستدەکا نەک گرێ. بۆ نمونە:

**- ڕەشەبا توندە بەهێزەکە - گوڵەگەنمە پڕە بەرزەکان**

**- منداڵە جوانە زیرەکەکە - درەختە بەرزە بەبەرەکان**

**٢-١-٣- ئاریشەی وشە نا سادەکان:**

وشەی نا سادە ئەو وشانە دەگرێتەوە کە لە ڕۆنانیاندا بە لایەنی کەم دو مۆرفیم هەن[٢]، واتە؛ وشە نا سادەکان بە پێچەوانەی وشە سادەکان بەسەر مۆرفیمەکانیان دابەشدەبن. لە زمانی کوردیدا بناخە و بنجی دروستبون و بەرهەمهێنانی وشەی نا سادە، وشە سادەکانن کە بە مۆرفیمی سەربەخۆی تەواو دادەنرێن و سەر بە بەشەئاخاوتنی جیاوازن، یانیش ڕەگی کارەکانن، کە بە مۆرفیمی بەندی تەوەرەیی ناسراون[٣]، لە لایەکی ترەوە؛ پێشگر و پاشگر و ناوبەندەکان، کە هەڵگری وردە واتاکانن، ڕۆڵێکی گرنگ لە پێکهێنانی وشە نا سادەکان دەگێڕن، بۆ نمونە:

- **بەهێز**: مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ/ پێشگر (بە)+ مۆرفیمی سەربەخۆ/ ناو (هێز).
- **نوسەر**: مۆرفیمی بەندی تەورەیی (نوس)+ مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ/ پاشگر (ەر)
- **ناپاکی**: مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ/ پێشگر (نا)+ مۆرفیمی سەربەخۆ/ ئاوەڵناو (پاک)+ مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ/ پاشگر (ی)
- **ڕاستگۆ**: مۆرفیمی سەربەخۆ/ ئاوەڵناو (ڕاست)+ مۆرفیمی بەندی ڕەگ (گۆ).
- **گوڵاو**: مۆرفیمی سەربەخۆ/ ناو (گوڵ)+ مۆرفیمی سەربەخۆ/ ناو (ئاو).
- **داگرتن**: مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ/ پێشگر (دا)+ مۆرفیمی سەربەخۆ/ چاوگ (گرتن)
- **بوکەشوشە**: مۆرفیمی سەربەخۆ/ ناو (بوک)+ مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ/ ناوبەند (ە)+ مۆرفیمی سەربەخۆ (شوشە)


---

[١]. لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، (٢٠٢١) (ا)، ل ٨١.

[٢]. ئەورەحمانی حاجی مارف، (٢٠١٤) (ا)، ل ٣١٥.

[٣]. حاتەم ولیا مەحەمەد، (٢٠١٩)، ل ١٣٣.

بەم پێیە لەسەر بناخەی جۆر و ژمارەی مۆرفیمی وشە ناسادەکان، هەر لە کۆنەوە تا ئێستاش، توێژەران و زمانەوانان وشە ناسادەکانیان لە زمانی کوردیدا بۆ دو جۆر دابەشکردوە: ((وشەی دارِێژراو و وشەی لێکدراو))[١]، وەک لەم هێڵکاریەی خوارەوە پیشاندراوە:




هێڵکاریی ژمارە (٣): جۆرەکانی وشە لە ڕوی پێکهاتنەوە

**٢-١-٤-١- وشەی دارِێژراو:**

ئەو وشە ناسادەیەیە کە بە لایەنی کەمەوە لە مۆرفیمێکی ڕیشەیی لەگەڵ گیرەکێک پێکهاتوە، واتە؛ لە زمانی کوردیدا وشەی دارِێژراو لە وشەیەکی سادە یان ڕەگێکی بەند لەگەڵ پێشگرێک یان پاشگرێک یان لەگەڵ هەردوکیان پێکدێ[٢]. وشە دارِێژراوەکان سەر بە بەشەئاخاوتنی جیاوازن و بەبەرهەمیی لەناو بەشەکانی ئاخاوتن جیاوازە، بۆ نمونە بەبەرهەمیی ناوی دارِێژراو لە ئاوەڵناوی دارِێژراو و ئاوەڵکاری دارِێژراو زیاترە[٣]. بەڵام وشەی دارِێژراو سەر بە هەر پۆلێکی وشە بێ، لە ڕێنوس و دروستنوسینی زمانی کوردیدا بە پێوەری وشە و سەرجەم پارچە و مۆرفیمەکانی پێکەوە و بەسەر یەکەوە دەنوسرێ، بۆ نمونە لە ڕێنوسی ئەم وشە دارِێژراوانەدا:

**ا- ناوی دارِێژراو:** ئاسنگەر، نەخشەساز، کارەباچی، ڕۆژوەوان، کوردەواری، ڕستەسازی، پەرِتوکخانە، ڕاگرایەتی، نەخوێندەواری، نامیهرەبانی،...

[١]. ئەورِەحمانی حاجی مارف، (٢٠١٤) (ا)، ل ٣١٥؛ عەبدولواحید موشیر دزەیی، (٢٠١٤)، ل ٣٥.
[٢]. ئەورِەحمانی حاجی مارف، (٢٠١٤) (ا)، ل ٣١٥؛ شەهاب شێخ تەیب، (٢٠١٤)، ل ٧٨.
[٣]، نعمەت سابیر عوسمان، (٢٠١٥)، ل ٢٦.

**ب- ئاوەڵناوی داڕێژراو:** بێشەرم، نەساغ، ناپەسند، دەشتەکی، تاوانبار، ئاگادار، سورباو، گرینۆک، خوراو، فێڵباز،...

**پ- ئاوەلکاری داڕێژراو:** بێگومان، لەبن، لەتەک، لەناو، بەپەلە، بەهاران، شەوان، خواریێ، بێشەرمانە، زیرەکانە،...

**ت- چاوگی داڕێژراو:** هەڵکردن، ڕاکێشان، ڕاپەڕین، وەرگرتن، تێگەیشتن، لێچون، پێڕاهاتن، تێوەگلان، پێکگەیاندن، هەڵگرتنەوە،...

**٢-١-٤-٢- وشەی لێکدراو:**

ئەو وشەیەیە کە بەلایەنی کەمەوە لە دو مۆرفیمی سەربەخۆ یان ڕیشەیی پێکهاتوە، یان هەردو مۆرفیمەکە وشەی واتادارن، یان هەر چۆنێک بێ مۆرفیمی ڕوتن[١]، واتە؛ وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا دو بنج یان زیاتری تێدایە، لە زۆر باریشدا گیرەکەکان لەگەڵ ئەم بنجانە کۆدەبنەوە، ئەمەش بێگومان لە پێناو بەرهەمهێنان و دروستکردنی واتای نوێیە، ئەم وشە لێکدراوانەش سەر بە بەشەئاخاوتنی جیاوازن، وشە لێکدراوەکان بەراورد بە وشە داڕێژراوەکان بەبەرهەمتر و چالاکترن، هەروەها ژمارەیان زۆرترە. بەم پێیە لە ڕێنوسی زمانی کوردیدا وا پەسندتر و ئاسانترە کە هەمو پارچەکانی وشەیەکی لێکدراو، سەر بە هەر بەشێکی ئاخاوتن بن، پێکە و بە یەکپارچەیی و بەبێ بۆشایی بنوسرێن، وەک لە ڕێنوسی ئەم وشە لێکدراوانەدا دیارە:

**ا- ناوی لێکدراو:** سەیدسادق، مانگەشەو، کشتوکاڵ، دارەشەکران، ڕۆژنامەفرۆش، کەسنەزان، ڕەشماڵ، دوازدەگرێ، دارهەنار، جگەرخوێن، مارماسی، کاربەدەست، شاخوداخ،...

**ب- ئاوەڵناوی لێکدراو:** دڵسۆز، گەنمرەنگ، بالاچنار، قوربەسەر، جەرگسوتاو، باوکمردو، ئاشتیخواز، ئاژاوەگێڕ، دەستدرێژ، چاوپیس، بالابەرز، ئێسکسوک، خۆشباوەڕ، دەرونپاک، سوروسپی، چاکەکار، ژێردەست، زۆروەڕ،...

**پ- ئاوەڵکاری لێکدراو:** سەرانسەر، دەستاودەست، یەکاویەک، دەستبەجێ، سەرلەنوێ، سەراوژێر، جاروبار، سەرتاپا، یەکسەر، هەردەم،...

**ت- چاوگی لێکدراو:** دەستگرتن، ڕزگارکردن، سەرکەوتن، لەناوبردن، یەکگرتن، فێربون، وازهێنان، یارمەتیدان، سەرخستن، لەدەستچون، چاککردنەوە، دەستپێکردنەوە، یادکردنەوە،...

---

[١]. حاتەم ولیا مەحەمەد، (٢٠١٩)، ل ٩٧؛ کوردستان موکریانی، (٢٠٢٢)، ل ٢٠.

**٢-١-٥- پێوەری ڕێنوسی وشەی ناسادە:**

لە ڕێنوسی زمانی کوردیدا وشە داڕێژراو و لێکدراوەکان ئەگەرچی لە دو مۆرفیم یان زیاتریش پێکهاتبن، لە ڕێنوسدا بە (**پێوەری وشە**)، وەکو وشەیەکی واتاسەربەخۆ و فەرهەنگی پێکەوە لێکدەدرێن و پاشان مۆرفیمەکانیان بەبێ بۆشایی پێکەوە و بە یەکپارچەیی دەنوسرێن[١]، تەنانەت ئەگەر وشە ناسادەکان بە ڕوخسار و ڕواڵەت درێژیش بن، هەر پێکەوە دەنوسرێن، وەکو وشەکانی (**ئەگەرچی، هەتاوەکو، بەردەڵان، پێداچونەوە، دەستنیشانکردن، شەمشەمەکوێرە، دەستبەسەر، تازەپێگەیشتو، نیوەشەوێ،...**). لە ئاستی ڕستەسازیشدا ئەگەر مۆرفیمە ڕێزمانیەکان وەربگرن، مۆرفیمەکان بە وشە ناسادەکانەوە دەلکێن و پێکەوە دەنوسرێن، بۆ نمونە:

- **<u>پێداچونەوەکانتم</u> بینی.** - **<u>دەستنیشانکردنەکانت</u> زۆر باش بو.**
- **<u>شەمشەمەکوێرەکان</u> لە ڕوناکی دەترسن.** - **لە <u>بەردەڵانێک</u> لادەدەین.**
- **مرۆڤە <u>دەستبەسەرکراوەکان</u> خۆیان ئازاددەکەن.**

لە ڕوی دروستنوسین و کردارییەوە، وشە ناسادەکان بە پێوەری وشەی سەربەخۆ، واتە؛ پێکەوە لێکدان و پێکەوە نوسینیان بەبێ بۆشایی بنوسرێن، ئاسانتر و دروستتر و بێئاریشەترن، هەروەها چەند سودێکی گرنگ و چەند لایەنێکی ئاریشەداری ڕێنوسی کوردی چارەسەردەکا، بەم بەڵگە و پێوەرانەی خوارەوە:

**١- بە پێوەری وشەسازی:** زمانی کوردی لە ڕوی پۆلێنی وشەسازیانەی زمانەکانەوە، بە زمانێک لە نێوان زمانە نوساوەکان (Agglutinative Language) و زمانە تێکچڕژاوەکان (Incorporating Language) دادەنرێ[٢]، چونکە زۆربەی وشەکانی زمانی کوردی لەم دو جۆرە پۆلێنەدایە، واتە؛ لە ڕوی ڕۆنانەوە، وشە لە زمانی کوردیدا بریتیە لە: زنجیرەیەک مۆرفیم یان شێوەی یەک بە دوای یەک، ئەم زنجیرە شێوانەش دەکرێن بە پێوەر بۆ خستنەڕوی تایبەتمەندیەکانی هەر وشەیەک[٣]، هەروەها وشەکانی زمانی کوردی بەشی زۆریان درێژ و

---

[١]. چوار زماناس، (٢٠١٣)، ل ٢٠؛ ڕێنوسی کوردی بە پێی بڕیارەکانی کۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی کورد، (١٩٨٧)، ل ٢٥؛ لیژنەی زاراوە لە ئەکادیمیای کوردی، (٢٠١٠)، ل ٢٦.

[٢]. مەحەمەد مەعروف فەتاح، (٢٠١٠)، ل ٢٧؛ ڕەفیق شوانی، (٢٠١١)، ل ١١٢.

[٣]. حەیدەر حاجی خدر، (٢٠١٠)، ل ٢٣.

ناسادەن، هەندێ جاریش ئاڵۆز و تێکچڕژاون، سنوریان لەگەڵ سنوری ڕستە تێکەڵدەبێ[1]، بۆ نمونە (**دەیانگرێتەوە**) کە شێوەی تەنیا یەک وشەی هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا ڕستەیەکی تەواوە و لە (**حەوت**) مۆرفیمی جیاواز پێکهاتوە: (**دە+ یان+ گر+ ێ+ Ø+ ت+ ەوە**). لە لایەکی ترەوە؛ ئەو وشە ناسادانەی ناچنە سنوری ڕستەوە، ئەگەرچی مۆرفیمەکانیان چونەتەپاڵ یەکتر و پێکەوە نوساو و لکاون یان تێکەڵاوبون، بەڵام سنور و پێکهاتەیان تا ڕادەیەکی زۆر دیارە و دەتوانرێ لێکجیابکرێنەوە، چونکە هەر مۆرفیمێک سەرەڕای دیاردە دەنگیەکان شێوە و بیچمی تایبەتیی خۆی دەپارێزێ، بۆ نمونە وشەی داڕێژراوی (**ناشارستانی**) کە لە چوار مۆرفیم پێکهاتوە و سنوری مۆرفیمەکانی بە ئاسانی دەستنیشاندەکرێ (**نا+ شار+ ستان+ ی**). کەواتە؛ دەکرێ ئەم ماکەی زمانی کوردی وەکو بنەمایەکی ڕێنوس و دروستنوسین وەربگیرێ و پەیڕەوی لێ بکرێ.

ڕەگەکان لەم ماکە گرنگەی زمانی کوردیدا ڕۆڵێکی کارا دەبینن، چونکە مۆرفیمی بەندی تەورەیی و ڕیشەیین، واتە؛ ڕەگەکان خۆیان نوساو و لکاون، بە هەمان پێوەریش لە ڕێنوسدا لە وشە ناسادەکان جیاناکرێنەوە، بەڵکو دەبن بە (**بنکە**) بۆ بەرهەمهێنانی وشەی ناسادەی نوێ و بۆ پێکهێنانی بەشەئاخاوتنە جیاوازەکان، چالاکن و زۆر بەبەرهەمن، ئەگەرچی گیرەکەکان لە خۆیان کۆدەکەنەوە[2]، وەلێ ڕەگەکان پێکهاتە و سەربەخۆیی دەنگسازیی خۆیان دەپارێزن، بۆ نمونە وەکو ڕەگی (**بین**) لە وشەی ناسادەی (**بینەر، نابینا**) و ڕەگی (**گر**) لە وشەی ناسادەی (**ڕاگر، خۆگر**)دا. بۆ نمونە تەنیا ڕەگی (**نوس**) بەشداری لە بەرهەمهێنانی سەدان وشە دەکا و شیانی ئەوەشی هەیە وشەی نوێ بۆ واتا و بیرۆکە نوێیەکان دروستبکا، بۆ نمونە: (**نوسەر، پێنوس، تێنوس، نوسراو، دادنوس، چیرکۆنوس، ڕۆماننوس، شانۆنوس، نامەنوس، ڕۆژنامەنوس، ڕێزماننوس، فەرهەنگنوس، فەرهەنگنوسی، نوسزمان، پەڕنوس، سەرنوس، سەرنوسەر، دەستنوس، ڕێنوس، کۆنوس، ڕاستنوسی، دروستنوسی، هەڵەنوسی، خۆشنوس، خۆشنوسی،...**). ئەمەش دەشێ وەکو بنەمایەکی ڕێنوسی ڕەچاوبکرێ، واتە؛ سەرەڕای وشە ناسادەکان، ڕەگەکانیش شیانی ئەوەیان نیە لە پێکهاتەی وشە ناسادەکان جیابکرێنەوە، چونکە ڕێنوسەکە تێکدەدا یان ناباو دەرکەوێ، وەک لە

---

[1]. سەلام ناوخۆش، (٢٠٠٩)، ل ٧٠؛ محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر، (٢٠٠٦)، ل ٩٠.

[2]. ئەمیر محەمەد محەمەدەمین، (٢٠١٦)، ل ٣٤.

ڕێنوسی ئەم وشانەدا دیارە (**ڕاست_نوسی، فەرهەنگ_ناس، ڕۆژنامە_فرۆش، خۆ_گر، کەس_نەزان، هەڵ_گر، گۆرانی_بێژ، قورئان_خوێن،...**)

**٢- بە پێوەری ئابوریی زمان:** پێکەوە نوسین وزە و کات و شوێنێکی زۆر بۆ نوسەران و دەقەکان دەگەڕێنێتەوە، چونکە بە جیانوسینی کەرتەکانی وشە ناسادەکان، بەفیڕۆدانی شوێنی نوسینی لێدەکەوێتەوە، ئەمەش لە دەستنوسیندا پێویستی بە هەڵگرتن و دانانەوەی پێنوس هەیە، لە پیتچنینیشدا پێویستی بە داگرتنی دوگمەی بۆشایی (Space) هەیە، ئەمەش واتای ئەوەیە کە وزە و کاتێکی زۆر بەفیڕۆدەدا، بۆ نمونە لە نوسینی ئەم وشانەدا دیارە: (**پێ_دا_چونەوە، سەر_بە_خۆیی، دەست_پێ_کردن، نا_شار_ستانی، هەتا_وەکو، لەبەر_ئەوەی، قوڕ_بە_سەر، چاک_کردنەوە، گوڵە گەنم، چاو_لە_دەر، گوڵە_بە_ڕۆژە،...**).

**٣- بە پێوەری یەکگرتویی زمان:** ڕێنوسێکی پێوەربەند لە نێوان نوسەرانی زمان و دەزگاکانی چاپ و پەخشکردن دێتەدی، واتە؛ هەمو نوسەران ناچارن وشە ناسادە فەرهەنگیەکان پێکەوە بنوسن و چی تر سەلیقە و ئارەزوی نوسەران، نابێتە پێوەر بۆ کەرتکردنی مۆرفیمەکانی وشە ناسادەکان، بەڵکو ڕێنوسە پێوەربەندەکە دەبێتە گرێبەستێکی زمانەوانی و لە سەرجەم کایە جیاوازەکان بەکاردەهێنرێ. ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بۆ یەکگرتویی و چەسپاویی ڕێنوسی زمانی کوردی. بۆ نمونە ئەگەر تەنیا چاوگی (**جێبەجێکردن**) بە یەکپارچەیی نەنوسرێ، ئەوا چەندین شێوەی جیاوازیی نوسینی لێدەکەوێتەوە و بەمەش یەکگرتویی و پێوەربەندی دروستنابێ: (**جێ بە جێ کردن، جێبە جێکردن، جێ بەجێکردن، جێ بەجێ کردن، جێ بە جێکردن، جێبەجێ کردن)**

**٤- بە پێوەری خێرایی گواستنەوەی واتا:** پێکەوەنوسین، کردەی گەیاندنی واتا و بیرۆکەکان لە نوسەرەوە بۆ خوێنەر خێراتر و ئاسانتر و ڕونتر دەکا، چونکە دانانی ماوە یان بۆشایی لە نێوان کەرتەکانی وشە ناسادەکان، خۆی واتای وەستان و هەڵوەستەکردنە، واتە؛ لە خوێندنەوەی تەنیا وشەکانی (**پێ_ڕا_گەیشتن، قین_لە_دڵ**) خوێنەر پێویستی بە (**شەش**) ماوە یان هەڵوەستەی کورت هەیە، ئەمەش سەرەڕای کردەی نوسین، کردەی خوێندنەوەی پەیام و دەقیش گرانتر و ئاڵۆزتر دەکا، بە پێچەوانەشەوە پێکەوەنوسین، کرداری نوسین و خوێندنەوەش خێراتر دەکا، بەمەش واتا و بیرۆکەکان ڕونتر و ئاسانتر بە خوێنەر دەگەن. لە لایەکی ترەوە، پێکەوە نوسینی وشە ناسادەکان ئەوە بۆ خوێنەر دەردەخا، کە ئەم وشانە خۆیان واتای سەربەخۆیان هەیە، تەنانەت

ئەگەر وشە ناسادەکە وشەیەکی نامۆش بێ بە خوێنەر، هەر تێگەی ئەوەی هەیە، کە ئەم وشە ناسادەیە هەڵگری واتایەکی جیاواز و سەربەخۆیە، بۆ نمونە ڕێنوسی وشەی (**ڕەشماڵنشین**). بەڵام ئەگەر وشە ناسادەکان پێکەوە نەنوسرێن، خوێنەر ناچارە دوای وەستان، خۆی واتای کەرت یان مۆرفیمە جیاوازەکان کۆبکاتەوە، بێگومان ئەمەش کردەی خوێندنەوە و گەیاندن و تیگەیشتنی واتا و بیرۆکەکان گرانتر دەکا، بۆ نمونە لە نوسینی هەمان وشە (**ڕەش_ماڵ_نشین**).

**٢-١-٦- ئاریشەی ڕێنوسی ئامرازە ناسادەکان:**

لە زمانی کوردیدا بەشێک لە ئامرازەکان، ئەگەرچی ژمارەیان کەمە، بەڵام لە ڕوی پێکهاتنەوە ناسادەن، واتە؛ لە دو مۆرفیم یان زیاتر پێکهاتون، ئەم ئامرازانەش زیاتر لە ئاستی ڕستەسازیدا بۆ مەبەست و واتای جیاواز لەناو ڕستەی ناسادەدا بەکاردەهێنرێن، لە ڕێنوسدا ئەم ئامرازانە وەکو وشەی سەربەخۆ تەماشادەکرێن و دەردەکەون، بۆیە دروستترە بەبێ بۆشایی پێکەوە و بە پێوەری وشە بنوسرێن، چونکە سەرەڕای ئابوریی زمان، دانەیەکی فەرهەنگین و واتای جیاواز دەبەخشن، بۆ نمونە وەک لە دروستەی ڕێنوسی ئەم ئامرازانەدا دیارە:

- **تاوەکو، هەتاوەکو، لەبەرئەوەی، ئەگەرنا، بۆچی، نەوەکو، ئەگەرچی، هەرچەندە، بێجگە، لەوانەیە، هەروەکو، هەیهو، هەیهەی، بەهبەهـ ئادەی، بەبێ،...**

**٢- تەوەری دوەم: ئاریشەی گیرەکەکان:**

**٢-٢-١- گیرەکی وشەداڕێژ:**

بە (مۆرفیمی بەندی داڕشتن) و (مۆرفیمی بەندی فەرهەنگی)[١] و (مۆرفیمی وشەگۆڕ)[٢]یش ناسراون، ئەو مۆرفیمە بەندانەن کە بۆ بنکە و ڕەگی وشەیەک زیادەکرێن و وشەیەکی نوێ بەرهەمدەهێنن[٣]، ئەرکی سەرەکیی ئەم جۆرە گیرەکانە بریتیە لە بەخشینی چەمکێکی فەرهەنگی بە وشە داڕێژراو و لێکدراوەکان، چونکە ئەو زیادەیەن دەچنە سەر مۆرفیمە ڕیشەییەکان و گۆڕان لە شێوە و واتای وشەکان بەرپادەکەن. داڕشتن و بەرهەمهێنانی وشە لە زماندا چەندە دیاردەیەکی زمانیە، هێندەش دیاردەیەکی دەرونیە، چونکە هیچ زمانێک لە جیهاندا ناتوانێ، هەمو ئەو بیر و

[١]. مستەفا ڕەزا مستەفا، (٢٠٢١) (ب)، ل ٩.
[٢]. عەبدوللا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠٢٣)، ل ٦٣.
[3]. Trask R. L, (2007), P 177.

چەمکانەی لە دەوروبەری مرۆڤدا هەن، تەنیا بە هۆی وشە سادە و ڕەگەکانەوە، گوزارشتیان لێبکرێ و دەرببڕێن، لەبەرئەوەی بیرۆکە و زانین و زانیاریی مرۆڤ بێسنورە، کەرەسەی دەوڵەمەندترین زمانیش لە چاویدا کەمە، بۆیە ئاخێوەر یان مرۆڤ ناچارە بە هۆی چەند دەنگ و بڕگە و مۆرفیمێک، ژمارەیەکی زۆر لە بیر و چەمک و واتا بخاتە ژێر ڕەشماڵی دەنگەکانی وشەیەکی سازدراو و بەرهەمهێنراو[1].

لە زمانی کوردیدا گیرەکە وشەدارێژەکان بەراورد بە کۆمەڵەی گیرەکە ڕێزمانیەکان، فراوانتر و زیاتر و چالاکترن،[2] چونکە ئەرکە هەرە سەرەکیەکەی زمان بەڕێوەدەبەن، کە بریتیە لە بەرهەمهێنانی وشە بە ڕۆنان و واتای نوێ، ئەم وشە بەرهەمهێنراونەش، وەکو دانەیەکی فەرهەنگی و یەکەیەکی زمانی سەیردەکرێن، واتە؛ ئەم گیرەکانە خۆیان و وشەکانیش دەخزێننە ناو فەرهەنگی بنچینەیی زمانەوە[3]. ئەم ژمارە زۆرەی گیرەکە وشەدارێژەکان لە زمانی کوردیدا، بە ماک و تایبەتمەندیەکی گرنگ و دەوڵەمەندیی زمانەکە لێکدەدرێنەوە، چونکە هاوتەریب لەگەڵ گەشە و گۆڕان و پێشکەوتنی زمان، توانایەکی بەهێزیان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگدا هەیە.

گیرەکە وشەدارێژەکان لە زمانی کوردیدا، بە پێی جێکەوتەیان و چۆنیەتیی هاتنیان لەگەڵ بنکەکانیان، بۆ سێ جۆر دابەشکراون، واتە؛ مۆرفیمی ڕیشەیی یان بنکە، وەکو چەق (Center)ێک وایە و گیرەکەکانیش لەسەر ئەو بنەمایە پۆلێنکراون. بەم پێیە ئەگەر جێکەوتەی گیرەکەکە پێش بنکە بو، بە (**پێشگر**) ناودەبرێ، ئەگەریش دوای بنکە بو، بە (**پاشگر**) ناودەبرێ و ئەگەر لە نێوان دو مۆرفیمی ڕیشەیی یان بنکە دەرکەوت، بە (**ناوبەند**) دەناسرێ[4].

**٢-٢-٢- پێوەری ڕێنوسی گیرەکە وشەدارێژەکان:**

لە ڕێنوسی زمانی کوردیدا هەمو گیرەکەکان بە پێوەری (**بەندێتی/ بەندبون**) دەنوسرێن، واتە؛ دەلکێن و دەنوسێن بەو بنکە و ڕەگانەی، کە لەگەڵیاندا دەردەکەون، چونکە مۆرفیمی بەندی تەواون، واتە؛ هەم شێوە و هەم واتاشیان بەندە و ناتوانن سەربەخۆ دەربکەون، بە واتایەکی تر؛ وەکو وشە و ئامرازەکان دەرناکەون، بەم پێیەش هەمو گیرەکەکان بە ڕەهایی بە پێوەری (**وشە**)

[1]. حاتەم ولیا مەحەمەد، (٢٠١٩)، ل ٧٤- ٧٥.
[2]. ئومێد سەمەد ئەحمەد، (٢٠٢٢)، ل ١١.
[3]. ڕەفیق شوانی، (٢٠١١)، ل ٨٨.
[4]. عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠٢٣)، ل ٦٣- ٦٥؛ مستەفا ڕەزا مستەفا، (٢٠٢١) (ا)، ل ٢١.

نانوسرێن، بەڵکو لەگەڵ مۆرفیمەکانی وشە ناسادەکان لێکدەدرێن و پێکەوە دەنوسرێن، تەنانەت ئەگەر گیرەکە ڕێزمانیەکانیش وەربگرن، هەمیشە پێکەوە دەنوسرێن و دەلکێنرن، بۆ نمونە:

- **شەمشەمەکوێرە<u>کان</u> لە ڕوناکی دەترسن.**
- **<u>بێ</u>سەروبەریە<u>کانتانمان</u> هەستپێنەکردبو.**
- **<u>سەراوبنکردنی</u> ڕاستیە<u>کان</u> ڕاستیە<u>کان</u> ناگۆڕێ.**
- **<u>گوڵەگەنمە</u> کاڵەکان ببرژێنە.**
- **<u>بێهێزی</u> و <u>بێدەسەلاتیی</u> کوردەکان هەر کۆتاییدێ.**

گرنگترین لایەنە ئاریشەدارەکانی گیرەکەکان لە ڕێنوسی کوردیدا، دەتوانرێ لە دو خاڵدا کورتبکرێنەوە:

١- جیاکردنەوەی گیرەکەکان لە چوارچێوەی وشە ناسادەکان، واتە؛ دانانی بۆشایی لە نێوان گیرەکەکانی و مۆرفیمە ڕیشەییەکان، ئەمەش ڕێنوسی وشە ناسادەکان ئاڵۆزدەکا، لە لایەکی ترەوە؛ ئەگەرچی بە دانانی بۆشایی واتای زۆربەی وشەکان ناگۆڕێ، وەلێ وزە و کات و شوێنێکی زۆر لە نوسیندا بەفیڕۆدەدا و یەکگرتویی و پێوەربەندیی ڕێنوس لە نێوان وشە ناسادەکان تێکدەدا، بۆ نمونە، ئەم وشانەی خوارەوە ئەگەر گیرەکە وشە داڕێژەکان لە مۆرفیمە ڕیشەییەکان (وشەی سادە، ڕەگ)، جیابکرێتەوە، ڕێنوسەکە ناباو دەکا و وزەیەکی زۆری نوسینیش بەفیڕۆدەدا:

- **پێ_ڕا_گەیشتن، بێ_هێزی، داخ_لە_دل، کشت_و_کاڵ، بێ_سەر_و_بەر، هەڵ_ڕێشتن، خۆ_ڕاگری، سەر_تا_پا، کەس_نەزان، مێرگە_سور، فرۆکە_خانە، سەران_سەر، ڕێک_و_پێک، بێ_مێشک، نا_بەجێ، جار_و_بار، خورما_و_ڕۆن، سەرپەرشت <u>یار</u>، جێ_بە_جێ،...**

٢- لە ڕوی شێوە و ڕوخسارەوە، بەشێک لە گیرەکەکان شێوەیان لە کەرەسەکانی تری زمان دەچێ، واتە؛ لەگەڵ بەشێک لە ئامراز و وشەی سادە وێکچونیان هەیە، یان دەبن بە (**هاوبێژ**)، یانیش هەندێ کەرەسەی زمان لە هەردو ئاستی وشەسازی و ڕستەسازی بەرهەمدارن، ئەم وێکچونەش وا لە نوسەران دەکا، کە بەشێک لە گیرەکەکان بە پێوەری (**وشە**) بنوسن و لە وشە ناسادەکان دایانببڕن، واتە؛ لێرەدا ناڕونی و سەرلێشێواوی لە نوسین پەیدادەبێ، یان نازانرێ بە کام پێوەر ئەم کەرەسانە لێکجیابکرێنەوە، وەک جیاوازی نێوان ئەم کەرەسانە:

- **جیاوازی لە نێوان پێشگری {تێ- لێ- پێ-} لەگەڵ ئامرازی پەیوەندیی (تێ، لێ، پێ)**
- **جیاوازی لە نێوان پێشگری {بە- لە- بۆ-} لەگەڵ ئامرازی پەیوەندیی (بە، لە، بۆ)**
- **جیاوازی لە نێوان ناوبەندی {-و-} لەگەڵ ئامرازی بەستنەوەی (و)**

**- جیاوازی لە نێوان ناوبەندی {-ە-} لەگەڵ ئامرازی دانەپاڵی (ە)**
**- جیاوازی لە نێوان پێشگری {بێ-} لەگەڵ ئامرازی پەیوەندیی (بێ)**

### ٢-٢-٣- ئاریشەی پێشگرەکان:

زاراوەی پێشگر لە بەرانبەر زاراوەی (Prefix) بەکاردەهێنرێ، کە لە بنەڕەتدا لە وشەی (Praefixus)ی لاتینیەوە وەرگیراوە، وشەکەش لە (Prae) بە واتای (پێش، بەردەم) و لەگەڵ (Fixus) بە واتای (لکاو، نوساو، چەسپاو) پێکهاتوە[١]. کەواتە؛ پێشگر ئەو مۆرفیمە بەندەیە کە وەکو زیادەیەک لە پێشی وشە یان ڕەگێک دەردەکەوێ، ڕوخسار و ناوەرۆکی وشە دەگۆڕێ و وشەیەکی بەرهەمهێنراو دادەڕێژێ[٢]. ئەو پێشگرانەی لە ڕێنوسی کوردیدا ئاریشە دروستدەکەن، ئەمانەن:

**ا- ئاریشەی پێشگری {بێ-}:** ئەم پێشگرە وەکو گیرەکێکی وشەداڕێژ لە بەرهەمهێنانی ناو و ئاوەڵناوی ناسادە چالاکە، ئەم پێشگرە بۆ گەیاندنی چەمکی نەرێی فەرهەنگی و پیشاندانی واتای دژ و پێچەوانە، بە پێشی وشە و ڕەگەکانەوە دەلکێنرێ[٣]. کەواتە؛ پێشگری **{بێ-}** کاتێ بەشداریی لە دروستکردنی وشەیەکی نوێ دەکا، دەبێ بلکێنرێ بە بنکەی دوای خۆیەوە، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر بوە پێشبەند و گرێیەکی بەندی بەرهەمهێنا، بە جیا دەنوسرێ، بۆیە ئاریشەی ئەم پێشگرە ئەوەیە کە لەگەڵ ئامرازی (**بێ**)ی پەیوەندی هاوبێژە، بەڵام (**بێ**)ی پێشبەند کەرەسەیەکی ڕستەسازیە. بۆیە هەندێ جار لە ڕێنوسدا پێشگری **{بێ-}** بە پێوەری وشە دەنوسرێ، بەڵام **{بێ-}** ئەگەر لە ڕۆنانی وشەیەک بەشداریبکا، واتە؛ ئاوەڵناو یان ناوی واتایی بەرهەمهێنا، هەمیشە دەلکێنری و جیاناکرێتەوە، بۆ نمونە:

- **بێهێز، بێشەرم، بێدەسەڵات، بێسنور، بێسەروبەر، بێکەس، بێڕێز، بێبەخت، بێبن، بێڕو، بێهەست، بێهێزی، بێشەرمی، بێتوانایی، بێکاری، بێنوێژی،..**

لەم نمونانەی سەرەوەدا، وشەی (**هێز، سنور، ڕێز، ڕو**،...) وشەی سادەی سەربەخۆی فەرهەنگین، بە هەمان شێوەش، وشەی (**بێهێز، بێسنور، بێڕێز، بێڕو**) وشەی داڕێژراوی فەرهەنگین، بۆیە لە ڕێنوسدا، پێشگری **{بێ}** لە مۆرفیمەکانی دوای خۆی جیاناکرێتەوە و بە پێوەری

---

[١]. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (٢٠١٤) (ا)، ل ٨٢.
[٢]. مستەفا ڕەزا مستەفا، (٢٠٢١) (ا)، ل ٢٢.
[٣]. شیروان حوسێن خۆشناو، (٢٠١٦)، ل ١٨٢.

(**بەندێتی**)دەنوسرێ. بەڵام (**بێ**) یان (**بەبێ**) ئەگەر گرێیەکی بەندی دروستکرد، کە زیاتر ئەرکی تەواوکەری بەیاریدە دەبینێ، وەکو پێشبەندێک دەردەکەوێ و لە ڕێنوسدا جیادەکرێتەوە، بۆ نمونە:

**- ئەو کەسێکی بێدەسەڵاتە، بەڵام بێ کەس نیە.**

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا وشەی (**بێدەسەڵات**) پێکەوە نوسراوە، چونکە واتایەکی نوێ دەگوازێتەوە و وشەیەکی سەربەخۆیە، بەڵام (**بێ کەس**) وشە نیە، بەڵکو گرێیەکی بەندە، چونکە بە واتای ئاوەڵناوی (**بێکەس**) بەکارنەهاتوە. بە هەمان پێوەر ئەم گرێیانەی خوارەوە:

**- ئەوان <u>بێ</u> ئێمە ڕۆیشتن.**

**- منداڵەکە ماستەکە <u>بێ</u> نان دەخوا.**

**- مرۆڤ ناتوانێ <u>بێ</u> ئاو بژی.**

**ب- ئاریشەی پێشگری {بۆ-}:** پێشگرێکی ناچالاکە، چونکە بواری دوبارەبونەوەی زۆر کەمە و تەنیا لە ڕۆنانی هەندێ وشەدا دەردەکەوێ، بەڵام **{بۆ-}** ئەگەر وشەیەکی نوێ دابڕێژێ، پێویستە بلکێنرێ، چونکە دەبێتە مۆرفیمێکی بەندی تەواو، واتە؛ بە پێوەری وشە یان ئامراز نانوسرێ. لێرەدا پێشگری **{بۆ-}** لە ئامرازی پەیوەندی (**بۆ**) جیادەکرێتەوە، کە کەرەسەیەکی ڕستەسازیە و گرێیەکی بەند دروستدەکا، بۆ نمونە:

**- پێشگر: <u>بۆ</u>چون، <u>بۆ</u>گەن، بۆچی...**

**- ئامراز: من <u>بۆ</u> تۆ ناژیم، کورد <u>بۆ</u> سەربەخۆیی تێدەکۆشێ. بمرە <u>بۆ</u> ژیان، مەژی <u>بۆ</u> مردن.**

وشەی (**بۆ**) هەندێ جار دەبێتە وشەیەکی پرس و ڕستەی پرسیاری دروستدەکا، بۆیە وەکو وشەیەکی سەربەخۆ دەنوسرێ و نالکێنرێ، بۆ نمونە:

**- ئێوە <u>بۆ</u> چون بۆ دەرەوە؟ <u>بۆ</u> بە باشی کارناکەن؟ <u>بۆ</u> دەڕۆی؟ <u>بۆ</u> دانانیشی؟**

**پ- ئاریشەی پێشگری {پێ-}:** پێشگرێکی وشەداڕێژە و لە بەرهەمهێنان و ڕۆنانی وشەی نوێ بەشدارە، زیاتر لە دروستکردنی چاوگەکان دەردەکەوێ و چالاکە. ئەم پێشگرە لە ڕێنوسدا هەندێ جار لەگەڵ ئامرازی پەیوەندی (**پێ**) تێکەڵدەکرێ و بە جیا دەنوسرێ. ئەم پێشگرە لەگەڵ پێشگرەکانی {**لێ-، تێ-**} لە ڕوی چالاکیەوە، زیاتر لە بەرهەمهێنانی کار یان ناوی ڕوداو چالاکترن، چونکە ئەمانە پێشتر لە ئەنجامی کردەیەکی وشتەسازی (Morphosyntax)ەوە لە ڕستەسازیەوە هاتونەتەوە ناو فەرهەنگەوە، هەر بۆیەش ئەم چالاکیە ڕستەسازیەیان تێدا ماوە و وەکو گیرەکێکی

وشەدارێژ، لە دارشتنی چاوگ و کاردا بەشداریدەکەن[1]. واتە؛ کەرەسەیەکی ڕێزمانی یان ڕستەسازی بون، چونکە (**پێ**) شێوەی گۆڕاوی پێشبەندی (**بە**) یە، بەڵام بە پێی گەشە و گۆڕانی زمان، توشی وەرچەرخان بوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- **بە ئەو ڕاگەیشت.** (جێناوی سەربەخۆی (ئەو) بۆ جێناوی لکاوی (ی) دەگۆڕێ)
- **بە ی ڕاگەیشت.** (دەنگی [ب] بۆ دەنگی [پ] دەگۆڕێ)
- **پە+ی ڕاگەیشت.** (دەنگی [ێ] لە لێکدانی دو دەنگی [ە+ی] دروستدەبێ)
- **پێ ڕاگەیشت.** ( ئەو بە کەسی سێیەم یان شتێکی نائاشکرا ڕاگەیشت)[2]

کەواتە؛ ئەم کەرەسە زمانیە لە هەردو ئاستی وشەسازی و ڕستەسازی چالاکیی هەیە، پێشگری {پێ-} کاتێ دەبێ بە بەشێک لە وشە، هەمیشە بە پێوەری (**بەندێتی**) دەنوسرێ و دەلکێنرێ، بە تایبەتی لە دارشتنی چاوگدا، وەک ئەم نمونانەی خوارەوە:

- **پێگەیشتن، پێکەنین، پێدان، پێکردن، دەستپێکردن، پێچان، پێزانین، پێگرتن، پێبڕان، پێکەوتن، پێبون، پێگەیاندن، پێگەیشتو، پێدانەوە، پێویست، پێخەف، پێدەشت، پێگەیو، پێناسە، پێناو،...**

(**پێ**) ئەگەر بە هەمان بەکارهێنانی بنەڕەتی بوە ئامرازی پەیوەندی و گرێیەکی بەندی پێکهێنا، لە ڕوی دروستنوسینەوە جیابکرێتەوە دروستترە، چونکە گرێیە بەندەکە بە زۆری ئەرکی دەبێتە تەواوکەری بەیاریدە: بۆ نمونە:

- **منداڵەکە <u>پێمان</u> پێدەکەنی. ( منداڵەکە بە ئێمە پێدەکەنی)**
- **<u>پێت</u> دەڵێم بە باشی کاربکە. ( من بە تۆ دەڵێم)**
- **پارەیان <u>پێ</u> نەماوە. (پارە بە ئەوان نەماوە)**

**ت- ئاریشەی پێشگری {تێ-}:** پێشگرێکی وشەدارێژە و لە بەرهەمهێنانی وشەی نسادە بەشداریدەکا، بە تایبەتی لە ڕۆنانی چاوگی ناسادە بەبەرهەمە، ئەم پێشگرەش شێوەی گۆڕاوی ئامرازی (دە)ی پەیوەندیە، بەم وەرچەرخانە:

- **خۆ دە ئەو هەڵقورتاند.** (جێناوی سەربەخۆی (ئەو) بۆ جێناوی لکاوی (ی) دەگۆڕێ)
- **خۆی دە+ی هەڵقورتاند.** (دەنگی [ە+ی] بۆ دەنگی [ێ] دەگۆڕێ)
- **خۆی دێ هەڵقورتاند.** ( دەنگی [د] بۆ دەنگی [ت] دەگۆڕێ)

---

[1]. مستەفا ڕەزا مستەفا، (٢٠٢١) (ب)، ل ٢٠٠.

[2]. بڕوانە: عەبدوللا حوسێن ڕەسول، (٢٠١٤) (ب)، ل١٤٦- ١٤٨.

- **خۆی تێ هەڵقورتاند.** (خۆی لە توخمی سێیەمی تاک یان شتێکی نەناسراو هەڵقورتاند)[1]

کەواتە؛ (**تێ**) ئەگەر چاوگێکی داڕێژراوی بەرهەمهێنا، لە ڕێنوسدا بە هەمان پێوەری گیرەکی {**پێ**-} لە وشە بەرهەمێنراوەکەدا جیاناکرێتەوە و بەڵکو دەلکێنرێ، وەک ئەم نمونانەی خوارەوە:

- **تێچون، تێبڕین، تێبردن، تێبەردان، تێبەستن، تێگەیشتن، تێکردن، تێگرتن، تێگەیاندن، تێهەڵدان، تێهەڵکێشان، تێگەیشتو، تێبینەر، تێنوس، تێڕامان، تێخستن،...**

ئامرازی پەیوەندی (**تێ**) وەکو وشەیەکی سەربەخۆ دەنوسرێ و پێشگر نیە، ئەم ئامرازەش زۆر جار لە شێوەی درکە دەردەکەوێ، بۆ نمونە:

- **خۆی تێ هەڵقورتاند. سەری تێدا سپی کردوە، دەستی تێ سور بوە.**

**ج- ئاریشەی پێشگری {لێ-}:** لە بەرهەمهێنانی چاوگی ناسادە بەبەرهەمە و لە ڕێنوسدا دەبێتە بەشێک لە وشە بەرهەمێنراوەکە، بۆیە بە بۆشایی جیاناکرێتەوە. هەندێ جار توشی وێکچون دەبێ لەگەڵ ئامرازی پەیوەندی (**لێ**)، کە شێوەی گۆڕاوی (**لە**)یە، بەم وەرچەرخانە پەیدابوە:

- **لە ئەوم بردەوە.** (جێناوی سەربەخۆی (ئەو) بۆ جێناوی لکاوی (ی) دەگۆڕێ)

↓

- **لە+ی م بردەوە.** (دەنگی [ە+ی] بۆ دەنگی [ێ] دەگۆڕێ)

↓

- **لێم بردەوە.** ( لە کەسی سێیەمی تاکم بردەوە)

↓

- **لێبردنەوە** (لە توخمی کەسی سێیەمی تاک یان شتێک بردنەوە)

کەواتە؛ (**لێ**) ئەگەر وشەیەکی نوێی بەرهەمهێنا، پێویستە پێکەوە بنوسرێن، بە تایبەتی لە ڕێنوسی چاوگەکاندا، بۆ نمونە:

- **لێنان، لێدان، لێخۆشبون، لێکردنەوە، لێزانین، لێچو، لێقەوماو، لێهاتو، لێبوردە، لێکۆڵینەوە،...**

(**لێ**) وەکو ئامرازی پەیوەندی بەکارهات، پێویستە بە پێوەری وشە و بە جیا بنوسرێ، بۆ نمونە:

- **پێنوسەکەی لێ شکاندم، خۆی لێ دەدزێتەوە. دەستی لێیان هەڵنەدەگرت.**

**چ- ئاریشەی پێشگری {بە}:** پێشگرێکی وشەداڕێژە و توانایەکی باشی هەیە لە داڕشتنی ئاوەڵناوی ناسادەدا، چونکە دەچێتە سەر ناوی سادە، دەیکاتە ئاوەڵناوی داڕێژراو، لە ڕوی واتاسازیەوە، واتای ئەرێنی و بونی شتێکی باش لە کەس یان شتدا دەگەیەنێ، تا ڕادەیەکی زۆر بەرانبەر

[1]. بڕوانە: عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، (٢٠١٤) (ب)، ل١٤٦- ١٤٨.

پێشگری **{بێ-}** دەوەستێ[1]. ئەم پێشگرە لەگەڵ ئامرازی پەیوەندیی (**بە**) هاوبێژە، بەڵام ئامرازی پەیوەندی بە وشەی دوای خۆی نالکێنرێ، چونکە لە ڕۆنانی ئاوەڵناو بەشدارییناکا، بەڵکو کەرەسەیەکی ڕستەسازیە، واتە؛ گرێیەکی بەند پێکدەهێنێ و پەیوەندی ڕێزمانیی نێوان وشەکان دەردەبڕێ، بۆیە (**بە**) وەکو ئامرازی پەیوەندی، بە پێوەری وشە دەنوسرێ و سەربەخۆییەکەی لە ڕێنوسدا دەردەکەوێ، بۆ نمونە لە ڕێنوسی ئەم وشە و ڕستانەدا دیارخراوە:

- پێشگر: **بەهێز، بەکار، بەڕێز، بەتوانا، بەناز، بەڕەوشت، بەویژدان، بەجەرگ، بەکەڵک، بەسود، بەبەرهەم، بەبەر، بەتاو، بەپەلە، بەدەموپل، بەمێشک، بەهۆش، بەوەفا، بەبڕشت، بەدەسەڵات، بەجێ، بەپیت، بەسەر، بەسەربردن،....**

- ئامراز: **تیپەکە __بە__ __بە__هێزی گەڕانەوە. مرۆڤی __بە__ویژدان __بە__ دڵسۆزیە__وە__ قسەدەکا. ئەم دارە __بە__بەر و __بە__سودە، بۆیە دەبێ __بە__ باشی ئاوبدرێ. مامۆستا __بە__توانا و __بە__تەمەنەکە __بە__ جوانی جلی کوردی دەپۆشی.**

- **نازدار بەنازە** (بەناز: ئاوەڵناوە و وشەیەکی سەربەخۆیە، پێکەوە دەنوسرێ)
- **نازدار بە ناز قسەدەکا.** (بە_ناز: گرێی بەندە، وشەیەکی سەربەخۆ نیە، پێکەوە نانوسرێ)
- **مرۆڤی بەدەسەڵات و بەهێز، نابێ بە دەسەڵات و بە هێزەکەی ستەمبکا.** (بەدەسەڵات، بەهێز: وشەیەکی سەربەخۆن و (بە) پێشگرە، بەڵام بە_دەسەڵات، و بە_هێز، گرێی بەندن، ڕۆڵی ئاوەڵکار/ ئاوەڵگوزارەیان هەیە، واتە؛ (بە) پێشبەندە و جیادەکرێتەوە)

**ح- ئاریشەی پێشگری {لە-}:** ئەم پێشگرە لە ڕۆنانی هەندێ وشەی زمانی کوردیدا بەشدارە، بە تایبەتی لە دروستکردنی ئاوەڵکاری داڕێژراودا[2]، بۆیە وەکو هەمو پێشگرەکانی تر بە مۆرفیمی دوای خۆیەوە دەلکێنرێ، واتە؛ لەگەڵ ئامرازی پەیوەندیی (لە) جیادەکرێتەوە. بۆ نمونە:

- پێشگر: **__لە__بن، __لە__تەک، __لە__کن، __لە__پێش، __لە__وێ، __لە__بەر، __لە__سەرەخۆ، __لە__بیرکراو، __لە__پڕ، __لە__ناکاو، __لە__تاو، __لە__خۆڕا، __لە__سەر، __لە__دەستدان، __لە__ناوچون، __لە__خۆچون، __لە__بیرکردن، __لە__سێدارەدان،...**

- ئامراز: **ئەو __لە__ من دەپرسێ. __لە__ ئاسماندا ئەستێرەم دیوە. کارەکە __لە__ کاتی خۆیدا تەواوبکە.**

---

[1]. ئەورەحمانی حاجی مارف، (٢٠١٤) (پ)، ل ١٤١؛ مستەفا ڕەزا مستەفا، (٢٠٢١) (ب)، ل ١٨٧.
[2]. ئەورەحمانی حاجی مارف، (٢٠١٤) (ت)، ل ١٤٠-١٤١.

**خ- ئاریشەی پێشگرە لێکدراوەکان:** بە پێشگری (ناسادە)ش ناسراون[1]، ئەو پێشگرانەن کە لە ئەنجامی تێکەڵبونی دو مۆرفیمی بەندی وشەدارێژ دروستبون، ئەم پێشگرانە تەنیا پۆلی چاوگی دارێژراو بەرهەمدەهێنن، لە ڕێنوسدا پێکەوە و بەبێ بۆشایی لێکدەدرێن و دەنوسرێن، بۆ نمونە:

- پێ+ دا: **پێدادان، پێداچون، پێداهاتن، پێدابردن، پێداڕشتن،...**
- تێ+ دا: **تێداچون، تێداکردن، تێدابون،...**
- پێ+ وە: **پێوەکردن، پێوەنان، پێوەکردن،...**
- تێ+ وە: **تێوەگلان، تێوەردان، تێوەرگرتن،...**
- پێ+ ڕا: **پێڕاهاتن، پێڕاهاتن، پێڕاگەیاندن،...**
- تێ+ ڕا: **تێڕامان، تێڕاکردن، تێڕاچون،...**
- لێ+ ڕا: **لێڕاهاتن، لێڕامان،...**
- پێ+ ک: **پێکهێنان، پێکهاتن، پێکگرتن، پێکهاتنەوە،...**
- تێ+ ک: **تێکچون، تێکدان، تێکشکان، تێکگرتن،...**
- لێ+ ک: **لێکدان، لێکبون، لێکردنەوە،...**
- وێ+ ک: **وێکچون، وێککەوتن،...**
- ڕێ+ ک: **ڕێککەوتن، ڕێکخستن،...**

## ٢-٢-٤- ئاریشەی ناوبەندەکان:

ناوبەند[2] وەکو مۆرفیمێکی بەندی وشەدارێژ، بە زاراوەی (ناوەندگیر)[3] و (ئامرازی لێکدەر)[4]یش ناسراوە، بەڵام لە زمانەوانیی کوردیدا ناوبەند لە بەرانبەر زاراوەی (Interfix) بەکاردەهێنرێ[5]. بەم پێیە ناوبەند ئەو مۆرفیمە بەندە وشەدارێژەیە، کە لە نێوان دو وشەی سادەی سەربەخۆ دەردەکەوێ، وەکو مۆرفیمی {-ە-} لە وشەی (**دارەتو**)، یانیش وشەیەکی سادە و مۆرفیمێکی ڕەگ

---

[1]. سروە جەعفەر مەحەمەدئەمین، (٢٠٢٣)، ل ٥١؛ باخان ئەحمەد مەحەمەد، (٢٠٢٠)، ل ١٦٥.

[2]. زاراوەی (ناوبەند) لە بەرانبەر زاراوەی (Interfix) بەکاردەهێنرێ، بەڵام زاراوەی (ناوگر) بەرانبەر زاراوەی (Infix) بەکاردێ، کە ئەو مۆرفیمانەن دەتوانن ڕەگی کار بسمن، بۆ نمونە مۆرفیمی کاتی داهاتو (ێ): ناردم دەنێرم. هەرچی زاراوەی (ناوبڕ)یشە، لە بەرانبەر زاراوەی (Inphonic) بەکاردێ، ئەو مۆرفیمە بە زۆری دەبێتە ناوبڕ لە نێوان دو دەنگی بزوێن، بۆ نمونە: هاتومەتەوە، بکەرەوە، دۆیەکە، دەچێتەوە، برایان.

[3]. ڕەفیق شوانی، (٢٠١١)، ل ٧٧.

[4]. لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، (٢٠٢٠) (ا)، ل ٣٥.

[5]. فازل عومەر، (٢٠٠٥)، ل ١٠.

پێکەوە گرێدەدا، وەکو مۆرفیمی **{-نە-}** لە وشەی (**کەسنەزان**)دا. جیاوازیی بنەڕەتیی ئەم مۆرفیمە لەگەڵ پێشگر و پاشگرەکان ئەوەیە، کە ناوبەند لە ڕوی جێکەوتەی دەرکەوتنیەوە، ئەرکی ناوەندیی لە نێوان دو بنکەدا دەبینێ. ئەم جۆرە مۆرفیمە لە دروستکردن و بەرهەمهێنانی وشەی لێکدراو زۆر چالاک و بەرهەمدارە، چونکە دەرکردە و بەرهەمی ئەم جۆرە مۆرفیمە، فەرهەنگی و ڕۆنانی وشەیە، نەک ڕێزمانی[١]، بۆیە وەکو ئامراز ناناسرێ و نانوسرێ، هەر بەم پێوەرەش لە ئامرازی خستنەپاڵی (**ە، ی**) و ئامرازی بەستنەوەی (**و**) جیادەکرێنەوە. ڕێژە و ژمارەی ناوبەندەکان بەراورد بە پێشگر و پاشگرەکان کەمە، بەڵکو ژمارەیان سنوردارە. دیارترین و باوترین ئاریشەی ناوبەندەکان لە ڕێنوسی کوردیدا، ئەمانەن:

**ا- ناوبەندی {-و-}:** لە ناوبەندە هەرە بەبەرهەم و چالاکەکانە، چونکە لە ڕۆنانی بەشێکی زۆری وشەی لێکدراو بەشداریدەکا، چەمک و واتایەکی نوێ لە لێکدانی وشە و مۆرفیمەکاندا بەرهەمدەهێنێ و دەیانکاتە وشەی فەرهەنگی. هەر بەم پێوەرەش لە ئامرازی بەستنەوەی (و) جیادەکرێتەوە، کە زۆر جار دو وشە یان گرێ و ڕستە بە یەکەوە دەبەستێتەوە. واتە؛ مۆرفیمی {-و-} کاتێ دەبێتە ناوبەند کە وشەیەکی نوێ و واتایەکی نوێ بەرهەمبهێنێ، بە واتایەکی تر؛ لێکدانەکە کردە و بەرهەمێکی وشەسازی و فەرهەنگیە، نەک ڕێزمانی، بۆ نمونە:

**- هێلکەو<u>ڕۆن</u>، خورماو<u>ڕۆن</u>، هاتو<u>چۆ</u>، کشتو<u>کاڵ</u>، ڕێکو<u>پێک</u>، سەروبەر، ڕانکوچۆخەڵ، دەنگوباس، گڕوتین، گفتوگۆ، قسەوباس، کەلوپەل، ئەلفوبێ، وتووێژ، هێڕوهوڕ، کۆتوبەند، ئالوگۆڕ، توندوتیژ، گژوگیا، خڕوپڕ، داروبار، دەرگاوبان، دەستوبرد، نەرمونۆڵ، ساردوسڕ، گورجوگۆڵ، فڕوفێڵ، لقوپۆپ، دەرگاوبان، ڕێگاوبان، جاروبار، بیروڕا، سەروپێ، پڕوپوچ، لەشولار، درۆودەلەسە، لەڕولاواز، زۆروزەوەند، ڕەشوڕوت، دابونەریت، پەرشوبڵاو، شلومل، نەرمونیان، هەڵسوکەوت، شەشوبێش، گەشتوگوزار،...**

بە پێچەوانەی ناوبەندی {-و-}، ئامرازی بەستنەوەی (**و**) لە ڕێنوسی کوردیدا، هەرگیز نالکێنرێ بە پێش و دواوەی وشەکان، چونکە تەنیا دو وشە یان دو گرێی ناویی سادەی ناوک، پێکەوە دەبەستێتەوە و لە بەرهەمهێنانی وشەی لێکدراودا بەشداریناکا، بۆ نمونە:

- **سەروپێ:** وشەیەکی لێکدراوە، جۆرێکە لە خواردن، (کابانەکە <u>سەروپێ</u> ئامادەدەکا)

- **سەر و پێ:** گرێیە، دو ئەندامی لەشن، (منداڵەکە <u>سەر</u> <u>و</u> <u>پێی</u> شکاوە)

---

[١]. مستەفا ڕەزا مستەفا، ٢٠٢١ (ب)، ل ١٦.

بەم پێوەرە ئامرازی بەستنەوەی (و) بەرهەمەکەی دانەیەکی ڕێزمانی و ڕستەسازیە، بۆیە ئەو وشانەی پێکەوە دەبەسترێنەوە، لە ڕێنوسدا بە سەربەخۆ دەنوسرێن و پێکەوە نالکێنرێن، هەرچەندە بەشێک لەم وشانە پەیوەندیی واتایی یان هاوڕێیەتی لە نێوانیاندا هەبێ، یانیش زۆر پێکەوە بێن و دوبارەببنەوە، هەر بە بۆشاییەوە دەنوسرێن، بۆ نمونە:

**– خوشک و برا، باوک و کوڕ، تاریک و ڕون، هاتن و چون، مانگ و ڕۆژ، دڵ و دەرون، دەشت و چیا، ، سارد و گەرم، بەرد و دار، سەرما و گەرما، چاک و خراپ، ، جەرگ و هەناو، گەل و هۆز، بەفر و باران، تاڵ و شیرین، چەپ و ڕاست، باکور و باشور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا،...**

ب– **ناوبەندی (–ە–):** ناوبەندێکی چالاک و بەبەرهەمە، چونکە ڕۆڵێکی بەرچاو و فراوان لە بەرهەمهێنانی وشەی لێکدراودا دەگێڕێ، ئەو وشانەی بە هۆی ئەم ناوبەندەوە دروستدەبن، واتا و چەمکێکی زۆر ڕون و ئاشکرا دەبەخشن، چونکە پێدەچێ ئەم وشانە لە بنەڕەتدا گرێ بوبن و لەگەڵ گەشە و گۆڕانی زماندا، ئامرازی خستەپاڵی (ی) گۆڕابێ بۆ ناوبەندی {–ە–}، بەمەش گرێیەکە گۆڕابێ بۆ وشەی لێکدراو، واتە؛ پارچەکانی ئەم وشە لێکدراوانە، پەیوەندی دیارخەر و دیارخراو لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام ئەم ماکە لە ناوبەندی (و) بەدیناکرێ[1]، بۆ نمونە:

**– پیازی تەڕ ← تەڕەپیاز**

**– داری تو ← دارەتو**

**– جەرگی زەوی ← جەرگەزەوی**[2]

**– سواری شۆڕ ← شۆڕەسوار**

کەواتە؛ ئەم جۆرە وشە لێکدراوانە بە وەرچەرخانی یاسای گرێی ناوی (ناو+ ی+ ناو/ ئاوەڵناو) بۆ یاسای (ناو/ ئاوەڵناو+ە + ناو) دروستدەبن. لە ڕێنوسی زمانی کوردیدا، سەرجەم ئەو وشانەی بە هۆی ئەم ناوبەندەوە بەرهەمدێن، پێکەوە بەسەر یەکەوە دەنوسرێن یان لێکدەدرێن، چونکە دەبنە وشەی سەربەخۆ و فەرهەنگی، بۆ نمونە:

**– گێلەپیاو، مانگەشەو، شیوەسور، نانەڕەق، شۆڕەسوار، شێرەژن، کۆنەفرۆش، شینەشاهۆ، دورەپەرێز، دورەدەست، بەرزەفڕ، بەردەنوێژ، نێرەکەو، گیسکەمێ، بەرخەنێرە، شیرەخۆر، سەرەخۆر، بنەبان، شەکرەسێو، جوانەمەرگ، پیرەمێرد، کەڵەپیاو، بەردەباز، بەردەقارەمان،...**

---

[1]. ڕۆژان نوری عەبدوڵلا، (٢٠٠٧)، ل ١٧٠.

[2]. ناوی گوندێکە سەر بە شارەدێی دارەشەکران– شارۆچکەی خەبات– پارێزگای هەولێر.

پ- **ناوبەندی {-او-}:** بە زۆری دو وشەی سادە لێکدەدا و لە پێکهێنانی وشەی لێکدراودا بەشداریدەکا و یەکەیەکی واتایی سەربەخۆ و فەرهەنگی بەرهەمدەهێنی[1]، بۆیە لە ڕێنوسدا جیاناکرێتەوە، بەڵکو دەلکێنرێ، بۆ نمونە:

- **جۆراوجۆر، ڕەنگاوڕەنگ، پێچاوپێچ، دەستاودەست، دۆڵاودۆڵ، پشتاوپشت، سەراوسەر، پڕاوپڕ، گەرماوگەرم، دەقاودەق، سەراوژێر، سەراوبن، دەماودەم، یەکاویەک،...**

ت- **ناوبەندی {-ەو-}:** بە بۆچونی هەندێ توێژەر ئەم ناوبەندە، بە هۆی گۆڕانی دەنگسازیەوە لە {-او-}ەوە گۆڕاوە بۆ {-ەو-}[2]، بەڵام وەکو گیرەکێکی وشەداڕێژ دەردەکەوێ و وشەی لێکدراو دروستدەکا، بۆ نمونە:

- **پاشەوپاش، شارەوشار، دەمەوبەیان، سەرەوخوار، سەرەوژێر، دەستەوئەژنۆ، شانەوشان، لانەولان، بانەوبان، سەرەونخون، دەمەونخون، ڕاستەوخۆ،...**

ج- **ناوبەندی {-بە-}:** لە ڕۆنانی وشەی لێکدراودا بەشداریدەکا و جیاوازە لە ئامرازی پەیوەندیی (بە)، کە وەکو دانەیەکی ڕستەسازی کاردەکا، ئەم ناوبەندەش بە پێوەری (**بەندێتی**) لە ڕێنوسدا دەلکێنرێ و جیاناکرێتەوە، بۆ نمونە:

- **دەستبەجێ، کولێرەبەڕۆن، گوێبەگوارە، سەربەخۆ، دەستبەسەر، دەستبەکار، جێبەجێ، پڕبەپێست، چاوبەگۆشت، سەربەگێچەڵ، سەربەکێشە، لێوبەبار، دەمبەخەندە، خۆبەزلزان، ڕوبەخاڵ، نابەدڵ، قوڕبەسەر، ڕوبەڕو، چاوبەکل، ژنبەژن، دەربەدەر، کاربەدەست، سەربەسەر،...**

چ- **ناوبەندی {-لە-}:** بۆ نمونە:

- **سەرلەبەر، سەرلەنوێ، قسەلەڕو، چاولەدەست، چاولەدەر، داخلەدڵ، خاڵڵەڕو، ئەڵقەلەگوێ، ڕولەخوا، قینلەدڵ،...**

ح- **ناوبەندی {-ان-}:** بۆ نمونە:

- **سەرانسەر، بەرانبەر، لێوانلێو، دەوراندەور،...**

خ- **ناوبەندی {-نە-}:** بۆ نمونە:

- **خوانەناس، هیچنەزان، چاونەترس، کۆڵنەدەر، کارنەکەر، ماندونەناس، قسەنەزان، گوێنەدەر، بارنەبەر،...**

---

[1]. کۆچەر عەبدولمەجید حوسێن، (٢٠٢٣)، ل ٥٧.

[2]. ڕەفیق شوانی، (٢٠١١)، ل ٧٧.

**٢-٢-٥- ئاریشەی جیاکردنەوەی وشەی لێکدراو و گرێ:**

لە ڕێنوسی زمانی کوردیدا بۆ جیاکردنەوەی وشەی لێکدراو، بە تایبەتی ئەو وشانەی بە هۆی مۆرفیمی ناوبەندی {-و-} و {-ە-}ەوە بەرهەمدێن، لەگەل گرێی ناوی، کە بە هۆی مۆرفیمی دانەپاڵی {ە} و مۆرفیمی بەستنی {و} دروستدەبن، چەند پێوەرێکی سەرەکی هەیە، کە دەتوانرێ بە هۆیانەوە ئەو دو کەرەسە زمانیەیان پێ لە یەکتری جیابکرێنەوە، دیارترینیان ئەمانەن:

**ا- پێوەری جیگۆڕکێی کەرتەکان:** مۆرفیم یان کەرتەکانی وشەی لێکدراو، بە تایبەتی ئەو وشانەی لە ڕێگەی ناوبەندی {-و-}ەوە بەرهەمدێن، ناتوانن جێگۆڕکێ یان پاشەوپێش بکەن، واتە؛ ئەگەر مۆرفیمەکانیان جیگۆڕکێ بکەن واتای وشەکە تێکدەچێ و دەشێوێ، چونکە کەرتەکانی وشەی لێکدراو، بە هەمویان یەک ئەرک و واتایان هەیە، وەکو یەکەیەکی واتایی سەربەخۆ و فەرهەنگی ڕەفتاردەکەن، بەلاَم وشەکانی گرێی لێکدراو بە هۆی ئامرازی بەستنی (و)، دەتوانن جێگۆڕکێ بکەن، چونکە هەریەک لەم وشانە واتای سەربەخۆیان هەیە، تەنیا پێکەوە بەستراون، واتە؛ لە ڕۆنانی وشە بەشدارنەبون، بۆ نمونە:

- **هێلکەوڕۆن ⟵ ڕۆنوهێلکە* (واتای وشەکە شێوا)**
- **گفتوگۆ ⟵ گۆوگفت* (واتای وشەکە شێوا)**
- **ئەلفوبێ ⟵ بێوئەلف* (واتای وشەکە شێوا)**
- **پێنوس و تێنوس ⟵ تێنوس و پێنوس (واتای گرێیەکە نەشێوا)**
- **خوشک و برا ⟵ برا و خوشک (واتای گرێیەکە نەشێوا)**
- **دڵ و دەرون ⟵ دەرون و دڵ (واتای گرێیەکە نەشێوا)**

**ب- پێوەری پاشگرە ڕێزمانیەکان:** وشەی لێکدراو ئەگەر پاشگرە ڕێزمانیەکانی (ناسراوی، نەناسراوی، کۆ) وەربگرێ، دەکەوێتە کۆتایی وشەکەوە، واتا بە جیا ناچێتە سەر مۆرفیمەکانی وشە لێکدراوەکە، بەلاَم لە گرێدا هەر پارچەیەک دەتوانێ بە جیا پاشگرە ڕێزمانیەکان وەربگرێ، بە تایبەتی ئەو گرێیانەی بە ئامرازی بەستنی (و) لێکدراون، بۆ نمونە:

- **دەنگوباس ⟵ دەنگوباسەکە/ ان/ ێک ⟵ دەنگەکە و باسەکە***
- **هەڵسوکەوت ⟵ هەڵسوکەوتێک/ەکە/ ەکان ⟵ هەڵسێک و کەوتێک***
- **چاکە و خراپە ⟵ چاکەیەک و خراپەیەک**
- **شەو و ڕۆژ ⟵ شەوەکان و ڕۆژەکان**

**پ- پێوەری دیارخەر:** وشەی لێکدراو، چونکە یەکەیەکی واتایی فەرهەنگی سەربەخۆیە، ڕێگە بە مۆرفیم و دیارخەر نادا بچێتە نێوان پارچەکانی، واتە؛ هاتنی مۆرفیمی تر لە نێوان وشەی لێکدراودا ڕێگەپێدراو نیە، بەڵام گرێ چونکە تواناى فراوانکردنی هەیە، دەتوانرێ دیارخەری تری بۆ زیادبکرێ، بە واتایەکی تر؛ ئەگەر لە نێوان مۆرفیمەکانی وشەی لێکدراودا، دیارخەرێک جێگیر بو، وشەی لێکدراو نیە، بەڵکو گرێیە، ئەمەش لە ڕێنوسدا بۆ جیاکردنەوەی وشەی لێکدراو بە هۆی ناوبەندی **{-ە-}** و گرێی ناویی فراونکراو بە ئامرازی بەستنی **(ە)**، ڕێگەیەکی بەسودە، بۆ نمونە:

**- ڕەشەباکە ⟵ ڕەشە زۆر باکە* - کورتەچیرۆکەکە ⟵ کورتە زۆر چیرۆکەکە***

**- گوڵە سورەکە ⟵ گوڵە زۆر سورەکە**

**- ئەستێرە بەرزەکە ⟵ ئەستێرە زۆر بەرزەکە**

### ٢-٢-٦- ئاریشەی پاشگرەکان:

لە زمانەوانیی کوردیدا زاراوەی (پاشگر) بەرانبەر زاراوەی (Suffix) بەکاردەهێنرێ، ئەم وشەیەش لە بنەڕەتدا لە وشەی (Sufixus)ی لاتینیەوە وەرگیراوە، کە لە (Su) بە واتای (پاش) و لەگەڵ (Fixus) بە واتای (گیر، لکاو، نوساو، چەسپاو) پێکهاتوە[١]. پاشگریش ئەو مۆرفیمە بەندە وشەدارێژەیە کە بۆ پێکهێنانی وشەیەکی ناسادە لە دوای بنکەیەکەوە دەردەکەوێ، شێوە و واتای وشە بنجیەکان دەگۆڕێ، بۆ نمونە پاشگری **{-ەوان}** لە وشەی (**دار<u>ەوان</u>**) و پاشگری **{-چی}** لە وشەی (**جام<u>چی</u>**)دا، یانیش لە دوای مۆرفیمی ڕەگەوە دەردەکەوێ، بۆ نمونە پاشگری **{-ا}** لە وشەی (**زان<u>ا</u>**) و پاشگری **{-ەر}** لە وشەی (**بین<u>ەر</u>**)دا.

لە ڕێنوسی کوردیدا، هەمو پاشگرەکان بە پێوەری (**بەندێتی**) دەنوسرێن و بە وشە و ڕەگەکانەوە دەلکێنرێن، چونکە بە هەمان شێوەی پێشگر و ناوبەندەکان، وشەیەکی فەرهەنگی و یەکەیەکی واتایی و سەربەخۆ پێکدەهێنن. بەراورد بە پێشگر و ناوبەندەکان، پاشگرەکان لە ڕێنوسدا ئاریشەدار نین، یان ئاریشەیان زۆر کەمترە، ئەمەش لەسەر دو بنەما بەندە:

١- پاشگرەکان بە پێچەوانەی پێشگر و ناوبەندەکان، بواری جیاکردنەوە و دانانی بۆشاییان لەگەڵ وشە و ڕەگەکان زۆر کەمە، واتە؛ نوسەران بە گشتی و بە ئاگاییەوە یان نائاگاییەوە، پاشگرەکان لە وشە ناسادەکان دانابڕێنن، بەڵکو پێکەوە و بەبێ بۆشایی ڕێنوسدەکرێن.

[١]. ئەورەحمانی حاجی مارف، (٢٠١٤) (ا) ، ل ٦٣.

٢- ڕادەی جیاوازی یان وێکچون لە نێوان پاشگرەکان و کەسەرەکانی تری زمان، بەراورد بە پێشگر و ناوبەندەکان کەمترە، واتە؛ لەگەڵ کەرەسەکانی تری زمان نابن بە هاوبێژ، ئەمەش ئاریشەکانی ڕێنوس کەمتر دەکاتەوە، چونکە نوسەران ڕێنوسی پاشگرەکان لەگەڵ وشە سەربەخۆ و ئامرازەکان تێکەڵناکەن، بەڵکو نابێتە هۆی ناڕونی و سەرلێشێوانیان، هەر بۆیەش پاشگرەکان زۆر کەمتر جیادەکرێنەوە و بەڵکو هەمیشە بە لکێنراوی ماونەتەوە.

گرنگترین ئاریشەکانی ڕێنوسی کوردی لە ئاستی پاشگرەکاندا، لەم چەند خاڵەدا ڕوندەکرێنەوە:

**ا- ئاریشەی پاشگری {-ی/ -یی}:** ئەم دو پاشگرە لە بەرهەمهێنانی ئاوەڵناو و ناوی ناسادە، بە تایبەتی لە دروستکردنی ناوی واتایی و ئاوەڵناوی ڕێژەیی بەبەرهەمن و چالاکن. پاشگری {-**ی**} دەچێتە سەر ئەو بنکانەی کە بە پیتی نەبزوێن کۆتاییاندێ، بۆ نمونە: (**گاوانی، دهۆکی، خاکی، خۆڵەمێشی، جوانی، پاکی، دڵتەنگی، نوسەری، ناپیاوی،...**). بەڵام پاشگر {-**یی**} لەگەڵ ئەو بنکانە دەردەکەوێ کە بە پیتی بزوێن کۆتاییاندێ[1]، بۆ نمونە:

- **وەنەوشەیی، پەمەیی، قاوەیی، خەنەیی، شنۆیی، زاخۆیی، قامیشلۆیی، نادانایی، نانەوایی، وەستایی، لادێیی، کۆتایی، سادەیی، پەپولەیی، ئەستێرەیی، دویی، سێیی، دەیی، دارایی،...**

کەواتە؛ ڕێنوسی ئەم وشانە بە شێوەی (**ڕۆشنبیریی، هەولێریی، ئازادیی، خاکیی، کرمانجیی، ژنانیی، زانستیی، کوردیی،...**)، ئەگەر دیارخراو نەبن، واتە؛ دیارخەریان نەبێ و لە دۆخی دانەپاڵدا نەبن هەڵەیە[2]، چونکە ئەم وشانە بە پیتی نەبزوێن کۆتاییانهاتوە، ئەگەرچی دەنگی [ی] درێژ گۆدەکرێ و هێزی لەسەرە، بەڵام ئەمە دیاردەیەکی دەنگسازیە، پەیوەندیی بە ڕێنوسەوە نیە، بەڵگەش ئەوەیە کە واتا ناگۆڕێ، بۆیە دروستترە بە شێوەی (**ڕۆشنبیری، هەولێری، ئازادی، خاکی، کرمانجی، ژنانی،...**) بنوسرێن.

هەر بەم پێوەرە ئەم وشانەی بە پیتی یان پاشگری {**ی**} کۆتاییاندێ، کاتێ لە دۆخی دانەپاڵدا دەبن بە دیارخەری ناوێک، نەک دیارخراو، پێویستییان بە (**ی**) درانەپاڵ یان ڕێژەیی/ نیسبی نابێ، چونکە واتا ناگۆڕێ و تەنیا ئاڵۆزکردنی ڕێنوسی لێ دەکەوێتەوە، بەڵکو دەبێتە هۆی سەرلێشێواندنی نوسەران و خوێنەران، سەرەڕای ئەمەش پێوەری یەکگرتویی زمان و بنەمای ئابوریی زمانیشی تێدا ڕەچاوناکرێ، وەک ئەم نمونانەی خوارەوە:

---

[1]. شیروان حوسێن خۆشناو، (٢٠١٦)، ل ١٧٧.

[2]. باخان ئەحمەد مەحەمەد، (٢٠٢٠)، ل ٢٢٠.

- **زاری کوردیی*، توێژینەوەی زانستیی*، زانکۆی سلێمانیی*، شاری ئامێدیی*، کوردی هەولێریی*،..**

بەڵگەی هەڵەی ئەم جۆرە نوسینانە ئەوەیە ئەگەر وشە دیارخەرەکە، دیارخەرێکی تر وەربگرێ، ئەوا بەم پێوەرە، دەبێ سێ (**یيی**) پێکەوە بنوسرێن، ئەمەش بۆچونێکی نادروست و زانستی نیە، وەک لە ناباوی و گرانیی ڕێنوسی ئەم گرێیانەدا دەردەکەوێ:

- **زاری کوردییی ناوەڕاست*، توێژینەوەی زانستییی کوردی*، شاری ئامێدییی دێرین*،...**

**ب- ئاریشەی پاشگری {-و}:** یەکێکە لە پاشگرە داڕێژەرەکانی ناوی بکەری و ناوی کراو[1]، ئاریشەی ئەم پاشگرە ئەوەیە، کە نوسەران لە زۆر وشەدا بە شێوەی (وو) دەینوسن، ئەمەش بە پشتبەستن بەو بۆچونەی کە دەگوترێ: ((ئەگەر قەدی چاوگەکان بە دەنگەکانی [ت، د] کۆتاییانبێ، شێوەی (وو) بەکاردێ، بەڵام ئەگەر قەدی کارەکان بە دەنگەکانی [ا، و، ی] کۆتاییانبێ، بە شێوەی (و) دەنوسرێن))[2]، بێگومان ئەم بۆچونەش بە بەڵگەی زانستی نەسەلمێنراوە، بەڵکو ئەم پاشگرە دەنگێکی نیمچەبزوێنە، لە بنەڕەتیشدا تەنیا یەک فۆنیمە و یەک هێما <و>ی هەیە و یەک مۆرفیمە، نەک دو مۆرفیم بە شێوەی {و} و {وو}، چونکە لە هیچ وشەیەکی ناسادەدا، نابێتە هۆی گۆڕینی واتا، واتە؛ لە زمانی کوردیدا یەک مۆرفۆفۆنیم بە شێوەی {و} هەیە، نەک دو مۆرفۆفۆنیمی (و) و (وو)، کەواتە؛ ئەم وشانە بەم شێوەیەی خوارەوە بنوسرێن، دروستترن و پێوەربەندیش لە نێوانیاندا پەیدادەبێ:

| ڕێنوسی هەڵە | ڕێنوسی دروست |
| --- | --- |
| خواردوو، باوکمردوو، بابردوو، خواردوو | خواردو، باوکمردو، بابردو، خواردو |
| کەوتوو، لێهاتوو، پێگەیشتوو، دەستڕۆیشتوو | کەوتو، لێهاتو، پێگەیشتو، دەستڕۆیشتو |
| سەروو، پێشوو، ژووروو، خواروو | سەرو، پێشو، ژورو، خوارو |
| زیندوو، جوانوو، ڕۆژوو | زیندو، جوانو، ڕۆژو |

خشتەی ژمارە (١٩): دروستەی ڕێنوسی پاشگر/ مۆرفۆفۆنیمی {و}

**پ- ئاریشەی پاشگری {-گە}:** یەکێکە لە پاشگرە چالاکەکانی گەیاندنی چەمک و واتای شوێن، بە شێوەیەکی بەربڵاو ئەرکی داڕشتنی وشەی هەیە، بە شێوەیەک لە هەمو بارێکدا دەتوانێ لە شوێنی

[1]. بە (ئاوەڵناوی بکەری) و (ئاوەڵناوی کراو)یش ناسراون.

[2]. لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، (٢٠٢١) (أ)، ل ٨.

پاشگر **{گا}** بەکاربێ، بەڵام بە پێچەوانەوە **{گا}** ناتوانێ لە هەمو وشەیەکدا لە شوێنی **{گە}** بنوسرێ، چونکە واتای وشەکان دەشێوێنێ، بۆ نمونە:

**– فرۆشگە= فرۆشگا، خوێندنگە= خوێندنگا، جێگا= جێگە**

**– دورگە≠ دورگا، نوسینگە≠ نوسینگا، ژینگە≠ ژینگا**

کەواتە؛ لە ڕێنوسی کوردیدا، لە ڕوی دروستنوسین و یەکگرتویی و چەسپاوی ڕێنوس، بە گونجاوتر دەزانرێ، پاشگری {**–گە**} لە شوێنی {**–گا**}دا بنوسرێ، بەم بەڵگانە:

ا– لە ڕوی گۆزمانەوە، درکاندن و گۆکردنی **{گە}** ئاسانترە لە **{گا}**، ئەمەش بە هۆی بزوێنی کورتی [ە]، کە ئاسانتر گۆدەکرێ لە بزوێنی درێژی [ا]، واتە؛ لە ئاخاوتنیشدا زیاتر **{گە}** بەکاردێ، چونکە وزەیەکی کەمتری پێویستە.

ب– شێوەی **{گا}** سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ کاری ڕابردوی چاوگێکی تابۆ هاوبێژە، لەگەڵ ناوی گیانەوەری (**گا**)شدا هاوبێژە، ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازی و سستیی ئەم پاشگرە، بۆ نمونە لە وشەی (**کۆمەڵگا**)دا، خوێنەر ڕاستەوخۆ بیری بۆ ناوی ئاژەڵی (**گا**) دەچێ، واتە؛ بە واتای (**کۆمەڵێک گا**) تەماشادەکرێ.

پ– توێژەران لەو باوەڕدان کە پاشگری {**–گا**} بە هۆی کاریگەریی زمانی فارسی پەیدابوە، چونکە لە فارسیدا پاشگرەکە بریتیە لە **{گاە}**، لە کوردیشدا پیتی <**ە**>ی لێ لابراوە و بوەتە **{گا}**[1]، بۆ نمونە لە فارسیدا دەنوسرێ: **ارامگاە**، **چراگاە**، **فروشندنگاە**، **دیدگاە**. ئەمەش واتای ئەوەیە؛ پاشگری {**–گە**} لە کوردیدا ڕەسەنترە و دەتوانرێ وشەی ڕەسەنی کوردی پێ بنوسرێ و بەکاربهێنرێ، بۆ نمونە:

**– زانستگە، خوێندنگە، فرۆشگە، کۆمەڵگە، سەیرانگە، پێشانگە، دەرمانگە، هەوارگە، پاڵاوگە، پەڕاوگە، بارگە، جێگە، خواردنگە، پرسگە، ژینگە، ئارامگە، برگە، مەلەوانگە، کانگە، قرگە، لەوەڕگە، ڕوگە، پێگە، تۆمارگە، کۆگە، فێرگە، نۆڕینگە، کێڵگە، ڕوانگە، وێستگە، ڕێگە، نشینگە، پەرستگە...**

---

[1]. مستەفا ڕەزا مستەفا، (٢٠٢١) (ب)، ل ١٢٧؛ شیروان حوسێن خۆشناو، (٢٠١٦)، ل ١٥٣.

## ٣- تەوەری سێیەم: ئاریشەی وشەی وەرگیراو:

### ٢-٣-١- وەرگرتن لە نوسزماندا:

نوسزمان پەیامێکی بینراوە، واتا و بیرۆکەکان بە هۆی پیتەکانەوە دەگوازرێنەوە، لە ڕێگەی بینین و تەماشاکردنەوە وەردەگیرێ، بەمەش بەراورد بە گۆزمان وەکو پلە دو دێتە خەملاندن[١]، نوسزمان کردەیەکی نادیار و ناڕاستەوخۆی گواستنەوەی واتایە، ئەمەش وادەکا کە لایەنی بەرجەستەیی و دەرونی کەمتر بەسەریدا زاڵببێ، چونکە دەتوانرێ هێماکانی نوسین بە ئاسانی جودابکرێنەوە، واتە؛ نوسەران و خوێنەران بە ئاسانی دەتوانن پیتەکانی وشەیەک، وشەکانی ڕستەیەک، ڕستەکانی پەڕبەندێک لە یەکتری جودابکەنەوە و دابەشیانبکەن.

نوسزمان بە پێچەوانەی گۆزمانەوە، بە دۆخی هەنوکەییەوە پەیوەست و ناچار نیە، بەڵکو نێرەر یان نوسەر کاتی گونجاو و پێویستیی لەبەردەستدایە بۆ گەڕان و بیرکردنەوە، بژارکردن، هەڵەچنیی وشەکان، گێڕانەوە و سڕینەوەی برگە وتراوەکان و لابردنی وشە نامۆ و بیانیەکانی دەق و پەیامەکەی[٢]، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی کەموکوڕی و لێڵیی پەیام، یان لابردنی دوبارەکردنەوەی زۆر و ڕاستکردنەوەی ڕستەی ناڕێزمانی و ناژیربێژی. ئەمە بۆ خوێنەرانیش هەر ڕاستە، چونکە دەتوانرێ کاتێکی زیاتر بۆ خوێندنەوە و پێداچونەوە و هەڵسەنگاندنی وشە و دەقەکان یان پەیامی نوسراو تەرخانبکرێ[٣].

بە گشتی مرۆڤ کاتێ سەیری زمان دەکا، سەیری زمانی نوسین دەکا، زمانەوانانیش هەر لە کۆنەوە تا سەرهەڵدانی زمانەوانیی نوێ، زیاتر بایەخیان بە دەق و زمانی نوسراو داوە، بەڵکو تا ئێستاش نەریتی زۆربەی تاک و کۆمەڵگەکان، بە ڕێزەوە تا ئاستی پیرۆزی، سەیری زمانی نوسین دەکەن، بۆیە بەراود بە گۆزمان، نوسزمان پێگەیەکی زۆر بەرزتری هەیە و بە گشتی وەکو زمانێکی بالا و ڕاست و دروست و بەپێز و ڕەسەن تەماشادەکرێ، لەسەر ئەم بنەمایەش، نوسەران هەر لە کۆنەوە، سەرەڕای هەمو جیاوازیەکانی گۆکردن و گەردانکردن و هەڵبژاردنی وشە و ڕێزمان، کە لە گۆزماندا هەن، بەلام وا ڕاهاتون بەو جۆرە بنوسن کە نزیکە لە پێوەربەندی، بەڵکو بەو

---

[١]. غازی عەلی خورشید، (٢٠١١)، ل ٣٧.

[٢]. عەبدوللا حوسێن ڕەسول، (٢٠٢١).

[٣]. غازی عەلی خورشید، (٢٠١١)، ل ٤١.

شێوازە دەنوسن کە وەکو زمانێکی هاوبەش دێتە بەرچاو، یانیش بەو شێوەیە دەنوسن کە زۆرینەی خوێنەران، بتوانن بخوێننەوە و لێی تێبگەن.

نوسزمانی زۆربەی زمانەکان، بە پێچەوانەی گۆزمانیان، شێوەیەکی چەسپاو و پێوەربەند و تا ڕادەیەک نەگۆڕی هەیە کە زۆر بە کەمی و بە هێواشی توشی گۆڕان دەبێتەوە، بۆیە وا باوە هەر زمانێک یەک شێوەی پێوەربەندی نوسینی هەیە[1]. نزیکترین نمونەش زمانی عەرەبیە، سەرەڕای زۆری زار و بنزار، جیاوازیی جوگرافیای ناوچە و وڵات، تەنانەت جیاوازیی کیشوەرەکانیان، یەک شێوەی پێوەربەندی هەیە.

زاری کوردیی ناوەڕاست لە باشوری کوردستاندا، بوەتە زمانێکی سەرەکیی پەیوەندیکردن و گەیاندن، هەروەها لە دەوڵەتی عێراقدا لەتەک زمانی عەرەبی زمانێکی فەرمیە. سەرەڕای هەبونی چەند زار و چەندین بنزاری تر، بەڵام وەکو شێوەیەکی پێوەربەندی زمانی کوردی دەرکەوتوە و بەکاردەهێنرێ، چونکە زۆربەی توێژەر و زمانەوانان لەسەر ئەوە کۆکن، کە لە زمانێکی فرە زاردا، ئەو زارەی لە ڕوی مێژوویی و ئاینی و ڕامیاری و پەخش و بڵاوکردنەوەوە پێشکەوتوترە، ئەوە شیان و توانای ئەوەی هەیە وەکو زمانی فەرمیی نوسین و پێوەربەند بەکاربهێنرێ و لە باشترین باریشدا، ببێتە زمانی سەرەکی و ناسراوی نەتەوە و دەوڵەت[2].

کەواتە؛ بەم پێوەرانەی خرانەڕو، بە پێچەوانەی گۆزمان، وەرگرتن و خواستنی وشە و زاراوەی بیانی بە شێوەیەکی بەربڵاو و نازانستی لە نوسزماندا، کارێکی ئاسایی و داواکراو نیە، وەکو لایەنێکی نەرێنی و بێهێزی زمانەکە دەبینرێ، چونکە سیما و تایبەتمەندیەکانی ئەو زمانە دەشێوێنێ، بەڵکو وشە بنەڕەتی و خۆماڵیەکانی زمان لەناودەبا، بە تایبەتیش ئەگەر وشە و زاراوە بیانیەکان لە زمانی زگماکدا هەبن[3]. بەڵام هەر کات زمان بە پێی پێویستیی خۆی و بە شێوەیەکی دروست و زانستی، وشە و زاراوەی لە زمانانی ترەوە خواست، دیاردەیەکی زۆر ئاساییە و بگرە سودبەخشیشە و هیچ زیانێک بە زمانەکە ناگەیەنێ[4]. لە ڕوی دەرونی و تەنانەت کۆمەڵایەتیشەوە،

---

[1]. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، (٢٠٢١).

[2]. هاشم ئەمین، (٢٠١٧)، ل ١٧٩.

[3]. مەحەمەد حوسێن ئەحمەد، (٢٠١٩)، ل ١١١.

[4]. سەرچاوەی پێشو، ل ١١١.

زۆرینەی ئاخێوەران و نوسەران شانازی بە بنەچەی و زمانی خۆیانەوە دەکەن، حەزدەکەن پێی بنوسن و بخوێننەوە، بەڵکو پێشیبخەن و پەرەیپێبدەن، نزیکترین نمونەش زمانی عەرەبی و تورکیە، سەرەڕای خاوەن سەربەخۆیی و قەوارەی ڕامیاریی خۆیان، لە نوسزمانیاندا بە ناچاری نەبێ، وشە و زاراوەی زمانانی تر بەکارناهێنن، بەڵکو لە ڕێی وشە بنەڕەتیەکانەوە، یان بە ڕێگە وشەسازیەکان، وشە و زاراوە بۆ دیاردە تازە و واتا نوێیەکان دەدۆزنەوە و دایدەڕێژن و لە ڕێنوسیشدا بە شانازیەوە بەکاریدەهێنن.

**٢-٣-٢- لایەنە نەرێنیەکانی وەرگرتنی وشەی بیانی لە نوسزمانی کوردیدا:**

بەکارهێنانی بەربڵاو و بێ بژار و بێ پەرژینی وشەی بیانی لە ڕێنوسی کوردیدا، چەند لایەنێکی نەرێنی و زیانبەخشی هەیە، چونکە تا ئێستا زمانەوانان و نوسەران لەسەر پەیڕەوکردنی زمانێکی یەکگرتو و هاوبەش کۆک نین، تەنانەت لەسەر بەکارهێنانی ئەلفوبێی ئارامی یان لاتینیش کێشمەکێشیانە، هەروەها کورد نەتەوەکەی خاوەنی قەواریەکی ڕامیاریی سەربەخۆ نیە، بەڵکو نەتەوە و خاک و زمانەکەی، هێشتا لەژێر مەترسی و هەڕەشەی داگیرکاری و پاکتاویی نەتەوەیی و زمانیدان. گرنگترین زیانەکان و لایەنە نەرێنی و ئاریشەدارەکانی وشەی وەرگیراو یان بیانی لەسەر نوسزمانی کوردی، ئەمانەن:

**ا- شێواندنی زمانی کوردی:** بەکارهێنانی شانازیانە و بەرفراوانی وشە و زاراوەی بیانی، وادەکا دەیان دەرگا و ئاریشەی نوێ بە ڕوی شێوان و تێکچونی زمانی کوردیدا بکرێنەوە، چونکە ئەگەر جاران هۆزانڤان و زمانناسان لە ئاستی خۆیاندا خەمێکی ڕاستی و جوانیی زمانەکەیان خواردبێ، ئەمڕۆ زمان بە دەست هەموانەوەیە، دەوڵەت و ڕاگەیاندن، قوتابخانە و زانکۆکان، پێنوسبەدەستان، چاپەمەنی و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان تێکڕا زمان بەکاردەهێنن[١]، بەمەش وشەی بیانی زمان پڕدەکا لە هەڵە و ناڕێکی و بێسەروبەری، بەڵکو بە بۆچونی هەندێ توێژەران ئەگەر چاودێر و ڕاژەی هەمەلایەنە نەبێ، زمان لە بەردەم هەڕەشە و مەترسیی ڕاستەقینەدایە، چونکە یەکێک لە کۆڵەگە گرنگەکانی بون و مانەوەی نەتەوەی کورد و بگرە نیشتیمانەکەشی هەرەسدەهێنێ[٢]. لە لایەکی

---

[١]. عەلی حوسێن، (٢٠٢١)، ل ٢١.

[٢]. فەرهاد شاکەلی، (٢٠١١)، ل ٢٨.

ترەوە؛ گەشە و پەرەسەندن، پاکسازی[1] و بژاری زمانی زمانی کوردی لە وشەی عەرەبی و فارسی، هەروەها کردنی بە زمانی نوسین، کۆششی سالآنێکی دور و درێژی دەیان نوسەری هێژا و بەتوانا بوە، بەڵکو نوسەران لەو باوەڕەدان لە هیچ سەردەم و قۆناغێکدا زمانی کوردی بەم مەرەیەی ئێستا نەچوە، ئەگەر دڵسۆزان بە زویی فریانەکەون، زمانی نەوەی داهاتو، بە تەواوی لەگەڵ وشە و زاراوەی بیانی دەشێوێ، نەتەوەی کوردیش ئەگەر زمانەکەی بشێوێ یان لەدەستبدا، چیی دیکەی بە دەستەوە نامێنێ لافی کوردایەتی پێوە لێبدا[2]، بەڵکو ناسنامەیەکی نامێنێ کە پێی بناسرێتەوە.

**ب- تێکدانی ڕێنوسی یەکگرتوی کوردی:** زۆری و فراوانیی بەکارهێنانی وشە و زاراوەی بیانی، خەونی زمان و ڕێنوسی یەکگرتو و پێوەربەند و هاوبەشی زمانی کوردی لەباردەبا، بە جۆرێک ئەگەر هەر نوسەر و توێژەر و زانستخوازێک، تاک لایەنانە یان هەندێ جار بە بەرنامە و مەبەست، لە هەگبە و یادگە و بارگە و تێگەی خۆیەوە، وشە و زاراوەی بیانی بە تایبەتی ئینگلیزی لە نوسیندا بەکاربهێنێ، ئیتر بە هیچ پێوەرێک نوسین و ڕێنوسێکی پێوەربەند بۆ زمانی کوردی سەرکەوتو نابێ.

**پ- دورخستنەوەی نوسزمانی کوردی لە زمانی زانست:** پشتبەستن بە وشەی ئامادەکراوی بیانی لە بوار و زانستە جیاوازەکان، بە بیانوی جیهانگیری و زمانی پێشکەوتوی نەتەوە داهێنەر و پیشەسازیەکان، سەرەڕای ئەوەی هۆیەکی سەرەکیە بۆ پەراوێزخستن و مردنی زمان، دەبێتە هۆی ئەوەی نوسزمانی کوردی لە دەربڕینی زانست دوربکەوێتەوە، بەمەش زمانەکە هێندەی تر دەپوکێتەوە و لاواز دەبێ و ناتوانێ پشت بە خۆی ببەستێ، بەڵکو فەرهەنگی وشە و زاراوە زانستیەکانی کوردی توشی چەقبەستن دەکا. بەمەش نوسزمانی کوردی ناتوانێ لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و شارستانیەت و گۆڕانە کۆمەلآیەتیەکان هەنگاوبنێ، چونکە کردە و ڕێسازەکانی بەرهەمهێنانی وشە بە هۆی وشەی بیانیەوە لەکاردەخرێن.

---

[1]. بۆ قۆناغەکانی پاکسازیی زمانی کوردی لە وشەی عەرەبی، بڕوانە: عەبدوللا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠١٥)، ل ٢٤٣- ٢٤٥.

[2]. مەحەمەد فەریق حەسەن، (٢٠٠٨)، ل ١١٧- ١١٨.

**ت- ئاریشە لە ڕوی وشەسازیەوە:** پشبەستن و وەرگرتنی وشەی بیانی بۆ پڕکردنەوەی پێویستە زمانیەکان، وەکو ڕیگەیەکی ئاسان و ئامادەکراو لە لایەن نوسەرانەوە، دەبێتە هۆی پەککخستنی توانای زمان بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نویَ، بەڵکو ڕێگری لە کردەی نوێبونەوەی زمانیش دەکا بەمەش زمانەکە لاوازدەبیَ، چونکە هەمو زمانێک کۆمەڵێک یاسا و دەستوری هەیە بۆ سازکردنی وشەی نویَ، بەڵکو هەر لەم ڕێگەشەوە بەردەوام خۆی نوێدەکاتەوە[1]، بۆیە زمانی کوردی زمانێکە ئاسان وشەی بۆ دەتاشریَ و دادەڕێژریَ و لێکدەدریَ، بۆ نمونە وشەیەکی وەکو (**نوێژ**) کە بەرانبەر (**الصلاة**)ی عەرەبی و (**Prayer**) دەوەستیَ، وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە، دەبێتە بنکە بۆ بەرهەمهێنانی چەندین وشە و زاراوەی تر:

**- بێنوێژ، بێنوێژی، نوێژکەر، نوێژنەکەر، نوێژخوێن، پێشنوێژ، بەرنوێژی، نوێژەبارانە، شەونوێژ، بەردەنوێژ، تاتەنوێژ، پێشنوێژی، نوێژکردن، نوێژی مردو، نوێژی چێشتەنگاو، نوێژی جەژن، نوێژی مانگگیران، نوێژی قەلا،...**

**ج- ئاریشە لە ڕوی واژەناسیەوە:** بەکارهێنانی وشەی بیانی لە نوسیندا، کرداری لەناوچون و مردنی وشە ڕەسەن و خۆماڵیەکان خێراتر دەکا، بە جۆرێک بەکارهێنانی هەر وشەیەکی بیانی لە نوسیندا، خۆکارانە واتای کوشتن و لەناوبردنی وشەیەکی ڕەسەن و فەرهەنگی زمانی کوردیە، بەڵکو وەکو دیاردەی (پاکتاویی زمانی) و (ژەهری زمانی) و (پیسبونی زمان) تەماشادەکریَ، چونکە فراوانیی بەکارهێنان و دوبارەبونەوەی وشەی بیانی، وشە کوردیەکان بە خوێنەران و نەوەی نوێش نامۆدەکا، چونکە زمان تەنیا پەیڕەوێکی ڕیزکراو و لێکدراو نیە، بەڵکو بونیادێکی تایبەتە بۆ دەربڕینی هەست و شتەکان، ئەمانەش لە وشەکاندا هەڵگیراون و نەوە بۆ نەوە دەگوازرێنەوە[2]. بۆیە ڕەنگە کەم نوسەر بزانیَ کە وشەکانی (**پڕوپاگەندە، بودجە، پارتیزان، ڕۆل، دۆسیە، وەسف، ماهیەت، تیۆر، تام، ماددی،...**) وشەی کوردی نین. کەواتە؛ وەکو پێوەر، هەرچەندە دیاردەی وەرگرتنی وشە خێراتر و فراونتر ببیَ، لە بەرانبەریدا، دیاردەی مردن و لەناوچونی وشەی ڕەسەنی کوردی فراونتر و خێراتر دەبیَ، بۆ نمونە:

---

[1]. پێشکەوت مەجید مەحەمەد، (٢٠٢٢)، ل ١٢٣.

[2]. سەرچاوەی پێشو، ل ١٣٣.

- وشەی (**زەواج**)ی عەرەبی بوەتە هۆی پوکانەوە و ململانێی چەند وشەیەکی ڕەسەنی و پڕواتای زمانی کوردی (**ژنهێنان، هاوسەرگیری، شوکردن، بەشودان**)
- وشەی (**تەوالێت**) و (**WC**) تەنگیان بە چەند وشەیە و دەربڕاوێکی کوردی هەڵچنیوە (**ئاودەست، سەراو، دەست بە ئاوگەیاندن**)، ڕەنگە لە داهاتودا بە تەواوەتی جێگەیان بگرنەوە[١].

**چ- ئاریشە لە ڕوی واتاسازیەوە:** وشە و زاراوەی بیانی کردەی گواستنەوە و گەیاندنی واتا کەمدەکاتەوە، بەڵکو لێڵی واتایی و کرداری خوێندنەوە و تێگەیشتنیش پەکدەخا، بە جۆرێک لە هەندێ نوسین و توێژینەوەدا، بۆ تێگەیشتن لە زۆری وشە بیانیەکان، خوێنەر ناچارە فەرهەنگی زمانە بیانیەکە بەکاربهێنێ. لە لایەکی ترەوە؛ واتای پێشبینیکراو لە وشە و زاراوەی بیانی ڕێژەکەی زۆر کەمە، بەڵام واتای پێشبینیکراو لە وشە کوردیەکان زۆر بەرزترە، چونکە وشە کوردیەکان بە پێچەوانەی وشە بیانیەکان، لەگەڵ فەرهەنگی ئاوەزی و بیر و سروشت و دەرونی تاکی کورد ئاهەنگدارن، بۆ نمونە کاتێ خوێنەر زاراوەی (**ئۆرسۆگرافی، ئیتیمۆلۆژی، سۆسیۆلۆژی**) بەرچاو دەکەوێ، واتای پێشبینیکراو تێیدا زۆر کەمە یان نیە، یان ڕەنگە خوێنەر پێویستبکا لە فەرهەنگ بە دوایدا بگەڕێ، بەڵام وشە بەرانبەرەکەی لە زمانی کوردیدا (**ڕێنوس، ڕیشەناسی، کۆمەڵناسی**)، واتاکەی زۆر پێشبینیکراوە و خوێنەر زۆر بە باشی لێی تێدەگا، یان دەتوانێ واتاکەی لێکبداتەوە و بەرهەمیبهێنێ، بە هەمان پێوەر بۆ ئەم وشە و زاراوانەش هەر ڕاستە: (**ستاندارد/ پێوەربەند، سیستەم/ پەیڕەو، ئینتما/ خۆبەندی، تەمهید/ شۆکردن، فۆن/ دەنگ، سینتاکس/ ڕستەسازی، ئۆنلاین/ سەرهێڵ، مەعنەوی/ دەرجەستە،...**)

**٢-٣-٣- نوسزمانی کوردی و وشەی بیانی:**

زمانی کوردی بە درێژایی مێژو کاریگەریی گەورەی لەسەر بوە، لەگەڵ زمانانی تر بە تایبەتی عەرەبی و فارسی لە ململانێ و پێکدادان بوە. زمانی عەرەبی وەکو زمانی ئاینی زۆربەی نەتەوەی کورد و زمانی یەکەمی شارستانیەتی ئیسلامی، بۆ ماوەی پازدە سەدە کاریگەریی قووڵی لەسەر زمانی کوردیدا داناوە، ئەم کاریگەریە گەورەیەش بە زەقی بە وشەکانەوە دیاربوە، تا سەردەمی نوێ بە تایبەتی لە دوای بەیاننامەی (١١ی ئازار)ەوە تا ڕاپەڕینی (١٩٩١)، نیمچە سەربەخۆبونی

---

[١]. پێشکەوت مەجید مەحەمەد، (٢٠٢٢)، ل ١٢٦.

نەتەوەی کورد لە باشوری کوردستان و خوێندن و نوسین بە زمانی زگماکی کوردی، پاشان زمانی کوردی وەکو زمانی فەرمی لە دەوڵەتی عێراقدا چەسپێنرا، هەروەها تا سەرهەڵدانی شێوەیەکی نوسینی تا ڕادەیەک یەکگرتو و پێوەربەند، وشەی عەرەبی لە نوسینی کوریدا بە فراوانی بەکارهێنراوە. پاشان کاریگەریی زمانی فارسی بە پلەی دوەم هاتوە، ئەمەش بە هۆی نزیکی و خزمایەتیی زۆر کۆن، چونکە هەردو زمانی فارسی و کوردی زمانی هیندوئێرانین و لە یەک سەرچاوەوە پەیدابون[1]، لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی دۆخی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و داگیرکاری، زمانی فارسی وەکو زمانێکی زاڵ و دەسەڵاتدار کاریگەریی لەسەر زمانی کوردی هەبووە، چونکە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لکێنراوە بە دەوڵەتی ئێران، تا ئێستاش خوێندن و نوسین بە زمانی زگماکی کوردی لە قوتابخانەکاندا قەدەغەیە، واتە؛ هێشتا زمانی کوردی لە ژێر باری پاکتاویی زمانیدایە.

ئەم هۆ و پاڵنەرانە وایانکردبو وشە و زاراوەی عەرەبی و فارسی لە نوسزماندا زۆر بەکاربهێنرێن، بەڵکو ئەم دو زمانە وەکو هەڕەشەیەکی ڕژد بۆ سەر زمانی کوردی دەبینران، بەڵام لە سەردەمی نوێدا بە چەند قۆناغێک ڕێنوسی کوردی لە وشە و زاراوەی عەرەبی و فارسی بژارکرا، چونکە لە ساڵانی (١٩٢٤- ١٩٣٩) ڕێژەی وشەی بیانی لە چاپەمەنی کوردیدا لە (٤٦٪) بوە و لە ساڵانی (١٩٣٩- ١٩٥٨) بوە بە (٩٪) و لە ساڵانی (١٩٥٨- ١٩٧٣) ڕێژەی وشەی وەرگیراو (٤.٤٪) بوە[2]، لە ئەمڕۆی نوسینی کوردیشدا، ئەگەرچی ڕێژەیەکی ورد لەبەردەستدا نیە، بەڵام وشەی عەرەبی و فارسی زۆر بە کەمی لە نوسیندا بەکاردەهێنرێن، بە جۆرێک نوسەران و توێژەران، تەنانەت چاپەمەنی و دەزگا ڕاگەیاندنەکانیش لە تێهەڵکێشکردنی وشە و زاراوی عەرەبی و فارسی سڵدەکەنەوە، ئەمەش لایەنێکی باشی ڕێنوسی کوردیە. بەڵگەش ئەوەیە کە ئەو وشە و زاراوە عەرەبیانەی پێشتر لە نوسیندا بەکاردەهێنران، ئێستا بۆ هەمان واتا لە بەرانبەرەکەیاندا وشە و زاراوەی ئینگلیزی بەکاردێ و دەنوسرێ، بۆ نمونە:

**- دەور ← ڕۆڵ، نەزەریە ← تیۆر، ماددی ← ماتریاڵ، دیعایە ← ڕێکلام، تەریقە ← میتۆد، نیزام ← سیستەم، عەمەلیە ← پرۆسە، ئاداب ← ئەتەکێت**

---

[1]. ڕەفیق شوانی، (٢٠٠٨)، ل ٢٨.

[2]. هاشم ئەمین، (٢٠١٧)، ل ١٧٩.

**بەحس ← ریسێرچ، ئالیەت ← میکانیزم، مەنتق ← لۆژیک، حزب ← پارت**
**شەریکە ← کۆمپانیا، تیجارەت ← بزنس،...**

بۆیە ئەم بارودۆخ و سەردەمە زێڕینەی نوسزمانی کوردی زۆری نەخایاند، بەڵکو هێرش و مەترسیەکە پێچەوانەبوەوە، چونکە وشە و زاراوەی ئینگلیزی زۆر بە فراوانی، تەنانەت بە شانازیشەوە لە ڕێنوسی کوردیدا بەکاردەهێنرێن، ئەمەش چەند هۆی و پاڵنەرێکی سەرەکی هەیە، بە کورتی گرنگترینیان، لە چەند دەروازەیەک پیشاندەدرێن، ئەمانەن:

**٢-٣-٤- هۆکارەکانی وەرگرتنی وشەی بیانی لە ڕێنوسی کوردیدا:**

**ا- هۆی دەرونی:** لە بنەڕەتدا هۆی سەرەکیی بەکارهێنان و تێهەڵکێشکردنی زاراوەی بیانی لە نوسزمانی کوردیدا، لایەنی دەرونی و خۆ بە بچوک زانینە، چونکە بەشی هەرە زۆری توێژەران لە بوار و کایە و زانستە جیاوازەکاندا، لەو باوەڕەدان کە زمانە بیانی بە تایبەتی ئینگلیزی، سەروتر و دەوڵەمەندتر و بەپێزترە، کەچی زمانی کوردی زمانێکی خواروترە و ناشێ زمانی زانست بێ، واتە؛ زمانی کوردی بە تەواوی ناتوانێ واتای وشەکان یان چەمک و ڕەهەند و تێگەی زاراوەکان بپێکێ، بە واتایەکی تر؛ وا دەڕوانن کە پەیام و دەقی نوسراو بە بەکارهێنانی وشە و زاراوەی ئینگلیزی کاریگەرتر و زانستیتر و ڕونتر دەبێ، بۆیە بێ پێچوپەنا و ڕاستەوخۆ وشە و زاراوەی بیانی بەکاردەهێنن، بێگومان ئەم بۆچونەش هیچ بنەمایەکی زانستی نیە و بە هیچ پێوەرێکی زمانەوانی پاساونادرێ. هەروەها هەستی کەسی و مەیلی خۆدەرخستن و خۆبردنەپێش و ڕۆژاواپەرستی، تەنانەت لاساییکردنەوەش، لایەنێکی تر ئەم بەکارهێنانەیە، بەڵکو هەندێ جار زۆر بە ئاسانی دەتوانرێ وشەی خۆماڵی بۆ واتا و دیاردەکان بەکاربهێنرێ[1]، بەڵام بە مەبەست پەنادەبرێتە بەر وشەی بیانی، بۆ نمونە: **(Contact)** لەبری (**پەیوەندی**)، **(Discipline)** لەبری (**ڕێکخستن**)، **(Positive)** لەبری (**ئەرێ**)، **(Theory)** لەبری (**بیردۆز**)، **(Save)** لەبری (**داکردن**)، **(Abstract)** لەبری (**دەرجەستە**)، **(Economy)** لەبری ئابوری، **(Dialogue)** لەبری (**گفتوگۆ**)،...

ئەم دۆخە دەرونیەی نوسەر و توێژەر و زانستخوازان لە چوارچێوەی ناوەرۆک و لاپەڕە و پەڕبەندەکان دەرچوە، بەڵکو بەشێکی زۆری ناونیشانی وتار و توێژینەوە و پەرتوک و نامە

[1]. ڕۆژان نوری عەبدوللا، (٢٠٠٧)، ل ١٣٥.

زانستیەکانیشی گرتۆتەوە، بە شێوەیەک هەندێ پەرتوک و توێژینەوە کە لە بنەڕەتدا بۆ ڕاژەی زمانی کوردی نوسراون، یان نوسەرەکانیان خۆیان بە ڕاژەکاری زمانی کوردی دەزانن، کەچی ناونیشانی پەرتوک و توێژنەوەکانیان بە وشە و زاراوەی بیانی دەستپێدەکا، بە جۆرێک هەندێ جار خوێنەر و فێرخوازان توشی سەرسوڕمان دەبن، چونکە لە ناونیشانەکاندا تەنیا ئامرازی (**لە، و**) و وشە (**کوردی**) کوردین و وشەکانی تر کوردی نین، ئەمانەی خوارەوە مشتێکن لە خەرمانێک:

- **<u>سیمانتیک</u> و <u>پراگماتیکی</u> زمانی کوردی**
- **<u>فۆنەتیک</u> و <u>فۆنۆلۆژی</u> کوردی**
- **<u>لیکسیکۆ</u> <u>سینتاکسی</u> دروستەی <u>ئارگۆمێنت</u> لە زمانی کوردیدا**
- **<u>مۆرفۆسیمانتیکی</u> <u>ئۆنۆماتۆپیا</u> لە زمانی کوردیدا**
- **<u>کاراکتەرە</u> <u>سینتاکسی</u> و <u>سیمانتکیەکانی</u> کردار لە کوردیدا**
- **<u>پرۆسە</u> <u>سایکۆلۆژیەکان</u> لە زمانی کوردیدا**
- **<u>تێنس</u> لە <u>دیالێکتی</u> ژوروی زمانی کوردیدا**
- **پەیوەندیی ئاستی <u>مۆرفۆلۆجی</u> بە ئاستی <u>مۆرفۆلۆجی</u> و <u>سینتاکس</u>**
- **پەیوەندیی <u>سینتاکس</u> و <u>سیمانتیک</u> لە ڕێزمانی کوردیدا**
- **<u>فۆرمی</u> <u>لۆژیکی</u> لە زمانی کوردیدا**
- **<u>فاکتەری</u> ئەدەبی لە بە<u>ستانداردبونی</u> <u>دیالێکت</u> لە زمانی کوردیدا**

لایەنێکی تری دەرونی پەیوەستە بەو نوسەر و توێژەرانەی زمانێک یان زیاتر لە زمانێکی بیانی دەزانن، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕان لەو زمانەدا و تێکەڵکردنی زاراوەی ئەو زمانە لەگەڵ زمان ڕەسەنەکەی خۆیدا[1]، بۆیە نوسەران هەمیشە هەوڵدەدەن کە وشە و زاراوەی زمانە بیانیەکە بۆ زمانی زگماک بگوازنەوە، بە پێچەوانەشەوە وشەی زمانی دایک بۆ زمانە بیانیەکە ناگوازنەوە.
**ب- ناشارەزایی:** ژمارەی نوسەران لە هەمو زمانێکدا بەراورد بە ئاخێوەران زۆر کەمترە، لە باشوری کوردستانیش ئەگەرچی ڕێژە و ئاستی خوێندەواری لە ئاستێکی باشدایە، بەڵام بڕێکی کەم لە ئاخێوەرانی کۆمەڵگە توانای نوسینیان هەیە، یان خوی نوسین لە ئاستێکی نزمدایە، کەچی ژمارەیەکی کەمی نوسەرانیش شارەزایی زمانی زگماکی کوردین، بەڵکو بەروارد بە ڕابردو

[1]. شەهاب شێخ تەیب، (٢٠١٢)، ل ٢٦٠.

ژمارەی نوسەرە کوردیزانەکان زۆر کەم و دەگمەنن. بۆیە نوسەران ئاگاداری لایەنە نەرێنیەکانی وەرگرتنی وشەی وەرگیراو نین، بەڵکو زانیارییان لەبارەی چۆنیەتیی دۆزینەوەی وشە و زاراوەسازی کەمە، هەروەها نوسەران بایەخ بە فەرهەنگ و بنەماکانی وشەسازی نادەن، واتە؛ پاشخانێکی بەهێزیان لەبارەی زمانی زگماکەوە نیە، بەڵکو ڕاستەوخۆ پەنادەبەنە بەر وشە بیانیە ئامادەکراوەکان.

**پ- خوێندن و نوسین بە زمانی بیانی:** کردە و پەیڕەوی خوێندنی فەرمی، مەیدانێکی سەرەکی دەوڵەمەندکردن و بەرەوپێشچون و یەکگرتنی هەر زمانێکە، واتە؛ ئەو زمانەی دەبێتە زمانی سەرتاسەری ناوەندەکانی خوێندن و زانکۆکان و بەرنامە و پلانی خوێندنی پێ دادەڕێژرێ، ئا ئەو زمانە پێشدەکەوێ و گەشەدەکا و بڵاودەبێتەوە، بەڵکو هۆیەکی سەرەکیە بۆ پێوەربەندی و یەکگرتویی زمانەکە، بەڵام لە باشوری کوردستان بە هۆی نەبونی یاسا و دەستوری پاراستنی زمانی کوردی، لە دو دەیەی ڕابردودا چەندین قوتابخانە و زانکۆی تایبەت دامەزرێنراون، ئەگەرچی قوتابخانەی تورکی و عەرەبی و زمانی تریش کراونەتەوە، بەڵام لە بەشی هەرە زۆری ئەم ناوەندانەش زمانی ئینگلیزی زمانی سەرەکیی خوێندن و نوسینە. دیاردەی خوێندن و نوسین بە زمانی بیانی تا دێ بە کپی گەشەدەکا و کەمترین دەمەتەقێ و توێژینەوەشی لەبارەکراوە، بە جۆرێک لە زۆربەی قوتابخانە و زانکۆ تایبەتیەکان زمانی خوێندن و نوسین، بابەت و بەرنامەکانی خوێندن بە زمانی ئینگلیزی یان عەرەبیە، تەنانەت وانەی (**کوردناسی**)ش لە پەیمانگە و زانکۆکان بە وانەیەکی لاوەکی دادەنرێ، بەڵکو زمان و نوسین و فەرهەنگی کوردی بە شتێکی زیادە و نامۆ دەبینرێ، تەنانەت لە پۆلی (**دوازدەی ئامادەیی**)دا، بە فەرمی هەژمارکردنی وانەی (**زمانی کوردی**) لەتەک زمانی عەرەبی ئارەزومەندانەیە، بەڵام هەژمارکردنی نمرەی (**زمانی ئینگلیزی**) ناچاریە.

خوێندن و نوسین بە زمان بیانی، بابەت و بەرنامەکانی خوێندن بە زمانێکی بیانی لە کایە و زانستە جیاوازەکان، سەرەڕای بێبەشکردنی تاکی کورد لە فەرهەنگ و زمانی کوردی، ژمارەیەکی بێسنور وشە و زاراوەی بیانی دەخاتە ناو بیر و ئاوەزی تاکی کوردەوە، تەنانەت وشەی ڕەسەن و خۆماڵی لە بیری فێرخوازان دەباتەوە و کاریگەریی گەورەشی بەسەر نوسین و ڕێنوسی فێرخوازاندا بەجێهێشتوە، بۆیە لاپەڕەی هەر وتار و توێژینەوەیەک بخوێنرێتەوە، چەندین وشە و زاراوەی بیانی بەرچاودەکەون.


**ت- ڕاگەیاندن:** لە سەردەمی نوێدا ڕاگەیاندن بە هەر سێ جۆری بیستراو و بینراو و خوێنراو، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە چەسپاندنی و پێشخستنی زماندا هەیە، چونکە خێراترین و ئاسانترین ئامرازی گەیاندنن و سنورە دەستکردەکانیش تێدەپەڕێنن، تەنانەت دەکرێ لە ڕێی دەزگا ڕاگەیاندنە کوردیەکانەوە کار بۆ چەسپاندنی زمانێکی یەکگرتو و پێوەربەند بکرێ. بەڵام دیاردەکە بۆ زمان و ڕێنوسی کوردی پێچەوانەوەیە، بەتایبەتی لە ڕاگەیاندنی بینراودا، چونکە سەرەڕای جیاوازیی ڕێنوسی وشەکان، بەکارهێنانی دو زاری زمانی کوردی و پیشاندانیان وەکو زمانی سەربەخۆ، بەکارهێنانی دو ئەلفوبێی ئارامی و لاتینی، لە ڕاگەیاندنەکانەوە ڕۆژانە چەندین وشە و زاراوە و دەستەواژەی بیانی دەخزێنە ناو فەرهەنگی کوردیەوە، بە شێوەیەک ئەم وشە بیانیانە زۆر بە ئاسانی شوێنی خۆیان لە بیری تاکی کوردا دەکەنەوە، واتە؛ بە هۆی بەهێزی کاریگەریی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیش ئەم وشانە بە ئاسانی وەردەگیرێن و بەکاردەهێنرێن و لە نوسینیشدا ڕەنگدەدەنەوە و دەبنە باو، بۆ نمونە: **ستایل، کۆمێنێت، چامپیۆن لیگ، سۆشیاڵ میدیا، فرێند، ڕێکلام، دۆسیە، بۆند، فاکت، دیفاکتۆ، شەیر، لایک، موڤی، ڤیوەر، فیگەر، نیوز، ستۆری، ئاکشن، ئاکت، ئۆپەڕاسیۆن، ئۆپۆزسیۆن، ئۆپەرەیشن، ئیکۆنۆمی، تیرۆر، کامێرامان، فۆتۆگرافەر، فۆتۆ، کاش، کۆنگرە، سپۆرت، کۆنتاکت، پارت، فۆرم، سوپرایز، داتا، پەیج، پارک، کۆنسێرت، سکیورتی، پرایڤەت، ئەپارتمێنت، چانس، تەکنیک، ئایدیا، کۆمیدیا، پرۆتۆکۆل،...**

**ج- جیهانگیری:** نزیکبونەی مرۆڤەکان لە یەکتریەوە بە هۆی ئاسان و خێرابونی هۆ و ئامرازەکانی ژیان و پەیوەندیکردن، پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا لە هەمو بوارەکان، فراونبونی پیشەسازی و زۆری داهێنان و هاتنەناوەوەی کەلوپەلە و ئامێرە جۆراوجۆرەکان، ئاسانی بڵاوبونەوەی بیر و باوەڕە جیاواز و نوێیەکان، ئەمانە هەمو وایانکردوە کە وشەی بیانی لەگەڵ ئەو تەوژمە پێشکەوتن و جیهانگیریە خۆیان بخزێنە ناو زمانەوە، بە تایبەتیش زمانی ئینگلیزی کە وەکو زمانی سەرەکی و سەردەستی ئەم جیهانگیریە دەردەکەوێ. بۆیە لەگەڵ هەمو کەلوپەل و واتا و بیرە نوێیەکان چەندین وشەی ئینگلیزی دێنە ناو زمان و لەوێشەوە بۆ زمانی نوسین دەگوازرێنەوە، ئەگەرچی تەوژمەکە خێرا و فراوانە، بەڵام پێویستە و ئەرکی هەمو لایەکە لە بەرانبەر واتا نوێیەکان وشە و زاراوەی کوردی لە بەرانبەریان بدۆزرێنەوە و بەکاربهێنرێن، بۆ نمونە: **ئینتەرنێت، کۆمپیوتەر، مۆبایل، سیمکارت، ئەپدەیت، سەتەلایت، ڕادیۆ، لێزەر، هولیودسمایل، سپۆرت، کێک، سویچ، کافێ،**

**مۆڵ، مارکێت، تەلەفۆن، کارتۆن، پاسەپۆرت، ستۆدیۆ، ئەتڵەس، فریزەر، تەلسکۆب، مۆبیلیات، بەلەکۆن، بۆفیە، سوپەر،...**

**٢-٣-٥- کردەی وەرگرتنی وشە لە ڕێنوسی کوردیدا:**

بۆ چارەسەری فراوانی و چۆنیەتیی وەرگرتنی وشە و بژارکردنی وشەی بیانی لە ڕێنوسی کوردیدا، ئەم کردەیە بۆ دو قۆناغی سەرەکیی دابەشدەکرێ: قۆناغی بەر لە وەرگرتن و قۆناغی وەرگرتن، بەم هێڵکاریەی خوارەوە:




هێڵکاریی ژمارە (٤): کردەی چۆنیەتیی وەرگرتنی وشە لە نوسزمانی کوردیدا

**٢-٣-٥-١- قۆناغی یەکەم: بەر لە وەرگرتن: بژارکردن:**

قۆناغی پشتبەستنە بە زمانی کوردی، واتە؛ قۆناغی پاڵاوتن و پاککردنەوە یان بژارکردنی ڕێنوسی زمانی کوردیە لە وشە و زاراوەی بیانی، ئەم کردەیەش بە گەڕانەوە و دۆزینەوە و بەکارهێنانی وشەی ڕەسەن و خۆماڵیەوە بەدیدێ. لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێ هەمو ئەو وشە و

زاراوە بیانیانە لە زماندا بە وشەی کوردی ئالوگۆڕبکرێن، چونکە بەشی هەرە زۆری ئەم وشانە بە هۆی پێویستیی نوسزمانی کوردی پەیدانەبون، بەڵکو بە یەکێک لە هۆکارە نازمانیەکان هاتونەتە ناو ڕێنوسەوە، بۆیە زۆر بە ئاسانی دەتوانرێ بەشی هەرە زۆریان وشەی کوردییان لە بەرانبەردا بەکاربهێنرێ، بۆ نمونە:

| وشەی بیانی | وشەی کوردی | وشەی بیانی | وشەی کوردی |
|---|---|---|---|
| ئەکتیڤ | چالاک | فێلد | کێڵگە |
| مەسج | نامە | سەیڤ | داکردن |
| عەمەلیات | نەشتەرگەری | مەناعە | بەرگری |
| ڕیفراندۆم | ڕاپرسی/ گشتپرسی | تەکنیک | ڕێساز |
| جنسیە | پێناس | پرۆسە | کردە، پێواژۆ |
| داونلۆد | دابەزاندن | وەسف | پەسن |
| فرێز | گرێ | تەنها | تەنیا |

خشتەی ژمارە (٢٠): وشەی ڕەسەنی کوردی لە بەرانبەر وشەی باوی بیانی

جگە لە هۆکار و لایەنی دەرەوەی زمانی کوردی، نوسزمانی کوردی بە هۆی چەند ڕێسازێکی سروشتی و ناوەوەی زمانەکە، دەتوانێ خۆی لە وشەی بیانی بژاربکا، ئەویش بە هۆی هەمو ئەو ڕێگە و ڕێکارە خۆڕسکانەن کە لە زمانی کوردیدا هەن، ئەگەرچی ئەم ڕێکارانە وەکو ماک و تایبەتمەندی و دەوڵەمەندیی زمانەکەش دەردەکەون، وەلێ گرنگترین ڕێگەن کە نوسزمانی کوردی بۆ پاراستن و بژارکردن و نوێبونەوەی زمانەکە پەیڕەویاندەکا، گرنگترینیان ئەمانەن:

**ا- چارەسەر بە وشەی بنەڕەتی:** ئەو جۆرە وشانەن کە ڕەسەن و خۆماڵین و بەرانبەر بەشێکی زۆری وشە و زاراوەی بیانی بەکاردەهێنرێن، بەبێ ئەوەی پێویستبکا پەنابېرێتە بەر وشەی سازکراو و بەرهەمێنراو یان داڕشتنی شێوەیەکی نوێ، یانیش وەرگێڕانی وشە بیانیەکان[١]، واتە؛ هەمان ئەو وشانەن کە لە سروشتی زمانەکەدا هەن، بەکارهێنانی ئەم جۆرە وشانە، بە شێوەیەکی وا بەکاردەهێنرن، کە لەگەڵ واتای وشە یان چەمکی زاراوە بیانەکە بگونجێ، بۆ نمونە:

---

[١]. سۆزان سەعدوڵلا عەبدولغەنی، (٢٠١٩)، ل ٦٥.

| وشەی بیانی | وشەی کوردی | وشەی بیانی | وشەی کوردی |
|---|---|---|---|
| فۆن | دەنگ | ختوە | هەنگاو |
| فریز | گرێ | ئەدەب | وێژە |
| سیستەم | پەیڕەو/ پێڕەو | مەوج | شەپۆڵ، پێل |
| فۆرم | شێوە | عەقڵ | ئاوەز |
| تێکست | دەق | سترێس | هێز، پەستان |
| قاموس | فەرهەنگ | جددی | ڕژد |
| مەدح | پەسن | سەنتەر | چەق، ناوەند |
| قەرز | وام[1] | جەهەننەم | دۆزەخ |
| ئەشیعە | تیشک | وایەر | تەل |
| ئێنێرگی | وزە | سێکتەر | کەرت |
| ڕتوبە | شێ | نسبە | ڕێژە |
| ئالەت | ئامێر | سیمبوڵ، ڕەمز | هێما |

خشتەی ژمارە (٢١): وشەی بنەڕەتیی کوردی لە بەرانبەر وشەی بیانیدا

**ب- چارەسەر بە ڕێسازی داڕشتن و لێکدان:** ئەم دو ڕێسازە بە گرنگترین ڕێگە بۆ پاککردنەوە و بژارکردنی نوسزمانی کوردی دادەنرێن، بەڵکو لایەنە هەرە بەبەرهەمەکەی زمانی کوردین، بە جۆرێک بە هۆیانەوە وشەیەکی زۆر بەرهەمهێنراون و بەردەوامیش لە بەرانبەر بیرۆکە و واتا نوێیەکانەوە، وشە و زاراوە بۆ فەرهەنگی زمان بەرهەمدەهێنن، بۆیە ئەم دو ڕێسازە، چەسپاوترین پەیڕەوی وشەسازیی کوردین، بەڵکو بەرگریی تەواوی نوسزمانی کوردین، چونکە لە پێکدادان و ململانێی زمان، بەتواناترین ڕێگەن لە خۆپاراستن و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردی، واتە؛ کردەی داڕشتن و لێکدان وەکو پەرژین و قەڵغان، لە بەرانبەر بڵاوبونەوەی وشەی بیانیدا کاردەکەن. بۆ نمونە وشەیەکی وەکو (**فڕۆکە**) کە لە بنەڕەتدا وشەیەکی داڕێژراوە و بە ڕێگەی داڕشتن بەرهەمهاتوە: (**فڕ+ ۆکە**)، بەڵام لە توانایدایە دوبارە ببێتەوە بە بنکە بۆ بەرهەمهێنانی چەندین وشە و زاراوە، لە بەرانبەر زاراوە بیانیەکاندا بوەستێتەوە، بۆ ئەوەی خۆیان نەخزێننە ناو زمان:

---

[1]. بڕوانە: ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، (٢٠٢٠) (ب)، ل ٢٨٣٥.

**– فرۆکە: فرۆکەخانە، فرۆکەوان، فرۆکەوانی، بێفرۆکەوان، دژەفرۆکە، فرۆکەهەڵگر، فرۆکەشکێن، باڵەفرۆکە، شەڕەفرۆکە،...**

| وشەی بیانی | وشەی بەرهەمهێنراو | وشەی بیانی | وشەی بەرهەمهێنراو |
|---|---|---|---|
| زاکیرە | یادگە | پرۆسە | کردە، پێواژۆ |
| تەکنیک | ڕێساز | ئینتیما | خۆبەندی |
| تەکتیک | تەنگەڕێ | کۆنترۆل | بەرزەفتە |
| میکانیزم | ڕێکار | دایەگرام | هێڵکاری |
| پاڕاگراف | پەڕبەند | ئەپلۆد | بارکردن |
| ستاندارد | پێوەربەند | قەڵەم | پێنوس |
| سیستەماتیک | پێڕەوبەند/ پەیڕەوبەند | دەفتەر | تێنوس |
| ماددی، ماتریاڵ | بەرجەستە | بزنس | بازرگانی |
| مەعنەوی، ئەبستراکت | دەرجەستە | شاعیر | هۆزانڤان، هۆنەر |
| میتۆد | ڕێگە | شیعر | هۆنراوە، هەڵبەست |

خشتەی ژمارە(٢٢): وشەی بەرهەمهێنراو لە بەرانبەر وشەی بیانیدا

**پ– چارسەر بە گۆڕینی واتای وشە:** گۆڕین و فراوانکردن و تایبەتکردن و پەرەپێدانی واتای وشە بنەڕەتی و بەرهەمهێنراوەکان، سەرەڕای ئەوەی کردەیەکی وشەسازی نیە[١]، وەلێ یەکێکە لە ڕێسازە هەرە باوەکانی زمانی کوردی، بە تایبەتی لە بەرهەمهێنانی زاراوەدا زۆر بەبەرهەمە و وەکو بنەمایەکی سەرەکی دانانی زاراوە پشتی پێ دەبەسترێ. لەم کردەیەدا تەنیا واتای وشەی بیانیەکان وەردەگیرێ و لەبری ئەوەی سود لە شێوەی وشە بیانەکە وەربگیرێ، سود لە وشەیەکی فەرهەنگی و خۆماڵیی کوردی وەردەگیرێ[٢]، واتە؛ واتا و بیرۆکەیەکی نوێ لە وشەیەکی کۆن یان زیندوی زمانی کوردی باردەکرێ، بۆیە وشەی کۆنی کوردی پێ زیندودەکرێتەوە و لە پوکانەوە دەیپارێزێ، سەربارەی ئەوەش، ڕێ لە هاتنەناوەوەی وشەی بیانی دەگرێ. بۆ نمونە بەکارهێنان و گۆڕینی واتای وشەی (**سیخوڕ**) کە لە بنەڕەتدا وشەکە ناوی ئاژەڵێکە، بەڵام لە بەرانبەر وشەی (**جاسوس**)ی عەرەبی بەکاردێ، هەروەها زاراوەکانی (**زمان**، **ڕەگ**، **قەد**، **زار**، **ئامراز**) لە زمانەوانیدا،

---

١. شیروان حوسێن خۆشناو، (٢٠١٦)، ل ١٣٥.

٢. ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا، (٢٠٠٧)، ل ١٧٧.

بەرانبەر وشەکانی (**Language, Root, Stem, Dialect, Article**). ئەم ڕێسازە لە زمانەوانیی کوردیدا بە زاراوەکانی (خوازە، میتافۆر، ئاوەڵواتا، مەجاز)[1]یش ناسراوە. لە نوسزمانی کوردیدا بەم ڕێسازە چەندین وشە و زاراوە لە بەرانبەر وشە و زاراوەی بیانیدا بەرهەمدێن و بەکاردەهێنرێن و دەنوسرێن، بۆ نمونە:

– **پسپۆڕ:** واتای فەرهەنگی بۆ ئاژەڵدارێک بەکارهێنراوە، کە لە ناسینەوەی ئاژەڵدا زۆر وریا و شارەزا بوە، بەڵام لە نوسزمانی کوردیدا بۆ ناونانی کەسێکی شارەزا لە بوارێکی زانستی یان پیشەیی، لە بەرانبەر وشەی (**Expert**) و (**خبير**) دەوەستێ، بۆ نمونە: پسپۆڕی کوردی، پسپۆڕی دەرونی، پسپۆڕی بیرکاری، پسپۆڕی کۆمەڵایەتی، پسپۆڕی مێشک، پسپۆڕی خۆراک،...

– **دەنگ:** واتای فەرهەنگی بەرانبەر وشەی (**صوت**)ی عەرەبیە، بەڵام وەکو زاراوەیەکی زمانەوانیی، بەرانبەر (**Phone**) بەکاردەهێنرێ، لە سیاسەتیشدا لە بەرانبەر (**Vote**) بەکاردێ.

– **سەرچاوە:** لە بنەڕەتدا بە واتای شوێنێک هاتوە کە ئاوی تێدا هەڵقوڵاوە: (سەرچاوەی کانی یان کارێز)، بەڵام ئێستا وشەی (**سەرچاوە**)، بەرانبەر وشەی (**مصدر**)ی عەرەبی و (**Refrence**)ی ئینگلیزی دەوەستێ.

**ت– چارەسەری بە ڕێسازی پێوانە:** ڕێسازێکە بۆ بەرهەمهێنان و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردی، بە پێوانەی دەستوری پێکهاتنی وشەی کۆن و ڕەسەنەکانی زمانی کوردی، لەسەر هەمان ڕێڕەو و ڕێگە، وشە و زاراوەی نوێ بۆ واتا پێویستیەکانی ژیانی ڕۆژانە دادەنرێ[2]. ئەگەر لە سامانی وشەکانی کوردی لە قۆناغی لە دایکبونی زمانی کوردی سەرنجبدرێ، ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە کە هەر کۆمەڵە وشەیەکیان بە پێی دەستورێکی ڕێزمانی و ڕێبازێکی پێوانەیی دانراون. واتە؛ لەسەر بنەمای دەستوری پێکهاتنی وشەیەک چەندین وشە و زاراوەی تری نوێ دادەڕێژرێ، ئەمەش بۆ ناونانی پێویستیی زمانی و دیاردە نوێیەکان زۆر لەبارە، ئەم ڕێسازە ((بنچینەی هەمو دەستورەکانی زمان و وشەسازیە، وەک پێوەرێک وایە بە دەست زمانەوانەکانەوە))[3]. بۆ نمونە:

---

[1]. کامل حەسەن بەسیر، (١٩٧٩)، ل ٥٨؛ سۆزان سەعدوڵڵا عەبدولغەنی، (٢٠١٩)، ل ٦٥.
[2]. کامل حەسەن بەسیر، (١٩٧٩)، ل ٩٦.
[3]. ساکار ئەنوەر حەمید، (٢٠٠٩)، ل ٤٥.

– **جوتیار:** هەستیار، کڕیار، فرۆشیار، ئەندازیار، زانیار، سەرپەرشتیار، بەختیار، گەشتیار،...
– **مەڕدار:** پەیوەندیدار، دڵدار، نازدار، ڕێزدار، بەشدار، ئاگادار، پەیامدار، باوەڕدار، سیاسەتمەدار،...
– **ئاوکێش:** ددانکێش، چەقۆکێش، نەوتکێش، سەرکێش، ئازارکێش، بەردکێش، جگەرەکێش،...
– **شاخەوان:** شارەوان، زمانەوان، باخەوان، نەوجەوان، هەنگەوان، مەلەوان، بەرخەوان،...

**ج– چارەسەر بە ڕێسازی لێکدان:** لە زمانەوانیی کوردیدا بە زاراوەی (داتاشین، تێکەڵکردن)یش ناسراوە[1]، بەم شێوەیە پێناسەکراوە: کۆکردنەوەی دو شێوەی جیاوازی وشە، بۆ بەرهەمهێنانی وشەیەکی نوێ، بەم کردەیەش دەگوترێ: تێکەڵکردن[2]. واتە؛ ئەم ڕێسازە بۆ بەرهەمهێنانی وشە لە ڕێگەی لێکدانەوە دەبێ، بەڵام لە ئەنجامی لێکدانەوە، هەندێ دەنگ دەسوێ یان گۆڕانگاری بەسەرردادێ[3]، بە واتایەکی تر؛ لەکاتی داتاشینی وشەیەکی نوێ، هەندێ دەنگ و بڕگە لەناودەچن، ئەمەش بە پێی یاسا دەنگسازیەکان دەبێ، بە مەرجێک هاوئاهەنگی لە بێژە و واتای نێوان وشە داتاشراوەکە لەگەڵ هەردو وشە یان زیاتر لە وشە لێداتاشراوەکان هەبێ[4]. ئەم ڕێسازە لە زمانی کوردی و زۆربەی زمانەکاندا هەیە، لە زمانی ڕاگەیاندن و زاراوە زانستییەکاندا بڵاو و بەبەرهەمە، لە نوزسزمانی کوردیدا لە زۆر باردا، بۆ بەکارهێنانی وشەی کوردی بەرانبەر واتا نوێیەکان یان وشە و زاراوە بیانیەکان، پەنادەبرێتە بەر ئەم جۆرە وشە تێکەڵکراوانە یان ئاوێتەکراوانە، بۆ نمونە:

**– ڕۆژنامە+ گۆڤار= ڕۆڤار**
**– زانین+ کۆکردنەوە= زانکۆ**
**– نوسین+ زمان= نوسزمان**
**– گۆکردن+ زمان= گۆزمان**
**– کۆمەڵناسی + زمانەوانی= کۆزمانەوانی**
**– دایک+ باب= دایباب**
**– دەرونزانی+ زمانەوانی= دەروزمانی**
**– ڕێگە+ نوس= ڕێنوس**
**– کۆکردنەوە+ ڕۆژ= کۆڕۆژ**

**چ– چارەسەر بە ڕێسازی وەرگێڕان:** بریتیە لە وەرگێڕانی بێژە و ڕوخساری وشە و زاراوەیەکی بیانی بۆ بێژە و وشەیەکی خۆماڵی، بە هەمان واتا یان نزیک لە واتاکەی خۆی[5]، بەمەش وشە

[1]. خۆشناو عەزیز حەمەئەمین و سەلام ڕەحیم ڕەشید، (٢٠١٩)، ل ٩٥.
[2]. عوسمان کەریم عەبدولرەحیم، (٢٠١٤)، ل ٢٤.
[3]. عەبدولواحید موشیر دزەیی، (٢٠١١)، ل ٥٨.
[4]. نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، (٢٠١٦)، ل ١٢٢.
[5]. پێشکەوت مەجید مەحەمەد، (٢٠٢٢)، ل ٨٧.

بەرهەمهێنراوەکە شێوەیەکی خۆماڵی و ڕەسەن وەردەگرێ و وەکو وشەیەکی نوێ لە نوسزمانی کوردیدا بەکاردەهێنرێ، بۆیە وەرگێڕان ڕێسازێکی گرنگی بەرهەمهێنان و پەیدابونی وشەی زمانی کوردیە، چونکە لە زۆر باردا لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە واتای نوێ بە کەرەسەی ڕەسەن و کۆنی کوردی دادەڕێژرێ، بۆ نمونە (**وێنەگر**) لە بەرانبەر (**Photographer**) و (**خۆپیشاندان**) لە بەرانبەر (**مظاهرة**). ئەمەش دەبێتە هۆیەک بۆ دەوڵەمەندکردنی زمان و فەرهەنگی کوردی، هەروەها وەک ڕێسازێکی سەرەکی بۆ ڕێگریکردن لە وشەی بیانی کاردەکا. لێرەدا وەرگێڕ بەدوای وشە و زاراوەی نوێدا دەگەڕێ، کە لە زمانەکەی خۆیدا هەن بۆ ئەو زاراوەی کە وەرگیراون، یان لە هەندێ باردا بە سودبینین لە ڕێگەی دارشتن و داتاشین و لێکدان، وشە بۆ وشە بینایەکە دادەنێ[1]. وەرگێڕانی وشە لە هەر زمانێکەوە بێ، تەنیا واتای وەرگێڕانی وشە وەرگێڕدراوەکەیە، واتە؛ وەرگێڕان گواستنەوەی وشەی بیانیە بۆ نوسزمانی کوردی بە واتاکەی نەک بێژەکەی[2]. وەرگێڕ یان زاراوەساز (Terminologist) لە زمانی کوردیدا بە دوای بێژەی بەرانبەر ئەو واتا و چەمکەدا دەگەڕێ، کە هەمان واتای وشە بیانیەکە بدا، یان زمانی کوردی چ ناوێک یان بێژەیەک لەم چەمکە و وشە دەنێ، کە وشە بیانیەکەی بۆ دانراوە، دوای ئەوەی دەیدۆزێتەوە بە پلەی گونجان و نەگونجانی لەگەڵ واتای وشە بیانیەکەی لە هەمو لایەنێکەوە لێی دەکۆڵێتەوە، ئینجا بەکاریدەهێنێ[3].

لە نوسزمانی کوردیدا ئەو وشە و زاراوانەی لە زمانە بیانیەکان، بەتایبەتی لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزیدا وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی، لە زۆرینەی زاستەکاندا زمانی کوردییان دەوڵەمەند کردوە و کەلێنی گەورە بۆ فەرهەنگ و نوسزمانی کوردی پڕدەکەنەوە، بەم هۆیەوە زمانی کوردی بژارکراوە و بەرەو زانستیبون هەنگاودەنێ. کردەی وەرگێڕان بە دو ڕێگە سود بە نوسزمانی کوردی دەگەیەنێ و پەیڕەودەکرێ:

**یەکەم- وەرگێڕان بە ڕێگەی وشەسازی:** سەرەڕای لەبەرچاوگرتنی واتای وشە بیانیەکە و وەرگێڕانی بێژەی وشە بیانیەکە، بۆ ڕۆنانی وشە کوردیەکان، پەنادەبرێتە بەر یەکێک لە کردەکانی

---

[1]. دیدار سەعید جوکل، (٢٠١٨)، ل ٧٠.
[2]. کەمال جەلال غەریب، (٢٠١٢)، ل ٣١
[3]. مەحەمەد وەسمان، (٢٠٠٤)، ل ٦٠.

وشەسازی، واتە؛ بە هۆی (داڕشتن و لێکدان و ئاوێتەکردن و پێوانە،...) وشەکان سازدەکرێن وەردەگێڕدرێن و بەرهەمدەهێنرێن، بۆ نمونە:

**- تطور: پەرەسەندن، ثلاجة: بەفرگر، مجمدة: سەهۆڵدان، محرک: بزوێنەر، تعمیم: گشتاندن، استخبارات: هەواڵگری، النسبیة: ڕێژەیی، محطة: وێستگە، صادرة: دەرکردە، واردة: وەرگرتە، خارجي: دەرەکی، داخلي: ناوەکی، شفوي: زارەکی، تطبیقي: کارەکی، مقدمة: پێشەکی، کاتب العدل: دادنوس، اجتماع: کۆبونەوە، رئیس الوزراء: سەرۆکوەزیران، آکل اللحوم: گۆشتخۆر، مظاهرة: خۆپیشاندان، ملتزم: دەربەست، Linguist: زمانەوان، Speaker: بڵندگۆ، Abnormal: نائاسایی، online: سەرهێڵ، Internet: تۆڕڤەچون، Overpass: بەرزەپرد، Pronoun: جێناو،...**

**دوەم- وەرگێڕان بە ڕێگەی گرێی چەسپاو:** بە یەکێک لە ڕێسازە بەبەرهەمەکانی بەرهەمهێنانی وشە و زاراوە لە بوار و زانستە جیاوازەکان دادەنرێ، چونکە بەم ڕێگەیە چەندین زاراوەی بیانی وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی. ئەمەش خۆی پێویستیەکی زمانیە، چونکە مەرج نیە، داتاشین و بەکارهێنانی زاراوەی خۆماڵی بەر یاسا وشەسازیەکان بکەون[١]، بەڵکو زۆر جار بە ڕێگەی ڕستەسازی، بە هۆی گرێیەکەوە، واتە؛ دیارخراو و دیارخەرێک، ئەو واتا و چەمکە وەردەگێڕرێ، بۆیە بەشێک لەم گرێیانە ڕەگ دادەکوتن و لە فەرهەنگیش تۆماردەکرێن، بۆ نمونە: (**سەری ساڵ**، **دەسەڵاتی چوارەم**، **جەژنی قوربان**،...). لەسەر ئەم بنەمایە گرێی چەسپاو توانای هەیە لە بەرانبەر وشە و زاراوەی بیانی بوەستێتەوە و دەق و نوسزمانی کوردی پێ بژاربکرێ، بۆ نمونە:

**- شرق الاوسط: خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، الامم المتحدة: نەتەوە یەکگرتوەکان، صلیب الاحمر: خاچی سور، ذکاء الاصطناعي: ژیریی دەستکرد، عید العمال: جەژنی کرێکاران، ضربة جزاء: لێدانی سزا، حرب الباردة: جەنگی سارد، حرب العالمیة الاولی: جەنگی یەکەمی جیهان، Poetics: هونەری هۆنراوە، Linguistics: زانستی زمان، world wide web: تۆڕی جاڵجاڵۆکەی جیهانی، Valantine: ڕۆژی خۆشەویستی، Deepth structure: ئاستی ژێرەوە، General grammar: ڕێزمانی سەراپا، Quarantine: بەندی تەندروستی (هاوێرگە)، Birthday: ڕۆژی لەدایکبون، Champions league: خولی یانە پاڵەوانەکان،...**

---

[١]. سۆزان سەعدوللا عەبدولغەنی، (٢٠١٩)، ل ٧٤.

**٢-٣-٥-٢- قۆناغی دوەم: وەرگرتن: پێویستیی زمان:**

دوای پەیڕەوکردنی قۆناغی بژارکردن و بەکارهێنانی وشەی خۆماڵی، ئینجا نوسزمانی کوردی پەنادەباتە بەر وشەی بیانی، چونکە هەمو زمانێک چەندە وشە و زاراوەی زۆربێ، بە ڕێسازە سروشتیەکانی خۆی یان بە ڕێسازی وەرگێڕان، وشە بەرانبەر چەمکە نوێیەکان بەرهەمبهێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وشە لە زمانانی تر دەخوازێ. ئەم کردەیەش بە نەنگی و خەوش و لاوازی دانانرێ، چونکە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و زیندوە، بە هۆکارە جیاوازەکانی (**هۆی پێکدادانی زمانەکان، هۆی ئاینی، هۆی ڕامیاری، هۆی جوگرافی،**...)، یان لەسەردەمی نوێدا، گواستنەوە و پەیوەندیکردن و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و نزیکبونەوەی زمانەکان، زمانەکان کاریان لە یەکتری کردوە و تێکەڵ بەیەکبون[١]، واتە؛ لێرەدا وشەکان خۆیان دەسەپێنن و دزەدەکەنە ناو فەرهەنگ و نوسزمانی کوردیەوە، نەک سەپێنرابن و بە هۆکارەکانی دەرەوەی زمان وەرگیرابن و بەکارهێنرابن، بۆ نمونە کاتێ زمانی کوردی ناتوانێ وشە لە بەرانبەر وشەکانی: (**پەرلەمان، ڕادیۆ، مۆندیال، ڕۆل، فەیسبوک، حەج، زەکات، ڕەمەزان، کورسی، بۆینباخ**،...) بەرهەمبهێنێ و دابتاشێ و وەربگێڕێ، ئینجا بە ناچاری وشە بیانیەکە وەردەگرێ. بەم پێیە نوسزمانی کوردی بۆ وەرگرتنی وشەی بیانی چەند مەرجێک ڕەچاودەکا:

**ا- سنورداركردنی ڕەمەكی و ئارەزومەندی:** ئەگەرچی وەرگرتنی وشە دیاردەیەکی گشتیی زمانەکانە و لە هەمو زمانە پێشکەوتوەکانیش ڕەوایە، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نیە کە هەر وشەیەکی بیانی بەر گوێمان بکەوێ یان بەرچاوبکەوێ، ڕاستەوخۆ وەریبگرین و بەکاریبهێنین، بەڵکو دەبێ بۆ ڕێسازەکانی بژارکردن بگەڕێینەوە، واتە؛ ئەگەر وشەی ڕەسەن و خۆماڵیی کوردی دەستنەکەوت و نەدۆزرایەوە و بەرهەمنەهات یان نەتوانرێ وشەکە وەربگێڕدرێ، ئینجا وشە بیانیەکە وەردەگیرێ، بە پێچەوانەوە نوسزمانی کوردی توشی مەترس و لایەنە نەرێنیەکانی وەرگرتن دەکاتەوە.

**ب- بەکارهێنانی وشەی کوردی لە بەرانبەر وشە باوە بیانیەکان:** بەشێکی زۆری وشەی بیانی کە لە نوسزماندا بەکاردێن، وشەی کوردی لە بەرانبەریان هەیە، بەڵکو هەندێکیان دیاردەی

---

[١]. سۆزان سەعدوڵڵا عەبدولغەنی، (٢٠١٩)، ل ١٣٧.

هاوواتاییان دروستکردوە، بۆیە پێویستە تەنیا وشە کوردیەکە لە بەرانبەر ئەو وشە باوە بیانیانە بەکاربهێنرێ، بۆ ئەوەی وشە بیانیەکە نەکەوێتە ململانێ و پوکانەوە وشە خۆماڵیەکان، بۆ نمونە:
**- تام (طعم): چێژ، مامەڵە (معاملة): ئالوگۆڕ، زوڵم: ستەم، زاڵم: ستەمکار، گوناح: تاوان، کۆپیکردن: لەبەرگرتنەوە، کتێب: پەرتوک، قەڵەم: پێنوس، حەمام: گەرماو، خەتەر: مەترسی، دلیڤەری: گەیاندن، تەڵاق: جیابونەوە، وەعد: پەیمان، عەقڵ: هۆش، ئێکسپایەر: بەسەرچون، ئەتەکێت: تەدارەک، ئۆتۆماتیک: خۆکار/خۆبزێو، شۆرت: دەرپێ، چانس: بەخت، ناحیە: شارەدێ، قەزا: شارۆچکە، پایسکل: دوچەرخە، تەواڵێت: ئاودەست، ئیمان: باوەڕ، سپەیس: بۆشایی، کلاشینکۆف: تفەنگ، سەعات: کاتژمێر، واقیع: کەتوار، لۆژیک: ژیبێژی،...**

**پ- ڕونکردنەوەی واتای وشەی خۆماڵی بە وشەی بیانی:** کاتێ نوسەر و زمانەوان و زاراوەساز و توێژەر یان ناوەندە زانستیەکان، وشەی خۆماڵیی کوردی دەدۆزنەوە و لە بەرانبەر وشە باوە بیانیەکان بەکاریدەهێنن، بە کارێکی زانستی دادەنرێ کە وشە بیانیەکەش لەتەک وشە کوردیەکە بنوسرێ و بە ڕێنوسی زمانی وشە بیانیەکە بخرێتە نێوان کەوانە: (   )، ئەمەش لەپێناو ئەوەی دەق و پەیام ڕونتر بێ و لێڵیی لە واتای وشە و دەقدا نەمێنێ، بە تایبەتی ئەگەر بۆ یەکەم جار وشەکە لە دەقدا بەکاربهێنرێ، پاشان دەتوانرێ تەنیا سود لە وشە کوردیەکە وەربگیرێ، ئەمەش هۆیەکە بۆئەوەی وشە کوردیەکان لە نوسیندا بچەسپێن و وشە بیانیەکان لاواز بن و بپوکێنەوە. ئەگەر وشە کوردیە بەرکاهاتوەکەش لای خوێنەران نامۆ بو، دەتوانرێ لە پەراوێزدا ڕونکردنەوەی لە بارەوە بدرێ. بۆ نمونە:
**- پەیرەو (System)، پەیرەوبەند (Systematic)، ڕێساز (Technic)، ڕێکار (Mechanism) ڕێگە (Method)، تەنگەڕێ (Tectic)، پێواژۆ/ کردە (Process)، خۆبەندی (انتماء)، چەق (Center)، فەرهەنگ (Culture)، پێگە (Site)، ڕیزەک (List)، ڕێباز (مذهب)، ڕاژە (خدمة)، پاشخان (Background)، پیتچنین (Typing)،...**

**٢-٣-٦- ڕێگەکانی وەرگرتنی وشەی بیانی لە نوسزمانی کوردیدا:**

زمانی کوردی بە دو شێوازی سەرەکی وشەی وەرگیراو لە ڕێنوسدا بەکاردەهێنێ:

**ا- وەرگرتن بە دەستکاریەوە:** بە کردەی (خۆماڵیکردن، کوردێنراو، گونجێنراو، کورداندن)[1]یش ناسراوە، خۆماڵیکردن کردەیەکی گرنگی ڕێنوسی هەمو زمانێکە، چونکە پەیڕەوی دەنگسازی زمانێک بۆ زمانێکی تر جیاوازە، واتە؛ هەر زمانێک لە ڕوی گۆکردن و داڕشتن و یاسا بڕگەسازیەکانەوە، دەستوری تایبەتیی خۆی هەیە، بۆیە کاتێ وشە و زاراوەیەکی بیانی وەردەگیرێ، دەبێ بخرێتە ژێر ڕکێفی پەیڕەوی دەنگسازی و ئەلفوبێ و ڕێنوسی کوردیەوە، تەنانەت وشەسازیی کوردییش شێوە و ڕۆنانی ئەم وشانە وەها دادەڕێژێ کە لەگەڵ پەیڕەوەکەیدا بگونجێ، ئەمەش هۆی سەرەکیە بۆ ئەوەی وشە وەرگیراوەکان بەرگێکی خۆماڵییان بە بەردا بکرێ[2]. جۆر و ڕێژەی ئەو گۆڕانەی بەسەر وشە وەرگیراوەکان دادێ لە زمانیکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە، ئەمەش پەیوەستە بە ڕێژەی فۆنیمی هاوبەش لە نێوان هەردو زمانەکەدا، تا فۆنیمی هاوبەشیان زیاتربێ، گۆڕانەکان کەمتر دەبنەوە[3]، بۆ نمونە ئەو گۆڕانانەی بەسەر وشە عەرەبیەکاندا هاتوە، بەراورد بە وشە فارسی و ئینگلیزیەکان زۆرترە، چونکە زمانی کوردی و عەرەبی دو خێزانە زمانی جیاوازن و ڕێژەی فۆنیمی هاوبەشیان کەمە، زمانی عەرەبی فۆنیمەکانی (**پ، چ، ژ، ڤ، گ، ڕ، ڵ، ێ، ۆ**)ی نیە و زمانی کوردیش فۆنیمەکانی (**ئـ ذ، ث، ص، ض، ط، ظ، ح، ع، غ**)ی نیە.

کەواتە؛ ڕێنوسی کوردی بە پێی تایبەتمەندیە دەنگسازیەکانی خۆی، گۆڕان بەسەر شێوەی وشە بیانیەکاندا دەهێنێ و وشە بیانیەکان لە دەنگ و مۆڕفیمە نامۆیەکانی زمانە بەخشەرەکە دادەماڵێ، هەروەها سەرەڕای گۆڕانی پیتەکان، هەندێکیان تێدەچن و زیادەبن، بۆیە هەندێ جار وشە وەرگیراوەکە ناسینەوەی لە لایەن زمانە بەخشەرەکە ئاسان نیە، بەڵکو دەبن بە بەشێک لە وشە فەرهەنگیەکانی زمانی کوردی، بۆ نمونە گۆڕانی وشە بیانەکانی: (**قلعة**، **مسجد**، **دەعوة**، **Cement**، **Budget**) بۆ (**قەڵا**، **مزگەوت**، **داوا**، **چیمەنتۆ**، **بودجە**) لە زمانی و ڕێنوسی کوردیدا.

---

[1]. خۆشناو عەزیز حەمەئەمین و سەلام ڕەحیم ڕەشید، (٢٠١٩)، ل ١١١؛ ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا، (٢٠٠٧)، ل ١٤٣.

[2]. سۆزان سەعدوڵڵا عەبدولغەنی، (٢٠١٩)، ل ١٤٢.

[3]. پێشکەوت مەجید مەحەمەد، (٢٠٢٢)، ل ٨٥.

بەم پێیە کاتێ وشەکانی (**عمرة، عبدالله، مصر، محمد، عبدالوهاب**) لە زمانی عەرەبییەوە وەردەگرین، بە پێی پەیڕەوی دەنگسازیی کوردی و چۆنیەتی گۆکردنیان بە شێوەی (**عەمرە، عەبدوڵڵا، میسر، محەمەد/ مەحەمەد، عەبدولوەهاب**) دەنوسرێن. بەم پێوەرە لە نوسزماندا، هەمو وشەیەکی وەرگیراو دەبێ بخرێتە ژێر پەیڕەوی ئەلفوبێی کوردی، ئەمەش بەسەر هەمو وشەیەکی وەرگیراو یان ناوی هەمو مرۆڤ و شار و ناوچە و وڵات و کیشوەر، کەسایەتی و نازناو و دەزگا و ڕێکخراوە جیهانیەکانیش جێبەجێدەکرێ، بۆ نمونە:

| وشەی عەرەبی | ڕێنوسی کوردی | وشەی ئینگلیزی | ڕێنوسی کوردی |
|---|---|---|---|
| بغداد | بەغدا | Computer | کۆمپیوتەر |
| عصر | عەسر | Television | تەلەفزیۆن |
| طماطة | تەماتە | Archive | ئەرشیف |
| دولة | دەوڵەت | Philosophy | فەلسەفە |
| مظفر | مزەفەر | Bloomfield | بلۆمفیڵد |
| حسين | حوسێن | William Shakespeare | ولیام شکسپیر |
| الجزائر | جەزایر | Pizza | پیتزا |
| فلسطين | فەڵەستین | Salad | زەڵاتە |
| صلاح الدين | سەلاحەددین | Paracitamol | پاڕاسیتۆل |
| كاظم | کازم | Cake | کێک |

خشتەی ژمارە (٢٣): وشەی بیانی بە دەستکاریەوە

**ب- وەرگرتن بەبێ دەستکاری:** بریتیە لەو وەرگرتنەی کە کتومت بەبێ گۆڕانکاری و دەستکاری لە ڕوی دەنگ و واتاوە، وشە بیانیەکە دەگوزارێتەوە بۆ ڕێنوسی کوردی، واتە؛ گواستنەوە و خواستنی وشە بیانیەکانە بە هەمان دەنگ و بێژە یان زۆر نزیک لە شێوەی گۆکردنی زمانە بەخشەرەکە بەکاردەهێنرێن و دەنوسرێن، ئەمەش دوای ئەوەی ئەو وشانە بە پەیڕەوی دەنگسازی کوردیدا تێپەڕیون، بەڵام پارێزگاریان لە شێوە و واتای خۆیان کردوە و نەگۆڕاون و ناسینەوەیان لە زماندا ئاسانە، بۆیە ئەم جۆرە وشانە بە دەگمەن دەبن بە وشەی فەرهەنگی. ئەم کردەیەش لەسەر چەند بنەمایەک بەندە:

**یەکەم:** ئاسانی گۆکردنی وشە وەرگیراوەکان، واتە؛ بە ڕێکەوت سەرجەم دەنگەکانی وشە وەرگیراوەکە لە زمانی کوردیدا هەن، ئەمەش وادەکا بە ئاسانی گۆبکرێن و بنوسرێن[1]، بۆ نمونە: **کەریم، سەلام، ڕەحیم، سینەما، ڕۆل، فایل، ئیمێل، گاز، هۆڵ، چین، جوگرافیا، حەج، زەکات، ڕەمەزان،...**

**دوەم:** ئەو وشانەی دەبن بە زاراوە لە بوار و پسپۆڕیە جیاوازەکاندا، یان ئەو وشانەی بە فراوانی بەکاردێن و زۆر دوبارەدەبنەوە، بۆیە زۆربەیان وەکو خۆیان بەبێ دەستکاری دەنوسرێن، یان هەوڵدەدرێ بەبێ گۆڕانکاری بنوسرێن، چونکە بونەتە وشەی جیهانی و شێوەیان ناسراو و ئاشکرایە، بەڵکو شارەزا و نوسەرانیش ئەم جۆرە وشانە وەکو خۆیان بە هەمان بێژە دەنوسن و بە بەشێک لە هەڵە و بێتوانایی دادەنرێ، ئەگەر وشەکە وەکو خۆی دەرنەبڕرێ یان نەنوسرێ. لە لایەکی ترەوە؛ بەشێکی زۆری ئەم وشانە بە هۆی داهێنان و بەرهەمە پیشەسازیەکانەوە بە هەمان ناوی وشە بیانیەکان بۆ زمان دەگوازرێنەوە[2]. بۆ نمونە وشەکانی بواری پزیشکی: (**کۆرۆنا، ڤایرۆس، ڕۆماتیزم، ئەکزیما، ئەسپرین، پلازما،...**)، یان ناوی ئۆتۆمبێلەکان: (**نیسان، تۆیۆتا، بیئێم، مازدا، ئۆدی، گیتا، شۆفرلێت، پیکاب...**)، یان وشەکانی بواری ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن: (**شەیر، لایک، فەسیبوک، تویت، پۆینت، ڤایبەر،...**).

**سێیەم:** بەشی هەرە زۆری ناوی شوێن و کەس و کارگە و وڵات و شار و ڕێکخراوە جیهانیەکان، لەبەر ناسینەوە و زانراویان، هەوڵدەدرێ وەکو خۆیان بنوسرێن، بۆ نمونە: **دەوحە، سعودیە، عەلی، قەزافی، ڕۆنالدۆ، میسی، لالیگا، پاریس، ڕۆما، نیودەلهی، چۆمسکی، ڤۆڵت، ئەدیسۆن، بایدن، جۆرج، ئایفۆن، ئەندرۆید، هواوی، ناتۆ، یونسکۆ، ئۆپێک،...**

[1]. پێشکەوت مەجید مەحەمەد، (٢٠٢٢)، ل ٨٤.

[2]. سۆزان سەعدوڵلا عەبدولغەنی، (٢٠١٩)، ل ١٤١.

## بەشی سێیەم

## ئاریشەکان لە ئاستی ڕستەسازیدا

زاراوەی ڕستەسازی لە زمانەوانیی کوردیدا بەرانبەر زاراوەی (Syntax)ی ئینگلیزی بەکاردەهێنرێ، لە بنەڕەتیشدا لە زاراوەی (syntaxis)ی یۆنانیەوە وەرگیراوە[١]، (Syn) بە واتای (پێکەوە) و (taxis) بە واتای (دانان، ڕێکخستن) هاتوە[٢]، کەواتە؛ ڕستەسازی لقێکی گرنگی زمانەوانی بیردۆزەییە و ناوکی سەرەکیی ڕێزمانی زمانەکانە، چونکە ڕستەسازی توێژینەوە و ڕێکخستنی مۆڕفیم و وشەکانی زمانە لەناو ڕۆنانێکی گەورەتردا، کە بریتیە لە پێکهێنان و بەرهەمهێنانی گرێ و ڕستە. واتە؛ ئەگەر وشەسازی بە شێوەیەکی ستونی خۆی بە جۆر و ڕوخسار و پێکهاتەی مۆڕفیم و وشەکانی زمانەوە خەریکبکا، ڕستەسازی بە شێوەیەکی ئاسۆیی خۆی بە ئەرک و چۆنیەتیی لکانی مۆڕفیم و وشەکان، بۆ سازدان و بەرهەمهێنانی ڕستە و گرێیەکانی زمانەوە خەریکدەکا[٣]، بەم پێیە ڕستەسازی لە سروشت و پێکهاتنی ڕستە لە مۆڕفیم و وشەکان دەتوێژێتەوە، بە واتایەکی تر؛ دەستوری لێکدان و چۆنیەتیی ڕیزکردنی کەرەسەکانە، بە پێی دەستور و پەیڕەوی زمانێکی تایبەتی و دیارکراو[٤]، چونکە هەر زمانێکیش دەستورێکی تایبەتیی خۆی هەیە.

کەواتە؛ ڕستەسازی ڕستە بۆ کەرتە پێکهێنەرەکان لە گرێی ناوی و گرێی کاری دابەشدەکا و یاساکانی پێکهێنانی ئەم گرێیانەش شیدەکاتەوە. هەروەها ڕستەسازی لە ڕوی ڕۆنانەوە، ڕستەکانی زمان بۆ سادە و ناسادە پۆلێندەکا، یان لە ڕوی ئەرکەوە ڕستەی هەواڵدان و پرس و فەرماندان و ڕستەی سەرسوڕمان،... جیادەکاتەوە. هەروەها لەم پێناوەدا، ڕستەسازی پەیوەندیە هاوبەش و ڕێزمانیەکانی مۆڕفیم و وشەکان لەناو ڕستەدا دەردەخا و ئەرکی هەریەکێک لە بەشەکانی ئاخاوتن و جۆر و پێکهاتەی گرێیەکانیش ڕوندەکاتەوە. بۆیە لەم ڕوەوە ڕستەسازی بە کرۆک و بڕبڕەی پشتی زمان و زمانەوانی دادەنرێ.

---

١. ئەورەحمانی حاجی مارف، (٢٠١٤) (ا)، ل ١٥٢.

٢. ساجیدە عەبدوللا فەرهادی، (٢٠١٣)، ل ٤.

3. David Crystal, (2008), p 471.

٤. عەبدولواحید موشیر دزەیی، (٢٠١٤)، ل ١٦٣.

## ٣-١- تەورەی یەکەم: ئاریشەکان لە سادەترین ڕستەدا:

### ٣-١-١- جۆرەکانی کار:

کار وەکو بەشێکی سەربەخۆی ئاخاوتن واتای ڕودان دەبەخشێ، بە پێچەوانەی بەشەئاخاوتنەکانی تری: (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، چاوگ، جێناو، ئامراز) کە شێوە و پێکهاتەیەکی فەرهەنگی و وشەسازییان هەیە، بەڵام کار شێوەیەکی ڕێزمانیی هەیە، واتە؛ کار لە زمانی کوردیدا، ئەگەرچی شێوەی وشەی هەیە، بەڵام ڕستەیەکی تەواوە، کەواتە؛ ڕستەکان بەرهەمی کارەکانن و کاریش لەسەر بناخەی ڕەگەکانەوە پێکدێ، ئەم ماکە گرنگەی زمانی کوردی، وادەکا کە لێدوان لە بارەی بەشەئاخاوتنی کارەوە، توێژەر و توێژینەوە ڕاستەوخۆ بخاتە ناو چوارچێوەی ئاستی ڕستەسازیەوە، بۆیە لە کوردیدا کار تێکچڕژانی هەردو ئاستی وشەسازی و ڕستەسازی دەردەخا، یان بە لایەنی کەمەوە کار دەبێ لەژێر لقی (وشەسازیی گەردانی)[١]شیبکرێتەوە، لەسەر ئەم بنەمایەش لە توێژینەوە هاوچەرخەکاندا هەوڵدەدرێ بەشەئاخاوتنی کار لە چوارچێوەی ڕستەسازیدا ڕونبکرێتەوە، یان لە چوارچێوەیەکی کورت و تەسکی وشەسازیدا کار بخرێتەڕو[٢]، بۆ نمونە، جیاوازیەکانی نێوان چاوگ و کار،...


لایەنی ڕێزمانیی کار فراون و جۆراوجۆرە، چونکە کار دەشێ لە ڕوی کاتەوە: ڕابردو، ڕانەبردو، ئێستا، داهاتو بێ، لە ڕوی ڕێژەوە دەشێ: هەواڵدان، دانانی، داخوازی بێ، لە ڕوی هێزیشەوە دەشێ: تێنەپەڕ، تێپەڕ بێ، هەروەها دەکرێ بکەردیار بێ یان بکەرنادیار، بەڵام لە ڕوی پێکهاتەوە لە سادەترین پێکهاتەیدا جگە لە ڕەگی کار، بە لایەنی کەمەوە لە دو مۆرفیمی ڕێزمانی پێکدێ، لەم گۆشەنیگایەشەوە بە پێچەوانەی بەشەئاخاوتنەکانی تر، لە زمانەوانیی هاوچەرخدا زمانەوان و توێژەران کار بۆ سادە و ناسادە دابەشناکەن، بەڵکو دەگوترێ: ((کاری سادە لە زمانی کوردیدا نیە))[٣]. یان بە لایەنی کەمەوە زاراوەی (**سادە**)ی بۆ کار بەکارناهێنرێ، بەڵکو ئەو کارانەی

[١]. حاتەم ولیا مەحەمەد، (٢٠١٩)، ل ٨.

[٢]. بڕوانە: عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، (٢٠٢٣) (ا)، ل ١٠٥- ١١٠.

[٣]. عەبدولواحید موشیر دزەیی، (٢٠١٣) (ب)، ل ٤٩.

مۆرفیمی وشەداڕێژیان تێدا نیە، بە (**کاری بنەڕەتی**)[1] یان (**کاری بنجی**)[2] دەناسرێن، کەواتە؛ کار لە ڕوی ڕۆنانەوە بەم شێوەیە پۆلێندەکرێ:




هێڵکاریی ژمارە (٥): جۆرەکانی کار لە ڕوی ڕۆنانەوە

**٣-١-٢- ئاریشەی ڕێنوسی کاری بنەڕەتی:**

کاری بنەڕەتی ئەو کارەیە کە تەنیا لە مۆرفیمی ڕەگ و پێویستیەکانی پێکدێ و مۆرفیمی وشەداڕێژی لەگەڵدا نیە، ئەم جۆرە کارانە لە ڕێنوسی زمانی کوردیدا، لە هەر جۆر و ڕێژە و بارێکدا بن، تێپەڕ و تێنەپەڕ، ئەرێ و نەرێ، ڕابردو و ڕانەبردو، بکەردیار و بکەرنادیار، سەرجەم مۆرفیمەکانی پێکەوە بەبێ بۆشایی دەنوسرێن.

بە پێی بڕیارەکانی (کۆڕی زانیاری کورد)، کاری بنەڕەتی لە کاتی گەردانکردندا مۆرفیمەکانی پێکەوە نانوسرێ، بەڵکو بە بۆشایی جیادەکرێنەوە[3]، بە تایبەتی لەکارە تێپەڕەکاندا، چونکە لە کاری تێپەڕدا جێناوە لکاوە بکەر و بەرکاریەکان بە مۆرفیمی کاتی ئێستا **{دە}** و مۆرفیمی ئارایی **{ب}**، یان بە مۆرفیمەکانی نەرێکردنەوە دەلکێن، واتە؛ هەندێ لە نوسەران کاتێ پێشگرەکان جێناوی لکاو وەردەگرن، ڕەگی کارەکان لە جێناوەکان دادەبڕن و کەرتیان دەکەن، وەک لە ڕێنوسی ئەم کارە بنەڕەتیانەدا دیارە:

---

[1]. نعمەت سابیر عوسمان، (٢٠١٥)، ل ٧١.
[2]. کوردستان موکریانی، (٢٠٢٢)، ل ٥٦.
[3]. ڕێنوسی کوردی بە پێی بڕیارەکانی کۆڕی زانیاریی عێراق- دەستەی کورد، (١٩٨٧)، ل ٣٤- ٣٦.

**(بی خۆم، بت گرین، بمان نێرێ، بم نوسە، بمان گرن، بی بینە، دەیان خواست، دەتان چاند، دەی خوازم، دەت بینم، دەم گری،...)**[1].

بەم پێیە ئاریشەکانی کاری بنەڕەتی بەم شێوەیە چارەسەردەکرێن و دیارترین ئاریشەکانیش لەم چەند خاڵەدا کورتدەکرێنەوە:

**ا- لە کاری ڕابردوی تێپەڕی نەرێدا:** لە کاری ڕابردوی تێپەڕی نەرێ، لە هەمو ڕێژەکانی ڕابردودا (**سادە**، **بەردەوام**، **دور**، **تەواو**، **خۆزگەیی**)، جێناوە لکاوەکانی خاوەنداری دەکەونە پێش ڕەگی کار و بە مۆرفیمی {نە}ی نەرێکردنەوە دەلکێن و جیاناکرێنەوە، ئەگەر جێناوی بەرکاریش دیاربکەوێ، ئەگەر دەستەی خاوەنی ببنە بەرکار لە پێش جێناوی لکاوی بکەری دەنوسرێن و لەگەڵ ڕەگی کار بە بۆشایی جیاناکرێنەوە، بەڵام ئەگەر دەستەی ڕێککەوتن ببنە بەرکار، بە کۆتایی ڕەگی کارەوە دەلکێن، بۆ نمونە:

| **کاری بنەڕەتیی (گرتن)** | |
|---|---|
| **ڕێنوسی هەڵە** | **ڕێنوسی دروست** |
| نەی_گرتبوم- نەی_گرتبوین | نەیگرتبوم- نەیگرتبوین |
| نەی_گرتبوی- نەی_گرتبون | نەیگرتبوی- نەیگرتبون |
| نەی_گرتبو**Ø**- نەی_گرتبون | نەیگرتبو**Ø**- نەیگرتبون |

خشتەی ژمارە (٢٤): دروستەی ڕێنوسی کاری بنەڕەتی لە ڕابوردی تێپەڕی نەرێدا

**ب- لە کاری ڕابردوی بەردەوامی تێپەڕی ئەرێدا:** لە کاری ڕابردوی بەردەوامدا جێناوی لکاوی بکەری بە مۆرفیمی {دە}ی کاتی ئێستاوە دەلکێ، بەڵام ئەگەر بەرکار دەربکەوێ، ئەگەر دەستەی خاوەنی ببنە بەرکار لە پێش جێناوی لکاوی بکەری دەنوسرێن، واتە؛ دەچنە سەر مۆرفیمی {دە}ی کاتی ئێستا و دەلکێن، بەڵام ئەگەر دەستەی ڕێککەوتن ببنە بەرکار، بە کۆتایی ڕەگی کارەوە دەلکێن، بۆ نمونە:

| **کاری بنەڕەتیی (کێشان)** | |
|---|---|
| **ڕێنوسی هەڵە** | **ڕێنوسی دروست** |
| دەمی_کێشا- دەمانی_کێشا | دەمیکێشا- دەمانیکێشا |
| دەتی_کێشا- دەتانی_کێشا | دەتیکێشا- دەتانیکێشا |

[1]. ڕێنوسی کوردی بە پێی بڕیارەکانی کۆڕی زانیاریی عێراق- دەستەی کورد، (١٩٨٧)، ل ٣٥- ٣٦.

| | |
|---|---|
| دەØی_کێشا - دەیانی کێشا | دەØیکێشا- دەیانیکێشا |

خشتەی ژمارە (٢٥): دروستەی ڕێنوسی کاری بنەڕەتی لە ڕابردوی بەردەوامی تێپەڕی ئەرێدا

**پ- لە کاری ڕانەبردوی تێپەڕی ئەرێ و نەرێدا:** لە کاری ڕانەبردوی تێپەڕ لە هەمان پێوەر، جێناوە لکاوەکانی بکەر بە کۆتایی ڕەگی کارەوە دەلکێن و جێناوی دەستەی خاوەنداری دەبنە بەرکار و بە مۆرفیمی {دە} کاتی ئێستاوەوە دەلکێن، لە ڕوی دروستنوسینەوە جیاناکرێنەوە و بەڵکو پێکەوە دەنوسرێن، بۆ نمونە:

| **کاری بنەڕەتیی (هێنان)** | |
|---|---|
| **ڕێنوسی هەڵە** | **ڕێنوسی دروست** |
| دەم_هێنێ – دەمان_هێنێ | دەمهێنێ- دەمانهێنێ |
| دەت_هێنێ- دەتان_هێنێ | دەت_هێنێ – دەتان_هێنێ |
| دەی_هێنێ- دەیان_هێنێ | دەیهێنێ- دەیانهێنێ |

خشتەی ژمارە (٢٦): دروستەی ڕێنوسی کاری بنەڕەتی لە ڕانەبردوی تێپەڕی ئەرێدا

بە هەمان پێوەر ئەگەر کارە ڕانەبردوەکە نەرێ بو، مۆرفیمی {نا}ی نەرێکردن جێکەوتەی مۆرفیمی {دە}ی کاتی ئێستا پڕدەکاتەوە، بۆ نمونە:

| **کاری بنەڕەتیی (فرۆشتن)** | |
|---|---|
| **ڕێنوسی هەڵە** | **ڕێنوسی دروست** |
| نام_فرۆشێ- نامان_فرشێ | نامفرۆشێ- نامانفرۆشێ |
| نات_فرۆشێ- ناتان_فرۆشێ | ناتفرۆشێ- ناتانفرۆشێ |
| نای_فرۆشێ- نایان_فرۆشێ | نایفرۆشێ- نایانفرۆشێ |

خشتەی ژمارە (٢٧): دروستەی ڕێنوسی کاری بنەڕەتی لە ڕانەبردوی تێپەڕی نەرێدا

**ت- لە کاری فەرماندانی تێپەڕی ئەرێ و نەرێدا:** لە کاری فەرماندانی تێپەڕ جێناوە لکاوە بەرکاریەکان بە مۆرفیمی ئارایی {ب}ەوە دەلکێن و لە ڕێنوسدا بە بۆشایی جیاناکرێنەوە، بۆ نمونە:

| **کاری بنەڕەتیی (بردن)** | |
|---|---|
| **ڕێنوسی هەڵە** | **ڕێنوسی دروست** |
| بم_بە- بمان_بە | بمبە- بمانبە |
| بی_بە- بیان_بە | بیبە- بیانبە |
| بم_بەن- بمان_بەن | بمبەن- بمانبەن |
| بی_بەن- بیان_بەن | بیبەن- بیانبەن |

خشتەی ژمارە (٢٨): دروستەی ڕێنوسی کاری بنەڕەتی لە فەرماندانی تێپەڕی ئەرێدا

ئەگەر کارەکەش لە دۆخی نەرێدا بو، جێناوە بەرکاریەکان بە مۆڕفیمی {مە}ی نەرێکردن دەلکێن و جیاناکرێنەوە، بۆ نمونە:

| کاری بنەڕەتیی (ناردن) | |
|---|---|
| **ڕێنوسی هەڵە** | **ڕێنوسی دروست** |
| مەم_نێرە- مەمان_نێرە | مەمنێرە- مەمانێرە |
| مەی_نێرە- مەیان_نێرە | مەینێرە- مەیانێرن |
| مەم_نێرە- مەمان_نێرە | مەمنێرن- مەماننێرن |
| مەی_نێرن- مەیان_نێرە | مەینێر- مەیاننێرن |

خشتەی ژمارە (٢٩): دروستەی ڕێنوسی کاری بنەڕەتی لە فەرماندانی تێپەڕی نەرێدا

**ج- لە کاری داخوازی ئەرێ و نەرێدا:** بە هەمان پێوەری سەرەوە، جێناوە لکاوە بەرکاریەکانی دەستەی خاوەنی، لە کاری داخوازی بە مۆڕفیمی {ب}ی ئاراییەوە دەلکێن، بۆ نمونە:

| کاری بنەڕەتیی (پاراستن) | |
|---|---|
| **ڕێنوسی هەڵە** | **ڕێنوسی دروست** |
| بم_پارێزێ- بمان_پارێزێ | بمپارێزێ- بمانپارێزێ |
| بت_پارێزێ- بتان_پارێزێ | بتپارێزێ- بتانپارێزێ |
| بی_پارێزێ- بیان_پارێزێ | بیپارێزێ- بیانپارێزێ |

خشتەی ژمارە (٣٠): دروستەی ڕێنوسی کاری بنەڕەتی لە داخوازی تێپەڕی ئەرێدا

ئەگەر کارە داخوازیەکەش نەرێ بو، جێناوە لکاوە بەرکاریەکان بە مۆڕفیمی {نە}ی نەرێکردنەوە دەلکێن، بۆ نمونە:

| کاری بنەڕەتیی (بینین) | |
|---|---|
| **ڕێنوسی هەڵە** | **ڕێنوسی دروست** |
| نەم_بینێ– نەمان_بینێ | نەمبینێ- نەمانبینێ |
| نەت_بینێ- نەتان_بینێ | نەتبینێ- نەتانبینێ |
| نەی_بینێ- نەیان_بینێ | نەیبینێ- نەیانبینێ |

خشتەی ژمارە (٣١): دروستەی ڕێنوسی کاری بنەڕەتی لە داخوازی تێپەڕی نەرێدا

**٣-١-٣- ئاریشەی ڕێنوسی کاری نسادە:**

کاری ناسادە ئەو کارەیە سەرەڕای کارە بنەڕەتیەکە لە مۆرفیمێکی سەربەخۆ یان مۆرفیمێکی بەند پێکهاتوە، واتە؛ کاری ناسادە لە ڕوی وشەسازیەوە، بە هەمان پێوەری بەشەکانی تری ئاخاوتن، وشەیەکی ناسادەیە و بە ڕێگەی دارشتن یان لێکدان بەرهەمدێ و واتایەکی نوێ و جیاواز لە واتای کارە بنەڕەتیەکە دەبەخشێ و دەگوازێتەوە، بەم پێیە کاری ناسادەش دەبێتە دو جۆر:

**ا- کاری دارێژراو:** ئەو کارەیە بە لایەنی کەمەوە، لە کارێکی بنەڕەتی و مۆرفیمێکی بەندی دارشتن یان وشەدارێژ پێکهاتوە[1]، بەڵام دەشێ دو یان سێ مۆرفیمی بەندی وشەدارێژ لە پێکهاتەی کارێکی دارێژراودا دەربکەون. بۆ نمونە: (**ڕامکرد، هەڵکەوتین، تێگەیشتی، دایکرد، ڕابوەستن، ڕۆدەکا، وەردەگەڕێن، پێڕاگەیشتم، پێکیانهێنا، دەرمانهێنا، پێداچوبانەوە، لێدەنێنەوە، پێبگەن، دەرشێتەوە، پێداهاتینەوە،...**).

**ب- کاری لێکدراو:** ئەو کارەیە بە لایەنی کەمەوە لە کارێکی بنەڕەتی و مۆرفیمێکی سەربەخۆ پێکهاتوە[2]، بەڵام دەشێ دو مۆرفیمی سەربەخۆ، یان مۆرفیمێکی بەند لەگەڵ مۆرفیمە سەربەخۆکاندا بەشداریبکەن، بۆ نمونە: (**دەستگیرمانکرد، سەرناکەون، جێبەجێدەکا، لەناومدەبرد، بانگیاندەکا، لەبیردەکەی، فرێتانداوە، دەستنیشانماکردوە، دەستنەدەکەوت، بەدەستناهێنرێ، دروستتکردبا، بڵاودەکەنەوە، چاکدەکرێنەوە، دەستپێدەکەینەوە، هانماندان، فێرماندەکەن،...**)

سەرەکیترین ئاریشەی ڕێنوسی کارە ناسادەکان، بە تایبەتی کاری لێکدراو، بریتیە لە جیاکردنەوەی کەرتی یەکەمی کاری ناسادە لەگەڵ کەرتی کارە بنەڕەتیەکە، ئەمەش بە پشتبەستن بە بڕیارەکانی کۆڕی زانیاری کورد[3] و بە بۆچونی بەشێکی توێژەر و زمانەوانان، کە دەگوترێ: ئەگەر لەگەڵ کاری ناسادە جێناو هەبو، یان چاوگ کە گەردانکرا، کەرتی پێشەوە تا جێناوەکە بەجیا و کەرتی دواوەش، کە بریتیە لە کارە بنەڕەتیەکە، بەجیا دەنوسرێ، بێگومان ئەمەش بەبێ

---

[1]. کوردستان موکریانی، (٢٠٢٢)، ل ٥٧.

[2]. نعمەت سابیر عوسمان، (٢٠١٥)، ل ٧٧.

[3]. بڕوانە: ڕێنوسی کوردی بە پێی بڕیارەکانی کۆڕی زانیاری عێراق، (١٩٨٧)، ل٣٤- ٣٥.

ئەوەی پێوەر و هۆکارەکان باسبکرێ، یان بەڵگە و پاساوێکی زمانەوانییان هەبێ[1]. یانیش وەکو دیاردەیەکی ئارەزومەندانە سەیردەکرێ، هەندێ نوسەر کارە ناسادەکان بەبێ بۆشایی دەنوسن و بەشێکی تریش مۆرفیمەکانی کاری ناسادە لە یەکتری جیادەکەنەوە، بۆ نمونە لە شێوەی ڕێنوسی ئەم کارانەدا دەردەکەوێ:

- ((**بەخێومان کرد، هانمان دا، فرێیان دا، پڕی کرد، پێک هێنا، تێک شکان، ڕێکی خست،...**))[2]

- ((**هەڵم گرت، لایان نەدا، ڕایان کرد، هەڵی ناگرین، هەڵتان نەسپارد،...**))[3]

- ((**فڕێ دەدەن، لەدایک دەبن، تێک مەچۆ، جێبەجێ دەکەم، ڕێکم کردبو، پێک هێنا، دام نەکردبو،...**))[4]

بە بۆچونی ئێمە کارە ناسادەکان، داڕێژراو بن یان لێکدراو، ئەرێ بن یان نەرێ، پێکەوە بنوسرێن و بلکێنرێن، بە بەڵگە و پێوەرانەی خوارەوە:

**١- بە پێوەری وشەسازی:** زمانی کوردی زمانێکی نوساو یان لکاوە، واتە؛ بۆ بەرهەمهێنانی وشەکانی چەند مۆرفیمێک دەخاتە پاڵ یەکتری، ئەمەش خۆی ماکێکی سروشتیی زمانەکەمانە، بۆیە دەکرێ وەکو بنەما و پێوەرێکی ڕێنوس و دروستنوسینی زمانی کوردی وەربگیرێ، بە هەمان پێوەریش کارە ناسادەکان پێکەوە بنوسرێن، بۆ ئەو پیتانەش کە لکاو و نوساون، بلکێنرێن.

**٢- بە پێوەری واژەناسی:** کاری ناسادە لە ڕوی پێکهاتنەوە وشەیەکی ناسادەیە، واتە؛ وەکو وشەیەکی ناسادە لە زماندا دەردەکەون و یەکەیەکی واتایی سەربەخۆن، ئەگەرچی لە هەندێ باردا لە ڕوی ڕێنوسەوە شێوەیان درێژ بێ، بەڵام واتایەکی نوێ دەگوازنەوە و چاوگەکانیان دانەیەکی فەرهەنگین، واتە؛ چۆن (**گوڵەگەنم**) ناوێکی لێکدراوە و (**زماندرێژ**) ئاوەڵناوێکی لێکدراوە و (**بڵاوکردنەوە**) چاوگێکی لێکدراوە، بە هەمان پێوەر (**بانگیکردم**) کارێکی لێکدراوە، بۆیە پێویستە مۆرفیمەکانی لێکبدرێن و بەسەر یەکەوە بنوسرێ، نەک بە شێوەی (**بانگی_کردم**).

---

[1]. بڕوانە: چوار زمانناس، (٢٠١٣)، ل ٢٠؛ دیاکۆ هاشمی، (٢٠٢١)، ل ١٥؛ باخان ئەحمەد مەحەمەد، (٢٠٢٠)، ل ١٨٦- ١٩٠.

[2]. باخان ئەحمەد مەحەمەد، (٢٠٢٠)، ل ١٨٤- ١٨٦.

[3]. چوار زمانناس، (٢٠١٣)، ل ٢٠.

[4]. دیاکۆ هاشمی، (٢٠٢١)، ل ٢٧- ٣٠.

٣- **بە پێوەری یەکگرتویی زمان:** ئەگەر کارە ناسادەکان لە نوسیندا لێکبدرێن، ڕێنوسێکی پێوەربەند لە نوسینی کاری ناسادەدا دەچەسپێ، واتە؛ نابێتە کردەیەکی ئارەزومەندانە، بەڵکو هەمو نوسەران بە شێوەیەکی یەکگرتویی ئەم جۆرە کارانە دەنوسن، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە لە بەدیهێنانی نوسزمانێکی یەکگرتو و هاوبەش، بۆ نمونە کاری (**بەدەستمانهێنا**) ئەگەر پێکەوە بنوسرێ و بلکێنرێ، ڕێنوسێکی یەکگرتومان دەبێ، بە پێچەوانەوە لە یەک کاردا چەند شێوەیەکی نوسینی جیاواز پەیدادەبێ: (**بە_دەستمان_هێنا، بەدەستمان_هێنا**).

٤- **بە پێوەری ئابوریی زمان:** لە ڕوی ئابوریی زمانەوە وزە و کات و شوێنێکی زۆر بۆ نوسەران دەگەڕێنێتەوە، ئەمەش لە بواری پیتچنین و جیهانی دیجیتاڵیدا کارێکی زۆر سودبەخشە و بگرە زۆر ئاسانتریشە، چونکە دانانی بۆشایی لە نێوان پێکهاتەی کارە ناسادەکان، سەرەڕای ئەوەی کردەی خوێندنەوە و گەیاندنی واتا خاوەدەکاتەوە، بەفیرۆدانی وزە و کات و شوێنیشی لێدەکەوێتەوە، بۆ نمونە، تەنیا لە دو کاری (**جێ_بە_جێ_دەکەین، لە_دایک_بوی**) دەبینرێ کە (٥) پێنج شوێن و کات و وزە بەفیرۆدراوە، بەڵام هەمان کار ئەگەر مۆرفیمەکانیان بلکێنرێ، هیچ وزەیەک بەفیڕۆنادرێ و دەبێتە: (**جێبەجێدەکەین، لەدایکبوی**).

**٣-١-٤- چارەسەری ئاریشەی ڕێنوسی کاری ناسادە:**

دیارترین ئاریشەکانی ڕێنوسی کاری ناسادە لە سادەترین ڕستەدا، بەم شێوەیەی خوارەوە چارەسەردەکرێن:

**ا- لە کاری ڕابردودا:**

١- **ڕابردوی تێنەپەر:** ڕابردوی تێنەپەڕ بە هەمو ڕێژەکانیەوە (سادە، بەردەوام، دور، تەواو، خۆزگەیی) تەنیا یەک توخم و جێناوەکانی دەستەی ڕێککەوتن وەردەگرێ و هەمیشە دەچنە کۆتایی کارەکە، یان بە ڕەگی کارە بنەڕەتیەکەوە دەلکێن، واتە؛ ناچنە سەر کەرتی یەکەمی کاری ناسادە، ئەمەش وادەکا کە ئاریشەی ڕێنوسی کارە تێنەپەڕەکان بەراورد بە تێپەڕەکان کەمتر بێ، تەنیا پێویستە بەسەر یەکەوە بنوسرێن، تەنانەت ئەگەر مۆرفیمی وشەداڕێژیشیان تێدابو، هەر پێکەوە لێکدەدرێن، بۆ نمونە:

| کاری داڕێژراوی (هەڵکەوتن) | | کاری لێکدراوی (لەناوچون) | | |
|---|---|---|---|---|
| **ڕێنوسی هەڵە** | **ڕێنوسی دروست** | **ڕێنوسی هەڵە** | | **ڕێنوسی دروست** |
| هەڵ_کەوتم/ین | هەڵکەوت/ ین | لەناو_چوبام/ین | لە_ناو_چوبام/ ین | لەناوچوبام/ ین |
| هەڵ_کەوتی/ ین | هەڵکەوت/ ن | لەناو_چوبای/ن | لە_ناو_چوبای/ ن | لەناوچوبای/ ن |
| هەڵ_کەوت/ن | هەڵکەوت/ ن | لەناو_چوبا/ ن | لە_ناو_چوبا/ ن | لەناوچوبا/ ن |

خشتەی ژمارە (٣٢): دروستەی ڕێنوسی کاری ناسادە لە ڕابوردی تێنەپەڕی ئەرێدا

لە ڕابردوی تێنەپەڕی نەرێشدا، مۆڕفیمی {نە}ی نەرێکردن دەکەوێتە نێوان کەرتی یەکەم و کارە بنەڕەتیەکە و پێکەوە دەنوسرێن و جیاناکرێنەوە، بۆ نمونە:

| کاری داڕێژراوی (هەڵچون) | | کاری لێکدراوی (سەرکەوتن) | |
|---|---|---|---|
| **ڕێنوسی هەڵە** | **ڕێنوسی دروست** | **ڕێنوسی هەڵە** | **ڕێنوسی دروست** |
| هەڵ_نەدەچوم/ ین | هەڵنەدەچوم/ ین | سەر_نەکەوتبوم/ ین | سەرنەکەوتبوم/ ین |
| هەڵ_نەدەچوی/ ن | هەڵنەدەچوی/ ن | سەر_نەکەوتبوی/ ن | سەرنەکەوتبوی/ ن |
| هەڵ_نەدەچو/ ن | هەڵنەدەچو/ ن | سەر_نەکەوتبو/ ن | سەرنەکەوتبو/ ن |

خشتەی ژمارە (٣٣): دروستەی ڕێنوسی کاری ناسادە لە ڕابوردی تێنەپەڕی نەرێدا

**٢- ڕابردوی تێپەڕ:** ڕابردوی تێپەڕ چونکە دو توخم وەردەگرێ، جێناوە لکاوە بکەریەکان دەچنە سەر کەرتی یەکەمی کارەکە، جێناوە لکاوە بەرکاریەکانیش ئەگەر دەربکەون، لە دو باردا دەبن، ئەگەر دەستەی خاوەنی ببنە بەرکار دەچنە سەر کەرتی یەکەمی کارە ناسادەکە، واتە؛ پێش جێناوی بکەری دەنوسرێن، ئەگەریش دەستەی ڕێککەوتن ببنە بەرکار، لە کۆتایی کارە بنەڕەتیەکە دەنوسرێن، بۆ نمونە:

| کاری داڕێژراوی (ڕاگرتن) | | کاری لێکدراوی (بانگکردن) | |
|---|---|---|---|
| **ڕێنوسی هەڵە** | **ڕێنوسی دروست** | **ڕێنوسی هەڵە** | **ڕێنوسی دروست** |
| ڕای_گرتم- ڕای_گرتین | ڕایگرتم- ڕایگرتین | بانگی_کردم/ ین | بانگیکردم/ ین |
| ڕای_گرتی- ڕای_گرتن | ڕایگرتی- ڕایگرتن | بانگی_کردی/ ن | بانگیکردی/ ن |
| ڕای_گرت- ڕای_گرتن | ڕایگرت- ڕایگرتن | بانگی_کرد/ ن | بانگیکرد/ ن |

خشتەی ژمارە (٣٤): دروستەی ڕێنوسی کاری ناسادە لە ڕابردوی تێپەڕی ئەرێدا

لە ڕابردوی تێپەڕی نەرێشدا، بە هەمان پێوەر، مۆڕفیمی {نە}ی نەرێکردن دەکەوێتە دوای کەرتی یەکەمی کارەکە و لەگەڵ جێناوە لکاوەکان دەلکێنرێ، بۆ نمونە:

| کاری لێکدراوی (فڕێدان) | | کاری داڕێژراوی (ڕاهێنان) | |
|---|---|---|---|
| ڕێنوسی دروست | ڕێنوسی هەڵە | ڕێنوسی دروست | ڕێنوسی هەڵە |
| فڕێینەدەدام/ ن | فڕێی_نەدەدام/ ن | ڕاینەهێنابوم/ ین | ڕای_نەهێنابوم/ ین |
| فڕێینەدەدای/ ن | فڕێی_نەدەدای/ ن | ڕاینەهێنابوی/ ن | ڕای_نەهێنابوی/ ن |
| فڕێینەدەدا/ ن | فڕێی_نەدەدا/ ن | ڕاینەهێنابو/ ن | ڕای_نەهێنابو/ ن |

خشتەی ژمارە (٣٥): دروستەی ڕێنوسی کاری ناسادە لە ڕابردوی تێپەڕی نەرێدا

**ب- لە کاری ڕانەبردودا:** لە کاری ڕانەبردوی تێنەپەڕدا جێناوە لکاوە بکەریەکان دەچنە کۆتایی کارەکە و مۆرفیمی کاتی ئێستای {دە} دەچێتە سەر کەرتی یەکەمی کارەکە، بەڵام لە ڕانەبردوی تێپەڕدا جێناوە لکاوە بەرکاریەکان دەچنە سەر کەرتی یەکەمی کارەکە، بۆ نمونە:

| کاری لێکدراوی (توشبون)/ تێنەپەڕ | | کاری داڕێژراوی (لێدان)/ تێپەڕ | |
|---|---|---|---|
| ڕێنوسی دروست | ڕێنوسی هەڵە | ڕێنوسی دروست | ڕێنوسی هەڵە |
| توشدەبم/ ین | توش_دەبم/ ین | لێمدەدا- لێماندەدا | لێم_دەدا- لێمان_دەدا |
| توشدەبی/ ن | توش_دەبی/ ن | لێتدەدا- لێتاندەدا | لێت_دەدا- لێتان_دەدا |
| توشدەبێ/ ن | توش_دەبێ/ ن | لێیدەدا- لێیاندەدا | لێی_دەدا- لێیان_دەدا |

خشتەی ژمارە (٣٦): دروستەی ڕێنوسی کاری ناسادە لە ڕانەبردوی ئەرێدا

لە ڕانەبردوی نەرێدا بە هەمان پێوەر، مۆرفیمی {نا}ی نەرێکردن شوێنی مۆرفیمی {دە}ی کاتی ئێستا دەگرێتەوە و پێکەوە دەنوسرێن، بۆ نمونە:

| کاری لێکدراوی (ڕزگارکردن)/ تێپەڕ | | کاری داڕێژراوی (هەڵفڕین)/ تێنەپەڕ | |
|---|---|---|---|
| ڕێنوسی دروست | ڕێنوسی هەڵە | ڕێنوسی دروست | ڕێنوسی هەڵە |
| ڕزگارمناکا- ڕزگارماننناکا | ڕزگارم_ناکا- ڕزگارمان_ناکا | هەڵنافڕم/ ین | هەڵ_نافڕم/ ین |
| ڕزگارتناکا- ڕزگارتاننناکا | ڕزگارت_ناکا- ڕزگارتان_ناکا | هەڵنافڕی/ ن | هەڵ_نافڕی/ ن |
| ڕزگاریناکا- ڕزگاریاننناکا | ڕزگاری_ناکا- ڕزگاریان_ناکا | هەڵنافڕێ/ ن | هەڵ_نافڕێ/ ن |

خشتەی ژمارە (٣٧): دروستەی ڕێنوسی کاری ناسادە لە ڕانەبردوی نەرێدا

**پ- لە کاری فەرماندا:** لە کاری فەرماندانی تێپەڕدا، جێناوە لکاوە بەرکاریەکان دەچنە سەر بەشی یەکەمی کارەکە، ئەگەر کارەکەش نەرێ بو، مۆرفیمی {مە}ی نەرێکردن جێکەوتەی مۆرفیمی {ب}ی ئارایی دەگرێتەوە، لێرەدا هێزی کارەکە تێنەپەڕ یان تێپەڕ بێ، کاریگەریی لەسەر ڕێنوسی کارە ناسادەکان نابێ، بەڵکو پێکەوە دەنوسرێن و دەلکێنرێن، بۆ نمونە:

| کاری داڕێژراوی (تێکشکان)/ تێنەپەڕ | | کاری لێکدراوی (هاندان)/ تێپەڕ | |
|---|---|---|---|
| ڕێنوسی هەڵە | ڕێنوسی دروست | ڕێنوسی هەڵە | ڕێنوسی دروست |
| تێک_بشکێ- تێک_بشکێن | تێکبشکێ- تێکبشکێن | هانم_مەدە- هانم_مەدەن | هانممەدە- هانمانمەدەن |
| تێک_مەشکێن- تێک_مەشکێن | تێکمەشکێ- تێکمەشکێن | هانی_مەدە- هانیان_مەدەن | هانیمەدە- هانمانمەدەن |

خشتەی ژمارە (٣٨): دروستەی ڕێنوسی کاری ناسادە لە فەرماندانی ئەرێ و نەرێدا

**ت- لە کاری داخوازییدا:** بە هەمان پێوەر لە داخوازی تێپەڕدا جێناوە لکاوە بەرکارییەکان دەچنە سەر کەرتی یەکەمی کارەکە، ئەگەر کارەکەش نەرێ بو، مۆرفیمی {نە}ی نەرێکردن جێکەوتەی مۆرفیمی {ب}ی ئارایی دەگرێتەوە، بۆ نمونە:

| کاری داڕێژراوی (وەرگرتن)/ تێپەڕ | | کاری لێکدراوی (لەهۆشچون)/ تێنەپەڕ | |
|---|---|---|---|
| ڕێنوسی هەڵە | ڕێنوسی دروست | ڕێنوسی هەڵە | ڕێنوسی دروست |
| وەرم_بگرێ- وەرمان_بگرێ | وەرتبگرێ- وەرتانبگرێ | لە_هۆش_نەچم/ ین | لەهۆشنەچم/ ین |
| وەرت_بگرێ- وەرتان_بگرێ | وەرییبگرێ- وەریانبگرێ | لە_هۆش_نەچی/ ن | لەهۆشنەچی/ ن |
| وەری_بگرێ- وەریان_بگرێ | وەرمبگرێ- وەرمانبگرێ | لە_هۆش_نەچێ/ ن | لەهۆشنەچێ/ ن |

خشتەی ژمارە (٣٩): دروستەی ڕێنوسی کاری ناسادە لە داخوازیی ئەرێ و نەرێدا

### ٣-١-٥- ئاریشەی جیاکردنەوەی کاری لێکدراو و بەرکار:

بەرکار کەرەسەیەکی سەرەکیی ئەو ڕستانەیە کە کارەکانیان تێپەڕە و واتای بەشی کار تەواودەکا و لە فراوانکردنی گرێی کاری بەشدارە، لە ڕوی واتاشەوە ئەرکی کارەکەی دەکەوێتە سەر، بۆیە ڕاستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی گرێ کارییە، بەمەش بەرکار واتای کارە تێپەڕەکان تەواودەکا، نەک لە پێکهاتە و بەرهەمهێنانی کارە لێکدراوەکاندا بەشدارییکا[١]. بەرکار لە نوسیندا لە پێش کار دەنوسرێ، بۆیە هەندێ جار بەرکار و کەرتی یەکەمی کاری لێکدراو دەبنە هۆی ئاڵۆزی و ئاریشە، بۆ نمونە وشەی (**گوڵ**) لە ڕستەی (**گوڵی کرد**) بەرکارە، بۆیە لە نوسیندا جیادەکرێتەوە و بە شێوەی (**گوڵیکرد**) نانوسرێ، بەڵام (**تەواو**) لە ڕستەی (**تەواویکرد**) بەشێکە لە پێکهاتەی کارەکە و بەرکار نیە بۆیە بە شێوەی (**تەواوی کرد**) نانوسرێ.

ئاریشە و جیاوازی نێوان بەرکار و کەرتی یەکەمی کاری لێکدراو بەم پێوەرانەی چارەسەردەکرێ:

---

[١]. ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، (٢٠١٣)، ل ٢٣؛ ئومێد بەرزان برزۆ، (٢٠٢٠)، ل ٨٣.

١- مۆرفیم یان کەرتە پێکهێنەرەکانی کاری لێکدراو یەکتری تەواودەکەن و پێکەوە واتاکە بەرهەمدەهێنن، بۆیە پێکهاتەیەکی یەکگرتو و سەربەخۆ دروستدەکەن و لە ڕێنوسیشدا بە هەمان پێوەر، وەکو کەرەسەیەکی سەربەخۆ پێکەوە دەنوسرێن، وەلێ بەرکار لە ڕوی واتا و ڕێزمانەوە کەرتێک نیە لە کارەکە، بەم پێوەرە بەرکار لە ڕێنوسدا ئەگەر ئاشکرا بێ و بە نوسەک (Clitic) جێگرنەکرابێ، لەگەڵ کارە تێپەڕەکەدا جیادەکرێتەوە و نالکێنرێ، بۆ نمونە (**پۆلێن**) لە کاری (**پۆلێنیانکرد**) کەرتێکی کاری لێکدراوە بۆیە دەلکێنرێ، بەڵام وشەی (**نان**) لە ڕستەی (**نانی خوارد**) بەرکاری کاری بنەڕەتی (**خواردن**)ە و لە بەرهەممهێنانی واتایەکی نوێ و سازدانی کاری لێکدراو بەشدارینەکردوە، بۆیە لەگەڵ کارە بنەڕەتیەکە بە بۆشایی جیادەکرێنەوە، بە شێوەی (**نانیخوارد**) نانوسرێ.

٢- مۆرفیم و کەرتەکانی کاری لێکدراو بە دەگمەن نەبێ ناگۆڕێن، بەتایبەتی کەرتی دوەمی یان کەرتی کارە بنەڕەتیەکە، واتە؛ وەکو وشەیەکی سەربەخۆ دیار و ئاشکران، بەمەش ناتوانرێ کارێکی تر بخرێتە جێگەیان، چونکە پێکهاتە و واتایان دەگۆڕێ یان دەشێوێ و دەبن بە کەرەسەیەکی ناڕێزمانی[١]، بۆ نمونە:

- **<u>بڵاومانکردەوە</u>، بڵاومانخستەوە* بڵاومانگرتەوە* بڵاومانبوەوە***
- **<u>پەکیدەکەوێ</u>، پەکیدەگرێ* پەکیدەسڕێ* پەکیدەهێنێ***
- **<u>دروستتانکردبا</u>، دروستتانخستبا* دروستتانخواردبا* دروستتانبڕیبا***

بەڵام بە پێچەوانەوە، بەرکارەکان کە لە چوارچێوەی گرێی کاری تێپەڕدا دەردەکەون، دەتوانرێ بەرکارەکە بە چەند وشەیەکی تر بگۆڕین و کارە بنەڕەتیەکەش بە چەندان کاری تر بگۆڕینەوە، بێ ئەوەی کەموکوڕی واتایی و ڕێزمانی پەیدابێ، بۆ نمونە:

- **سێوەکەم فرۆشت، نانەکەم فرۆشت، ئامێرەکەم فرۆشت، هەنارەکەم فرۆشت،...**
- **دەستی شوشت، دەستی هەڵبڕی، دەستی گرت، دەستی سڕی، دەستی خوراند،...**

---

[١]. بەکر عومەر عەلی، (٢٠١٤)، ل ٢١٨.

٣- بەرکار چونکە واتای کاری تێپەڕ تەواودەکا، دەتوانرێ لاببررێ، بەبێ ئەوەی پێکهاتەی کارە تێپەڕەکە تێکبدا[1]، ئەگەرچی لادانی بەرکار دەبێتە هۆی تەمومژیی واتای ڕستە[2]، بەڵام واتا و پێکهاتەی کارە بنەڕەتیەکە تێکنادا، بەڵام لە کاری لێکدراودا ناتوانرێ کەرتی یەکەمی لاببررێ، چونکە پێکهاتە و واتای کارەکە تێکدەدا، یان بە لایەنی کەمەوە کارەکە دەگۆڕێ یان دەشێوێ، بۆ نمونە:

- **پێنوسەکەی هەڵگرت** ⟵ **هەڵیگرت** (کارە بنەڕەتیەکە بە لابردنی بەرکار نەگۆڕا)

- **گوڵەکەی ئاودا** ⟵ **گوڵەکەی دا*** (کارە لێکدراوەکە بە لابردنی کەرتی یەکەم شێوا)

- **دەستی درێژکرد** ⟵ **درێژیکرد** (کاری ڕستە بە لابردنی بەرکار نەشێوا)

- **کەرسەکەمان بەرهەمهێنا** ⟵ **کەرەسەکەمان هێنا** (بە لابردنی کەرتی یەکەمی کاری لێکدراو واتاکەی گۆڕا)

- **ئەرکیان جێبەجێدەکەن** ⟵ **ئەرکیان دەکەن*** (بە لابردنی کەرتی یەکەمی کاری لێکدراو کارەکە شێوا)

٤- کردەی بکەرنادیار بە پێوەرێکی زمانەوانی دادەنرێ، چونکە کاری لێکدراو بە هەمان شێوەی کاری بنەڕەتی، لە کاتی گۆڕینی بۆ کاری بکەرنادیار، پارێزگاری لە شێوە و پێکهاتەی خۆی دەکا، مۆرفیمەکان یان کەرتی یەکەمی لە کارە بنەڕەتیەکە ناترازێ، ئەمەش بەڵگەیە کە کاری لێکدراو وەکو یەکەیەکی سەربەخۆی واتایی و ڕێزمانی ڕەفتاردەکا، بۆیە لە ڕێنوسدا پارچەکانی بەسەر یەکەوە دەنوسرێ، بۆ نمونە، ئەگەر ڕستەی (**ژنی هێنا**) بگۆڕرێ بۆ بکەرنادیار، دەبێتە (**ژنەکە هێنرا**) لێرەدا بەرکارەکە لە جێکەوتەی خۆی مایەوە، چونکە بەشێک نیە لە کاری (**هێنان**) بەڵکو تەواوکەری کارە. بۆیە بە شێوەی (**ژنیهێنا**) نانوسرێ. بەڵام ڕستەی (**بانگیکردم**) ئەگەر بگۆڕرێ بۆ کاری بکەرنادیار دەبێتە (**من بانگکرام**) لێرەدا (**بانگ**) چونکە بەشێکە لە کاری لێکدراو و بەرکار نیە، لە پێکهاتەکەی کارەکە دەمێنێتەوە و جیانابێتەوە و بۆیە بە شێوەی (**من بانگ_کرام**) نانوسرێ، بە هەمان پێوەر ئەم نمونانەی خوارەوەش بەم شێوەیەن:

- **پەنجەی هەڵبڕی** ⟵ **پەنجەکە هەڵبڕرا** (پەنجە: بەرکارە ناچێتە ناو پێکهاتەی کارەکە)

---

[1]. نعمەت سابیر عوسمان، (٢٠١٥)، ل ٧٨.

[2]. عەبولواحید موشیر دزەیی، (٢٠١٣) (ب)، ل ٥١.

- **بۆنەکەی بڵاوکردەوە ⟵ بۆنەکە <u>بڵاوکرایەوە</u>** (کاری لێکدراوە)
- **توێژینەوەکە پەسەنددەکەن ⟵ توێژینەوەکە <u>پەسەنددەکرێ</u>** (کاری لێکدراوە)
- **گوڵەکەی چاند ⟵ گوڵەکە چاندرا** (گوڵ: بەرکارە ناچێتە ناو پێکهاتەی کارەکە)
- **دەبو دیوراکەی دروستکردبا ⟵ دەبو دیوارەکە <u>دروستکرابا</u>** (کاری لێکدراوە)

**٣-١-٦- ئاریشەی جێناوە لکاوەکان:**

لە سادەترین ڕستەی زمانی کوردیدا، کەرەسەکان بە دەستوری (ڕەگی کار+ مۆڕفیمی کات+ جێناوی لکاو) دەچنە پاڵ یەکتر، واتە؛ لە ڕیزبونی کەرەسەکانی سادەترین ڕستەدا، مۆڕفیمەکانی کات پێش جێناوە لکاوەکان دێن، لەم کردەیەدا، چەند ئاریشەیەک لە ڕێنوس سەرهەڵدەدەن، بە تایبەتی لە کۆبونەوەی دو مۆڕفیم بە هەمان فۆنێم و پیت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**ا- لە کاری ڕابردوی سادە/ نزیکی هەواڵداندا:** دەستوری دروستبونی ئەم ڕێژەیە بریتیە لە: (ڕەگ+ مۆڕفیمی کات+ توخم)[١]، کاتێ مۆڕفیمەکانی کاتی ڕابردوی (ت، ی) بە جێناوە لکاوەکانی دەستەی ڕێککەوتن (م- ین، ی- ن، Ø- ن) یان دەستەی خاوەنی (م- مان، ت- تان، ی- یان) دەلکێن نابێ فەرامۆشبکرێن، بەتایبەتیش لەگەڵ چاوگە (ی)ییەکاندا، چونکە دەبنە هۆی گۆڕینی واتا، چونکە لە هەندێ نوسیندا مۆڕفیمێکی دەرکەتو لە زماندا دەکرێتە مۆڕفیمێکی سفر، بۆ نمونە:

**١- کاری تێپەڕ:**

- **گرتن: گرتم- گرتمان، گرت<u>ت</u>- گرت<u>تان</u>، گرتی- گرتیان**
- **نوسین: نوسیم- نوسیمان، نوسیت- نوسیتان، نوسیی- نوسییان**

لێرەدا لە دەمکاتی ڕابردوی سادەدا و لە چاوگە تێپەڕە (ت)یەکاندا، لە کەسی دوەمی تاک و کۆدا دەبێ دو (ت) هەبن، یەکەمیان مۆڕفیمی کاتی ڕابردوە و دوەمیان بۆ جێناوە لکاوەکانی (ت- تان) دەگەڕێتەوە، وەکو لە (گرتت- گرتتان)دا دیارە. هەروەها لە چاوگە تێپەڕە (ی)ییەکاندا، لە کەسی سێیەمی تاک و کۆ دەبێ دو (ی) هەبن، چونکە یەکەمیان مۆڕفیمی کاتی ڕابردوە و دوەمیان بۆ جێناوە لکاوەکانی (ی، یان) دەگەڕێتەوە، وەکو لە (نوس<u>یی</u>- نوس<u>ییان</u>)دا دەردەکەوێ.

**٢- کاری تێنەپەڕ:**

---

١. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠١٥)، ل ١٠٥.

**- فڕین: فڕیم- فڕیین، فڕیی- فڕین، فڕیØ- فڕین**

وەکو دەبینرێ تەنیا بە هۆی ڕێنوسی مۆرفیمەکانی کات و جێناوی لکاو واتا گۆڕاوە، بەم شێوەیە:

- **فڕیین:** ئێمە تازە فڕیین: (فڕ+ یـ+ ین)

- **فڕیی:** تۆ تازە فڕیی: (فڕ+ یـ+ ی)

- **فڕین:** ئێوە/ ئەوان تازە فڕین: (فڕ+یـ+ ن)

- **فڕیØ:** ئەو تازە فڕیØ: (فڕ+ی+ Ø) (جێناوی لکاوی بۆ کەسی سێیەمی تاک لە دەستەی یەکەم (ڕێککەوتن) مۆرفیمی سفرە و دەرناکەوێ)

**ب- لە کاری ڕابردوی بەردەوامی هەواڵداندا:** دەستوری دروستبونی ئەم ڕێژەیە بریتیە لە: (مۆرفیمی کاتی ئێستا (دە)+ ڕەگ+ م. ڕابردو+ جێناوی لکاو)[1]، لە کاتی گەردانکردنی چاوگە (ی) ییەکاندا، لەگەڵ کارە تێنەپەڕەکان و جێناوە لکاوەکانی دەستەی ڕێککەوتن: (م- ین، ی- ن، Ø- ن)، چەند ئاریشەیەک لە فەرامۆشکردنی ئەم جێناوانە پەیدادەبێ، بۆ نمونە:

**- لەرزین: دەلەرزیم- دەلەرزیین، دەلەرزیی- دەلەرزین، دەلەرزیØ - دەلەرزین**

- **دەلەرزیین:** ئێمە پێشتر دەلەرزیین: (دە+ لەرز+ یـ+ ین)

- **دەلەرزیی:** تۆ پێشتر دەلەرزیی: (دە+ لەرز+ یـ+ ی)

- **دەلەرزین:** ئێوە/ ئەوان پێشتر دەلەرزین: (دە+ لەرز+ یـ+ ن)

- **دەلەرزیØ:** ئەو پێشتر دەلەرزی: (دە+ لەرز+ ی+ Ø)

**پ- لە کاری ڕانەبردوی هەواڵداندا:** دەستوری دروستبونی ئەم ڕێژەیە بریتیە لە: (مۆرفیمی کاتی ئێستا (دە)+ ڕەگ+ مۆرفیمی کاتی داهاتو (ێ)+ جێناوی لکاو (دەستەی ڕێککەوتن))[2]، بە هەمان شێوە لە کاتی لکانی جێناوە لکاوەکانی دەستەی ڕێککەوتن، دەبێ نوسەران ڕەچاوی چۆنیەتیی ڕێنوسی ئەم ڕێژەیە بکەن، بۆ نمونە:

**- کڕین: دەکڕØم- دەکڕØین، دەکڕØی- دەکڕØن، دەکڕێØ- دەکڕØن**

بۆ جیاوازی ڕێنوسی نێوان کاری ڕابردوی بەردەوام و ڕانەبردو لە چاوگە (ی)ییەکاندا ئەم خشتەیە پیشاندەدرێ:

---

[1]. عەبدوللا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠١٥)، ل ١٠٥.

[2]. عەبدوللا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠١٥)، ل ١١٠- ١١١.

| کار | جێناوی کەسی یەکەم | | جێناوی کەسی دوەم | | جێناوی کەسی سێیەک | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | تاک | کۆ | تاک | کۆ | تاک | کۆ |
| **ڕابردوی بەردەوام** | دەخشیم | دەخشیین | دەخشیی | دەخشین | دەخشیØ | دەخشین |
| **ڕانەبردو** | دەخشم | دەخشین | دەخشی | دەخشن | دەخشێØ | دەخشن |

خشتەی ژمارە (٤٠): جیاوازیی نێوان ڕێنوسی کاری ڕابردوی بەردەوام و کاری ڕانەبردو

کەواتە؛ ئەگەر سەرنجی ئەم خشتەیە بدرێ، دەبینرێ کە لە دەمکاتی ڕابردوی بەردەوامدا، پێوستە کەسی یەکەمی کۆ و کەسی دوەمی تاک بە شێوەی دو (یی) بنوسرێن، (یـ)ی یەکەم مۆرفیمی کاتی ڕابردوە و (ی)ی دوەم بۆ جێناوی لکاوی (ی، ین) دەگەڕێتەوە. هەروەها ئەگەر لە ڕستەی سادەی ئاساییدا کەرەسەکانیان دەربخرێ، بەم شێوەیەی خوارەوە دەنوسرێن:

- **ئێمە دوێنێ دەخزیین.** (ڕابردوی بەردەوام بۆ کەسی یەکەمی کۆ)
- **تۆ دوێنێ دەخزیی.** (ڕابوردی بەردەوام بۆ کەسی دوەمی تاک)
- **ئەو دوێنێ دەخزیØ.** (ڕابردوی بەردەوام بۆ کەسی سێیەمی تاک)
- **ئێوە/ ئەوان دوێنێ دەخزین.** (ڕابردوی بەردەوام بۆ کەسی دوەم یان سێیەمی کۆ)
- **ئێمە بەیانی دەخزین.** (ڕانەبردو بۆ کەسی یەکەمی کۆ)

### ٣-١-٧- ئاریشەی ناوبڕەکان:

ناوبڕ زاراوەیەکی زمانەوانیە و لە بەرانبەر ئەو دەنگ یان پیتانە بەکاردەهێنرێ، کە لە نێوان دو پیتی بزوێن یان دو پیتی نەبزوێنی هەمان شێوە پەیدادەبن[1]، ئەم پەیدابونەش ئەگەرچی دیاردەیەکی دەنگسازیە، بەڵام بەشی هەرە زۆری ناوبڕەکان لە ئاستی ڕستەسازیدا دەردەکەون، بۆ نمونە: **(برایان، سوتاندن، بکەرەوە، سورپایەوە، هاتبایتەوە، دەکرێدرێ، دەردەبڕدرا، هەیە، بردویەتی، دەڕواتە، دەچێتە،...)** گرنگترین ئەو ناوبڕانەی لە ڕێنوسدا دەبنە هۆی ئاریشە، ئەمانەن:
**ا- ناوبڕی (ت):** لە ڕێزمانی دێرینەوە تاکو سەردەمی نوێ، بە تایبەتی لە ڕێزمانی قوتابخانەکاندا، سێ دەستە جێناوی لکاو لە زاری کوردیی ناوەڕاست دەستنیشانکراون، بەم خشتەیەی خوارەوە:

[1]. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠١٤) (ب)، ل ٧٧.

| کەسەکان | دەستەی یەکەم ڕابردوی تێپەڕ | دەستەی دوەم ڕابردوی تێنەپەڕ | دەستەی سێیەم ڕانەبردو |
|---|---|---|---|
| یەکەمی تاک | م | م | م |
| یەکەمی کۆ | مان | ین | ین |
| دوەمی تاک | ت | **یت** | **یت** |
| دوەمی کۆ | تان | ن | ن |
| سێیەمی تاک | ی | Ø | **ات، ێت** |
| سێیەمی کۆ | یان | ن | ن |

خشتەی ژمارە (٤١): ڕێنوسی جێناوە لکاوەکان لە ڕێزمانی دێریندا[١]

بە سەرنجدانی ئەم خشتەیە دەردەکەوێ کە جێناوی لکاو بۆ کەسی دوەمی تاک بە (**یت**) دانراوە، بەڵام لە بنەڕەتدا (**ی**) جێناوی لکاوە بۆ کەسی دوەمی تاک لە دەستەی ڕێککەوتن و (**ت**) تەنیا ناوبرە. هەروەها بۆ ئەوەی (**ات**، **ێت**) بە جێناو هەژماربکرێ، دەستە جێناوێکی لکاویان بۆ کاتی ڕانەبردو لە زماندا داهێناوە. بۆیە بە پێی هەمان بنەما، لە ڕێنوسدا لەگەڵ ڕابردوی تێنەپەڕ و ڕانەبردودا، بۆ کەسی دوەم تاک هەمیشە (**یت**) لەبری (**ی**) دەنوسرێ و بۆ کەسی سێیەمی تاکیش لە کاری ڕانەبردودا (**ات**) یان (**ێت**) لەبری (**Ø**) دەنوسرێ، بۆ نمونە:

**- کەسی دوەمی تاک: ڕابردوی تێنەپەڕ: هاتیت، دەڕۆیشتیت، چوبویت، کەوتیت، دەردەچویت،...**

**- کەسی دوەمی تاک: ڕانەبردو: دەچیت، دەڕۆیت، دەردەچیت، دەکەویت،...**

**- کەسی سێیەمی تاک: ڕانەبردو: دەچێت، دەبێت، دەکرێت، دەبات، دەخات، دەکات، دەخوات،...**

بەڵام بە پێی ڕاستیەکانی زمانی کوردی، تەنیا دو دەستە جێناو هەن، بەم شێوەیە:

- دەستەی یەکەم: جێناوە لکاوەکانی ڕێککەوتن: (م- ین، ی- ن، Ø- ن)

- دەستەی دوەم: جێناوە لکاوەکانی خاوەنی: (م- مان، ت- تان، ی- یان)[٢]

کەواتە؛ (ت) لە دەستەی ڕێککەوتندا هەرگیز جێناو نیە، بەڵکو ناوبرە و لەم بارانەدا دەنوسرێ:

**١- لە کاری ڕانەبردودا:** جێناوی لکاوی بۆ کەسی سێیەمی تاک لە دەستەی ڕێککەوتندا مۆرفیمی سفرە و دەرناکەوێ، ئەمەش وادەکا کە مۆرفیمی {ێ}ی داهاتو دەربکەوێ، بەم شێوەیە: (دە+

---

[١]. وریا عومەر ئەمین، (٢٠٠٤)، ل ١٤٩؛ لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، (٢٠٢١) (ا)، ل ٤٢.

[٢]. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، (٢٠١٤)، ل ١٦٨.

ڕەگ+ ێ+ Ø)، ئینجا دوای وەرگرتنی پاشگری {ەوە}ی دوبارەبونەوە یان مۆرفیمی {ە}ی بەستن، (ت)ی ناوبڕ لە نێوان هەردو پیتە بزوێنەکاندا پەیدادەبێ، نەک جێناوی لکاو بێ، بۆ نمونە:

**- لەگەڵ پاشگری (ەوە): چون: دە+ چ+ ێ+ ت+ ەوە= دەچێتەوە، دەکرێتەوە، دەنوسێتەوە،...**

**- لەگەڵ مۆرفیمی (ە)ی بەستن: دەچێتە بازاڕ، دەبێتە مامۆستا، دەکەوێتە ناوەوە،...**

هەندێ ڕەگی کار هەن لە زمانی کوردیدا بە پیتی <ە> یان <ۆ> کۆتاییاندێ، کاتێ دەکرێنە ڕانەبردو، ئەوا دەنگی [ە] بە هۆی ژینگە و پێویستیی دەنگسازی بۆ دەنگی [ا] دەگۆڕێ، هەروەها دەنگی [ۆ] بۆ دەنگی [و] دەگۆڕێ[1]، بەم هۆیەشەوە لێرەدا مۆرفیمی {ێ}ی داهاتو دەرناکەوێ، چونکە دو بزوێن لەپاڵ یەکتریەوە گۆناکرێن، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک مۆرفیمی سفرە، واتە؛ یاسای داڕشتنی ئەم جۆرە کارانە بەم شێوەیە دەبێ: (**دە+ ڕەگ +Ø +Ø**)، واتە مۆرفیمی داهاتو و جێناوی لکاو پێکەوە دەرناکەون. کەواتە کاتێ ئەم ڕەگانە پاشگری {**ەوە**} یان مۆرفیمی {**ە**}ی بەستن وەردەگرن، ناوبڕی (**ت**) پەیدادەبێ:

**- پاشگری (ەوە):**

**- بردن (بە): دە+ بە+ Ø + Ø+ ت+ ەوە= دەباتەوە، دەخاتەوە، دەکاتەوە، دەداتەوە، دەگاتەوە،..**

**- شوشتن (شۆ): دە+ شۆ+ Ø +Ø +ت +ەوە= دەشواتەوە، دەخواتەوە،...**

**- ئامرازی (ە)ی بەستن:**

**- دەباتە دەرەوە، دەداتە من، دەخاتە ئەولاوە، دەگاتە سەر،...**

**٢- لە کاری ڕابردوی تەواودا:** بە هەمان هۆکار لە کاری ڕابردوی تەواودا بە تێپەڕ و تێنەپەڕەوە ناوبڕی (**ت**) لە نێوان مۆرفیمی کاتی ئێستا (**ە**) و مۆرفیمی دوبارەبونەوەی (**ەوە**) یان ئامرازی بەستنی (**ە**) پەیدادەبێ، واتە؛ بەم یاسایە: (ڕەگ+ م. ڕابردو+ م. ئاوەڵناو+ جێناوی لکاو+ م. کاتی ئێستا+ ناوبڕی (ت)+ م. (ەوە)/ ئامرازی (ە))، بۆ نمونە:

**- لەگەڵ پاشگری (ەوە): هێناومەتەوە، کەوتوینەتەوە، کردوەتەوە، هاتونەتەوە،...**

**- لەگەڵ ئامرازی بەستن (ە): بردومانەتە ئەوێ، هاتوینەتە دەرەوە، چووەتە بازاڕ،...**

---

[1]. ئەم جۆرە ڕەگانە، ڕوانگەیەکی ڕیشەناسی (Etymology)یان هەیە، بڕوانە: عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، (٢٠١٥)، ل ١٢٣.

**٣- بۆ جیاکردنەوە (ی) جێناو لە (ی) ناوبەند:** لە چاوگە تێنەپەڕە (ا) ئەلفیەکاندا بۆ جیاکردنەوەی کەسی دوەمی تاک و کەسی سێیەمی تاک، زانستیترە کە ناوبەندی (ت) بنوسرێ، بۆ نمونە:

- **تۆ گەڕایتەوە:** (ت) ناوبڕە لە نێوان جێناوی (ی) و (ە)ی پاشگری (ەوە)

- **ئەو گەڕاØیەوە/ گەڕاوە:** (ی) ناوبڕە لە نێوان م. کاتی (ا) و (ە)ی پاشگری (ەوە)

- **تۆ دەبو ڕۆیشتبایتە دەرەوە:** (ت) ناوبڕە لە نێوان جێناوی (ی) و (ە)ی ئامرازی بەستن

- **ئەو دەبو ڕۆیشتباØیە دەرەوە:** (ی) ناوبڕە لە نیوان م. کاتی (ا) و (ە)ی ئامرازی بەستن

کەواتە؛ ناوبڕی (**ت**) بون و نەبونی بە تەنیا، یان لادن و لانەدانی، کار لە واتا ناکا، هەر پیتێکیش لە نوسیندا کار لە واتا نەکا، واتە؛ بەشداریی لە گواستنەوەی واتا ناکا، لە ڕێزمانیش بە بەشێک لەو مۆڕفیمە دانانرێ، بەڵام لە کاتی ناوبڕیدا بە ناچاری پێویستیمان پێی هەیە، چونکە ئەرکێکی دەنگسازی و دەنگناسی جێبەجێدەکا، بۆ گەیاندنی کردەی واتا و نەشێوانی واتا ڕۆل دەبینێ. بۆیە دەشێ ئەم ڕستانە بەم شێوەیە بنوسرێن:

| **ڕێنوسی هەڵە** | **ڕێنوسی دروست** |
|---|---|
| دەچیت، ڕادەگریت، سەرکەوتیت | دەچی، ڕادەگری، سەرکەوتی |
| دەفرۆشێت، ڕاهاتیت، لەناودەچێت | دەفرۆشێ، ڕاهاتی، لەناودەچێ |
| دەڕوات، ڕادەکات، یارمەتیدەدەیت | دەڕوا، ڕادەکا، یارمەتیدەدەی |
| دەبەیت، دەکرێت، سەردەخات | دەبەی، دەکرێ، سەردەخا |

خشتەی ژمارە (٤٢): دروستەی ڕێنوسی سادەترین ڕستە بەبێ ناوبڕی (ت)

**ب- ناوبڕی (ر):** ئەم ناوبڕە تەنیا لە نێوان دو دەنگی بزوێن لە کاری فەرماندان، بۆ کەسی دوەمی تاک دەردەکەوێ، ئەمەش کاتێ دەکەوێتە نێوان بزوێنی ڕەگی کار و (ە)ی پاشگری (ەوە) یان (ە)ی ئامرازی بەستن[١]، واتە؛ بەم یاسایە: ((ب) مۆڕفیمی ئاراییی+ ڕەگی کار+ (ە/Ø) مۆڕفیمی کاتی ئێستا+ جێناوی بکەر (Ø)+ ناوبەندی (ر)+ پاشگرەی (ەوە)/ ئامرازی بەستن (ە))، بۆ نمونە:

- **بکەرەوە، بدەرەوە، ببەرەوە، بیدەرە من، بچۆرەوە، بچۆرە دەرەوە، ببەرە مرۆڤ،...**

نوسین و نەنوسینی ناوبڕی (**ر**) واتا ناگۆڕێ، بەڵکو زیاتر بە هۆی چۆنیەتیی گۆکردنی ئەم کارانە، لە بنزاری سلێمانیەوە بۆ نوسزمان گواستراوەتەوە، بۆیە بە پێی بنەمای ئابوریی لە زماندا

---

[١]. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠١٤) (ب)، ل ٨٢.

دەکرێ نەنوسرێ، چونکە تەمومژی واتایی و ڕێزمانی پەیدانابێ و لە ڕێنوسی ئێستای کوردیشدا، نوسەران زۆر کەمتر بەکاریدەهێنن، بۆ نمونە:

**- بکەوە، بدەوە، ببەوە، بدەوە من، بچۆوە، بچۆ دەرەوە، ببە مرۆڤ،..**

**٣-١-٨- ئاریشەی ڕێنوسی کاری ڕابردوی تەواو:**

بە شێوەیەکی گشتی ڕابردوی تەواو لە ئاوەڵناوی کراو و مۆرفیمی کاتی ئێستا و جێناوە لکاوەکان پێکهاتوە، ئاوەڵناوی کراویش بە هۆی مۆرفیمی {و}ی دروستدەبێ، کە ئاماژە بە بەرکارێکی نادیار دەدا[١]، واتە؛ یاسای داڕشتنی ئەم کارە لە کارە تێپەڕەکاندا بریتیە لە: (ڕەگی کار+ م. کاتی ڕابردو+ م. ئاوەڵناوی کراو {و}+ جێناوی بکەری+ م. کاتی ئێستا {ە}+ جێناوی بەرکاری)[٢]، بۆ نمونە:

**- هێنان: هێناومن: هێن+ ا+ و+م+ Ø+ ن**

**- بردن: بردوتە: بر+ د+ و+ ت+ ە+ Ø**

بەڵام لە کارە تێنەپەڕەکاندا یاسای داڕشتنی بەم شێوەیەیە: (ڕەگی کار+ م. کاتی ڕابردو+ م. ئاوەڵناوی کراو (و)+ م. کاتی ئێستا (ە)+ جێناوی بکەری)[٣]، بۆ نمونە:

**- سوتان: سوتاوم: سوت+ ا+ و+ Ø+م**

**- کەوتن: کەوتوە: کەو+ ت+ و+ ە+ Ø**

ئاریشەی ڕێنوسی ئەم کارە ئەوەیە کە پێویستە لە چاوگە (و)ییەکاندا بە هەمان شێوە بنوسرێن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

| چاوگ | ڕەگ | م. ڕابردو | م. ئاوەڵناوی کراو | م. ئێستا | جێناو | ڕابردوی تەواو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بون | بـ | و | و | ە | Ø | بووەØ |
| چون | چـ | و | و | ە | Ø | چووەØ |
| دروون | درو | و | و | ە | Ø | درووەØ |
| گروون | گر | و | و | ە | Ø | گرووەØ |
| هەنوون | هەنو | و | و | ە | Ø | هەنووەØ |
| سوون | سو | و | و | ە | Ø | سووەØ |

[١]. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠٢٣) (ا)، ل ١٧٢.

[٢]. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠١٥)، ل ١١٣.

[٣]. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠٢٣) (ا)، ل ١٧٣.

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| فەرموون | فەرمو | و- | و | ە | Ø | فەرموووەØ |

خشتەی ژمار (٤٣): ڕێنوسی کاری ڕابردوی تەواو لە چاوگە (و)ییەکاندا[١]

لەم خشتەیەی سەرەوەدا پێوستە ڕەچاوی دو بنەما بکرێ:

١- لە چاوگەکانی (**بون، چون**) لە کاتی ڕێژەی ڕابردوی تەواودا دەبێ بە دو (وو) بنوسرێن، ئەمەش واتای ئەوە نیە کە (وو) فۆنیم و پیتی سەربەخۆ بێ، بەڵکو (و)ی یەکەم مۆرفیمی کاتی ڕابردوە و (و)ی دوەمیش مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراوە، بۆ نمونە: (**میوەکە بووە، ئەو لەناوچووە**). هەروەها ئەگەر (وو) پیتی سەربەخۆ بێ، دەبێ ڕابردوی تەواو لە چاوگی (**بون، چون**)دا بە شێوەی (بوووە، چوووە) نوسرابا.

٢- ڕابردوی تەواو لە چاوگەکانی (**دروون، گروون، هەنوون، سوون، فەرموون**)دا بە پێی یاسا ڕێزمانیەکە دەبێ بە سێ (ووو) بنوسرێ، بەڵام لەبەرئەوەی هەر سێ (ووو)ەکە هاوشێوەن و یەکێکیان دەسوێ و نامێنێ، لە ڕێنوسی کوردیشدا هیچ کات سێ پیت لەتەک یەکتریەوە نانوسرێن، بۆیە بە شێوەی (**درووە، گرووە، هەنووە، سووە، فەرمووە**) دەنوسرێن، واتە؛ ئەم کردەیە لەسەر سێ هۆکار بەندە:

ا- لەبەر گرانی گۆکردنی سێ دەنگی هاوشێوە.

ب- نوسینی سێ پیتی هەمان شێوە ناباوە و سیمای نوسین تێکدەدا.

پ- لەبەرئەوەی دەنگی [و] نیمچەبزوێنە، واتە؛ لە کاتی گۆکردندا نیمچەکراوەیە، دەشێ لە سێ دەنگەکەدا [ووو]، یەکێکیان بسوێ و توشی دیاردەی تێچون ببن، بۆیە بە شێوەی (وو) دەنوسرێن.

### ٣-٢- تەوەری دوەم: ئاریشەکان لە ڕیزکردنی کەرەسەکاندا:

### ٣-٢-١- ڕیزکردنی کەرەسەکان لە زماندا:

دەنگەکان بۆ گواستنەوەی واتا بە پێی یاسا و پەیڕەوێکی دیارکراو لە زماندا ڕیزدەکرێن و تا ئاستی ڕستە ڕیزدەبەستن. سەرەڕای یاساکانی لێکدان لە برگەسازیدا، مۆرفیمەکانیش بە پێی یاسای زمان ڕیزدەکرێن، بۆ نمونە ئاخێوەر یان نێرەر بە پێی یاساکانی زمانی کوردی، ئاگایی

---

[١]. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠٢٣) (ا)، ل ١٧٣.

هەیە کە وشەیەکی وەکو (**ناشارستانی**) بە شێوەی ڕێزمانی (**نا- شار- ستان-نی**) ڕیزدەکرێ، نەک بە شێوەی (**شار-نا-ستان-ی**) یان (**شار-ستان-نا- ی**). بە هەمان شێوە، زمانی کوردی بۆ بەرهەمهێنان و سازدانی وشە، یاسای تایبەتی خۆی هەیە، بە جۆرێک ڕێگە بە هەمو ڕیزکردنێک نادا، گرێ و ڕستەکانیش بە هەمان پێوەر پەیڕەوی لە ڕیزکردنی دیارکراوی زمان دەکەن، ئەمەش واتای ئەوەیە کە هەر گۆڕانێک لە چۆنیەتیی ڕیزکردنی کەرەسەکان لە دەنگەوە تا ئاستی ڕستە ڕوبدا، سەرەڕای لایەنی دەرونی نێرەر، گۆڕان لە واتای کەرەسەکان پیشاندەدا، یان بە لایەنی کەمەوە، تەمومژی لە واتای کەرەسەکان ڕودەدا، بۆ نمونە، ئەگەر ڕیزکردنی کەرەسەکان لە گرێی (**گوێزی بەناوبانگی هەورامان**) بگۆڕدرێ، واتا دەگۆڕێ یان تێکدەچێ:

- **گوێزی بەناوبانگی هەورامان:** گوێزەکە بەناوبانگە نەک هەورامان
- **گوێزی هەورامانی بەناوبانگ:** هەورامان بەناوبانگە نەک گوێزەکە
- **بەناوبانگیی گوێزی هەورامان:** بەناوبانگی سەرەیە و دیارخراوە، واتە؛ مەبەستی نێرەر ئەوەیە کە چۆنیەتی و لایەنی بەناوبانگیی گوێزی ناوچەی هەورامان پیشانبدا.

بەم پێیە کەرەسە پێکهێنەرەکانی ڕستەش بە پێی یاسای تایبەتیی زمان ڕیزدەکرێن، هەر جیگۆڕکێ و گۆڕینێکیش لە ڕیزکردنی کەرەسەکان ڕوبدا، واتا و مەبەست یان ڕێزمانی ڕستەکەش دەگۆڕێ، بۆ نمونە ڕستەی (**منداڵەکە ڕۆیشت**) ئەگەر بگۆڕدرێ بۆ (**ڕۆیشت منداڵەکە**)، ئەگەرچی ئەرکی کەرەسەکان نەگۆڕاوە، بەڵام مەبەستی نێرەرەکە ئەوەیە کە کردەی (**ڕۆیشتن**)ەکە زەق و ڕونبکاتەوە، واتە؛ بە لوتکەکراوە (Topicalization)، یان لە ڕستەی (**من ئەوم بینی**) ئەگەر کەرەسەکان بگۆڕدرێ بۆ (**ئەو منی بینی**)، واتا و ئەرکی ڕێزمانی وشەکان گۆڕاوە.

### ٣-٢-٢- ئاریشەکانی ڕیزکردنی کەرەسەکانی گرێ:

دیارترین ئەو ئاریشانەی لە ڕیزکردنی کەرەسەکانی گرێ لە ڕێنوسی زمانی کوردیدا بەرچاودەکەون، ئەمانەی خوارەوەن:

#### ا- ئاریشەی جێگۆڕکێی ڕیزبەندیی ناوی دیارخراو و دیارخەر:

لە زمانی کوردیدا ناوی دیارخەر هەمیشە لە دوای ناوی دیارخراوەوە دێ، ئەمەش وەکو زانیاریی ڕێزمانی لە نوسزماندا پەیڕەوی لێ دەکرێ، بەڵام لە ڕێنوسی ناونانی زۆر شوێندا، وەکو

دیاردەیەکی زەق و باو، سەرەڕای بەکارهێنانی وشەی بیانی، بە یاسای ڕۆنانی بڕگەی ئینگلیزیی گرێیەکان دادەڕێژرێن، بۆ نمونە: (**ناز سیتی، سەردەم گروپ، هەولێر سەنتەر، هێمن کار، کاروان مۆبایل، سەردار کاڕ**،...)، بەڵام ئەگەر بە پێی ڕۆنانی گرێی زمانی کوردی ئەم گرێیانە دابڕێژرێنەوە، لەگەڵ بەکارهێنانی وشەی کوردی، دەبێ ناوی دیارخەر لە دوای ناوی دیارخراو، بە یارمەتیی مۆرفیمی خستنەپاڵی {ی} بنوسرێن، بەم شێوەیە: (**شاری ناز، گروپ/ دەستەی سەردەم، سەنتەر/ ناوەندی هەولێر، کاری هێمن، مۆبایلی کاروان، ئۆتۆمبێلی/ سوارۆی سەردار،...)**

**ب- ئاریشەی ڕیزکردنی کەرەسەکانی گرێی ناویی فراوانکراو:**

گرێی ناویی فراوانکراو بە بەربڵاوترین جۆری گرێی ناوی دادەنرێ، کە لە ناوێکی سەرە یان دیارخراو لەگەڵ مۆرفیمێک یان چەند وشەیەکی دیارخەر پێکدێ[1]، پەیوەندیی نێوان دیارخراو و دیارخەریش پەیوەندیەکی شوێنکەوتوییە، واتە؛ پاشسەرەکان دیارخەرن بۆ سەرە دیارخراوەکە، ئەم جۆرە گرێیە بە (گرێی ناویی خستنەپاڵ)[2] دەناسرێ، چونکە ئەم کۆمەڵە دیارخەرە بە هۆی مۆرفیمی خستنەپاڵی {ی} لێکدەدرێن، پەیوەندیی نێوان دیارخراو و دیارخەرەکانیش لە ڕێی کۆمەڵێک ماکی واتایی جیاوازەوە پیشاندەدرێن، بۆ نمونە: (خاوەنداری، تایبەتی، شوێن، پەسن،...)[3]. لە ڕوی ڕێزمانی و واتاشەوە، ((دیارخەری یەکەم سەر بە دیارخەری دوەم دەبێ و دیارخەری دوەمیش سەر بە دیارخەری سێیەم دەبێ))[4]، بەم شێوەیە تا کۆتایی گرێ فراونکراوەکە، بۆ نمونە: (**بەشی کوردیی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین**)، لەم گرێیەدا، (**کوردی، کۆلێژ، زمان، زانکۆ، سەلاحەددین**) هەمویان ناون و بە ئامرازی خستنەپاڵ لێکدراون و دیارخەرن، لە دروستەی گرێی فراوانکراوی زمانی کوردیشدا (**ناوی دیارخەر**) دەکەوێتە کۆتایی گرێیەکەوە، وەکو لە ناوی (**سەلاحەددین**)دا دیارە، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا دەکەوێتە ناوەڕاستەوە و لە زمانی ئینگلیزیشدا دەکەوێتە سەرەتای گرێیەکە[5]. بۆیە لە زۆر نوسیندا بە تایبەتی لە ناوی شوێنە گشتی و تایبەتیەکان

---

[1]. ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی (٢٠١٣)، ل ١٤.
[2]. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، (٢٠١٠)، ل ٤٥.
[3]. ئومێد بەرزان برزۆ، (٢٠٢٠)، ل ٢٨.
[4]. وریا عومەر ئەمین، (٢٠٠٤)، ل ١٤٢.
[5]. پێشکەوت مەجید مەحەمەد، (٢٠٢٢)، ل ١٥٥.

یان لە ناوی دامودەزگا حکومی و تایبەتیەکاندا، یانیش لە کاتی وەرگێڕاندا، لە ڕێنوسی ئەم گرێیانەدا کەرەسەکان بە پێی یاسای ڕۆنانی زمانی کوردی ڕیزبەندی ناکرێن، بۆ نمونە:

**First world war -**

**- الحرب العالمية الاولى**

**- جەنگی جیهانیی یەکەم**

لە گرێی (**جەنگی جیهانی یەکەم**)دا بە پێی ڕیزبەندی کەرەسەکانی (**جیهانیی یەکەم**) وشەی (**یەکەم**) بۆ وشەی (**جیهان**) دەگەڕێتەوە نەک بۆ جەنگەکە، بە واتایەکی تر؛ وەکو ئەوەی جیهانیی دوەم و سێیەمیش هەبن، بەڵام ئەم ڕیزکردنە بۆ زمانی عەرەبی واتا و ڕێزمانەکەی دروستە، بۆیە بە پێی یاسای ڕۆنانی گرێی زمانی کوردی، دەبێ ئەم گرێیە بەم شێوەیە بنوسرێ، بۆئەوەی تەموموژیی واتایی و ڕێزمانی لە دروستەی گرێیەکەدا نەمێنێ:

**- جەنگی یەکەمی جیهانی**

**- یەکەمین جەنگی جیهانی**

هەروەها کاتێ گرێی (**دواناوەندیی بەستۆڕەی ئێواران**) دەخوێنینەوە، واتای ئەوە دەبەخشێ کە (**بەستۆڕە ئێوارانە**) نەک (**دواناوەندی**)ەکە، واتە؛ وشەی (**ئێواران**) بە پێی ڕیزکردنەکە دیارخەری (**بەستۆڕە**)یە نەک (**دواناوەندی**)، بۆیە بە پێی یاسای ڕیزکردنی کەرەسەکانی گرێی ناویی فراوانکراو، دەبێ گرێیەکە بەم شێوەیە بنوسرێ: (**دواناوەندیی ئێوارانی بەستۆڕە**)

کەواتە؛ بەم پێوەرە، دەبێ ئەم گرێیانەی خوارەوە بەم شێوەیە بنوسرێن:

| ڕێنوسی هەڵە | ڕێنوسی دروست |
|---|---|
| قوتابخانەی ئامادەیی دارەشەکرانی تێکەڵاو | قوتابخانەی ئامادەیی تێکەڵاوی دارەشەکران |
| ناوەندی ڕاستکردنەوەی ددانی فێرکاری | ناوەندی فێرکاریی ڕاستکردنەوەی ددان |
| زانکۆی هەولێری پزیشکی | زانکۆی پزیشکیی هەولێر |
| خولی پەرلەمانی پێنجەم | خولی پێنجەمی پەرلەمان |
| فرۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی | فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر |
| سەمونخانەی ڕەوەزی حەجەری | سەمونخانەی حەجەریی ڕەوەز |

خشتەی ژمارە (٤٤): دروستەی ڕێنوسی گرێی ناویی فراوانکراو

**پ- ئاریشەی لێکدان و تێکەڵکردنی مۆرفیمەکانی گرێی بەند:**

لە زمانی کوردیدا هەندێ ئاوەڵکار هەن، بە تایبەتی ئاوەڵکاری شوێنی، دەشێ بە جیا یان بە هۆی مۆرفیمی {**لە، بە**} پێکەوە بنوسرێن، چونکە بە یەکپارچەیی بنوسرێن یان نا، کاریگەریی لەسەر واتا نابێ، بەڵام بە هۆی کورتبڕی و زۆر دوبارەبونەوەیان، دەشێ وەکو پێوەربەندی پێکەوە بنوسرێن، هەروەها بەشێکیان بونەتە دانەی فەرهەنگی وەکو (**بەسەر، لەسەر، لەپڕ، بەپەلە،...**) بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە لە هەندێ سەرچاوەدا بە ئاوەڵکاری داڕێژراو دانراون[1]، بۆیە بە بۆچونی ئێمە ئەو ئاوەڵکارانەی وەکو وشەیەکی فەرهەنگی و سەربەخۆ دەردەکەون، دروستترە پێکەوە بنوسرێن، دیارترینیان ئەمانەن: (**لەبری، لەتەک، لەپێش، لەتەنیشت، لەسەر، بەسەر، لەبن، لەکن، لەناو، لەناکاو، بەپەلە، لەپڕ،...**).

لەسەر هەمان بنەما لە هەندێ نوسیندا، گرێی بەند بە ئاوەڵکاری ناسادە دانراوە، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە ئاوەڵکار لە ئاستی ڕستەسازیدا زیاتر بە هۆی گرێی بەندەوە دەنوێنرێ، بۆیە تێکەڵیەک ڕویداوە و وایکردوە هەندێ توێژەر پێوەرێک دابنێن کە ((ئاوەڵکاری چۆنیەتی پێکەوە دەنوسرێ، بۆ نمونە: **بەهێواشی، بەئەسپایی، بەنەرمی،...**))[2]، یان لە ڕێنوسی ئەم گرێیانەدا دەردەکەوێ:

- ((**بەشەو، بەگیان، بەزستان، بەساڵ، لەدوور، بەزۆر، بەدڵسۆزی، بەدڵخۆشی، بەدڵشکاوی،...**))[3]
- ((**بەتەنیا، بەچاکی، بەنەرمی، بەهەژاری، بەبرایەتی، بەپانایی، بەگەورەیەتی، بەوردی،...**))[4]

بە سەرنجدانی ئەم نمونانەی سەرەوە دەردەکەوێ کە وشەکانی (**نەرمی، زستان، دڵخۆشی، برایەتی**) وشەیەکی سەربەخۆن، بەڵام کەرەسەکانی (**بەنەرمی، بەزستان، بەدڵخۆشی، بەبرایەتی**) وشەی فەرهەنگی و سەربەخۆی ناسادە نین تا پێکەوە بنوسرێن، بەڵکو گرێیەکی بەندن و لە ئاستی ڕستەسازیدا وەکو کەرەسەیەکی ناسەرەکی، دەتوانن ئەرکی ئاوەڵکاری ببین. کەواتە؛ (**بە**) لێرەدا نابێتە پێشگری وشەداڕێژ، بەڵکو (**ئامراز/ پێشبەند**)ە، بۆیە لە ڕوی دروستنوسینەوە، بۆ

---

[1]. کوردستان موکریانی، (٢٠٢٢)، ل ٧٥؛ نەریمان عەبدوللا خۆشناو، (٢٠١٢)، ل ١٥٠- ١٥١.
[2]. دیاکۆ هاشمی، (٢٠٢١)، ل ٤٠.
[3]. لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، (٢٠٢٠) (ا)، ل ٦٧-٦٨.
[4]. باخان ئەحمەد مەحەمەد، (٢٠٢٠)، ل ١٥٤.

ئەوەی پێوەربەندە پەیدابێ، دەبێ ئامرازی پەیوەندی/ پێشبەندی (**بە، لە**) لەم گرێیانەی سەرەوەدا جیابکرێنەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**- بە هێواشی، بە ئەسپایی، بە نەرمی،...**

**- بە_شەو، بە_گیان، بە_زستان، بە_ساڵ، لە_دور، بە_زۆر، بە_دڵسۆزی، بە_دڵخۆشی، بە_دڵشکاوی،...**

**- بە_تەنیا، بە_چاکی، بە_نەرمی، بە_هەژاری، بە_برایەتی، بە_پانایی، بە_گەورەیەتی، بە_وردی،...**

کەواتە؛ گرێی بەند یان گرێی پێشناوی بەکارهێنانێکی فروانی لە ڕستەسازیی نوسزمانی کوردیدا هەیە، ئەم گرێیە لە ڕێزمانی کوردیدا لە ئامرازێکی پەیوەندی یان پێشبەندێک لەگەڵ ناوێک یان گرێیەکی ناوی پێکدێ[1]، واتە؛ لە ڕوی ڕێزمانیەوە پێشبەندەکە لە جێکەوتەی سەرەدایە و گرێ ناویەکەش لە جێکەوتەی تەواوکەریە، بە واتایەکی تر؛ لە ڕوی شێوەوە گرێی بەند دروستەیەکی ناسادەیە و بەشەکانی وابەستەی یەکترین، بە شێوەیەک لابردنی پێشبەندەکە یان گرێ ناوییەکە دروستەیەکی ناڕێزمانی لێدەکەوێتەوە[2].

گرێی بەند واتای تایبەتیی ڕێزمانی دروستدەکەن و قەوارەیەکی سەربەخۆیان لە ڕستەدا هەیە، لە ڕوی پێکهاتنەوە بەشێکە لە گرێی کاری، لە دەرخستنی واتا و مەبەست و ڕونکردنەوەی گرێی کاریدا ئەرکدەگێڕن، بۆیە گرێی بەند لە ڕوی ئەرکەوە دەبن بە تەواوکار و تەواوکاری ناڕاستەوخۆ و ئاوەڵگوزارە[3]، واتە؛ گرێی بەند دیارخەر و تەواوکەر و زانیاریە لەسەر کار، بە واتایەکی تر؛ لەم ڕوەوە بەرهەمی گرێی بەند ڕێزمانی و ڕستەسازیە نەک فەرهەنگی و وشەسازی، بۆیە مۆرفیمەکانی گرێی بەند بە پێچەوانەی وشەی ناسادە پێکەوە نانوسرێن، لێرەدا پێشناوەکان هەمیشە بە بۆشایی جیادەکرێنەوە، تەنیا پاشناوەکان بە گرێی ناویەکەوە دەلکێنرێن، بەم یاسایەی خوارەوە:

**- گرێی بەند= پێشناو/ ئامراز (نالکێ)+ گرێی ناوی+ پاشبەند (دەلکێ)**

| ڕێنوسی هەڵە[4] | ڕێنوسی دروست |
|---|---|
| جەژنی نەورۆزمان بەخۆشی بەسەربرد | جەژنی نەورۆزمان بە_خۆشی بەسەربرد |

[1]. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، (٢٠١٠)، ل ٦٦.

[2]. ئومێد بەرزان برزۆ، (٢٠٢٠)، ل ٥٠.

[3]. ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی، (٢٠١٣)، ل ٢١.

[4]. لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، (٢٠٢١) (ت)، ل ٥٤- ٥٨.

| | |
|---|---|
| ڕۆمانەکەم بەوردی خوێندەوە | ڕۆمانەکەم بە_وردی خوێندەوە |
| هەڤاڵ بەدڵخۆشی گەڕایەوە ماڵ | هەڤاڵ بە_دڵخۆشی گەڕایەوە ماڵ |
| هەڵەبجە لەشازدەی ئازاردا کیمیا بارانکرا | هەڵەبجە لە_شازدەی ئازاردا کیمیا بارانکرا |

خشتەی ژمارە (٤٥): دروستەی ڕێنوسی گرێی بەند لە ڕۆلی ئاوەڵکاردا

### ٣-٢-٣- ڕیزکردنی کەرەسەکانی ڕستە:

نوسەر بۆ گواستنەوەی بیرۆکە و واتا لە ڕێنوسی زماندا لە دانە بچوکەکانەوە کە پیتەکانن دەستپێدەکا، ئەمەش لە پێناو پێکهێنانی دانەی گەورەتر کە مۆرفیم و وشەکانن، تا دەگاتە ئاستی ڕستە، کە وەکو ڕونترین دانەی نوسزمان دەردەکەوێ، کردەی پێکهێنانی دانە گەورەکانی زمانیش بە ڕێگەی ڕیزبون و ڕێکخستنی کەرەسەکان ئەنجامدەدرێ[١]. واتە؛ کەرەسەکان لە مۆرفیم و وشە و گرێیەکان لە دروستەی ڕستەی نوسزماندا بە پێی قاڵبە بنجیەکانی یاسا ڕستەسازیەکانی زمانەکە لە پەیوەندیەکی ئاسۆیدان، بۆیە ڕیزکردنی کەرەسەکان لەناو چوارچێوەی ڕستەدا وەکو کەرەسەیەکی ڕێزمانی و واتاییش تەماشادەکرێ و تاوتوێدەکرێ[٢]، بێگومان ئەمەش بەبێ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیەکانی گۆزمان. ڕیزکردن و ڕێکخستنی کەرەسەکان بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی ڕستەیەکی ڕێزمانیی واتادار لە هەمو زمانێکدا گرنگە، بە جۆرێک هەر زمانێک ڕێگەیەکی تایبەتیی خۆی بۆ ڕیزکردنی کەرەسەکانی هەیە. تەنانەت لەم ڕووەوە زمانەکان بە پێی کەرەسەکانی ڕستە پۆلێنکراون، بە واتایەکی تر؛ ڕیزبەندیی کەرەسەکانی (**بکەر**، **بەرکار**، **کار**) بۆ بەراوردکرنی نێوان زمانەکان وەکو پێوەرێک بەکاردەهێنرێ[٣]، کەواتە؛ هەمو زمانێک بۆ چۆنیەتیی نوسین و داڕشتنی کەرەسەکانی پشت بە بنەمای ڕێزمانیی خۆی دەبەستێ، ئەم بنەما و چۆنیەتیی ڕیزکردنەش قاڵبی سروشتیی زمانەکەن، واتە؛ قاڵبێک نین لە دەروەی زمانەکە هێنرابن و داڕێژرابن، بۆیە ئەم بنەما ڕستەسازیانەش وەکو زانیاری لە ڕێنوسی زماندا ڕەچاودەکرێن، هەروەها وەکو پێوەرێکی دروستنوسینیش تەماشادەکرێن، بۆ نمونە، ئەگەر کاری تێپەڕ وەکو چەقێک وەربگرین، زمانەکان بەم شێوەیە کەرەسەکانیان ڕیزدەکەن:

---

[١]. تاڵیب حوسێن عەلی، (١٩٩٨)، ل ٩.

[٢]. سەرچاوەی پێشو، ل ٩.

[٣]. عەبدولواحید موشیر دزەیی، (٢٠١٣) (ب)، ل ٥٣- ٥٤.

١- زمانی ئینگلیزی بۆ ڕیزکردنی کەرەسەکانی پەیڕەوی لە بنەمای (**بکەر+ کار+ بەرکار**) دەکا، واتە؛ جێکەوتە (position)ی ناوەڕاست شوێنی کارە و بەرکار یان تەواوکار لە دوای کارەوە دێ و دەنوسرێ، بۆ نمونە:

- **The student writes a lesson: قوتابیەکە نوسیی وانەکە**

**بکەر ← The student، کار ← writes، بەرکار ← a lesson**

٢- زمانی عەرەبی بۆ ڕیزکردنی کەرەسەکان پەیڕەوی لە یاسای (**کار+ بکەر+ بەرکار**) دەکا، واتە؛ کار لە پێشەوەی کەرەسەکانی ترەوە دێ و بکەریش لە ڕیزبەندیی دوەم دەنوسرێ، بۆ نمونە:

- **یكتب الطالب الدرس: دەنوسێ قوتابیەکە وانەکە**

**کار ← یكتب، بکەر ← الطالب، بەرکار ← الدرس**

٣- زمانی فارسی بۆ ڕیزکردنی کەرەسەکان پەیڕەوی لە یاسای (**بکەر+ بەرکار+ کار**) دەکا، واتە؛ کار لە کۆتایی ڕستە دێ و بکەریش لە سەرەتای ڕستەوە دەردەکەوێ، بۆ نمونە:

- **ارام کتاب زبان کردی را خرید: ئارام پەرتوکی زمانی کوردیی کڕی**

**بکەر ← ارام، بەرکار ← کتاب زبان کردی را، کار ← خرید**

**٣-٢-٤- ڕیزکردنی کەرەسەکانی ڕستە لە نوسزمانی کوردیدا:**

زمانی کوردی بە پێی تایبەتمەندیی هێزی کارەکانی بە شێوەیەکی بنەڕەتی، دو جۆری ڕیزبەندیی کەرەسەکان پەیڕەودەکا:

**ا- لە کاری تێپەڕ:** کاری تێپەڕ ئەو کارەیە بە لایەنی کەمەوە پێویستیی بە دو توخم یان کەرەسە هەیە، یەکەمیان (بکەر)ە کە کارەکە ئەنجامدەدا، دوەمیشیان کارەکەی بەسەردا جێبەجێدەکرێ و بە (بەرکار) دەناسرێ[1]، واتە؛ کاری تێپەڕ کاریگەریی هێزەکەی لە بکەرەوە بۆ سەر کەرەسەیەکی تر تێدەپەڕێ کە بەرکارە و بە (تەواوکەری ڕاستەوخۆ)ش ناسراوە، کاری تێپەڕ تەنیا بە بکەر

[1]. عەبدوللا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠١٥)، ل ١٨.

ناتوانێ واتای ڕستە تەواوبکا و بگوازێتەوە[1]، بەڵکو پێویستیی بە کەرەسەی سێیەمە تا واتای ڕستەکە بە تەواوی ڕونببێتەوە، بە پێچەوانەوە واتای ڕستە دەشێوێ یان تەمومژی لێدەکەوێتەوە، بۆ نمونە:

- **توێژەرەکە توێژینەوە ئەنجامدەدا.** ⟵ **توێژەرەکە توێژینەوە ئەنجامدەدا.**
- **شوانەکە مەڕەکان دەلەوەڕێنێ.** ⟵ **شوانەکە مەڕەکان دەلەوەڕێنێ.**

**بکەر بەرکار کار**

کەواتە؛ لە ڕیزکردنی کەرەسەکانی کاری تێپەڕ، نوسزمانی کوردی یاسای (**بکەر+ بەرکار+ کار**) پەیڕەودەکا. بەڵام ئەگەر کاری ڕستە بکەرنادیار بو، بکەر لادەبررێ و یاساکە دەبێتە: (**بەرکار+ کار**). چونکە بکەرنادیار بە پێچەوانەی بکەردیار ئەو کارەیە کە دراوەتە پاڵ توخمێکی دەستنیشاننەکراو[2]، کاری بکەرنادیار لە زمانی کوردیدا بە هۆی مۆڕفیمی (ر) بەرهەمدێ و بە ڕەگی کارە تێپەڕەکانەوە دەلکێ، بۆ کاتی ڕابردو مۆڕفیمی (ا) و لە کاتی ڕانەبردو مۆڕفیمی (ێ) هەڵدەبژێرێ، کاری بکەرنادیاریش تەنیا لە کارە تێپەڕەکاندا دروستدەکرێ، لێرەدا توخمی بەرکار هەر لە جێکەوتەی خۆی دەمێنێ و واتا و ئەرکەکەشی لەدەستنادا، بۆ نمونە:

- **باخەوانەکان باخەکانیان فرۆشت.** ⟵ **باخەکان فرۆشران. (ڕابردو)**
- **جوتیار زەویەکە دەکێڵێ.** ⟵ **زەویەکە دەکێڵرێ. (ڕانەبردو)**

**بکەر بەرکار کاری بکەردیار بەرکار کاری بکەرنادیار**

**ب- لە کاری تێنەپەڕ:** کاری تێنەپەڕ ئەو کارەیە تەنیا یەک توخم یان کەرەسە وەردەگرێ[3]، واتە؛ لە کاری تێنەپەڕدا بکەر بۆ گواستنەوەی واتا و دروستەی ڕستەیەکی تەواو، پێویستیی بە کەرەسە یان توخمێکی تر نیە تا کارەکەی بەسەردا جێبەجێبکا[4]، بەڵام لە کاری تێنەپەڕدا ئەگەر جێکەوتەی بکەر یان توخمەکە خۆی کارەکە ئەنجامبدا، کارەکە دەبێتە (تێنەپەڕی بکەری)، بەڵام ئەگەر

---

[1]. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، (٢٠١٤)، ل ٩٦.
[2]. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠٢٣) (ا)، ل ١٤٢.
[3]. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠١٥)، ل ١٨.
[4]. سەربەست قادر حەمە، (٢٠١٧)، ل ٧٧.

جێکەوتەی بکەر کارەکە ئەنجامنەدا، بەڵکو بەسەریدا بێ، کارەکەش دەبێتە (تێنەپەڕی بەرکاری)[1]، بۆ نمونە:

- **<u>کرێکارەکە</u> <u>خەوت</u>. (تێنەپەڕی بکەری)**
- **<u>سەرچاوەکان</u> <u>لەناوچون</u>. (تێنەپەڕی بەرکاری)**

**بکەر/ کارا  کار**

کەواتە؛ لە کارە تێنەپەڕەکاندا تەنیا دو کەرەسە هەن، لە نوسزمانی کوردیدا بە یاسای (**کارا+ کار**) ڕێنوسدەکرێن.

بەم پێوەرە زمانی کوردی لە ئەلفوبێی ڕاستچینی ئارامیدا، لە ڕیزکردنی وشەکانی ڕستەیەک، لە سەرەتای ڕێنوسی ڕستە، گرێی ناوی بە کەرەسەکانی (بکەر/ کارا (نیهاد)، بەرکار) پڕدەکاتەوە و دەستپێدەکا، لە کۆتایی ڕستەش و لە لای چەپەوە، گرێی کاری بە (کار) پڕدەکرێتەوە و کۆتاییدێ، ئەم شێوەی ڕیزبونەی کەرەسەکانی ڕستەش ((بە ڕیزبونی بنچیی زمانەکە دادەنرێ و بە پێی ئەم یاسایانەش کەرەسەکانی ڕێکدەخرێ))[2].

کەواتە؛ گوێنەدانی نوسەران بەم یاسایانە، وەک ئەوەی نوسەر کام کەرەسەی لا مەبەست بێ و زیاتر گرنگی پێبدا و لە نوسیندا بە لوتکەی بکا، بۆ ئەوەی لای خوێنەر کاریگەری هەبێ، یان سەرنجی بۆ ئەو کەرەسەیە ڕابکێشێ، ئەو کەرەسانە پێشبخا و دوابخا، ئەمەش بە جۆرێک لە لادانی زمانی هەژماردەکرێ، کە زیاتر زمانی وێژە لە هۆنراوە و پەخشاندا دەگرێتەوە، ئەم لادانەش ئەگەرچی لە گۆزماندا بە ئاسایی دابنرێ، بەڵام لە نوسیندا شتێکی ئاسایی نیە، چونکە لە زۆر باردا تەمومژی و تێنەگەیشتن لای خوێنەر دروستدەکا، یان بە لایەنی کەمەوە واتا و بیرۆکەکانی نێرەر بەهاکەیان لەدەستدەدەن و هەندێ جاریش ئەم لادانە دەبێتە هۆی تێکدانی واتا و تەمومژیی لە ئاستی پەیام و بیرۆکە و گەیاندندا[3].

[1]. عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠١٥)، ل ١٨.
[2]. تاڵیب حوسێن عەلی، (٢٠٢٠)، ل ١٠٥.
[3]. سەرچاوەی پێشو، ل ١٠٦.

### ٣-٢-٥- ئاریشەکانی ڕیزکردنی کەرەسە سەرەکیەکانی ڕستە:

کەرەسە سەرەکیەکانی ڕستە ئەو کەرەسانەن کە هەبونیان ناچاری و خورتیە، واتە؛ لە ڕۆنانی سەرەوەدا دەربکەون و دەرنەکەون، ناتوانرێ لایانببەین، ئەم کەرەسانە بۆ ئەوەی ڕستەیەکی ڕێزمانی و دروست بەرهەمبهێنن، هەمیشە چەسپاو و نەگۆڕن، تەنانەت دۆخی ڕێزمانیش بەو چەند کەرەسە سەرەکیە پیشاندەدرێن[١]، ئەم کەرەسە سەرەکیانە بە پێی یاسا ڕستەسازیەکانی زمانی کوردی ڕیزدەکرێن و لە پاڵ یەکتری دەنوسرێن، بە شێوەیەک هەریەک لەم کەرەسانە چاڵ و جێکەوتەیەک پڕدەکاتەوە، لەسەر هەمان بنەما و پێوەریش، پێویستە لە ڕێنوسدا لە جێکەوتە و چاڵە ڕاستەکانی خۆیاندا بن. لە نوسزماندا، بە جێگۆڕکێی هەریەک لەم کەرەسانە دەبێتە هۆی ناڕێزمانی ڕستە، یانیش ناوەڕۆک و واتای ڕستەکە دەگۆڕێ. کەرەسە سەرەکیەکانی ڕستەی زمانی کوردیش (بکەر و بەرکار و کار) دەگرێتەوە[٢]. لە ڕستەی سادەی ئاسایی، دیارترین ئەو ئاریشانەی لە ڕیزکردنی کەرەسە سەرەکیەکانی ڕستە هەن، ئەمانەن:

**ا- ئاریشەی پێشخستنی جێکەوتەی کار:**

کار وەکو بەشێکی سەرەکیی ڕستە لە زمانی کوردیدا دەکەوێتە کۆتایی ڕستە و هیچ ڕستەیەکیش لە زماندا بەبێ کار و بەبێ ڕەگی کار دروستنابێ[٣]، بەڵکو کار بە بزوێنەری ڕستە دادەنرێ، چونکە چەقی بەشی گرێی کاری یان گوزارە پێکدەهێنێ، لە زمانی کوردیدا زۆر جاریش کار یەکسان دەبێ بە گرێی کار[٤]، سادەترین ڕستەکان نمونەی ئەم دۆخەن. کار لە دروستەی ڕستەی هەمو زمانەکان کەرەسەیەکی بەرزەفتەکارە[٥]، بەڵکو ((پەیڕەوی زمان بە پێی بنەمای کار دیاردەکرێ))[٦]، چونکە ئەرک بۆ کەرەسەکانی تری دیاردەکا و بە بکەر یان بەرکار دەریاندەخا، بەم پێیەش کار لە ڕێنوسی ڕاستچینی ئارامیدا لە کۆتایی ڕستە و لە چەپەوە بۆ لای ڕاست کەرەسەکانی تر بەرزەفتەدەکا، بەڵام لە ئینگلیزیدا کار دەکەوێتە دوای بکەر و لە ناوەڕاستی ڕستە

---

[١]. ئومێد بەرزان برزۆ، (٢٠٢٠)، ل ٨٠.
[٢]. عەبدولواحید موشیر دزەیی، (٢٠١٣) (ب)، ل ٤٨- ٥٣.
[٣]. عەبدوللا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠٢٣) (ا)، ل ١١٩.
[٤]. تارق صالح مەحمود، (٢٠١٤)، ل ٩٨.
[٥]. ئومێد بەرزان برزۆ، (٢٠٢٠)، ل ٩٦.
[٦]. تارق صالح محمود، (٢٠١٤)، ل ٤٥.

دەنوسرێ، لە زمانی عەرەبیشدا لە پێش بەرکار و لە سەرەتای ڕستەوە دەنوسرێ. لە ڕیزبونی چەسپاوی نوسزمانی کوردیدا، وەکو بنەما و پێوەر کار لە کۆتایی ڕستەدا دەنوسرێ، ئینجا جیاوازیی نیە کە تێنەپەڕ بێ یان تێپەڕ، بکەردیار بێ یان بکەرنادیار، کارەکەی ڕەگی (بون) بێ یان هەر ڕەگێکی تری هەبێ، چونکە ((ئەو ڕستانەی کە کار لە کۆتاییاندا دەنوسرێ، پلەی ڕێزمانییان زیاترە))[1]، بۆ نمونە:

- **ڕیزبونی یەکەم: داگیرکراوە وڵاتمان. لەناوچوە خەباتمان (کار+ بەرکار/ بکەر)**
- **ڕیزبونی دوەم: وڵاتمان داگیرکراوە. خەباتمان لەناوچووە (بکەر/ بەرکار+ کار)**

لەم دو ڕستەی سەرەوەدا، ڕستەکانی ڕیزبونی دوەم بە یاسای (**بکەر/ بەرکار+ کار**) بە پێی یاسای ڕستەسازیی کوردی ڕیزبون، ئەم ڕستانە پلەی ڕێزمانییان لە ڕستەکانی ڕیزبونی یەکەم زیاترە، چونکە کاتێ ڕستەکان بە شێوەی (**کار+ بکەر/ بەرکار**) ڕیزدەبن، ڕیزبونەکە ڕێزمانی نیە، بۆیە لە کاتی خوێندنەوەیاندا قورس دەردەکەون و ڕاوەستانێک لەسەر کارەکەدا دەبێ[2].

لە ڕێنوسی کوردیدا زۆر جار بە هۆی ناشارەزایی بنەماکانی ڕستەسازی، یان بە هۆی کاریگەریی ڕیزبونی کەرەسەکانی ڕستەی ئینگلیزی و عەرەبی، بە تایبەتی لە کاتی وەرگێڕاندا، کار لە کۆتایی ڕستەدا بۆ ناوەڕاستی ڕستە دەگوازرێتەوە، بۆ نمونە:

- **شیعری کوردی لە قۆناغی پێشودا کاریگەری <u>هەبو</u> بەسەر شیعری ئەم قۆناغە**[3].
- **جاسمی جەلیل <u>دەستنیشانکراوە</u> بۆ خزمەتی بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی**[4].
- **.....ڕۆژێک <u>هەستیکرد</u> بە ئاوارە و تەنیایی، <u>ئەگەڕا</u> بۆ شتێک...**[5].
- **شێخ مەحەمەدی خاڵ یەکێک <u>بو</u> لە پەخشاننوسە بەتواناکان**[6].

بە پێی یاسای ڕیزبونی کەرەسەکان لە زمانی کوردیدا، دەبێ کاری ئەم ڕستانە لە کۆتایی بنوسرێ، بەم شێوەیەی خوارەوە:

---

[1]. ئاواز حەمە سدیق بەگیخانی، (١٩٩٦)، ل ٥٦.
[2]. سەرچاوەی پێشو، ل ٥٧.
[3]. لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، (٢٠٢١) (ا)، ل ٩٦.
[4]. لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، (٢٠٢١) (ت)، ل ٩٢.
[5]. لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، (٢٠٢١) (ج)، ل ١٨٨.
[6]. لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، (٢٠٢١) (ت)، ل ١٤٠.

**- شیعری كوردی لە قۆناغی پێشودا كاریگەریی بەسەر شیعری ئەم قۆناغە هەبو.**

**- جاسمێ جەلیل بۆ خزمەتی بزاڤی ڕۆشنبیریی كوردی دەستنیشانكراوە.**

**- ڕۆژێك هەستی بە ئاوارە و تەنیایی كرد، بۆ شتێك ئەگەڕا.**

**- شێخ مەحەمەدی خاڵ یەكێك لە پەخشاننوسە بەتواناكان بو.**

كار لە جێكەوتەی كۆتایی مەرج نیە هەر دیار و ئاشكرا بێ، بەڵكو لە ڕستەی هەواڵدانی ئێستای كاری (**بون**) دەبێتە مۆرفیمی سفر، بۆیە لەم دۆخەشدا پێویستە جێكەوتەی گرێیە كاریەكە هەر لە كۆتایی بنوسرێ، بە تایبەتی لە كاتی بەراوردكردن و بەكارهێنانی ئاوەڵناوی پلەی بەراورد، چونكە ئاوەڵناوی پلەی بەراورد دەكەوێتە كۆتایی بەراوردكردنەكە، نەك ناوەڕاستی بەراوردكردن، بۆ نمونە:

**- ماوەی ڕوداوەكانی ڕۆمان زۆر دور و درێژترن لە هیی چیرۆكی كورت و چیرۆكی مامناوەند[1].**

**- شێوەی ڕۆمانەكان دورن لەتەكنیكی تازە و هاوچەرخ[2].**

لەم ڕستانەی سەرەوە ئەگەرچی ڕەگی كاری (**بون**) دەرنەكەوتوە، بەڵام گرێیە كاریەكە یان گوزارەكە دەبێ بە پێی ڕیزبونی ڕستەی كوردی ڕیزبكرێ و بۆ كۆتایی بگوزارێتەوە، بەم شێوەیە:

**- ماوەی ڕوداوەكانی ڕۆمان لە هیی چیرۆكی كورت و چیرۆكی مامناوەند زۆر دور و درێژترن.**

**- شێوەی ڕۆمانەكان لەتەكنیكی تازە و هاوچەرخ دورن.**

ئەگەرچی لە ڕیزكردنی كەرەسەكانی ڕستە كار لە كۆتاییدا دەنوسرێ، بەڵام لە هەندێ باردا كار پێشدەخرێ بۆ ناوەڕاستی ڕستە، بە تایبەتی ئەو كارانەی واتای جوڵە و ئاڕاستە دەبەخشن، وەكو كارەكانی (**هاتن، چون، كەوتن، ڕۆیشتن، دان، بردن، خستن، گەیشتن،...**)، ئەمەش كاتێ ڕودەدا كە پێشبەند یان ئامرازەكانی (بۆ، لە، بە) بۆ ئامرازی (ە) بگۆڕێن، لێرەدا مۆرفیمی بەستنی {ە} بە كارەكەوە دەلكێ. ئەم گۆڕان و وەرچەرخانە لە جێكەوتەی كار لە زمانی نوسینیشدا دیاردەیەكی ئاساییە، واتە؛ بە هەردو شێوە ڕاست و گونجاون، چونكە دیاردەیەكی سروشتیی زمانی كوردیە و لە گۆزمانیشدا هەر بەم جۆرە ڕیزدەكرێ، هەروەها ئەم دیاردەیە وەكو بنەمایەكی

[1]. لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، (٢٠٢١) (ا)، ل ١٤٦.
[2]. سەرچاوەی پێشو، ل ١٤٧.

ئابوریی زمانیش دەردەکەوێ[1]. ئەم کەرەسانەی دەکەونە دوای کار، لە ڕوی پێکهاتەوە گرێیەکی بەندن، لە ڕوی ئەرکیشەوە یان دەبن بە تەواکەری بەیاریدەی کار یان ئەرکی ئاوەڵکاری وەردەگرن. بەم پێیە ڕیزکردنی کەرەسەکان بەم یاسایە دەبێ:

**- لەگەڵ کاری تێنەپەڕدا: (بکەر+ کار+ گرێی بەند)**

**- لەگەڵ کاری تێپەڕدا: (بکەر+ بەرکار+ کار+ گرێی بەند)**

بۆ نمونە:

**- منداڵەکە <u>لە ئاوەکە</u> کەوت ⟵ منداڵەکە کەوتە <u>ئاوەکە</u>.**

**- من پێنوسە شینەکە <u>بە یارا</u> دەدەم ⟵ من پێنوسە شینەکە دەدەمە <u>یارا</u>.**

**- ئەوان <u>بۆ دەرەوە</u> دەچن ⟵ ئەوان دەچنە دەرەوە.**

**ب- ئاریشەی دواخستنی بکەر:**

بکەر کەرەسەیەکی سەرەکیی ڕستەیە ئەو کەرەسەیە کە کاری ڕستە ئەنجامدەدا، یان کار ڕودانێکی لە بارەوە پیشاندەدا[2]، نیهادیش لە ڕوی ئەرکەوە ئەو کەرەسەیە کە پەسن و ماک و هەواڵێکی دەدرێتە پاڵ و کارێک ئەنجامنادا، لە ڕوی ئەرکەوە ئەم دو کەرەسەیە لە زمانی کوردیدا چاڵی گرێی ناوی پڕدەکەنەوە، بە شێوەیەکی گشتی گرێی ناویش لە سەرەتای ڕستەوە دەنوسرێ، بە شێوەی گرێی ناویی سادەی ناوک یان فراوانکراو و لێکدراو دەربکەون، بە پێی یاسای ڕیزبونی ڕستەی کوردی لە سەرەتاوە دەنوسرێن، بۆ نمونە:

**- ڕیزبونی یەکەم: <u>شێخ مەحمود</u> لە ساڵانی بیست لە سلێمانی شۆڕشێکی گەورەی بەرپاکرد.**

**- ڕیزبونی دوەم: لە ساڵانی بیست <u>شێخ مەحمود</u> لە سلێمانی شۆڕشێکی گەورەی بەرپاکرد.**

ئەم ڕستانەی سەرەوە ئەگەرچی لە ڕوی واتاوە هاوواتان، بەڵام مەبەستی نوسەر لە هەریەکێک لەم ڕستانە جیاوازە[3]، بە پێی ڕیزبونی کەرەسەکانیش ڕیزبونی کەرەسەکانی ڕستەی یەکەم لە ڕستەی دوەم ڕێزمانیترە، چونکە بکەر کە گرێی ناوی فراوانکراوە و کەرەسەیەکی سەرەکیە (**شێخ مەحمود**)، لە سەرەتای ڕستەی نوسراوە و چاڵی گرێی ناوی پڕکردوەتەوە. بەڵام

---

[1]. دەرون عەبدولڕەحمان صالح، (٢٠١٠)، ل ١٣٨.

[2]. ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، (٢٠١٣)، ل ٢٢.

[3]. عەبدولواحید موشیر دزەیی، (٢٠٢٣) (ب)، ل ٥٨.

له ڕستەی دوەمدا گرێی ئاوەڵکاریی (**له ساڵانی بیست**) كه كەرەسەیەكی لاوەكیە و سەر بە گرێی كاریە، پێشخراوە، واتە؛ له شوێنی بكەر نوسراوە و به پێی بنەمای ڕیزبونی ڕستەی كوردی نەنوسراوە. كەواتە؛ دواخستنی بكەر یان نیهادی ڕسته به هەڵەی ڕێزمانی و دروستنوسین دادەنرێ. بۆ نمونە:

- **له بەرەبەیانی مێژوەوە مرۆڤایەتی به گەلێ چەرخدا تێپەڕیوە**[١].
- **جاران هاتوچۆ زۆر ناخۆش و نالەبار بو**[٢].

ئەم دو ڕستەیە ئەگەر به پێی یاسای ڕستەسازیی كوردی بنوسرێن، دەبێ گرێ ناویەكه له سەرەتادا بنوسرێ، واتە؛ ئەو كەرەسە لاوەكیانەی پێشخراون، هەردوكیان ئاوەڵكاری كاتین (**له بەرەبەیانی مێژوەوە، جاران**) و سەر به گرێی كارین و دیارخەری كارن، نەک دیارخەری ناو، بۆیه دەبێ له دوای بكەر یان نیهادی ڕستەكه بنوسرێن، بەم شێوەیە:

- **مرۆڤایەتی له بەرەبەیانی مێژوەوە به گەلێ چەرخدا تێپەڕیوە.**
- **هاتوچۆ جاران زۆر ناخۆش و نالەبار بو.**

**٣-٢-٦- ئاریشەكانی ڕیزكردنی كەرەسه لاوەكیەكانی ڕسته:**

كەرەسه لاوەكیەكانی ڕسته ئەو كەرەسانه دەگرێتەوه كه خۆشەكی و ئارەزومەندانەن و دەتوانرێ لابدرێن[٣]، بەڵكو دروسته و واتا و كرۆكی ڕسته به لادانیان تێكناچێ و ناشێوێ، چونكه له پێكهاتەی هەمو ڕستەیەک بەشداریناكەن، چونكه بەبێ كەرەسه سەرەكیەكان ناتوانن ڕسته پێكبهێنن، هەر بۆیەش له توێژینەوەكاندا به زاراوەی (سەربار)[٤] ناسراون، ئەم كەرەسانه بەشی زۆریان زانیاری و دیارخەر كارن، واتە؛ لایەنێكی ڕودانی كار ڕوندەكەنەوە، له ڕوی پێكهاتنیشەوه سەر به گرێی كارین، كەرەسه ناسەرەكیەكان بەشی هەره زۆریان به هۆی گرێی بەند یان به هۆی گرێی ئاوەڵناوی و ئاوەڵكاریەوه دەردەكەون[٥]. دیارترین ئەو ئاریشانەی له ڕیزكردنی كەرەسه لاوەكیەكانی ڕستەدا هەن، ئەمانەن:

---

[١]. لیژنەیەک له وەزارەتی پەروەردە، (٢٠٢١) (پ)، ل ٢٤٩.
[٢]. لیژنەیەک له وەزارەتی پەروەردە، (٢٠٢١) (چ)، ل ١٧٥.
[٣]. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، (٢٠١٥)، ل ١٠٢.
[٤]. ساجیده عەبدوڵڵا فەرهادی، (٢٠١٣)، ل ٢٩.
[٥]. ئومێد بەرزان برزۆ، (٢٠٢٠)، ل ٨٩.

**ا- ئاریشەی جێکەوتەی تەواوکەری بەیاریدە:**

بە (بەرکاری ناڕاستەوخۆ) و (بەرکاری بەیاریدە)ش ناسراوە، ئەوە کەرەسەیە کە بە شێوەی گرێیەکی بەند دەردەکەوێ و بە یارمەتی ئامرازێکی پەیوەندی واتای کار ڕوندەکاتەوە و بەشی گرێی کاریش فراواندەکا، زیاتر وەڵامی پرسیارێک دەداتەوە کە بە (**کێ، چی**) بکرێ[1]، تەواوکەری بەیاریدە چونکە سەر بە گرێی کاریە، زیاتر لە کاری ڕستە نزیکتر دەبێتەوە، ئەگەرچی دەتوانرێ جێگۆڕکێ بکا، بەڵام ئەگەر پلەبەندیی لە ڕیزکردنی کەرەسەکان بکرێ، لە پلەی یەکەمدا شوێنی بنەڕەتی لەگەڵ کارە تێنەپەڕەکان لە نێوان (**بکەر و کار**)دا دەنوسرێ، لەگەڵ کارە تێپەڕەکانیش لە نێوان (**بەرکار و کار**)دا دەنوسرێ، بەم یاسایە:

**- لەگەڵ کاری تێنەپەڕدا: (بکەر+ <u>تەواوکەری بەیاریدە</u>+ کار)**

**- لەگەڵ کاری تێپەڕدا: (بکەر+ بەرکار+ <u>تەواوکەری بەیاریدە</u>+ کار)**

بۆ نمونە:

**- <u>ئەو</u> <u>پێنوسەکەی</u> <u>بۆ ئێمە</u> <u>نارد</u>.** — **<u>ئەم منداڵانە</u> <u>لە پیاوە ئازاکان</u> <u>ناترسن</u>.**

**بکەر بەرکار ت. بەیاریدە کاری تێپەڕ** — **بکەر ت. بەیاریدە کاری تێنەپەڕ**

دەتوانرێ جێکەوتەی تەواوکەری بەیاریدە لەم ڕستانەی خوارەوە بگۆڕدرێ، بەڵام ڕستەکان ناڕێزمانی دەردەکەون یان واتایان دەشێوێ، بە لایەنی کەمەوە ئاستی ڕێزمانیان نزمترە، چونکە بە کردەی جێگۆڕکێی تەواوکەری بەیاریدە، لە هەندێ باردا کاری ڕستە بۆ ناوەڕاستی ڕستە دەگوازرێنەوە، هەروەها خوێندنەوەیان لە ڕیزکردنی ئاسایی قورستر دەبێ و هەندێ جاریش لە نوسینیدا ڕاوەستانێک لەسەر کارەکە دەبێ و پێویستیی بە وەستان هەیە[2]:

**- ڕیزبون بە پلەی دوەم: ئەو <u>بۆ ئێمە</u> پێنوسەکەی نارد. - <u>لە پیاوە ئازاکان</u> ئەم منداڵانە ناترسن.**

**- ڕیزبون بە پلەی سێیەم: ئەو پێنوسەکەی نارد <u>بۆ ئێمە</u>. - ئەم منداڵانە ناترسن <u>لە پیاوە ئازاکان</u>.**

---

[1]. ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، (٢٠١٣)، ل ٢٤.

[2]. عەبدولواحید موشیر دزەیی، (٢٠١٤)، ل ٢٠٠.

کەواتە؛ ئەگەر ئەم ڕستانەی خوارەوە بە پێی ڕیزبەندیی ئاسایی بنوسرێن، لە ڕوی ڕێنوس و دروستنوسینەوە ڕێزمانیتر دەردەکەون و کردەی گواستنەوەی واتاش خێراتر و دروستتر دەگوازرێتەوە، بۆ نمونە:

– **گوڵێکی تازەپشکوتو زاری ڕاگرتبو بۆ هەنگێک**[1].

**گوڵێکی تازەپشکوتو زاری بۆ هەنگێک ڕاگرتبو.**

– **ڕۆمانەکانیان بە بەردەوامی وەردەگێڕدرێن بۆ سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان**[2].

**ڕۆمانەکانیان بە بەردەوامی بۆ سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان وەردەگێڕدرێن.**

**ب– ئاریشەی جێکەوتەی ئاوەڵکار:**

ئاوەڵکار ئەو وشانەن کە لایەنێک لە لایەنەکانی ڕودانی کار نیشاندەدەن، واتە؛ پەسنی لایەنێکی ڕودانی کارەکەی دەکا[3]، تەنیا وشەیەک دەتوانێ ڕۆڵی ئاوەڵکار ببینێ، وەکو (**هەمیشە، لەمێژە، لێرە، لەوێ، خێرا، درەنگ،...**)، بەڵام ئاوەڵکار لە زمانی کوردیدا زیاتر بە هۆی گرێی بەند و گرێی ئاوەڵناوی ئەرکەکەی جێبەجێبکا، وەکو (**بە باشی، زۆر جوان، بە یەکەم، لە کوردستاندا،...**) بۆیە لە ڕێزمانی کوردیدا بە زاراوەی (**ئاوەڵگوزارە**)[4]ش ناسراوە، بەم پێیە ئاوەڵکار بەشێکە لە گرێی کاری، چونکە دیارخەر و تەواوکاری کارە، واتە؛ (**کات، شوێن، چۆنیەتی، چەندیەتی، هۆ، پێوانە، ڕێکخستن،...**)[5]ی کار پیشاندەدا، ئەگەرچی لە گۆزماندا قسەکەر بە پێی مەبەستی خۆی یان بە پێی بنەمای هاریکاری شوێنی ئاوەڵگوزارەکان دەگۆڕێ[6]، واتە؛ جێکەوتەیەکی دیارکراوی نیە، بەڵام ئاوەڵکار بە پێی پێناسە و تێگەکەی لە کار نزیکتر دەبێتەوە، نەک لە گرێی ناوی، بۆیە نوسینی لە سەرەتا و کۆتایی ڕستە پێچەوانەی یاسای ڕیزبونی

---

[1]. لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، (٢٠٢١) (چ)، ل ١٩٤.

[2]. لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، (٢٠٢١) (ا)، ل ١٤٦.

[3]. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، (٢٠٢٣) (ا)، ل ٩٨.

[4]. ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، (٢٠٢٣)، ل ٢٥.

[5]. سەرچاوەی پێشو، ل ٢٥.

[6]. ئاواز حەمە سدیق بەگیخانی، (١٩٩٦)، ل ٦٦.

کەرەســـەکانی زمانی کوردیە، بەڵکو بەشــێوەیەکی گشــتی دەکەوێتە نێوان (**بکەر و کار**)، ئەگەر کەوتگەی ئاوەڵکار پلەبەندی بکرێ، بە دو ڕوکار دەنوسرێ:

**١– لەگەڵ کاری بکەردیار:** لە کاری بکەردیار هەمیشـــە بکەر لە ســـەرەتادا دێ، چونکە بابەتی ڕســـتەیە و ئەنجامدەری کار و ڕودانە، یانیش نیهادە و ڕودانێکی خراوەتە پاڵ. ئاوەڵکاریش بە پلەی یەکەم لەکارە تێنەپەڕەکاندا لە نێوان (**بکەر و کار**) دا دێن، لەگەڵ کارە تێپەڕەکانیش لە نێوان (**بکەر و بەرکار**)دا دەنوسرێن، واتە؛ بەم یاسایە:

**– لەگەڵ کاری تێنەپەڕدا: (بکەر+ ئاوەڵکار+ کار)**

**– لەگەڵ کاری تێپەڕدا: (بکەر+ ئاوەڵکار+ بەرکار+ کار)**

بۆ نمونە:

**– ڕیزبون بە پلەی یەکەم: جوتیارەکە زەویەکەی <u>بەیانی</u> دەکێڵێ.** (بکەر+ بەرکار+ ئاوەڵکار+ کار)

**– ڕیزبون بە پلەی دوەم: جوتیارەکە زەویەکەی دەکێڵێ <u>بە باشی</u>.** (بکەر+ بەرکار+ کار+ ئاوەڵکار)

**– ڕیزبون بە پلەی سێیەم: <u>خێرا</u> جوتیارەکە زەویەکەی دەکێڵێ.** (ئاوەڵکار + بکەر+ بەرکار+ کار)

**– ڕیزبون بە پلەی چوارەم: جوتیارەکە <u>لەوێ</u> زەویەکەی دەکێڵێ.** (بکەر+ ئاوەڵکار+ بەرکار+ کار)

ئەگەر ئەم ڕســـتانەی ســـەرەوە، لە ڕوی ڕێزمانیەوە پلەبەندی بکرێن، ڕیزبونی یەکەم و چوارەم بە پێی یاســای ڕیزکردنی ڕســتەســازیی کوردی ڕێکخراون و ئاســاییین، بەڵام ڕیزبونی دوەم و ســێیەم ڕیزبونی نائاســاییین، چونکە لە ڕیزبونی دوەمدا، ئاوەڵکار لە کۆتایی نوســراوە و کارەکە دواخراوە، لە ڕیزبونی سێیەمیشدا کار لە سەرەتای ڕستە و لە شوێنی بکەر نوسراوە. کەواتە؛ ڕیزبونی یەکەم و چوارەم لە ڕوی واتا و ڕێزمانەوە دروســـتترن، بەڵام ئەگەر لە نێوان ڕیزبونی یەکەم وچوارەمدا پلەبەندی بکرێ، بە هۆی ئەوەی کارەکە تێپەڕە (**کێڵان**)، بەرکار (**زەویەکە**) کەرەســـەیەکی ســـەرەکیە و لە کار نزیکتر دەبێتەوە و ئاوەڵکارەکەش کەرســـەیەکی لاوەکیە و لە نێوان (**بکەر و بەرکار**) بنوسرێ دروستترە، بەم شێوەیە:

**– ڕیزبون بە پلەی یەکەم: (بکەر+ ئاوەڵکاری کاتی+ بەرکار+ کار):**

**جوتیارەکە <u>بەیانی زو</u> زەویەکەی دەکێڵێ.**

**– ڕیزبون بە پلەی دوەم: (بکەر+ بەرکار+ ئاوەڵکاری چۆنیەتی+ کار):**

**جوتیارەکە زەویەکەی <u>زۆر بە باشی</u> دەکێڵێ.**

کەواتە؛ ئەگەر ئەم ڕستانەی خوارەوە بە پێی یاسای ڕیزبون و ڕێکخستنی ڕستەسازیی کوردی بنوسرێن، بەم شێوەیە لایەنی واتایی و ڕێزمانی و دروستنوسینیان دەردەکەوێ:

**- <u>لە سەرەتای ساڵی (١٩٥٨)</u> لە شاری کەرکوک <u>گۆڤاری شەفەق</u> دەرچو.**[1]

**گۆڤاری شەفەق <u>لە سەرەتای ساڵی (١٩٥٨)</u> لە شاری کەرکوک دەرچو.**

**- شێخ حوسێنی قازی <u>مەولودنامەیەکی سەرواداری</u> <u>لە ساڵی (١٨٦٠)</u> نوسیوە.**[2]

**شێخ حوسێنی قازی <u>لە ساڵی (١٨٦٠)</u> <u>مەولودنامەیەکی سەرواداری</u> نوسیوە.**

**٢- لەگەڵ کاری بکەرنادیار:** لە کارە تێپەڕەکاندا کاتێ بکەر لادەبررێ، بەرکار بەوەی کەرەسەیەکی سەرەکیە، کەوتگەی گرێی ناوی پڕدەکاتەوە، چونکە لەبری (**بکەر**) دەبێتە بابەت و لوتکە و سەرتۆپی سەرەکی ڕستە، لەسەر ئەم بنەمایشە لە ڕێزمانی دێرین بە (**جێگری بکەر**) ناسێنراوە، بۆیە ڕێزمانیترە بەرکار لە سەرەتای ڕستەدا بنوسرێ و ئاوەڵکارەکانیش لە نێوان بەرکار و کار بنوسرێن، چونکە ئاوەڵکار بەوەی کەرەسەیەکی ناسەرەکی و دیارخەری کارە، لە کاری ڕستە نزیکتر بکرێتەوە دروستترە، نەک لە سەرەتای ڕستەدا بنوسرێ و بکرێتە سەرتۆپی سەرەکی، واتە؛ دەشێ ڕیزبون بە پلەی یەکەم بەم یاسایە بێ:

**- ڕستەی بکەرنادیار= (بەرکار+ ئاوەڵکار+ کاری تێپەڕ)**

بۆ نمونە:

**- ڕیزبون بە پلەی یەکەم: توێژینەوەکە <u>دوێنێ/ لێرە/ خێرا/ بە یەکەم</u> بڵاوکرایەوە.**

**- ڕیزبون بە پلەی دوەم: <u>دوێنێ/ لێرە/ خێرا/ بە یەکەم</u> توێژینەوەکە بڵاوکرایەوە.**

لەم دو ڕیزبونەدا، ڕیزبونی یەکەم پلەی ڕێزمانی لە هی دوەم زیاترە، چونکە ئاوەڵکارەکان لە کاری ڕستە نزیککراونەتەوە و بەرکاریش جێکەوتەی گرێی ناوی پڕکردوەتەوە و لە سەرەتادا نوسراوە، بەڵام ڕیزبونی دوەم بە پێچەوانەوەیە، هەرچەندە واتای ڕستەکە نەگۆڕاوە.

---

[1]. لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، (٢٠٢١) (ا)، ل ١٤٠.

[2]. لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، (٢٠٢١) (ت)، ل ١٠٢.

**٣- ئاریشەی ڕیزبەندیی چەند ئاوەڵکارێک:**

ئەگەر لە ڕستەیەکدا ئاوەڵکاری کاتی و شوێنی بە دوای یەکدا هاتن، ئاوەڵکاری کاتی پێش ئاوەڵکاری شوێنی دەکەوێ[1]، واتە؛ ڕیزبون بە پلەی یەکەم بەم یاسایە دەبێ:

**- ڕستە= (بکەر+ ئا. کاتی+ ئا. شوێنی+ بەرکار+ کار)**

بۆ نمونە:

**- ڕیزبون بە پلەی یەکەم: قازی مەحەمەد لە (٢)ی ڕێبەندانی ساڵی (٢٦٤٦)ی کوردی لە شاری مەهاباد کۆماری کوردستانی دامەزراند.**

**- ڕیزبون بە پلەی دوەم: قازی مەحەمەد لە شاری مەهاباد لە (٢)ی ڕێبەندانی ساڵی (٢٦٤٦)ی کوردی کۆماری کوردستانی دامەزراند.**

بە هەمان پێوەر ئەگەر ئاوەڵکاری کاتی و شوێنی و چۆنیەتی لە ڕستەیەکدا کۆبونەوە، ئاوەلکاری کاتی پێشدەکەوێ[2]، واتە؛ ڕیزبون بە پلەی یەکەم بەم یاسایە دەبێ:

**- ڕستە= (بکەر+ ئا. کاتی+ ئا. شوێنی+ ئا. چۆنیەتی+ بەرکار+ بکەر)**

بۆ نمونە:

**- ڕیزبونی بە پلەی یەکەم: ڕەوەندەکان دوێنێ لەژێر ڕەشماڵەکە بە خۆشی دانیشتبون.**

**- ڕیزبونی بە پلەی دوەم: ڕەوەندەکان لەژێر ڕەشماڵەکە دوێنێ بە خۆشی دانیشتبون.**

**- ڕیزبون بە پلەی سێیەم: ڕەوەندەکان لەژێر ڕەشماڵەکە بە خۆشی دوێنێ دانیشتبون.**

بە هەمان پێوەری بکەرنادیار، ئەگەر بکەر لە ڕستەدا لابدرێ، ئاوەڵکارەکان لە ڕیزبونی پلەی یەکەمدا لە نێوان (**بەرکار و کار**)دا دەنوسرێن، واتە؛ بەم یاسایە:

**- ڕستە= (بەرکار+ ئا. کاتی+ ئا. شوێنی+ ئا. چۆنیەتی+ کاری تێپەڕ)**

بۆ نمونە:

**- ڕیزبون بە پلەی یەکەم: کۆبونەوەکان ئەمرۆ لە شاری هەولێر بە باشی ئەنجامدران.**

**- ڕیزبون بە پلەی دوەم: ئەمرۆ کۆبونەوەکان لە شاری هەولێر بە باشی ئەنجامدران.**

**- ڕیزبون بە پلەی سێیەم: لە شاری هەولێر کۆبونەوەکان ئەمرۆ بە باشی ئەنجامدران.**

---

[1]. ئاواز حەمە سدیق بەگیخانی، (١٩٩٦)، ل ٧٩.

[2]. سەرچاوەی پێشو، ل ٧١.

**- ڕیزبون بە پلەی چوارەم: بە باشی کۆبونەوەکان ئەمڕۆ لە شاری هەولێر ئەنجامدران.**

**- ڕیزبون بە پلەی پێنجەم: ئەمڕۆ لە شاری هەولێر بە باشی کۆبونەوەکان ئەنجامدران.**

**٣-٢-٧- قاڵبە بنەڕەتیەکانی ڕستە لە نوسزمانی کوردیدا:**

بە خستنەڕوی پێوەرە زمانەوانیەکانی سەرەوە و بە پشتبەستن بە تایبەتمەندیەکانی زمانی کوردی، بۆ ڕیزکردن و ڕێکخستنی کەرەسەکان، وەکو بنەمایەکی ڕێزمانیی دروستنوسین، لە ڕستەی ئاسایی فروانکراودا، واتە؛ بۆ پێکەوەهاتنی کەرەسە سەرەکی و لاوەکیەکان، دەشێ پشت بەم قاڵبانە ببەسترێ:

**١- لە کاری تێنەپەڕدا:** بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی ڕستەیەکی ڕێزماندار، دەشێ ئەم ڕیزکردنە بە شێوەی نمونەیی دابنرێ:

**ڕستە= (بکەر/ بەرکار+ ئا. کاتی+ ئا. شوێنی+ ئا. چۆنیەتی+ ت. بەیاریدە+ کاری تێنەپەڕ)**

- بۆ نمونە:

**- زمانەوانان لە سەردەمی نوێدا لە هەرێمی کوردستان دڵسۆزانە بۆ ڕێنوسێکی پێوەربەند و هاوبەش تێدەکۆشن.**

**٢- لەکاری تێپەڕدا:**

**ا- ڕستەی تێپەڕی بکەردیار:** بۆ قاڵبی نمونەیی و ڕیزبون بە پلەی یەکەم، دەکرێ ئەم یاسایە پەیڕەوبکرێ:

**- ڕستە= (بکەر+ ئا. کاتی+ ئا. شوێنی+ ئا. چۆنیەتی+ بەرکار+ ت. بەیاریدە+ کاری بکەردیار)**

بۆ نمونە:

**- شێخ مەحمود لە ساڵانی بیست لە شاری سلێمانی نەبەردانە شۆڕشێکی گەورەی بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەڵگیرساند.**

**ب- ڕستەی تێپەڕی بکەرنادیار:** لە ڕستەی بکەرنادیاردا بۆ قاڵبی نمونەیی و ڕیزبون بە پلەی یەکەم، دەشێ ئەم ڕیزبونە ڕەچاوبکرێ:

**- ڕستە= (بەرکار + ئا. کاتی+ ئا. شوێنی+ ئا. چۆنیەتی+ ت. بەیاریدە+ کاری بکەرنادیار)**

بۆ نمونە:

**- کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دوێنی لە شاری هەولێر بە سەرکەوتویی بۆ دابەشکردنی موچەی فەرمانبەران ئەنجامدرا.**

## ئەنجام

دیارترین و گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا بەدەســـــتهاتون، بە پێی بەش و تەوەرەکانی توێژینەوەکە، ڕیزدەکرێن:

**بەشی یەکەم:**

**تەوەری یەکەم:**

١- هەردو پیتی <و، ی> نیمچەبزوێن، کاتێ پاشگرە ڕێزمانیەکانیان پێوە دەلکێنرێ، پێویستییان بە ناوبڕی (ی، و) و بڕگەیەکی زیادە نابێ، چونکە دولایەنن و خۆیان دەبن بە نەبزوێن، ئەمەش هاوڕێکە لەگەڵ بنەمای ئابوریی زمان.

٢- هەردو دەنگی [ئـــــ] و [بزرۆکە] دیاردەی گشــتیی دەنگســـازین، لە زمانی کوردیدا بەهای فۆنیمیان نیە، بە لابردنیان لە پەیڕەوی ئەلفوبێ و دەنگناسیی کوردیدا، چەند ئاریشەیەکی ڕێنوس چارەسەردەبن.

**تەوەری دوەم:**

٣- هەردو پیتی <ڕ، ک> لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا، دەبێ بە یەک هێما بنوسرێن، واتە؛ نابێ هێمای فۆنیمێکی تریان بۆ بەکاربهێنرێ، یان دو پیتی جیاواز بۆ یەک فۆنیم دابنرێن.

٤- لە ئەلفوبێ و پەیڕەوی دەنگناسیی کوردیدا یەک پیتی <و> هەیە و شێوەی گۆکردنی کورت [و] و درێژ [وو] هاودەنگ/ ئەلۆفۆنی یەکترن و پیتی <وو> بونی نیە.

٥- هـــەردو فۆنیمی /و، ی/ فۆنیمی نیمچـــەبزوێن یـــان دولایـــەنن، چونکـــە بـــە پێی ژینگـــەی دەرکەوتنیان، دەبن بە بزوێن و نەبزوێن، لە بنەڕەتیشـــــدا تەنیا دو پیتیان بۆ دابنرێ نەک چوار، واتە؛ بە جیا ڕیزبکرێن، نەک دو جار لە ڕیزەکی بزوێن و نەبزوێنەکان هەژماربکرێن.

**بەشی دوەم:**

**تەوەری یەکەم:**

٦- ئەو وشانەی بە پیت یان پاشگری {ی} کۆتاییاندێ، لە دۆخی دانەپاڵدا نابێ ئامرازی دانەپاڵی {ی} ونبکرێ، چونکە دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا. بەڵام ئەو وشـانەی بە پاشـگری {یی} کۆتاییاندێ و ئامرازی دانەپاڵی (ی) وەردەگرن، سێ (ییی) نانوسرێ، بەڵکو یەکێک لەم دەنگانە لەناودەچێ و لە کوردیشدا سێ پیتی هەمان شێوە لەتەک یەکتریەوە گۆناکرێ و نانوسرێ.

٧- وشـەکانی (نیشـانە) و وشـەی (هەر) و ژمارەکان، ئەگەر لە ڕۆنانی وشـەی نوێ بەشدارنەبن، لە ڕێنوسدا پێویستە بە بۆشایی جیابکرێنەوە.
٨- وەکو پێوەرێکی دروستنوسین، وشەی ناسادە (داڕێژراو، لێکدراو) پێکەوە و بەسەر یەکەوە دەنوسرێن، چونکە وەکو وشەیەکی سەربەخۆ و فەرهەنگی هەژماردەکرێن، واتە؛

**تەوەری دوەم:**

٩- مۆرفیمەکانی {بێ، بۆ، بە، لە، تێ، پێ، لێ} ئەگەر وشـەیەکی نوێ و فەرهەنگی دروسـتبکەن، دەبن بە (پێشـگر)، بۆیە لەگەڵ بنکەکانیان پێکەوە دەنوسـرین و بە بۆشـایی جیاناکرێنەوە، بەڵام ئەگەر لە ڕستەدا گرێی بەند دروستبکەن، دەبن بە (پێشبەند) و بە بۆشایی جیادەکرێنەوە.
١٠- دەشـێ لە ڕوی دروستنوسینەوە، لە نێوان پاشگری {گە، گا}ی ناوی شوێن، تەنیا پاشگری {گە} بەکاربهێنرێ.

**تەوەری سێیەم:**

١١- ئەگەر زۆر بە ناچاری نەبێ، وەرگرتنی وشـەی بیانی بە لێشـاو و بێ پەرژین، چەندین لایەنی نەرێنی و ئاریشـەدار بۆ نوسـزمانی کوردی دورسـتدەکا، وەکو: شـێواندنی زمانی کوردی، تێکدانی ڕێنوسـی پێوەربەند، کوشـتنی وشـەی ڕەسـەن و خۆماڵی، پەککخسـتنی کردەکانی بەرهەمهێنانی وشـە، دورخسـتنەوەی زمانی کوردی لە زمانی زانسـت، گرانکردنی کردەی گواستنەوەی واتا و مەبەستی پەیام/ دەق.
١٢- نوسـزمانی کوردی لە قۆناغی بەر لە وەرگرتنی وشـە، بە ڕێسـازەکانی (وشـەی بنەڕەتی، وشـەی بەرهەمهێنراو، گۆڕینی واتای وشـە، ڕێسـازی پێوانە، ڕێسـازی ئاوێتەکردن، ڕێسـازی وەرگێڕان) دەتوانێ خۆی لە وشـەی بیانی پاکبکاتەوە و ڕێنوسـەکەی بژاربکا، مەگەر هەندێ وشەی جیهانی و دەگمەن نەبێ.
١٣- دوای قۆناغی بژارکردن، زمانی کوردی بە پێی پێویسـتیی زمانەکەی، وشـەی بیانی لە ڕێنوسـدا بەکاردەهێنێ، وشـە بیانیەکانیش دەخاتە ژێر ڕکێفی پەیڕەوی دەنگناسـی و ئەلفوبێی کوردیەوە.

**بەشی سێیەم:**

**تەوەری یەکەم:**

١٤- لە ڕێنوسی جێناوی لکاوی (ی، یان) لە دەستەی خاوەنی، کاتێ بە وشەیەکی کۆتاییهاتو بە پیتی <ی> یان بە مۆرفیمی کاتی (ی)ەوە دەلکێن، دەبێ بە شێوەی (یی) بنوسرێن، بە هەمان پێوەر جێناوەکانی (ی، ین) لە دەستەی ڕێککەوتنیش، دەبێ بە شێوەی (یی) بنوسرێن.

١٥- کارە بنەڕەتی و ناسادەکان، کە یەکسانن بە ڕستەیەکی تەواو، لە هەر دۆخ و ڕێژەیەکی ڕێزمانیدابن، دروستترە پێکەوە و بە یەکپارچەیی بنوسرێن.

١٦- لە زمانی کوردیدا (ێت، ات) جێناوی لکاو نین، بەڵکو (ت) ناوبرە و ماوەتەوە، تەنیا لەو کاتانە دەنوسرێ، کە مۆرفیمی بەستی (ە) یان مۆرفیمی دوبارەبونەوەی (ەوە) لەگەڵ مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) یان مۆرفیمی کاتی داهاتو (ێ) دەکەونە پاڵ یەکتری، بۆئەوەی دو بزوێن پێکەوە کۆنەبنەوە، ئەم ناوبرە پەیدادەبێ، ئەمەش پێویستیەکی دەنگسازیە، کە ئەو پێویستیەش نەما ناوبڕی (ت) هیچ ڕۆڵێکی نامێنێ و زیادە.

**تەوەری دوەم:**

١٧- ئاوەڵکارەکان ئەگەر لە شێوەی گرێی بەند دەرکەوتن، پێویستە پێشبەند/ ئامرازەکە لە مۆرفیم و وشە یان گرێی دوای خۆی جیابکرێتەوە.

١٨- کار لە ڕێنوسی کوردیدا، وەکو بنەما دەکەوێتە کۆتایی ڕستە و پێشخستنی بۆ سەرەتا و ناوەڕاستی ڕستە، پێچەوانەی یاسای ڕیزکردنی کەرەسەکانە. بەڵام لەگەڵ هەندێ کاردا، بە تایبەتی ئەوانەی واتای ئاڕاستە دەبەخشن، کاتێ گرێی بەند لە ڕستەکەدا هەیە، بە وەرچەرخانێک گرێیە بەندەکە دەچێتە دوای کارەکە.

١٩- بکەر یان نیهاد (کارا) وەکو بنەما لە سەرەتای ڕستەدا دەنوسرێ، پێشخستنی کەرەسە ناسەرەکیەکانی وەکو گرێی بەند و ئاوەڵکار، پێچەوانەی یاسای ڕیزکردنە، یان بە لایەنی کەمەوە ئەو ڕستانەی بکەر یان نیهادیان لە سەرەتادا دەنوسرێ پلەی ڕێزمانییان زیاترە.

## پێڕستی سەرچاوەکان

### ١- بە زمانی کوردی:

### ا- پەڕتوکەکان:


- ئەمیر مەحەمەد مەحەمەدەمین، وشـەی ئەرکی لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، دەزگای نارین، هەولێر، (٢٠١٦).

- ئەورەحمانی حاجی مارف، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشـــنایی فۆنەتیکدا، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، (١٩٧٦).

- ............................، نوســـینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، بەغدا، (١٩٨٦).

- ............................، فـەرهـەنگی زاراوەی زمـاننـاســـی، چـاپی دووەم، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، (٢٠١٤) (ا).

- ............................، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشـــەســـازی)، بەشـــی دوەم، (جێناو)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (٢٠١٤) (ب).

- ............................، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشـــەســـازی)، بەشـــی ســـێیەم (ئاوەڵناو)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (٢٠١٤) (پ).

- ............................، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشـــەســـازی)، بەشـــی چوارەم (ژمارە و ئاوەڵکردار)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (٢٠١٤) (ت).

- ئومێد بەرزان برزۆ، دروســـتەی فرێز و ڕســـتە لە زمانی کوردیدا، چاپی ســـێیەم، چاپخانەی جنگل، تاران، (٢٠٢٠).

- باخان ئەحمەد مەحەمەد، دروستنوسیی زمانی کوردی، چاپی دوەم، (٢٠٢٠).

- بەدران ئەحمەد حەبیب، ڕێنوســـی یەکگرتوی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، (٢٠٠٤).

- بەکر عومەر عەلی، چەند لایەنێکی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، (٢٠١٤).

- بێهروز چەمەن ئارا، بەرەو ڕێنوســـی پێوەری کوردی، چاپی یەکەم، چاپەمەنی مانگ، مەهاباد، (٢٠٢٢).

- تاڵیب حوسـێن عەلی، دەنگسـازی- چەند بابەتێکی فۆنۆلۆجی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، (٢٠١٥).

- ..............................، زانسـتی زمان و زمانی کوردی، بەشـی دوەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، (٢٠٢٠).

- تاهیر صادق، ڕێنوس- چۆنیەتیی نوسینی کوردی، چاپخانەی شیمال، کەرکوک، (١٩٦٩).

- چوار زماننـاس، ڕێنوسـی کوردی بە پێی بنەما زانسـتیەکانی ڕێنوسـی گشـتی، چاپی دوەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، (٢٠١٣).

- حاتەم ولیا مەحەمەد، مۆرفۆلۆجی، چاپی یەکەم، (٢٠١٩).

- حەمید سـالح مەحەمەد، جەختکردنەوە و شـێوازەکانی لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، (٢٠١٧).

- دیاکۆ هاشـمی، پوختەی ڕێنوس و خاڵبەندی، چاپی یەکەم، وەشـانخانەی ٤٩ کتێب، سـوید، (٢٠٢١).

- ڕەفیق شـوانی، زمانی کوردی و شـوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا، چاپ یەکەم، چاپخانەی خانی، دهوک، (٢٠٠٨).

- ........................، وشـەسـازیی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، (٢٠١١).

- ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا، فەرهەنگی زمان و زاراوەسـازیی کوردی، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، (٢٠٠٧).

- ڕێنوسـی کوردی بە پێ بڕیارەکانی کۆڕی زانیاری عێراق- دەسـتەی کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، (١٩٨٧).

- سـابیر ژاکاو، پرشـەدارێکی زمانەوانی ١، ڕێنوس، چاپی یەکەم، بڵاوکەرەوەی زانکۆ، بۆکان، (١٣٩٩) (ا).

- ......................، پڕشەدارێکی زمانەوانی ٢، وشەناسی، چاپی یەکەم، بڵاوکەرەوەی زانکۆ، بۆکان، (١٣٩٩) (ب).

- ساجیده عەبدوڵلا فەرهادی، هەندێ لایەنی ڕستەسازیی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، (٢٠١٣)

- سەربەست قادر حەمە، بەراوردی دو لە پۆلێنکردنی کردار لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی، (٢٠١٧).

- شەهاب شێخ تەیب، بنەما و پێکهاتەی زاراوە لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، (٢٠١٢).

- ..............................، دەربارەی زمانەوانی، چاپی یەکەم، نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، (٢٠١٤).

- شیروان حوسێن خۆشناو، توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر، (٢٠١٦).

- شێرکۆ بابان، دەنگسازی و بڕگەسازی لە ڕێزمانی کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، (٢٠٠٥).

- عاتف عەبدوڵلا فەرهادی، هەندێ لایەنی دەنگسازیی شێوەزاری باڵەکایەتی لەسەر بنچینەی (praat)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، (٢٠١٣).

- عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ، ناکردن لە کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، (٢٠١٤) (ا).

- ..............................، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، (٢٠١٤) (ب).

- ..............................، چەند باسێکی وردی زمانەوانی – کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر (٢٠١٥).

- ..............................، وشەسازیی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، (٢٠٢٣) (ا).

- عەبدولواحید موشـیر دزەیی و ئەوانی تر، فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر، (٢٠١٣) (ا).
- عەبدولواحید موشیر دزەیی، لێکسیکۆلۆجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر، (٢٠١١).
- ......................................، ڕسـتەسـازیی ڕۆنانکاری و گوێزانەوە، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر، (٢٠١٣) (ب).
- ......................................، ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر، (٢٠١٤).
- عەلی حوسێن، زمانی کوردی، پێویستیی پاراستنی- مەترسیی هەڵوەشانەوەی، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕێنوێن، سلێمانی، (٢٠٢١).
- غازی عەلی خورشـید، زمانی فەرمی بۆ کوردسـتان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشـی سەردەم، سلێمانی، (٢٠١١).
- غازی فاتح وەیس، فۆنەتیک، چاپی یەکەم، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، (١٩٨٤).
- فاروق عومەر سدیق، لەدایکبونی وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، (٢٠١١).
- ..............................، زمانناسیی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، (٢٠١٦).
- فازل عومەر، گیرەکێن زمانێ کوردی، چاپی ئێکەم، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر، (٢٠٠٥).
- فەرهاد شـاکەلی، زمانی کوردی لە ئاسـتانەی سـەردەمێکی تازەدا، چاپی دوەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، (٢٠١١).
- کازم عەباس زەندی، ڕابەری ڕێنوسـی کوردی بە ئەلفبێی عارەبی و کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، (٢٠٢٣).
- کامل حەسـەن ئەلبەسـیر، زاراوەی کوردی، چاپی یەکەم، لە چاپکراوەکانی زانکۆی سـلێمانی، (١٩٧٩).
- کەمال جەلال غەریب، پرۆژەی زاراوەی زانسـتیی کوردی، چاپی دوەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، (٢٠١٢).
- کەمال فوئاد، فۆنیمەکانی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، کتێبی ئەرزان، (١٩٩٥).

- کەمال میراودەلی، فەلسەفەی زمان و زمانناسیی کوردی، بەرگی یەکەم لە ڕێزمانی کوردیی بنچینەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی میخەک، (٢٠٢١).
- کوردستان موکریانی، زمانی کوردی مۆڕفۆلۆژیا، چاپی یەکەم، چاپەمەنیی ڕۆژهەلات، سنە، (٢٠٢٢).
- کوردۆ شابان، ڕاستنوسی، چاپی دوەم، لە بلاوکراوەکانی مالی وەفایی، هەولێر، (٢٠٢٠).
- لیژنەی زاراوە لە ئەکادیمیای کوردی، ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرەو ڕێنوسێکی یەکگرتوی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، (٢٠١٠).
- لیژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زانیاریی کورد، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، (٢٠١١).
- لیژنەیەک لە هەردو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی بالا، خوێندنی کوردی- بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، وەرزی دوەم، (٢٠١٩).
- لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، زمان و ئەدەبی کوردی، پۆلی دوازدەیەم، چاپی پازدەم، (٢٠٢١) (ا).
- ........................................، زمان و ئەدەبی کوردی، پۆلی هەشتەم، چاپی سێزدەم، (٢٠٢١) (ب).
- ........................................، زمان و ئەدەبی کوردی، پۆلی دەیەم، چاپی چواردەم، (٢٠٢١) (پ).
- ........................................، زمان و ئەدەبی کوردی، پۆلی یازدەم، چاپی چواردەم، (٢٠٢١) (ت).
- ........................................، زمان و ئەدەبی کوردی، پۆلی نۆیەم، چاپی چواردەم، (٢٠٢١) (ج).
- ........................................، زمان و ئەدەبی کوردی، پۆلی حەوتەم، چاپی سێزدەم، (٢٠٢١) (چ).
- ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، فەرهەنگی زانستگای کوردستان، بەرگی یەکەم، چاپی دوەم، پەخشانگای زانستگای کوردستان، سنە، (٢٠٢٠) (ا).
- ....................................، فەرهەنگی زانستگای کوردستان، بەرگی چوارەم، چاپی دوەم، پەخشانگای زانستگای کوردستان، سنە، (٢٠٢٠) (ب).
- ....................................، فەرهەنگی زانستگای کوردستان، بەرگی سێیەم، چاپی دوەم، پەخشانگای زانستگای کوردستان، سنە، (٢٠٢٠) (پ).

- مستەفا ڕەزا مستەفا، پۆلێنکردنی مۆرفیمە بەندەکان لەسەر بنەمای چالاکی و سستیی ئەمڕۆیان لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، (٢٠٢١) (ب).
- ............................، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی لە بارەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی زمانی کوردییەوە، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، (٢٠٢١) (ا).
- محەمەد عەبدولفەتاح حەمەسەعید، فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، (٢٠٠٨).
- محەمەد فەریق حەسەن، هێمن و بۆنی غەریبی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، (٢٠٠٨).
- محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، چاپخانەی ڕون، سلێمانی، (٢٠٠٦).
- محەمەد مەعروف فەتاح، لێکۆلینەوە زمانەوانیەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، (٢٠١٠).
- ..........................................، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، (٢٠١١).
- محەمەد وەسمان، گیروگرفتەکانی زاراوەدانان لە زمانی کوردیدا، هەولێر، (٢٠٠٤).
- نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، ڕێزمانی کوردی- کرمانجیی ناوەڕاست و خوارو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، (٢٠١٢).
- ........................................، ڕستەسازی، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، (٢٠١٤).
- ........................................، زمانەوانی کارەکی، بەرگی دوەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر. (٢٠١٦)
- نەسرین محەمەد فەخری، ڕێنوسی کوردی، فەسڵی یەکەم، مطبعة جامعة صلاح الدين، (١٩٧٧- ١٩٧٨).
- نوری عەلی ئەمین، ڕابەرێ بۆ ئیملای کوردی، چاپخانەی (سلمان الأعظمی)، بەغدا، (١٩٦٦).
- هەژار قادر ئیسماعیل، ڕۆنانی برگە و گۆڕانی سنوری برگە لە شێوەزاری باڵەکییاندا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر (٢٠١٣).

- هەڵمەت بایز، ڕێنوسی فێرکاری، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری هەندرین بۆ زمان و توێژینەوەی کەلتوری/ زانکۆی سۆران. (٢٠٢٠).
- وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسـۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، (٢٠٠٤).
- ......................، ڕێنوســـی کوردی لە ڕوانگەی زمانەوانیەوە، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، (٢٠٢٢).
- یوسف شەریف سەعید، زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، (٢٠١١).

**ب- نامە زانستیەکان (ماستەر و دکتۆرا):**

- ئاواز حەمە سـدیق بەگیخانی، ڕیزبونی کەرەسـتە لە زمانی کوریدا، نامەی ماسـتەر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر. (١٩٩٦).
- ئومێد ســـەمەد ئەحمەد، مۆرفیمە بەندە ڕێزمانیەکان لە زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، (٢٠٢٢).
- پێشکەوت مەجید مەحەمەد، خواستنی زمانی لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، (٢٠٢٢).
- تارق صـــالح مەحمود، بنەما گشـــتی و تایبەتیەکانی ڕێزمانی کوردی- لەبەر ڕۆشـــنایی تیۆریەکەی چۆمســـکیدا، نامەی ماســـتەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ســـەلاحەددین، هەولێر، (٢٠١٤).
- تاڵیب حوسێن عەلی، هەندێ لایەن لە پەیوەندیی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب،- زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، (١٩٩٨).
- حەیدەر حاجی خدر، تایبەتمەندیە مۆرفۆلۆژیەکانی زمانی کوردی- لە ڕوانگەی پۆلینی مۆرفۆلۆژیانەی زمانەکانەوە، نامەی ماســـتەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی ســـەلاحەددین، هەولێر، (٢٠١٠).
- داســـتان صـــابر مامە، ڕۆلی هێما نازمانیەکان لە ئاخاوتنی کوردیدا، نامەی ماســـتەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، (٢٠٢١).

- دەرون عەبدولڕەحمان صالح، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، (٢٠١٠).
- دەریا سابیر حەمەد، کێشە دەنگیەکانی زمانی کوردی لە نێوان ڕێنوسی و یاسا فۆنۆلۆژیەکاندا، فاکەڵتی پەروەردە- قەڵادزێ، زانکۆی ڕاپەڕین، (٢٠١٦).
- دیدار سەعید جوکل، بەشەکانی ڕستەی کوردی لەڕووی زاراوەسازی و لۆجیکەوە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، (٢٠١٨).
- ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن، بڕگە و ئاسانبونی بڕگە لە کوردیدا،نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، (١٩٩١).
- زێرەڤان ئیبراهیم موسا، تایبەتمەندیێن دەنگێن (کپ) د فۆنۆلۆژییا کوردیدا، نامەی ماستەر، کولیژا زانستێن مرۆڤایەتی، زانکویا دهوکێ، (٢٠١٦).
- ساکار ئەنوەر حەمید، وشەخواستن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، (٢٠٠٩).
- سروە جەعفەر مەحەمەدەمین، کۆتکردنی چاڵاکیی گیرەک لە داڕشتنی وشەی زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، (٢٠٢٣).
- سۆزان سەعدوڵلا عەبدولغەنی، وەرگرتن و بەکارهێنانی زاراوە لە ئاخاوتن و نوسیندا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، (٢٠١٩).
- شنۆ قادر محمد، یاسا فۆنۆلۆجیەکانی زمانی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، (٢٠٠٨).
- عادل ڕەشید قادر، فۆنۆلۆژیی زمانی کوردی- کرمانجی سەرو، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، (٢٠٠٨).
- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، (٢٠١٠).
- عوسمان کەریم عەبدولرەحیم، وشەی زمانی کوردی و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، (٢٠١٤).

- کەســەر یاســین مەحەمەد، جیاوازییا ب کارهینانا فۆنیمان د دکوردییا ســەری و ناڤەڕاســتدا، نامەی ماستەر، کۆلیژا ئادابێ، زانکۆیا دهۆکێ، (٢٠٠٩).
- کۆچەر عەبدولمەجید حوسێن، ناوەندگیر لە ڕوی وشەسازییەوە لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، (٢٠٢٣).
- نعمەت سابیر عوسمان، مۆرفۆلۆژیای داڕشتنی وشە لە زاری هەورامی و کوردیی ناوەڕاست، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، (٢٠١٥).
- نفل صالح ئیسلام، پەیوەندی د ناڤبەرا دەنگسازی و واتاییدا د هەردو دیالێکتن کوردییا ژوری و ناڤەڕاستدا، نامەی ماستەر، فەکوڵتیا زانستێن مرۆڤایەتی- سکولا زمان، زانکۆیا زاخۆ، (٢٠١٥).
- هاوسەر نەوزارد فەقێ ئیبراهیم، دەنگسازیی بەرهەمهێنان لە نێوان دەنگسازیی کێشناسی و دەنگسازیی کەرتە دەنگیە خودکاریەکاندا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆری ڕاپەڕین.

**پ- گۆڤارەکان:**

- خۆشناو عەزیز حەمەئەمین و سەلام ڕەحیم ڕەشید، فەرهەنگی زمان و پرۆسە فەرهەنگیەکان لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (٦)، بەرگی (١)، ساڵی ٢٠١٩، (٢٠١٩).
- ســەلام ناوخۆش، تایپۆلۆژیای زمان و زمانی کوردی، گۆڤاری زمانناســی، ژمارە (٤-٥)، ت١، ت٢، ساڵی ٢٠٠٩، (٢٠٠٩).
- شلێر نایف ئەمین و کەســەر یاسـین مەحەمەد، سیماییێن ڕێبازا فۆنەتیکی و ڕێبازا فۆنیمی د ئەلفابێیا زمانێ کوردیدا، مجلة الأكاديمية لجامعة نورو, المجلد ١، عدد ١ (٢٠١٧). (٢٠١٧).
- عەبدوللا یاســین ئامێدی و ئاوات احمد صــالح، فۆنیم و کێشــەی فۆنیم لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری قەڵا، بەرگی (١)، ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦، (٢٠١٦).
- عەبدولوەهاب خالد موســا، چەند تایبەتمەندییێن دەنگێ [ت] د فۆنۆلۆژییا زمانێ کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی (٣)، ژمارە (٦)، (٢٠١٦).
- ................................، مەرجەکانی دەستنیشانکردنی فۆنیم، بەشی فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی زاخۆ، (٢٠١٥).

- عومەر عەبدولعەزیز، ســەربوردێکی ئەلفبێ و ڕێنوســـی کوردی لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٥٢)، ئازاری (٢٠١٧)، بەشی (B)، (٢٠١٧).
- کەژاڵ جهابخش مەحەمەد و ئەوانی تر، بەراوردێکی ڕێنوس و کێشـەکانی لە زمانی کوردی و فارسیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ٧ (٢) ٢٠٢٠، (٢٠٢٠).
- مەحەمەد حوسـێن ئەحمەد، ڕۆلی زمانی عەرەبی لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی ٦، ژمارە ٢، ساڵی ٢٠١٩، (٢٠١٩).
- مەحەمەد عەبدولفەتاح حەمەسـەعید، زمانی سـتاندارد، گۆڤاری زانکۆی سـلێمانی، ژمارە (٤٥)، ئابی ٢٠١٤، بەشی (B)، (٢٠١٤).
- مەحەمەد مەعروف فەتاح، ڕێنوســـی کوردی لە ڕوانگەی فۆنەتیکەوە، گۆڤاری زانیاری کورد، بەرگی نۆیەم، بەغدا، (١٩٨٢).
- هاشـم ئەمین، زمانی فەرمی و پێگەی زمانی کوردی لەنێو زمانە جیهانیەکاندا، گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، بەرگی ٣، ژمارە ٢، حوزەیرانی ٢٠١٧، (٢٠١٧).
- هەوار عومەر فەقێ ئەمین، بنەماکانی دروستنوسینی زمانی کوردی، مجلة الاستاذ الانسانية و الاجتماعية، العدد الخاص بالمؤتمر العلمي، السابع السنة، (٢٠١٩).

**ت- وانەکانی خوێندنی باڵا:**

- عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ، زمانەوانیی کارەکی، وانەکانی خوێندنی باڵا، وەرزی دوەم، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، (٢٠٢١).
- ............................................، ڕێزمانی نوێ، وانەکانی خوێندنی باڵا، دبلۆمی باڵا، وەرزی یەکەم، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، (٢٠٢٣) (ب).

**ج- بە ئەلفوبێی لاتینی:**

- Celadat Ali Badrxan, Elfabeya kurdî & Bingehen gramera Kurdmancî, Wesanxaney Nefel, Stockholom, (2002).
- Samî tan, rezimana Kurmancî, Capa Duyemîn, Enstîtuya Kurdî Ya Stenbole, Istanbul, (2011).

## ٢- بە زمانی عەرەبی:

- ابراهيم انيس، الأصوات اللغوية، الطبعة الخامسة، مكتبة الأنجلو المصرية، (١٩٧٥).

- احمد مختار عمر، دراسة الصوت اللغوي، عالم الكتب، القاهرة، (١٩٩٧).

- ج. فندريس، اللغة، ترجمة: عبدالحميد الدواخلى، القاهرة، (٢٠٠٦).

- كمال بشر، علم الأصوات، دار غريب، القاهرة، (٢٠٠٠).

- ماريوباى، أسس علم اللغة، ترجمة: احمد مختار عمر، الطبعة الثامنة، عالم الكتب، القاهرة، (١٩٩٨).

- محمد على الخولي، معجم علم اللغة النظري، طبعة أولى، بيروت، (١٩٨٢).

- مناف مهدى محمد، علم الأصوات العربية، الطبعة الأول، عالم الكتب، بيروت، (١٩٩٨).

## ٣- بە زمانی ئینگلیزی:

- Anne E. Baker & Kees Hengeveld, Linguistics, Blackwell Publishing, UK, (2012).

- David Crystal, A Dictionary of Linguistics and Phonetics, sixth edition, Blackwell publishing, UK, (2008).

- Edmund Gussmann, Phonology Analysis and Theory, First edition, Cambridge University Press, New York, (2022).

- George Yule, The Study of Language, fourth editions, Cambridge University Press, New York, (2010).

- Paul de lacy, The Cambridge Handbook of Phonology, Cambridge University Press. (2007).

- Peter Roach, A little Encyclopedia of Phonetics, Cambridge University press, (2002).

- Trask R. L, Language and linguistics, second edition, Edited by peter stockwell, routledge, (2007).

# پاشکۆ

Kurdistan Region Government - Iraq
Ministry of Higher Education and Scientific Research
Lebanese French University
Qalaai Zanist Journal (QZJ)

No: 35
Date:27/2/2024

ISSN 2518-6566 (Online)
ISSN 2518-6558 (Print)

## ACCEPTANCE LETTER

**Dara Kamal Sleman**
Department of Kurdish, college of language, Salahaddin university, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Prof. Dr. Abdullah Hussein Rasool**
Department of Kurdish, college of language, Salahaddin university, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Dear Author (s),**

We are delighted to inform you that your research paper entitled:

**چارەسەری ئاریشەکانی ڕێنوسی کوردی بە پێی زانستی زمان**
**ئاریشەکان لە ئاستی برگەسازیدا بە نمونە**

Has been "Accepted for publication" within the following issues of Qalaai Zanist Journal. Qalaai Zanist Journal is a multidisciplinary, paper-refereed open-access scientific quarterly journal published by Lebanese French University (LFU), Erbil-Kurdistan, Iraq. Qalaai Zanist Journal is licensed by the Ministry of Higher Education and Scientific Research-Kurdistan Regional Government (Decree 1307/9 on August 29, 2016).

Warm Regards;

Jamal Asad

Prof. Dr. Jamal Asad Mezel
Secretary of the Journal

QalaaiZanist Journal LFU گۆڤاری قەڵای زانست

Qalaai.zanist@lfu.edu.krd +964 750 029 8229

Lebanese French University

زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# معالجة مشاكل الإملاء الكوردي
# وفقاً لعلم اللغة

رسالة

مقدمة إلي مجلس كلية اللغات في جامعة صلاح الدين- أربيل وهي
جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في اختصاص اللغة الكوردية

من قبل

**دارا كمال سليمان**

بكالوريوس في اللغة و الأدب الكوردي- جامعة صلاح الدين- أربيل- ٢٠١١

بأشراف

**أ.د. عبدالله حسين رسول**

أربيل -كوردستان

نيسان ٢٠٢٤

# الملخص

كتابة إملاء اللغة الكوردية بالحروف الأرامية أكثر بساطة وسهولة التهجئة مقارنة باللغات الأخرى كالعربية و الانجيليزية، ولديها المجال للتوحيد وجعلها أكثر معيارية، لأن علاقة الكلام وتهجئة في اللغة الكردية علاقة موازية وطردية، لكونها حديث التنشئة مقارنة بكتابة اللغات الأخرى و وتشبيتها في المدونات القديمة.

تعد الكتابة والتهجئة الموحدة سنداً لتأسيس الإملاء الموحد المعياري في جميع لغات العالم، وركزاً أساسياً لإنشاء لغة معيارية موحدة، وخاصة بعد تصفية الإملاء والتهجئة من الأخطاء الشائعة على أساس علمي وفقا لقواعد علم اللغة. وهذا البحث بعوان **(معالجة مشاكل الإملاء الكوردي وفقاً لعلم اللغة)** محاولة جادة لتحديد هذه المشاكل و الأخطاء الشائعة في كتابة اللغة الكوردية، ومعالجتها وفقا لقواعد الحديثة لعلم اللغة. بناءاً على ذالك تم تحديد أبرز المشاكل و المعوقات و الأخطاء الشائعة في كتابة إملاء اللغة الكوردية، وعرضها وتحليلها حسب (المنهج الوصفي التحليلي) ثم استعراض الحلول والنماذج الصحيحة المبرهنة بشكل (النظري والتطبيقي).

لتحقيق الهدف وفق منهج علمي، إضافة الى الملخص والمقدمة ثم النتائج وقائمة المصادر، تم تقسيم البحث إلى ثلاثة أقسام، حسب الفروع الثلاثة لعلم اللغة النظري:

خصص القسم الأول لعرض مشاكل والأخطاء الشائعة في المستوى الصوتي للغة الكوردية، ثم معالجتها وفق منهج علمي. ففي المحور الأول تحدث الباحث عن الأخطاء الواردة في التقطيع اللفظي، أما المحور الثاني تم تخصيصه لتصحيح الأخطاء الشائعة في مستوى الألفبائي وتهجئة، وفي كلا المحورين عرض الحلول وفقا لقواعد علم اللغة، مستشهداً بالأمثلة اللازمة.

تم تخصيص القسم الثاني لطرح مشاكل تهجئة الإملاء في مستوى الصرف الكوردي، ففي المحور الأول تحدث الباحث عن الصعوبات والأخطاء الشائعة في كتابة الكلمات البسيطة و المركبة وكيفية معالجتها، أما المحور الثاني تخصص لتحديد مشاكل وكتابة اللواحق من السوابق

والدواخل والملاحق مع طرح الحلول المبرهنة، وقد تم تخصيص المحور الأخير لمشاكل الكلمات الأجنبية مع عرض الحلول القياسية و الاستدلال بالأمثلة الكوردية.

تناول الباحث في القســم الثالث والأخير مشــاكل الإملاء في مســتوى النحو الكوردي. ففي المحور الأول تم عرض وتحليل مشــاكل الإملاء في الجملة الكوردية، ولاســيماً أبســط الجمل، ثم يأتي المحور الثاني لإلقاء الضؤ على تصنيف وترتيب عناصر الجملة الكوردية وكيفية تنظيمها في العبارات والجمل، وفق قواعد الصحيحة لعلم اللغة، مع الاستدلال والبرهنة بنماذج قياسية.

## Abstract

Kurdish Aramaic orthography, compared to languages like Arabic and English, is relatively simpler, flawless and more straightforward, yet it holds the potential for further refinement and adherence due to the parallel relationship between Kurdish speech and its written form. However, when compared to these languages, the history of Kurdish orthography is relatively short, presenting an opportunity for alterations and standardization. Establishing a standardized orthography across all global languages serves as a foundational framework for developing a written form of a language, ultimately leading to the emergence of a unified language. The Kurdish language, like many contemporary languages, in its journey towards becoming a scholarly language, necessitates a standardized orthography. Attaining this standardized orthography relies on adhering to the linguistic standards, characteristics, and unique features intrinsic to the Kurdish language.

On this basis, the title of this study is **"Solutions to Kurdish Orthography Issues according to Linguistics"** This study represents a significant endeavor focused on identifying the prevalent issues within Kurdish orthography. Hence, the researcher aims to establish a systematic and cohesive approach in writing, striving to present solutions in accordance with linguistic principles and the inherent characteristics of the Kurdish language. This endeavor utilizes a methodological approach grounded in descriptive and analytical method and occasionally employs a comparative methodology. Additionally, both theoretical and practical demonstrations are utilized to illustrate solutions and examples. Accordingly, the study is structured as follows:

Introduction: This section provides an overview of the research framework and its components. It discusses the study's title, rationale for topic selection, methodology, scope, guiding principles, significance, aims, and contents of the study.

Section One: This section addresses phonological issues. The first part discusses the issues related to syllabification, while the second part addresses the

alphabetical issues. In both parts, Issues, solutions, criteria, and sufficient examples are presented.

Section Two: This section explores morphological issues. The first part addresses issues related to both simple and compound words, while the second part focuses on issues associated with affixation, encompassing prefixes, suffixes, and infixes. Additionally, the final part of this section discusses issues associated with borrowed words. Throughout all parts of this section, criteria, solutions, and ample examples are provided.

Section Three: The concluding section focuses on syntactic issues. It is subdivided into two parts: the first part examines issues of simple sentences, while the second part focuses on issues related to the arrangement of elements within phrases and sentences. Within this section, solutions to the identified issues are provided by the researcher based on linguistic criteria.

In conclusion, the study provides the findings and solutions to various orthographic issues in Kurdish orthography, along with inserted bibliographical references and abstracts in both Arabic and English languages.

زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# Solutions to Kurdish Orthography Issues according to Linguistics

A Thesis

Submitted to the Council of the College of Language at Salahaddin University -Erbil in Partial Fulfilment of the Requirements for the Degree of Master in Kurdish Language.

By

**Dara kamal sleman**

BA. in Kurdish Language and Literature- Salahaddin University -Erbil- 2011

Supervised by

**Prof. Dr. Abdullah Hussein Rasool**

Erbil- Kurdistan

April 2024